# هەراسانکردنی منداڵ

لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# هەراسانكردنی منداڵ

## لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا

فایەق سەعید



(ئەگەر بێت و مامۆستاکان هەموو قورسایی خۆیان تەنها بخەنە سەر مەنهەجەکان، ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەکەن)

**جۆن دیڤی**

کتێب: هەراسانکردنی منداڵ لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا
دانانی: فایەق سەعید
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥٤٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢٩٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەکی

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆز و ئەفسووناوییە و تاوەکو ئێستا زانست پەی بەهەموو نهێنی و خاڵە لاوازو بەهێزەکانی نەبردووە، بەڵام کۆمەڵێک تیۆر و لێکدانەوە بۆ راڤەکردن و تێگەیشتنی هەیەو هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری کردووە. هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە مرۆڤ کاتێک لەدایک دەبێت هیچ شتێک دەربارەی کۆمەڵ، داوودەزگا، بەها، داب و نەریت و زانست نازانێت. بەڵام دوای لەدایکبوون لەرێگەی داوودەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە (خێزان، خوێندنگا، قوتابخانە، راگەیاندن... هتد) هەوڵی بەکۆمەڵایەتیکردنی دەدرێت و لە بوونەوەرێکی بایەلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت و فێری زمان، بەها، زانست، داب و نەریت و رۆشنبیری کۆمەڵەکەی دەبێت و کەسایەتی تایبەت بەخۆی بۆ دروست دەکرێت.

دەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەبوونی چەندەها شێوازی بەکۆمەڵایەتیکردن (Socialization) دەکەن لەوانە؛ توندوتیژی، هەڕەشە، چاوسوورکردنەوە، تۆقاندن، نازداری، پشت گوێخستن، دیموکراسی، دیالۆگ و رێزگرتنی بەرانبەر. ئەوەی تاوەکو ئەمڕۆ یەکلابۆتەوە ئەوەیە کە شێوازی دیموکراسی، دیالۆگ و رێزگرتنی بەرانبەر باشترین شێوازە لە پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵدا، بەڵام شێوازەکانی دیکە زیانی گەورە بەکەسایەتی و باری دەروونی منداڵ دەگەیەنێت.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن، خێزان و قوتابخانە دوو دامەزراوی کۆمەڵایەتی گرنگن و رۆڵی سەرەکییان لە پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیکردن و دروستکردنی کەسایەتی منداڵدا هەیەو تاکەکانی ئەو دوو دامەزراوەیەش(دایک و باوک و مامۆستا) بەو ئەرکە پیرۆزو گرانە هەڵدەستن. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی دایکان و باوکان و مامۆستایان شارەزایی و رۆشنبیری دەروونی و پەروەردەیی پێویستیان نییە و نازانن چۆن مامەڵەی دروست لەگەڵ منداڵ و خوێندکارەکانیاندا



بکەن، بۆیە رۆژانە رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەو بگرەوبەردە دەبنەوە و دواتر پەنا بۆ هەراسانکردن (توندوتیژی، هەڕەشە، لێدان) دەبەن و بۆ ماوەیەکی کورت منداڵ و خوێندکارەکانیان بێدەنگ دەکەن. بەڵام دوای چەند ساتێک هەمان کێشەو گرفت دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە چونکە نەتوانراوە بەشێوازێکی پەروەردەیی دروست، واتە لەرێگەی گفتوگۆو دیالۆگ و تاوتوێکردنی دیاردەو گرفتەکانەوە رێگاچارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەم کتێبەی لەبەردەستاندایە، تایبەتە بەدیاردەیەکی ترسناک ئەویش هەراسانکردن و لێدان و ریسواکردنی منداڵە لەناو خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگادا. کاتێک برای بەڕێزم مامۆستا فایەق سەعید داوای ئەوەی لێ کردم کە بەکتێبەکەدا بچمەوە و پێشەکییەکی بۆ بنووسم، منیش لەسەر داوای بەڕێزیان بۆ ماوەی یەک مانگ خەریکی خوێندنەوەی بووم و ئەوەم بۆ دەرکەوت کە کتێبەکە زۆر بەسوودەو تا ئاستێکی باش رەچاوی میتۆدو شێوازی زانستی نووسینی کردووە و سوودی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی وەرگرتووە، سەرەڕای هەوڵدانێکی پراکتیکی و چاوپێکەوتنی ژمارەیەک منداڵ و مامۆستاو دایک و باوک.

بەبڕوای من دیاردەی هەراسانکردن مەترسییەکی زۆری لەسەر کەسایەتی و باری دەروونی منداڵ هەیەو ئەگەر هەوڵی کەمکردنەوەی نەدەین ئەوا چارەنووسی منداڵەکانمان دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دایکان و باوکان و مامۆستایان هەوڵی خوێندنەوەی ئەم کتێبە بدەن بۆ ئەوەی شارەزای لایەنە خراپ و نێگەتیڤەکانی دیاردەی هەراسانکردن بن و لەجیاتی ئەوە پەنا بۆ شێوازی گفتوگۆو دیالۆگ و رێزگرتنی بەرانبەر ببەن و ژینگەی دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن. ئەم کتێبە تارادەیەکی زۆر خاسیەت و مۆرکی ژینگەی دەروونی و پەروەردەیی گونجاوی بۆ دیاری کردووە و دەکرێت هەموو لایەک سوودی لێ وەربگرن.

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی

پرۆفیسۆری یارمەتیدەر

زانکۆی سلێمانی/ ئابی ٢٠٠٦

## پەیڤی نووسەر

هەراسانکردن بەمانای ئازاری جەستەیی، چاوسوورکردنەوە، هەڕەشەکردن، ترساندن، شکاندنەوە، تەریقکردنەوەی،... هتد منداڵان دێت. ئەم دیاردەیە بەیەکێک لەدیاردە هەرە نێگەتیڤەکانی ناو قوتابخانەو خێزانەکان دەژمێردرێت. ئەم دیاردەیە لەسەر دوو ئاست پیادە دەکرێت؛ واتە هەراسانکردنی منداڵ _ منداڵ و هەراسانکردنی گەورە _ منداڵ. ئەڵبەتە هەراسانکردن کاریگەری زۆر خراپ لەسەر منداڵان بەجێ دێڵێ هەر لەنیگەرانی و نەخۆشی دەروونییەوە بگرە تا دواکەوتن لەقوتابخانەو خۆکوشتنیش. زانستە نوێکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە کاتێک منداڵێ نیگەران دەبێت و دەترسێت ناتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست فێری هیچ شتێک ببێت چونکە مێشکی خۆی لەحاڵەتێکی نائاساییدا دەبینێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە منداڵ تێی دەکەوێت زاکیرەی کارکردن و فێربوون (Working Memory) بەتەواوی یا بەشێوەیەکی نیوچە تەواو تووشی لەکار کەوتن دێت (Larsson,2000). ئێمە ئەوەش دەزانین کە ئەرکی ئەو زاکیرەیە راپەڕاندنی هەموو ئەو کارانەیە کە پەیوەندییان بەمێشکی منداڵانەوە هەیە. کاتێ منداڵێک هەراسان دەکرێت سەرجەمی یا بەشێک لە دەمارەکان و هەست و نەستەکانی ئابڵۆقە دەدرێن و ناتوانن هەموو پەیامەکان بەدروستی بۆ ناو مێشک یا بۆ دەرەوەی مێشک بگوێزنەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەر منداڵێک هەراسان بکرێت تووشی چەندین نەخۆشی دیارو نادیار دەبێت وەک؛ خەمۆکی، سەرو سک ئێشە، نیگەرانی، جورئەت نەکردن، سەختی دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ منداڵانی تردا،، بێزاری و وەڕسی و رەشبینی... هتد.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کەسی هەراسانکەر توندوتیژییە. بەڕای زۆر کەس توندوتیژی هەراسانکەر شتێک نییە زگماک بێت، بەڵکو لەژینگەو دەوروبەرەکەیەوە



وەری دەگرێ. ئەو کەسانەی بەدەوری منداڵەوەن دەتوانن رۆڵێکی باش لە کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژییەدا ببینن. دان ئۆلڤیۆس، یەکێک لەناودارترین کەسانی ئەم بوارە پێی وایە کاتێک گەورەکان منداڵان بەلێدان و سزادان پەروەردە دەکەن بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلای منداڵ دادەنێن. بەشێوەیەکی دی ئۆلڤیۆس ئەمەی لەژێر دەستەواژەی «پەتای کۆمەڵایەتی» دا کۆکردۆتەوە.

بەدرێژایی ئەم کتێبە باسم لە جۆرەها بابەت کردووە بەمەبەستی ئەوەی بەیەکەوە هەوڵێک بۆ بەربەستکردنی دیاردەی هەراسانکردن بدەین. بەنەمانی هەراسانکردن، هەر قوتابخانەیەک دەبێتە خاوەنی کولتوورێک لەبیناکردنی رەوشتی مرۆڤدۆستانە، لەگیانی لەخۆبوردوویی و قبوڵکردنی ئەوی دی، کولتوورێک کە باس لەزۆر شتی ناسک بکات وەک چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان، چۆنێتی تێڕوانین بۆ دەوروبەر، چۆنێتی بەشدارپێکردنی دایبابەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناشیرینەکانی ناو قوتابخانەو خێزانەکانیش، چۆنێتی داڕشتنی بنەماکانی تێڕوانین لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی وەک توندوتیژی، دیموکراسی، سزاو پاداشت،... هتد.

دەمەوێ ئەوەش یاداشت بکەم کە زۆر جار گەورەکان زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا دەکەن. واتە حاڵەتەکان هێندە سەخت نین کە وا لەئێمە بکات یەکسەر پەنا بەرینە بەر توندوتیژی و پێم وایە دەتوانین بەشێوەی دیکە چارەسەریان بکەین. لەلایەکی دیکەوە مەسەلەی خەمخۆری رۆڵی بنەڕەتی لەپرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکاندا دەبینێت. دەبێ ئەوەش بڵێم هەرگیز ناکرێ تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەت مامۆستاکان ئیجبار بکرێن کە بەشێوەی تاکەکەس و بەمیزاجی تایبەتی خۆیان ئەم کارانە بکەن. هەرگیز نا، دەبێ لەرێگەی یاساو دامەزراوە یاساییەکانەوە هەموو گەورەکان ئیجبار بکرێن کە خەمخۆری منداڵەکانی خۆیان و خوێندکارەکانی ناو قوتابخانەبن.

لەزۆربەی سەرچاوەکاندا بایەخ بەهەراسانکردنی ناو قوتابخانەکان دراوە. لەم کتێبەدا هەوڵم داوە تیشک بخەمە سەر ئەو بوارەو لەو هەراسانکردنەش بکۆڵمەوە کە خێزانەکان بەمەبەستی سزادان و شکاندنەوەی منداڵەکانی خۆیان پیادەی دەکەن،

چونکە من پێم وایە هەراسانکردن دەستەواژەیەکی سۆسیۆ- سایکۆ- پەروەردەییە.

چ لەروانگەی تیۆرییەوە و چ لەروانگەی پراکتیکیشەوە هەوڵم داوە تیشک بخەمە سەر لایەنە هەمەجۆرەکانی ئەم دیاردەیە. سەرەتا پێناسەیەکی زانستیم بۆ ئەم دیاردەیە کردووە و وەکو چەمکێک هەوڵم داوە دەستەواژەیەکی تایبەتی لەزمانی کوردیدا بۆ بدۆزمەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا لەبەشێکی وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا نەتوانراوە دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ ئەم دیاردەیە داتاشرێت. سێ دەستەواژەم لەم کتێبەدا بەکار هێناوە کە زۆر دووبارە دەبنەوە و بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە گرینگن:

هەراسانکردن (واتە شکاندنەوە، تەریقکردنەوە، ئازاری جەستەیی و دەروونی، پەراوێزکردن، هەموو جۆرەکانی توندوتیژی،.. هتد)، هەراسانکەر بەواتای ئەو کەسەی ئەو کارانە دەکات یا هەراسانکردن پیادە دەکات، هەروەها هەراسانکراو یا قوربانی بەواتایی ئەو کەسەی ئەو کارانەی لەدژ دەکرێت یا هەراسانکردنی لەدژ پیادە دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە لەهەر شوێنێک (گەورەکان) بەکار هاتبێت مەبەست بەڕێوەبەر، مامۆستا، دایباب، براو خوشکە گەورەکان و هەموو ئەو گەورانەیە کە لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەن. هەردوو وشەی (منداڵ) و (خوێندکار) یش لەم کتێبەدا یەک شت دەگەیەنن.

ئەم کتێبە لەچەند دەروازەیەک و هەر دەروازەیەکیش لەچەند بەشێک پێکهاتووە. لەدەروازەی یەکەمدا بەدرێژایی پێنج بەش باسم لەم بوارانە کردووە: هەراسانکردن، پێناسەی هەراسانکردن، شێوازەکانی هەراسانکردن، سیماکانی هەراسانکردن و جۆرەکانی ئازاردان.

لەدەروازەی دووەمدا بەدرێژایی پێنج بەش باسم لەکارەکتەری کەسی هەراسانکراو و هەراسانکەر کردووە. بەهەمان شێوە باسم لە هۆکارەکانی هەراسانکردن، کاریگەرییەکانی هەراسانکردن و ئەو هۆکارانەش کەوا دەکات بێڕێزی بەرامبەر بەمامۆستاکان بکرێت.

لەدەروازەی سێیەمدا باسم لەچەندین هۆکاری جودا جودا کردووە کە دەبنە هۆی ئەوەی گەورەکان منداڵان هەراسان بکەن. بەهەمان شێوەش بەشێک لەو هۆکارانەم



هێناوەتە بەر باس کە بوونەتە هۆی ئەوەی خوێندکاران یەکتر هەراسان بکەن.

لەدەروازەی چوارەدمدا باسم لەسێ تیۆری کردووە کە بەگرینگم زانی ئاماژەیان پێبکەم. ئەڵبەتە تیۆری دیکەش هەن کە گرینگن بەڵام ئەم سێ تیۆرییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان بەدیاردەی هەراسانکردنەوە هەیە. یەکەمیان تیۆری هەرەمی پێداویستییەکانی ماسلۆیە کە بۆ کورتکردنەوەی شیکردنەوەی زۆر بابەت بەباشم زانی بیخەمەروو. دووەم و سێیەمیشیان تیۆرییەکانی پیکاس و ئۆلڤیۆسە کە هەردوو راستەوخۆ باس لەدیاردەی هەراسانکردن و رێگاچارەکانی ئەم دیاردەیە لەقوتابخانەکاندا دەکەن. بۆخۆشم بەشێکی چوارەمم لەم دەروازەیەدا نووسیوە کە باس لەهەراسانکردنی نێوان مامۆستاو خوێندکار دەکات.

دەروازەی پێنجەم تایبەتە بەرێگاچارەکانی ئەم دیاردەیە. لەم بەشەدا نزیکەی بیست رێگاچارەم باسکردووە کە بۆ پیادەکردنیان و سود وەرگرتن لێیان پێویستمان بەکارکردنی زۆر هەیە لەگەڵ مامۆستاو منداڵانیشدا. دەبێ ئەوەش بڵێم پیادەکردنی ئەم رێگاچارانە ئەرکی تاکەکانی مامۆستا نییە بەڵکو ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە بەرادەی یەکەم.

لەکۆتایی کتێبەکەشدا پێنج پاشکۆم داناوە. یەکەم و سێیەمیان پەیوەندییان بەمامۆستایانەوە هەیەو دووەم چوارەمیشیان پەیوەندییان بەخوێندکارانەوە هەیە. پاشکۆی پێنجەمیش تایبەتە بەپرۆژە یاسایەک بۆ بەربەستکردنی هەراسانکرن کە بۆ وەزارەتی پەروەردە پێشنیارم کردووە. ئەم پرۆژە یاسایە دەکرێ دەوڵەمەنتر بکرێت و لەچوارچێوەیەکی یاساییدا دووبارە دابڕێژرێتەوە. بۆ راوەستان لەسەر ئەم پاشکۆیانە پێویستم بەچەند روونکردنەوەیەک هەیە.

بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بتوانم قسە لەگەڵ منداڵاندا بکەم و ئامار کۆبکەمەوە لەهاوین و زستانی ٢٠٠٦ دا گەرانم بەناو بەشێک لەقوتابخانەکان و کازیوەی شارە جیاوازەکانی کوردستاندا کرد. بەهەمان شێوە سەردانی زۆرێک لەو شوێنانەم کرد کە منداڵان و مامۆستایان تیایاندا کۆدەبوونەوە و چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا. لەو گەشتانەمدا توانیم ١٠٠٠ منداڵ ببینم کە بەشی هەرە زۆریان لە قۆناغی سەرەتایی بوون، )٪٦٠ یان کوڕبوون (و توانیم فۆرمێکی تایبەتیان پێپڕبکەمەوە کە

ئەنجامەکانیانم لە پاشکۆی ژمارەی دوودا داناوە.

بۆ نووسینی هەر لێکۆڵینەوەیەک دەبێ گرفتێک لەئارادا هەبێت. بۆ وردبوونەوە لەو گرفتەش پێویستمان بەمیتۆدێک دەبێ. دواتریش پێویستمان بەتیۆرییەک دەبێت بۆ ئەوەی ئەو گرفتە شی بکەینەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستمان سوودم لەمێتودی (Quantity Method) بینیوە. هەروەها بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتنی زیاتر لەهەندێ لەگرفتەکان دەبوو پەنا بەرمە بەر مێتودێکی دیکەی لێکۆڵینەوە کە پێی دەڵێن (Quality Method). ئەم دوو مێتودەم لەگەڵ مامۆستاکانیشدا بەکارهێناوە. بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر سوودم لەمێتودی سەرنجدان و گوێگرتن (Observation) بینیوە. من پێم باشتر بوو ئەم مێتودە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوانتر لەناو خودی قوتابخانەکاندا بەکار بێنم.

بەهەمان شێوە لەشارە جیاوازەکاندا توانیم ٢٥٠ مامۆستا ببینم و فۆرمیان پێ پڕبکەمەوە و لەگەڵ بەشێکیانیشدا لەنزیکەوە ئەم گرفتە تاوتوێ بکەم (پاشکۆی ژمارە یەک). لەم دوو پاشکۆیەدا (یەک و دوو) خوێنەر زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەراورد لەنێوان بۆچوونی مامۆستاکان و خوێندکارەکاندا بکات.

ئەوەی پێویست بەزانین بکات ئەوەیە کە ٪٧٨ ی مامۆستاکان پیاو بوون و ٪٢٢ شیان ژن بوون. هەروەها ٪٨٢ یان مامۆستای سەرەتایی بوون، ٪١٠ مامۆستای ناوەندی و ٪٨ یشیان مامۆستای دواناوەندی بوون.

بۆ ئەوەی ئامارەکان و دیدارەکان وێنەیەکی راستەقینەتر بەدەستەوە بدەن هەوڵم داوە منداڵەکان و مامۆستاکانیش بەشێوەیەکی زۆر هەرەمەکی لەشارو قوتابخانەو رەگەزی جیاواز هەڵبژێرم. سەرجەمی دیدارەکان و فۆرمەکان لەسنووری سلێمانی و کەرکووک و هەولێردا ئەنجامدراون. بۆیە سوپاسی سەرجەمی ئەو قوتابخانانەو دەزگایانە دەکەم، بۆ نموونە قوتابخانەی دیاربەکر، وان، چنار، پێشەوا، کازیوەکانی سلێمانی و کەرکووک، پێشەنگی منداڵان لە هەولێر، یەکێتی مامۆستایانی کەرکووک و هەولێرو سلێمانی و... هتد دەکەم. هەروەها سوپاسی سەرجەمی ئەو منداڵ و مامۆستاو بەڕێوەبەرو منداڵانە دەکەم کە لە شوێنەکانی دیکەدا چاوم پێیان کەوتووە.

لەزستانی ٢٠٠٦ دا توانیم وۆرکشۆپێکی یەک هەفتەیی لەهەولێر ساز بکەم. لەم



وۆرکشۆپەدا چاوم بە ١٢٥ مامۆستاو بەڕێوەبەرو هەندێ دایبابیش کەوت کە بەهۆیانەوە توانیم لەنزیکەوە لەسیماکانی ئەو دیاردەیە بکۆڵمەوە. ئەم وۆرکشۆپە کە لەسەر داوای وەزارتی پەروەردەی هەولێر سازم کردبوو هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەگرفتەکە بدوێم. لەهەمان کاتدا وەزارەتی پەروەردەی هەولێرو بەڕێز کاک یوسف عوسمان هاوکارییەکی زۆریان کردم بۆ دیتنی قوتابخانەکان و لایەنەکانی دیکە بۆیە لێرەدا دەمەوێ ڕێزی تایبەتی خۆم بۆیان یاداشت بکەم.

لەکاتی سەردانی قوتابخانەکاندا توانیم وردتر لەبیرکردنەوەکانی منداڵ تێبگەم و هەست بەو ئازارانەش بکەم کە ئەوان لەئەنجامی پیادەکردنی هەراسانکردنەوە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە تووشی هاتبوون. ئەو منداڵانە توانییان بەڕاشکاوی باسی ئەم دیاردەیە بکەن. هەندێک لەو منداڵانە بەوێنەو بەنامە گوزارشتیان لەو ئازارە دەکرد کە من بەشێکیانم لەپاشکۆی ژمارە چواردا داناوە. بەهەمان شێوەش بەشێکم لەنامەو تێبینی مامۆستاکان لەپاشکۆی سێیەمدا داناوە. لەم بوارەدا دەبێ ڕێزی خۆم بۆ هەموو ئەو مامۆستایانە دووبارە بکەمەوە چونکە زۆر بەڕاستگۆیی دانیان بەوەدا نا کە چۆن ئەوان بەبەردەوامی خوێندکارەکانیان ئازار دەدەن و دەیانشکێننەوە و کەسایەتییان دەشێوێنن. لەهەمان کاتدا خۆشیان بەدوای چارەسەرو مێتودی نوێدا دەگەڕان کە لەبەردەستیاندا نەبوو. ئەوەشم بەلاوە زۆر گرینگە کە بڵێم ئەگەرچی مامۆستا زۆرترین رەخنەی ئاراستە دەکرێ بەڵام من پێم وایە کەمترین گوناهی لەئەستۆدایە چونکە من بەشی هەرە زۆری کەمتەرخەمییەکان تا ئەم قۆناغەش بەختەی سیستەمی پەروەردەیی دەزانم نەک تاک تاکی مامۆستاکان.

بەدەر لەمانەش لەزۆر شوێن سوودم لە تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی خۆم لەگەڵ منداڵان و مامۆستایاندا بینیوە. بەڵام لەکاتی ئاماژەکردن بەو تاقیکردنەوانەو ئەو نامانەش کە لە پاشکۆکان و ناواخنی کتێبەکەدا بڵاوم کردوونەتەوە وەکو پرنسیپ ناوی هەموو کەسەکانم لابردووە و تەنها ناوی ئەو منداڵانە نەبێت کە لە خوار وێنەکانیانەوە نووسراون.

ئەوەی بەلای منەوە لەم کتێبەدا مەبەست بوو ئەوەبوو کە سەرنجی ئێوە بەلای

کۆمەڵێ مرۆڤی بچکۆلەدا رابکێشم کە بەهۆی هەڵسوکەوتی ناتەندروستی قوتابخانەو خێزانەکانەوە تووشی زەلیلی و چەوسانەوە و جۆرەها نەخۆشی دەروونی ئەوتۆ هاتووە کە بەشێکیان هەتاهەتایە لەو مرۆڤە بچکۆلانە نابنەوە. بەشێکی دیکەی ئەم مرۆڤە بچکۆلانە ناچار دەبن لەداخی ئەوان خۆیان بکوژن. بۆیە دەبێ قوتابخانەو خێزانەکان بەدوای شێوازێکی دیکەی مامەڵەکردندا بگەڕێن کە من لەم کتێبەدا هەوڵم داوە هێڵە گشتییەکانی ئەو مامەڵەکردنە دیاری بکەم.

بەر لەوەی دوا خاڵ یاداشت بکەم دەبێ سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی بەڕێز دوکتۆر کەریم قەرەچەتانی بکەم بۆ پێداچوونەوە و نووسینی هەندێ سەرنجی بەنرخ و پێشەکییەک بۆ کتێبەکە، کاک عزالدین مەجید بۆ راستکردنەوەی هەندێک هەڵەی چاپەمەنی، هەروەها کاک سامان قادر بۆ ئەو بەرگە قەشەنگەی بۆی دروست کردووم.

دواخاڵ کە دەمەوێ یاداشتی بکەم ئەوەیە کە من لەم کتێبەدا شێوازێکی دیکەم بەکار هێناوە بۆ ئاماژەکردن بەناوی ئەو سەرچاوانەی سوودم لێیان بینیوە. بۆ نموونە (Jerlang,mfl, 2006.P4) ئاماژە بەلاپەڕە ٤ ی کتێبێکی جێرلانگ دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا چاپ کراوە.

فایەق سەعید
ئابی ٢٠٠٦ /ستۆکهۆڵم
faiekk@hotmail.com

# دەروازەی یەکەم

«هەموو پرۆتێستێک کە دژ بەشکاندنەوە و چەوسانەوە ئەنجام بدرێت، هەنگاوێکە بەرەو ئازادی هەموو گرووپ»

Paul Freir

# بەشی یەکەم

## دیاردەی هەراسانکردن

ئەگەر بڕیار وابێت ئێمە سیستمێکی پەروەردەیی مۆدێرن لەناو بۆتەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا دروست بکەین، ئەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کە کەناڵەکانی پەیوەندی خوێندکار بەلایەنە جوداکانی کۆمەڵگاوە بەرفراوان بکەینەوە. بەشێوەیەکی دی نابێ خوێندکار تەنها لە گەڕەکەکەی خۆی یا شارەکەی خۆی شارەزایی هەبێ، بەڵکو دەبێ تۆڕێکی پەیوەندی بەرفراوانی هەبێ چ لەبواری زانیارییەکان و چ لەبواری شێوازەکانی بیرکردنەوەشدا . بەهەمان شێوە دەبێ خوێندکار لەنۆرم و پێوەرەکانی ئەو ژینگەیەی تێدا دەژی شارەزا بێت. پێوەرەکانی ئەو ژینگەیە لەو گەڕەکانەوە دەست پێدەکات کە شەو و ڕۆژی تیادا دەباتە سەرو لەوێشەوە دەبێ بەرەو نۆرم و پێوەرەکانی وڵات هەنگاو بنێ. شارەزابوون لەو پێوەرانە لەوانەیە لەکۆڵانەکانەوە دەست پێ بکات، بەڵام منداڵ پێویستییەکی حەیاتی بەمامۆستا هەیە بۆ ئەوەی ئەو پێوەرانە لەناو چوارچێوەی دەستەواژە زانستییەکاندا قەرار بگرن. دواجار زۆر گرینگە هەموو خوێندکاران لەوە دڵنیابن کە مامۆستاکانیان لەم پرۆسەیەدا پشتیوانییان لێ دەکەن. ئەگەر ئەمڕۆش ئەم کارە نەکرێ ئەوە دەبێ سبەی یا دووسبەی هەر بکرێ. من قەناعەتێکی تەواوم بەوە هەیە کە خوێندکارەکانمان دەبێ تۆڕی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ پێکهات و دەزگاکانی کۆمەڵگادا بەرفراوانتر بکەن. چونکە عەوداڵبوونی ئەوان بۆ گەیشتن بەهەموو نۆرم و پێوەرەکانی وڵات ئەو شتەیە کە بۆی دەڕوانن و کە پێویستە لەبەر چاوی بگرن و بیکەنە بنەمای تێڕوانین بۆ دەوروبەرو ڕووداوەکان.

لەم پرۆسە درێژخایەنەدا دەبێ دایبابەکان بەهەر شێوەیەک بووبێت بەشدارییەکی زۆر ئەکتیڤانەیان هەبێت. بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا قەراری گرتووە ئەوەیە ئەوان بەشدارییەکی یەکجار پاسیڤانەیان هەیەو خۆیان خستۆتە دەرەوەی پرۆسەی



پەروەردەوە یا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر خراونەتە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەوە. دەبێ ئەوەش زۆر ڕوون بێت کە ئەوان زۆر پێویستە شارەزای ئەو نۆرم و پێوەرانە بن کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییانەی منداڵەکانیان پێیدا تێپەڕ دەبن. بەشێوەیەکی گشتی نەک هەر دایبابەکان بەڵکو دەبێ قوتابخانەش لەوەدا زۆر ئەکتیڤتر بێت و کۆمەڵێ لایەنی دیکەی وەک پۆلیس، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، یەکێتی خوێندکاران و مامۆستایان، یەکێتی هونەرمەندان، دەزگاکانی سەر بەحکوومەت... هتد ڕاپێچی ئەم پرۆسەیە بکات و بیانگلێنێتە کارەکانی قوتابخانەوە و وا لەو دەزگایانە بکات کە کارەکتەرێکی پۆزەتیڤیان لەناو سیستمی پەروەردەییدا هەبێ.

مەبەستی من لەم کارەدا ئەوەیە دەبێت سەرەتایەکی باش بۆ قەوارەی بیرکرنەوەکانی ناو قوتابخانەکان دابنێین. ئێمە دەبێ لەگەڵ منداڵ و خوێندکارەکانماندا دەربارەی ئەو نۆرمانەی لەماڵەوە و لەگەڕەکەکانەوە وەریان گرتووە بکەوینە گفتوگۆ. یەکێک لەو نۆرمانەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکاری توندوتیژی و ئازاردانەوە یا بەشێوەیەکی گشتی بەهەراسانکردنەوە هەیەو ئەمڕۆ لەنگییەکی گەورەی لەکاری پەروەردەییدا دروست کردووە بریتییە لە ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی مرۆڤی بچووک.

من پێم وایە لەبەر ئەوەی ئێمە منداڵەکانمان یا قوتابیەکانمان بەمرۆڤێکی بێ ئیرادەو بێ بیرکردنەوە دادەنێین، بەکەسانێکیان دادەنێین کە توانای بیناکردنی وێنەیەکی خۆیان نییە لەسەر دەوروبەرەکەیان، بۆیە حاڵەتێک دروست دەبێت کە دواتر وادەکات ئێمە لەیەک تێنەگەین. لەئەنجامی ئەم لەیەک تێنەگەیشتنەشەوە لێدان وەکو ئامرازێک بۆ دەستەمۆکردنی منداڵەکان لەلایەن گەورەکانەوە دێتە ئاراوە. هۆکارێکی سەرەکی لێرەدا ئەوە نییە کە منداڵان ناتوانن وێنەیەک لەبارەی جیهانەوە بۆ خۆیان وێنابکەن، بەڵکو بێتوانایی ئێمەیە وەکو گەورە، وەکو قوتابخانەو خێزانیش لەتێگەشتن یا پەی بردن بەو وێنەیەی ئەوان بۆخۆیانیان وێناکردووە. دواتر ئەوە ئێمەین کە بڕیاری ئەوە دەدەین ئەو وێنانە هەڵەن یا ڕاستن. مەبەستم لەو وێنانەش تەنها وێنەی ڕووت نییە بەڵکو سیستمێکی بیرکردنەوەی تایبەتە بەمنداڵانەوە. لەو سیستمەدا گەڕەک و خێزان و دواتریش قوتابخانە و مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

باسکردنی مەسەلەی هەراسانکردن (واتە توندوتیژی، ئازاردانی جەستەیی و دەروونی، شکاندنەوە، تەریقکردنەوە، چاوسوورکردنەوە و پەراوێزکردنی منداڵ) لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کارێکی ئاسان نییە، چونکە لەتەواوی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەروەردەناسەکان تەنها باس لەو جۆرە هەراسانکردنە دەکەن کە قوتابییەکان بەرامبەر بەیەکتر پیادەی دەکەن نەک لەو هەراسانکردنەی مامۆستاکان بەرامبەر بەخوێندکارەکان پیادەی دەکەن. بەڵام لەکوردستاندا ئازاردان و توندوتیژی نێوان (خوێندکار- خوێندکار) بەتەواوی لەبیر کراوە چونکە ئەو ئازارەی تاوەکو ئێستا هەندێک لە گەورەکان (مامۆستاو دایبابەکان) بەشێوەیەکی ناتەندروست بەکاری دەهێنن کارێکی وای کردووە کە توندوتیژی نێوان خودی خوێندکاران لەهیچەوە دیار نەبێت. بەپێی سەرجەمی لێکۆڵینەوە و راسپاردە پەروەردەییەکان ئێمەی گەورە کە ساڵانێکە لەناو قوتابخانەکاندا کار دەکەین بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەڕاگرتنی ئەو توندوتیژییە بەرپرسیارین. هەروەها ئێمە دەرفەتێکی گەورەشمان لەبەردەستدایە بۆ دابینکردنی کەشوهەوایەکی ئارامتر بۆ خوێندکاران بەمەبەستی ئەوەی ئەوان بتوانن سیما ناشیرین و نێگەتیڤەکانی ناو کۆمەڵگا رەت بکەنەوە. ئەم کارە مەرجێکی سەرەکی هاووڵاتیبوونە بۆ هەر گەورەساڵێک کە بیەوێ لەناو قوتابخانەکاندا کار بکات. بەهەمان شێوەش یەکێکە لەو پێوەرانەی کە دەبێ قوتابخانەی خراپ و باشی پێ لێک جودا بکاتەوە.

کارکردن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ وەکو هەوایەکی پاک بێت و هەمیشە بەناو سییەکانی هەر قوتابخانەیەکدا هاتوچۆ بکات. قوتابخانە دەبێ کار بۆ ئەوە بکات هەموو ئەندامەکانی بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئەو پەیوەندییە تاکلایەنانە، مامۆستاو مامۆستا یا خوێندکارو خوێندکار زیان بەپرۆسەی پەروەردەیی دەگەیەنێت. دروستکردنی دیالۆگێک لەنێوان تاک تاکی خوێندکاران و مامۆستایاندا یا لەنێوان رێکخراوە مەدەنییەکانی هەردوو لادا (مامۆستاو خوێندکار) دەتوانێ کاریگەری پۆزەتیڤانەی هەبێت.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە هەراسانکردنی منداڵان لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بەگشتی هێمای مەترسییەکی شاراوەیە. ئەم مەترسییە رۆژانە بەگیانی منداڵەکانماندا



دەتەقێتەوە و ژمارەی قوربانییەکانی هەراسانکردن بەرەو سەرەوە دەبا . شیاوترین جێگەو بەپیتترین زەوی بۆ نەشونماکردنی دیاردەی هەراسانکردن خودی قوتابخانەیە کە بەدرێژایی مێژوو نەوەکانی داهاتووی لێوە پەروەردە بوون. لێرەوە دەکارین بێژین هەراسانکردن گەورەترین هەڕەشەیە بۆ پەرەسەندنی تاکەکەس و بۆ پرۆسەی فێربوون و بیرکردنەوەی ئەو تاکەکەسە.

هەراسانکردن بەداخەوە بەناو گیانی قوتابخانەکانی کوردستاندا تەشەنەی کردووە و تاوەکو ئێستاش هیچێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ بەربەستکردنی ئەو دیاردەیە. بۆیە قوتابخانە رووبەڕووی پرۆسەیەکی پارادۆکساڵ بۆتەوە. لەلایەک ئەرکی سەرەکی سەرشانی قوتابخانە پەروەردە کردنی منداڵان و گەشەسەندنی پرۆسەی بیرکردنەوە و سەپاندنی روحی دادپەروەری و مرۆڤدۆستییە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە خودی قوتابخانە هەراسانکردن پیادە دەکات کە سەرجەم دژی ئەو پرۆسە پەروەردەییەیە کە قوتابخانە لەئەستۆی گرتووە.

لەنێوان ئەم دوو ئەرکەدا جێگەی ئەوە نابێتەوە کە قوتابخانە بتوانێ نۆرم و پێوەرەکانی کۆمەڵگا دابڕێژێ. بەشێوەیەکی دیکە خوێندکاران بەنۆرمەکانی کۆمەڵگا ئاشنا بکات کە لەبنەڕەتدا ئەرکی سەرەکی هەموو قوتابخانەیە لەسەرجەمی جیهاندا .

مەسەلەی هەراسانکردن و ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان منداڵان و گەورەکان لەکۆنەوە هەرهەبووە. بەگەڕانەوە بۆ ناو بەیت و حیکایەت و داستانە کوردییەکان و بیانییەکان چەندین وێنەی خوێناویمان بەرچاو دەکەوێت. بڕوانە سەدەها شانۆنامەو حیکایەتی دیکە، کۆن و تازە کە گیانی ترس و توندوتیژی و جوداخوازی نێوان مرۆڤەکان بەرجەستە دەکەن لەشانۆنامەی مەلیک لیری شەکسپیردا مەلیک ماڵ و سامانەکەی دەبەخشێتە هەردوو کچەکەی رێگان و گۆنۆریل بەمەرجێ لایان بمێنێتەوە و خزمەتی بکەن. پاش کۆمەڵێ رووداوی پڕ سەیرو سەمەرە هەردووکیان باوکیان دەردەکەن و تەنها گۆرنێلیای کچە بچووکی نەبێ لیری نابینا دەگرێتە خۆی بەمەرجێ لیر کاتی خۆی گۆرنێلیای لەماڵ و سامانەکەی خۆی بێبەش کردبوو. منداڵ ناتوانێت لەو پیرۆزییە بگات بەو ئەندازەیەی گەورەکان لێی تێدەگەن چونکە

بنەماكانی تێگەیشتن لەپیرۆزی لەلای منداڵ هێشتا نەچەسپاوە. دوای ئەوەش ئێمە بۆ بەرزراگرتنی پیرۆزی كەس و مەسەلە جیاوازەكان بنەماو پێوەری جیاوازمان هەیە، بەڵام منداڵ تا تەواوكردنی تەمەنی ١٣ ساڵیش ئەستەمە بۆی ئەو كۆمەڵە پێوەرە جیاوازانە بەرقەرار بكات و لەیەك كاتدا كار بەهەموویان بكات. منداڵەكانی ئێمە لەو تەمەنەدا نەسەریان لەم كارە دەردەچێت و و نە ناچاری ئەوەشن سەر لەو كێشە ئاڵۆزانە دەربكەن . كەواتە ئێمە چۆن بتوانین لەتەمەنی هەرزەكاریدا قەناعەت بەو منداڵانە بێنین كە ئەنجامدانی سەربڕین تاوانە. بەتایبەت چەمكی «پیرۆزی» لەلای مرۆڤە هەرە گەورەكانیش شتێكی یەكجار قورس و ئاڵۆزە.

مەسەلەی توندوتیژی لقی زۆری لێ دەبێتەوە و من بەنیازی ئەوە نیم لەو لقانە بكۆڵمەوە چونكە بابەتی ئەم كتێبە توندوتیژی نییە بەڵكو توندوتیژی بەشێكی بابەتەكەی من پێكدێنێ. من لەبابەتێك دەدوێم بەناوی هەراسانكردن كە دەمەوێت پێناسەیەكی زانستی بۆ بكەم. تاوەكو ئێستا لەزمانی كوردیدا دستەواژەیەكی تایبەتم بەرامبەر بەدەستەواژەی Bullyingی ئینگلیزی نەبینیوەتەوە، بۆیە خۆم بەرامبەر بەمە دەستەواژەی «هەراسانكردن» م بەكارهێناوە. نەك هەر لەزمانی كوردیدا بەڵكو لەهەندێ زمانی ئەوروپایی گەورەی دیكەشدا من بەرامبەرێكی دەقاودەقم بۆ دەستەواژە ئینگلیزییەكە نەبینییەوە. رەنگە هۆكارەكەشی ئەوەبێت كە خودی دیاردەی هەراسانكردن بەنیسبەت زۆر وڵاتەوە شتێكی تازە بێت.

سویدییەكان فۆرمێكی سوودییانەیان داوەتە دەستەواژە ئینگلیزییەكەو كردوویانە بە Mobbning هاینمان پێی وایە ئەم دەستەواژە سویدییە لە Mobbing ئینگلیزییەوە وەرگیراوە (Heinmann,1993.P.7). بەڵام هەندێ پسپۆری دیكە پێیان وایە لەزمانی ئینگلیزیدا هیچ بەرامبەرێك بۆ دەستەواژەی (Mobbning) ی سویدی نابینرێتەوە (Eriksson,2002.P.26) جگە لە Bullying لەناو زمانی ئینگلیزیدا كۆمەڵێ وشەو دەستەواژەی جۆراوجۆری دیكەی وەك Aggression Harassment, Victimization, بەكار دەهێنرێن. لەناو زمانی كوردیشدا ئێمە تەنها ئەم وشەیەی دوایی (توندوتیژی) بەكار دەهێنین بەڵام من پێم وایە توندوتیژی مانای Bullying ی ئینگلیزی بەدەستەوە نادات. لەزمانی ئیتالیشدا Prepotenze بەكار دەهێنن، بەڵام ئەمەش پڕ بەپێستی



Bullying نییە Eriks (son,2002.P.60) نەبوونی دەستەواژەیەكی پڕ بەپێستی خۆی لە زمانەكانی دیكەشدا وەكو ئەڵمانی و فەرەنسی (بۆ نموونە) شتێكی ئاساییە.

من پێم وایە سویدییەكان ئەگەر سەركەوتووترین میللەت نەبن ئەوە یەكێكن لەو میللەتانەی كە لە هەڵبژاردنی دەستەواژەیەكی تایبەت بەهەراسانكردندا سەركەوتنێكی باشیان بەدەست هێناوە. شتێكی زۆر پۆزەتیڤانەی ئەو دەستەواژە سویدییە ئەوەیە ئەوان توانیویانە زۆر دیاردەی هەرە گرینگ (لێدان، توندوتیژی، ئازاردانی جەستەیی و دەروونی، پەراوێزخستن، هەڕەشە، چاوسووركردنەوە، تەریقكردنەوە و شكاندنەوە، فشار، هەر شتێك بەبێ ویستی ئەوی دی فەرز بكرێتە سەری... هتد) لەو دەستەواژەیەدا كۆبكەنەوە.

# بەشی دووەم

## پێناسەی هەراسانکردن

زۆر لە کارشناسان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە مەبەست لە هەراسانکردن ئەوەیە کاتێ یەکێک زیاتر لەجارێک بە کارێک یا مامەڵەیەکی نێگەتیڤانە یەکێکی تر هەراسان دەکات بەبێ ئەوەی ئەو یەکە هەمان توانای بەرگریکردنی لەخۆی هەبێ. ئەم کارو مامەڵە نێگەتیڤانەیە دەکرێ کۆمەڵە کەسێکیش لەبەرامبەر یەک کەسدا ئەنجامی بدەن. بەهەمان شێوە دەکرێ دوو کۆمەڵ لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر یەکتری پێ هەراسان بکەن. ئێڤا لارسۆن دەڵێ هەندێ جار تەنها یەک کەس کۆمەڵێ کەسی لاوازتر هەراسان دەکات بەهۆی ئەوەوە کە هێز و بازوویەکی زۆر بەهێزتری لەو هەموو کەسانە هەیە. لەلایەکی ترەوە لارسۆن Eva Larsson بەپشت بەستن بەفرێری و ئەریک فرۆم ئەوە روون دەکاتەوە کە هەراسانکردن گوزارش لەئازاردان و چەوساندنەوە دەکات چونکە ئەم ئازارو چەوساندنەوەیە ڕێگری گرینگن لەبەردەم مرۆڤدا بۆ ئەوەی بگاتە بەهای تەواوی مرۆڤانەی خۆی Larsson,2000.P.20.

مەبەست لە کارو مامەڵەی نێگەتیڤانەش هەر کارێکە کە بەمەبەستی زیان گەیاندن بەیەکێکی دی و بەبێ ویستی خۆشی ئەنجام بدرێت. واتە دەکرێ دوو خوێندکار ئازاری یەکتر بدەن و یەکدی هەراسان بکەن، بەهەمان شێوەش دەکرێ مامۆستایەک خوێندکارێک هەراسان بکات یا بەپێچەوانەوە. ئەم کارە نێگەتیڤانەش دەکرێ هەزارو یەک شێوەی جۆراوجۆر بگرێتە خۆی و بەچەند شێوەیەک ئەنجام بدرێ.



# بەشی سێیەم

## شێوازەکانی هەراسانکردن

شێوازی یەکەم: هەراسانکردنی جەستەیی: کاری فیزیکی، لێدان، شەڕکردن، دەست وەشاندن، یا بەشێوەیەکی دی بەکارهێنانی توندوتیژی بەمەبەشتی ئازاری جەستەیی .

شێوازی دووەم: هەڕەشەکردن و تووڕەبوون.

شێوازی سێیەم: ترساندن: چاو سوورکردنەوە و مۆڕبوونەوە بەمەبەستی ترساندن.

شێوازی چوارەم: شکاندنەوە: قسەی ناشیرین، تەریقکردنەوە و شکاندنەوەی بەرامبەر.

شێوازی پێنجەم: پەراوێزکردن و ئازاردانی دەروونی.

شێوازی شەشەم: هەراسانکردنی سێکسی .

بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کارەی ئەنجام دەدرێ (هەراسانکردن) بخەینە خانەی هەراسانکردنەوە. دەبێ دوو مەرج بوونیان هەبێت. یەکەم ئەو کارانە دەبێ زیاتر لەجارێک دووبارە ببنەوە و دووەمیش دەبێ هەراسانکەر لە هەراسانکراو بەهێزتر بێت (ناهاوسەنگییەک لەنێوان هێزی هەردوولادا هەبێت). بەلای Batsche & Knoff وە پێویست ناکات بەفیعلی هێزی هەردوولا ناهاوسەنگ بن، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە هەراسانکراو وا هەست بکات یا وای لێک بداتەوە کە بەرامبەرەکەی لەو بەهێزترەو ئەم توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەوی نییە (Eriksson,2002.P.30):

"the bully is percievied as stronger than the victim"

دەکرێ هەراسانکردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێ، واتە ڕووبەڕووی

لەگەڵ یەکتردا لەرێگەی لێدان و هەڕەشەو شکاندنەوەو... هتد. بەڵام دەشکرێ هەراسانکردن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێ وەکو پەڕاوێزکردنی ناراستەوخۆو ناوزڕاندن و درۆ هەڵبەستن و دروستکردنی جۆرەها بەربەست بۆ ئەوەی کەسی هەراسانکراو نەتوانێ بێتە ناو گرووپێکی دیاریکراوەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو پێنج خاڵە دووبارە نەکەمەوە سەرجەمیان لەدەستەواژەی هەراسانکردندا کورت دەکەمەوە بۆیە لەهەر کوێیەکی ئەم کتێبەدا دەستەواژەی هەراسانکردن بخوێننەوە ئەوە بەمانای ئەو پێنج خاڵەی سەرەوە دێتەوە. لەم کتێبەدا مەبەست لە کەسی هەراسانکراو ئەو کەسەیە کە ئەو پێنج خاڵەی سەرەوەی بەرامبەر پیادە دەکرێت و لەئەنجامدا ئازار دەکێشێ و تووشی جۆرەها نەخۆشی جەستەیی و دەروونی دێت، ئەمە لەکاتێکدا کە مەبەست لە هەراسانکەر ئەو کەسەیە کە کاری هەراسانکردن یا ئەو پێنج خاڵەی سەرەوە بەرامبەر بەکەسی هەراسانکراو (قوربانی) پیادە دەکات.

گرفتەکە لەوەدایە کە زۆر جار ناتوانرێ هەراسانکردن لەهەندێ رەوشت و شەڕی رۆژانە جیابکرێتەوە. بەشێوەیەکی دی هەموو شەڕێک و دەمەقاڵێیەک ناچێتە خانەی هەراسانکردنەوە. بۆ نموونە کە دوو منداڵ یەک جار بەشەڕ دێن، یا لەیەکتر تووڕە دەبن، یا لەکاتی چوونەژوورەوەی ناو پۆلدا پاڵ بەیەکترەوە دەنێن، یا مامۆستا جارێک لە خوێندکارێک تووڕە دەبێ... هتد ئەمانە هیچیان ناچنە خانەی هەراسانکردنەوە چونکە ئەم کردارانە دوو مەرجی گرینگیان تێدا نییە ئەویش ئەوەیە کە ئەم کارانە بەبەردەوامی دووبارە نابنەوە و دواتریش بەمەبەستی شکاندنەوە و فشارخستنە سەرو تێکشکانی لایەنەکەی بەرامبەر نەکراون. بەڵام کە مامۆستایەک چەند جارێکی بەردەوام لەیەکێک دەدات و تەریقی دەکاتەوە بەمەبەستی شکاندنەوە و زاڵبوون بەسەریدا ئەوە بەهەراسانکردنێکی تەواو دەژمێردرێ. واتە کردارەکانی مامۆستاو خوێندکاریش دەکرێ بچنە خانەی هەراسانکردنەوە و دەشکرێ لەدەرەوەی ئەم خانەیە بن.

بەر لەوەی لەم بوارەدا بەردەوام بین دەبێ هەندێ روونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەو پێنج خاڵەی سەرەوە بخەینەڕوو .



# شێوازی یەکەم

## هەراسانکردنی جەستەیی

لێدان و ئازاردانی جەستەیی و پەنابردنە بەر کۆنتاکتی فیزیکی شێوەیەکی هەرە زەقی هەراسانکردنە لە قوتابخانەی وڵاتە دواکەوتووەکاندا کە لەسەر دوو ئاستی جیاواز بەرجەستە دەبن. ئاستی یەکەم لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا بەرجەستە دەبێ و ئاستی دووەمیش لەنێوان خوێندکار – خوێندکاردا بەرجەستە دەبێ.

خشتەی ژمارە ١

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٨٥ | ١٤,١ | ١٢٨ | ٣٢,٠ | ٢١٣ | ٢١,٣ |
| هەندێ جار | ٣٠٥ | ٥٠,٨ | ٢٢٤ | ٥٦,٠ | ٥٢٩ | ٥٢,٩ |
| زۆرجار | ٢١٠ | ٣٥,٠ | ٤٨ | ١٢,٠ | ٢٥٨ | ٢٥,٨ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

له ماوەی ئەمساڵدا چەند جار لێدانت خواردووە؟

ئازاردانی جەستەیی

هەراسانکردن لەئاستی یەکەمدا بریتییە لەوەی کە چۆن مامۆستا پەنا دەباتە بەر لێدان کە دەقاودەق پێناسەی هەراسانکردن دەیگرێتە خۆی. بەشێوەیەکی دی مامۆستا دەبێتە ئەو کەسەی ئەم کارە ئەنجام دەدات (هەراسانکەر) و خوێندکاریش دەبێتە ئەو کەسەی ئازارەکە دەچێژێ (هەراسانکراو). بەداخەوە ئەم ئاستە تەنها لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بەدی دەکرێت.

رەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت لەکاتی گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا هیچ سەرچاوەیەکم بەردەست نەکەوت کە باس لەم جۆرە هەراسانکردنە بکات. لەکتێبی "تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار"دا تیشکێکی زۆرم خستۆتە سەر جۆری ئەم هەراسانکردنە کە مامۆستا پیادەی دەکات. هەروەها باسم لەو هۆکارانەش کردووە

که بەهۆیانەوە مامۆستا پەنا دەباتە بەر لێدان/ هەراسانکردن. بەکارهێنانی لێدان لەلایەن مامۆستایانەوە زۆر بەزەقی دیارەو هیچ کەسێک ناتوانێت نکوڵی لێ بکات و کەسیش تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی سیستماتیک و روون رێگەی لێ نەگرتووە. بەپێی وەڵامی خوێندکارکاران ٧٩٪ ی ئەوان لەسەر دەستی مامۆستاکانیان تووشی ئازاردانی جەستەیی هاتوون.

وەکو لە(خشتەی ژمارە ١) دا دەردەکەوێت کچان بەرێژەیەکی زۆر کەمتر لەکوڕان لێدانیان خواردووە. سەرجەمی لێکۆڵینەوەکان باس لە کاریگەرییەکانی ئازاردانی جەستەیی دەکەن و رۆڵی ئەو ئازارە لەتێکشکانی بەهاکانی خوێندکاردا بەرجەستە دەکەن. کەچی ٦١٪ی مامۆستاکانی ئێمە (خشتەی ژمارە ٢) تاوەکو ئێستاش بڕوایان وایە کە ئازاردانی جەستەیی یا لێدان رێگەیەکی شیاوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خوێندکاران لەناو قوتابخانەکاندا.

بێگومان ئەم وەڵامانە جگە لەکەم نزمیی ئاستی قوتابخانەو سەرنەکەوتنی ئیدارە بەرپرسەکان لەوەی کە ئەوان نەیانتوانیوە ئاستی مامۆستاکان بۆ رادەی پێویست بەرزبکەنەوە، هیچی دیکە ناگەیەنێت. جێگەی سەرسوڕمانە مرۆڤ پێی وابێت توندوتیژی شتێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی مرۆڤە بچکۆلەکان.

ئەم دەزگا بەرپرسانە کە وەزارەتی پەروەردەو تاڕادەیەکیش وەزارتی خوێندنی باڵا دەگرێتەوە لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون مامۆستاکانی خۆیان بگەیەننە ئەو ئاستەی کە هەست بەوە بکەن ئازاری جەستەیی زیاتر لەزیانێکی ماڵوێرانکەرانەی هەیەو هەندێ جاریش هۆکارێکی راستەوخۆیە بۆ رووخان و خۆکوژی مرۆڤە بچکۆلەکان.

زۆرێک لە مامۆستاکان لەکاتی قسەکردندا پێیان وابوو لێدان شتێکی باشە بۆیە ئەوان لە منداڵەکانی خۆشیان دەدا. سەرۆکی ئەو یەکێتییە کە پیاوێکی بەساڵاچوو بوو لەمیانەی پرسیارەکانی مندا شتێکی گێڕایەوە:

«لە شەستەکاندا کە بۆ یەکەم جار چوومە قوتابخانەیەکەوە لەنێو گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا گوێی قوتابیەکم گرت و بەتوندی یەک زللەم لێ دا. قوتابییەکە بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە و کەوت. ئیدی هەموو قوتابخانەکە عاقڵ بوون». رووی دەمی لەمن کردو وتی:



«مامۆستا تۆ نازانیت، قوتابی بەلێدان نەبێت چارەسەر ناکرێت...... هتد».

لەنێو ئەو هەموو مامۆستایەدا کە لەوێ دانیشتبوون کەس هیچی نەگوت بەدەر لە یەکێک کە وتی:

«من ئەوەندە دەزانم دەبێ خۆمان بگۆڕین، بەڵام نازانم چۆن».

دەبێ ئەوەش بڵێم بۆ هەرکوێیەک چووبم پێیان گوتووم:

«مامۆستا تۆ نازانیت منداڵ بەلێدان نەبێت چارەسەر ناکرێت».

لەئاستی دووەمیشدا واتە شەڕکردن لەنێوان خودی خوێندکاراندا کارێکی بەربڵاوە و رۆژانە چەندین کاری وا ئەنجام دەدرێن. سەرجەمی ئەو خوێندکارانەی گفتوگۆم لەگەڵیاندا سازکرد دانیان بەوەدا نا کە شەڕکردنی خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا شتێکی زۆر بەربڵاوە.

خشتەی ژمارە ٢

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ٩٧ | ٣٨,٨ |
| هەندێ جار | ١٥٣ | ٦١,٢ |
| زۆر جار | ٠ | ٠ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا قەناعەتت بەلێدان هەیە وەکو ئامرازێک بۆ چارەسەکردنی گرفتی خوێندکاران؟

ئازاری جەستەیی وەک ئامرازێکی چارەسەرکردن

وەکو لەنەخشەی ژمارە (٣) دا دەبینین نزیکەی سێ بەشی خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا شەڕ دەکەن. بەشێک لەم کارانە لەڕێگای ماڵ – قوتابخانەدا ئەنجام دەگرن و بەشێکی تریشیان بەداخەوە لەناو حەوشەی قوتابخانەکاندا ئەنجام دەگرن. بەڵام وەکو رەگەز کوڕان زۆر زیاتر لەکچان شەڕ دەکەن. مارە تام (Marre Tamm) ئاماژە بەئەنجامی توێژینەوە بایەلۆژییەکان دەکات کە پێیان وایە پیاون بەشێوەیەکی گشتی

زۆر زیاتر لەژنان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی. لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێک لە هەرزەکاران بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆیان زۆر زوو پەنا بۆ توندوتیژی و شتی هاوشێوە دەبەن Tamm,2003.P.109.

خشتەی ژمارە ٣

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| بەڵێ | ٤٨٥ | ٨٠,٨ | ٢٥٦ | ٦٤,٠ | ٧٤١ | ٧٤,١ |
| نەخێر | ١١٥ | ١٩,٢ | ١٤٤ | ٣٦,٠ | ٢٥٩ | ٢٥,٩ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

ئایا لەگەڵ خوێندکارەکانی تردا شەڕ دەکەن و لە یەکتر دەدەن؟

شەڕکردنی خوێندکاران

جۆرەها هۆکار لەپشت ئەم شەڕانەوە دەوەستن و تەرازووی هێزەکانیش لە زۆربەیاندا ناهاوسەنگن. بەشێک لە هۆکارە دیارو بەرچاوەکان دەکرێ چاوترساندنی بەرامبەر بێت، تۆڵەسەندنەوە، شەڕفرۆشتن، دەرخستنی هێزو بازوو، ناچارکردنی یەکێک بۆ ئەوەی مەرجێکی دیاریکراو قبوڵ بکات، بۆ ناودەرکرن لەناو هاورێ و گەڕەکدا ...هتد.

بۆ خوێندکارەکان لەگەڵ یەکتردا شەڕ دەکەن؟ رەنگە وەڵامی خوێندکارەکان یارمەتیدەرێک بێت بۆ بەرپرسەکان بۆ کەمکردنەوەی گرفتی هەراسانکردن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆرێک لەوانەی لەناو قوتابخانەکاندا روودەدەن بەدزی مامۆستاکانەوە ئەنجام دەگرن. بۆیە ئیدارەی قوتابخانەکان دەبێ زۆر بەوریاییەوە رەچاوی ئەو حاڵەتانە بکەن. وا چاوەڕوان دەکرێ کە بوونی چەند مامۆستایەک لەگۆڕەپانی قوتابخانەکان لەکاتی پشووی نێوان وانەکاندا بەڕادەیەکی باش ئەو شەرو دەستدرێژییانە کەم کاتەوە.

بەتێڕوانین لە هۆکارەکانی ئەو شەڕکردنە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەو شەڕانە بەبوونی گەورەکان زۆربەیان کۆتاییان پێ دێت. بەشێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین



گەورەکان بەتەنگی ئەو مرۆڤە بچووکانەوە نایەن و خەمیان ناخۆن. ئەم راستییە خودی منداڵەکانیش هەستی پێ دەکەن و بۆیان باس کردووم.

بەشێوەیەکی دی هۆکاری شەڕکردنی خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا خۆیان لەیەک هۆکاری سەرەکیدا دەبیننەوە کە بریتییە لەوەی منداڵێک لەبەر هۆکاری جیاواز دەست لەمنداڵێکی دیکە بەرز دەکاتەوە.

کەواتە بوونی گەورەکان لەنێوان ئەو منداڵانەدا تارادەیەکی زۆر کۆتایی بەو گرژییە دێنێت. بەڵام بۆ ئەو منداڵانە پەنا بۆ لێدان دەبەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان ئەوە پەیوەندی بەو مێتودانەوە هەیە کە خودی گەورەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان پەنای بۆ دەبەن.

لەلایەکی دیکەوە (پاش لابردنی دەنگی ئەو ١١٥ منداڵە کە شەڕیان نەکردووە) ئەوەمان بۆ روون (خشتەی ژمارە ٤) دەبێتەوە کە نزیکەی ٪٦٨ ی ئەو منداڵانەی کە شەڕ دەکەن رۆڵی هەراسانکەر دەبینن، لەکاتێکدا نزیکەی ٪٣٢ ئەو منداڵانە رۆڵی

خشتەی ژمارە ٤

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| لەبەر ئەوەی منیش لێیان دەدەم | ١٥٥ | ٢٥,٨ | ٥٦ | ١٤,٠ | ٢١١ | ٢١,١ |
| لەبەر ئەوەی من ناتوانم لەوان بدەم | ٨٥ | ١٤,٢ | ٨٨ | ٢٢,٠ | ١٧٣ | ١٧,٣ |
| ئەوان دەیانەوێ چاوترسێنم بکەن | ٢٤٥ | ٤٠,٨ | ١١٢ | ٢٨,٠ | ٣٥٧ | ٣٥,٧ |
| شەڕم نەکردووە | ١١٥ | ١٩,٢ | ١٤٤ | ٣٦,٠ | ٢٥٩ | ٢٥,٩ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

بەڕای تۆ خوێندکارەکانی دیکە بۆ شەڕت لەگەڵ دەکەن؟

هۆکارەکانی شەڕکردن

هەراسانکراو یا قوربانی دەبینن. ئەم ڕێژەیە دوو شتی نێگەتیڤ ئاشکرا دەکەن. یەکەمیان ئەوەیە کاتێک منداڵ ئەوە دەبینێ کە گەورەکان لەگرفتەکانی خۆیاندا هەمیشە پەنا بۆ ئازاردانی جەستەیی یەکتر دەبەن بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەوی تردا یا چارەسەرکردنی گرفتەکان (بۆ نموونە نەخوێندن، نەکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە) کۆتایی، ئەویش فێری هەمان مێتودی کارکردن دەبێت چونکە جیهانبینی گەورەکان یەکێکە لەو بناغانەی کەمنداڵان لەکاری ڕۆژانەی خۆیاندا بەرز رایدەگرن. دووەمیشیان ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو منداڵانەی پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی زۆر لەرێژەی ئەو منداڵانە زیاترە کە توندوتیژییان لەدژ بەکار دێت.



## شێوازی دووەم

### هەڕەشەکردن و تووڕەبوون

دەتوانین بڵێین هەڕەشەکردن و تووڕەبوون چ لەلایەن مامۆستاو چ لەلایەن خوێندکارانیشەوە بەڕێژەیەکی زیاتر لەلێدان پەنای بۆ دەبرێت. هەڕەشەکردن پێویستی بەئەرکێکی زۆر نییە و لەکۆتاییشدا مەرج نییە قەرار بگرێت. هەردوو لاش تەنها بۆ چاوترساندنی لاکەی بەرامبەر پەنای بۆ دەبەن. جارێکی تریش ئەوە وەبیر دەهێنمەوە کە بۆ ئەوەی هەڕەشەکردنەکە بچێتە خانەی هەراسانکردنەوە دەبێ تەرازووی هێزەکانی هەردوو لا ناهاوسەنگ بن و هەڕەشەکەش بەمەبەستی زیان پێگەیاندنی ئەوی دی بدرێت و زیاتر لەجارێکیش دووبارە ببێتەوە. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە هەڕەشەکردنی بەردەوامی مامۆستا بەهەراسانکردن دەژمێردرێ و بەکارهێنانیشی بە شتێکی ناشایستە لە قەڵەم دەدرێ. خودی منداڵان بەشێوەیەکی زۆر زیاتر پەنادەبەنە بەر هەڕەشەکردن چونکە زۆر جار بارودۆخی شەڕکردنیان بۆ نالوێت بەتایبەت لەناو قوتابخانەدا، بۆیە بەمەبەستی چاوترساندنی بەرامبەرەکەیان هەڕەشە دەکەن. لە قۆناغە بەرزەکانی خوێندندا هەندێ جار خوێندکاریش هەڕەشە لە مامۆستاکەی خۆی دەکات بەڵام شێوەیەکی بەردەوام وەرناگرێ.

تووڕەبوون لە خوێندکار بەبەردەوامی لەئارادایەو بەشێک لە مامۆستایان و دایبابەکان کاری پێ دەکەن. ئەم کارە بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی و پێش سەرەتاییشدا کاریگەری گەورەی (بەتایبەت دەروونی) بەسەر منداڵانەوە هەیە.

بەشێوەیەکی دی دەتوانین ئەوە بڵێین هەرکاتێ لێدان پیادە نەکرێت ئەوە لەبری ئەوە هەڕەشەکردن یا تووڕەبوون دێنە ئاراوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە مامۆستاش وەکو هەر کەسێکی دیکە خەسڵەتی تووڕەبوونی هەیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەم خەسڵەتە نەبێتە ئامرازێکی پەروەردەیی و بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ ترساندنی خوێندکار بەکار نەهێنرێت. بەشێوەیەکی گشتیش تووڕەبوون ئامرازێکی تەندروست نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ .

خشتەی ژمارە ٥

| وەڵامەکان | کوڕان (٦٠٠) | | کچان (٤٠٠) | | سەرجەم (١٠٠٠) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ١٤٥ | ٢٤,٢ | ١٦٠ | ٤٠,٠ | ٣٠٥ | ٣٠,٥ |
| هەندێ جار | ٣٠٥ | ٥٠,٩ | ١٥٢ | ٣٨,٠ | ٤٥٧ | ٤٥,٧ |
| زۆرجار | ١٥٠ | ٢٥,٠ | ٨٨ | ٢٢,٠ | ٢٣٨ | ٢٣,٨ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |
| ئایا مامۆستاکان ئەمساڵ لێت توڕە بوون؟ | | | | | | |

تووڕەبوونی مامۆستایان

نزیک بە ٧٠٪ ی خوێندکاران (خشتەی ٥) لەلایەن مامۆستاکانیانەوە تووشی تووڕەبوون و شکاندنەوە دێن. ڕەنگە شتێکی ئاساییش بێت کە مامۆستاکان زیاتر لە کوڕان تووڕە بن تا لەکچان، چونکە کوڕان زیاتر بزێوی و نارەحەتی دەکەن تا کچان. بەڵام لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەو تووڕەبوونە لە ڕوانگەی مامۆستاو خوێندکاریشەوە شتێکی گرینگە بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەم بابەتەو بۆ گەیشتن بەدەرهاویشتەکان.

لەدوای ئاخاوتن لەگەڵ هەندێ خوێندکاردا لە شوێنی جودا جودا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە دوای قەدەغەکردنی لێدان هەندێک مامۆستا پەنایان بردۆتە بەر هەراسانکردنی نهێنی. من ترسێکی گەورەم لەوە هەیە هەر کات لێدانی خوێندکار بەشێوەیەکی جیدی و یاسایی قەدەغە بکرێ ئەوە مامۆستایان بەشێوەیەکی زۆر پەنا ببەنە بەر هەراسانکردنی نهێنی. ئەڵبەتە ئەو دەمە هەڕەشەکردن و مۆڕبوونەوە و چاوسوورکردنەوە پانتاییەکی زۆر ترسناکتر لەئێستا داگیر دەکەن.

شایەنی باسکردنە کە هەڕەشەکردن لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا مانای جیاوازیان هەیە کە دواتر لەدۆزینەوەی ڕێگاچارەکاندا ڕۆڵیان دەبێ. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەم هەڕەشە جیاوازانە کە لەکات و شوێنی جیاوازدا بەرجەستە دەبن، لە تەشەنەکردنی گرفتەکاندا ڕێگای جیاواز دەگرنەبەر. بۆ نموونە کاتێ دوو منداڵ هەڕەشەی «دەبێ هەر بتکوژم» لەیەکتر دەکەن زۆر گرینگە کات و جێگەی ئەم



هەڕەشەیە بزانین. چونکە ڕۆژانە دەیەها و سەدەها هەڕەشەی لەم بابەتە لەناو قوتابخانەو کۆڵانی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ گرفتێکی ئەوتۆ بخاتەوە و هیچ بەدواچوونێکی جیدیشی لە هەموو لایەکەوە بۆ بکرێ، بەڵام هەرکات هەمان خوێندکار هەمان هەڕەشە لە خوێندکارێکی ڕۆژئاوایی بکات بەتایبەت لە ناوەڕاست و باکووری ئەورووپا ئەوە گەورەترین گرفت دەنێتەوە. لێرەدا دەبێ باس لە دوو هۆکار بکەین: یەکەمیان زمانەوانییە و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە زمانی کوردیدا زۆر جار تێکەڵییەک لەنێوان بەکارهێنانی کوشتن و لێداندا دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا دوو وشەی جیاوازمان بۆ ئەو دوو حاڵەتە هەیە. بۆیە ئەگەر مەبەستی خوێندکارێک ئەوە بێت کە لەوی دیکە بدات ئەوە زۆر جار پێی دەڵێت دەبێ بتکوژم، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە کە لێی دەدات. هەر بۆیەشە لەچارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی ئەم جۆرە هەڕەشەیە دەیخاتەوە هەمیشە سستییەک لەئارادایەو زۆربەی چارەکان بەهەند وەرناگیرێن.

بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا کاتێک خوێندکارێک/ منداڵێک هەمان هەڕەشە لە ڕۆژئاواییەک دەکات ئەوە گرفتێکی گەورە دەنێتەوە، چونکە لە کولتووری زۆرێک لەزمانە ئەوروپاییەکاندا ئەو تێکەڵییە لەنێوان وشەی کوشتن و لێداندا نییە و وشەی کوشتن زۆر زۆر بەدەگمەن بەسەر زاری خوێندکارەکان یا منداڵەکاندا دێت. تەنانەت هەر کات گەورەیەکیش وتی «دەتکوژم» ئەوە مانای وای نییە کە لێی دەدات. بۆیە بەدەگمەن لەو قوتابخانانەدا وشەی کوشتن بەکار دەبرێت و لەکاتی بەکاربردنیشیدا ئیدارەی قوتابخانەکان سکاڵا لەلای پۆلیس تۆمار دەکەن و پۆلیسیش بەدوای ئەم هەڕەشەیەدا دەچێت.

لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەکردن پەیوەندی بەکوولتوری وڵاتەکانەوە هەیە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتدا دیاردەی کوشتن یەکجار بەربڵاوە و هیچ ڕێزێکیش لە مافەکانی مرۆڤ ناگیرێت، بەڵام لەڕۆژئاوادا دیاردەی کوشتن (تەنانەت لێدانیش) بەتایبەت لەباکووری ئەورووپادا هەر زۆر کەمە و زۆر لەوەشەوە دوورە کە ببێتە کولتوور، بۆیە ئاماژەکردن بەو دیاردەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرە حەساسیەتێک. کەواتە هەمان هەڕەشە دەبێتە هۆی دروستکردنی دوو گرفتی جیاوازو ئیدارەی قوتابخانەکانیش دوو جۆر ڕێگا چارەی جیاواز دەگرنەبەر.

## شێوازی سێیەم

### ترساندن

مۆڕبوونەوە، چاوسووركردنەوە و خێسەكردن كە بەمەبەستی ترساندنی منداڵ ئەنجام دەدرێن، جۆرێكی دیكەن لە هەراسانكردن. ئەم شێوازانە زۆر جار لەلایەن مامۆستاو دایباب و منداڵانیشەوە پەنایان بەكار دەهێنرێن. ئەم كارە دەكرێ لە هەموو ساتێكدا بكرێ و تەنانەت بەبێ ئەوەی كەسانی دیكەش هەستی پێ بكەن. زۆرجار ئەم چاوسووركردنەوانە بەپاڵپشتی هەڕەشە تەواو دەبن.

زۆر لە خوێندكارانی سەرەتایی و هەندێ جار ناوەندیش باسی جۆرەها نموونەی لەم بابەتانەیان بۆ كردووم. بەشێكیان باسی هەڕەشە بەردەوامەكانی ماڵەوەیان بۆ دەكردم. بێگومان هەندێك لەو هەڕەشانە تاك و تەران و لەكاتی خۆیاندا تەواو دەبن، بەڵام هەندێكی تریان هەردوو مەرجە سەرەكییەكەی هەراسانكردنیان تێدایە واتە دووبارەبوونەوە و ناهاوسەنگی تەرازووی هێزەكان. بۆ ئەوەی بەزمانێكی ڕۆشنتر بدوێم دەبێ بەیەكەوە سەرنجی ئەم هەڕەشەیەی خوارەوە بدەین كە دایكێك لە منداڵەكەی كردووە.

> «باشە تۆ بەقسەی كەس ناكەیت. بەخوا بەقسەم نەكەیت وەكو جاری پێشوو دەستت داخ دەكەم».
>
> منداڵێكی پێنج ساڵە/ سلێمانی

لەم نموونەیەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە ئەم دەست داخكردنە جاری تریش رووی داوە. دواتر ئەم هەڕەشەیە لەدایكێكی گەورەوە ئاراستەی كوڕە بچكۆلەكەی خۆی كراوە، كە نیشانەی ناهاوسەنگی هێزەكانی هەردوولا دەردەخات. ئەم دوو مەرجە بەسە بۆ ئەوەی ئەم كارە بەهەراسانكردن لەقەڵەم بدەین، دواتر بۆ دایكێك هەست بەو برینە گەورانە نەكات كە داخكردن دەیخاتەوە؟.

منداڵ هەتا لەواقیعیشدا بڵێت باكم نییە بەڵام لە راستیدا ترسێكی گەورەی لە هەڕەشەكردن هەیەو تا ئەو دەست داخكردنە ئەنجام دەگرێ یا ناگرێ ئەو جۆرەها وێنەی ناخۆش دەخاتە پێش چاوی خۆی.



> «مامۆستایەكمان هەبوو قەت لێمان تورە نەدەبوو بەڵام بەجۆرێك چاوی لێ سوور دەكردینەوە خەریك بوو روحمان بچێت. باوكم زۆریشی لێ دەداین بەڵام هێشتا بەقەدەر ئەو چاوسووركردنەوەیەی مامۆستا ترسم لێ نەبوو.».
>
> خوێندكارێكی یەكەمی ناوەندی/ كەركووك

بەر لە قۆناغی هەڕەشە قۆناغی چاوسووركردنەوە و مۆڕبوونەوەو... هتد هەیە كە هەمان رۆڵی هەڕەشە بۆ ئەو منداڵانە دەبینێت كە لە تەمەنێكی خوار حەوت ساڵاندان. ئەم چاوسووركرنەوانە لەلایەن مامۆستاكانیشەوە زۆر پەنای بۆ دەبرێت بەمەبەستی ترساندنی منداڵ بەنرخێكی هەرزان.

# شێوازی چوارەم

شکاندنەوە

له بری مۆڕبوونەوه و چاوسوورکردنەوه و خێسەکردن زۆر جار لایەنەکان بەمەبەستی شکاندنەوەی بەرامبەر، یەکتر بەقسەی ناشیرین بریندار دەکەن. لەلایەنی دەروونییەوه زۆر جار تەریقکردنەوه و شکاندنەوەی منداڵ کاریگەری زۆر سەختتری له لێدان و شەڕکردن هەیە. شوێنی برین و چرنووک سارێژ دەبنەوه و دانی شکاو لەوانەیه بێتەوه شوێنی خۆی، بەڵام زۆر جار کاریگەرییه دەروونییەکانی شکاندنەوەو تەریقبوونەوه و جنێو سارێژ نابنەوه و تاماوەیەکی درێژخایەنیش لەلای هەراسانکراو دەمێننەوه.

منداڵێکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی له نامەیەکدا بەم شێوەیه گوزارشت لەو سارێژ نەبوونەوەیه دەکات:

«من له پۆلی چوار لەوانەی عەرەبیدا مامۆستا... لەمنی داوە. من تاوەکو ئێستا لەدڵم ماوە»

دوای گەشتێک بەناو هەندێک قوتابخانەی سەرەتاییدا گوێم بۆ رازو نیازو کاریگەری قسەی ناشیرینی مامۆستاکان و دایبابەکان راگرت و ئەوەم لا بەرجەستە بوو کە بەهیچ شێوەیەک کەس بیر لەکاریگەری ئەو قسە ناشیرینانە ناکاتەوه و هەموو کەسێکیش بەراست و بەچەپدا قسەی ناشیرین دەکات. ئەوانەی قسەی ناشیرین بەمنداڵ ناڵێن له روانگەی پەروەردەییەوه نییه کە ئەو کارە ناکەن بەڵکو لەروانگەی بەزەییەوەیە.

نزیکەی ٧٥٪ ی مامۆستاکان (خشتەی ٦) پێیان وایه ئەوان قسەی رەق و ناشیرین بەخوێندکاران دەڵێن و جنێویان پێ دەدەن (بەرامبەر بەمەش نزیکەی ٣٢٪ ی خوێندکاران له ماڵەوەش هەمان کاریان پێ دەکرێ). ئەوەی دەشمەوێ یاداشتی بکەم ئەوەیه کە جۆرە جیاوازییەک لەنێوان بابەتی ئەو قسانەی مامۆستا پیاوەکان و ژنەکان دەیکەن هەیە. نموونەی جنێوو قسەی ناشیرینی مامۆستا پیاوەکان بریتییه له: حەیوان، سەگباب، گێژ، کەر، دەبەنگ... هتد. بەڵام نموونەی جنێو و قسەی



ناشیرینی مامۆستا ژنەکان بریتییه له: قەحپە، قەحپەی دەڵەقۆڕ، حەیوان، ماکەر، خۆتان بۆ کوڕان جوان دەکەنەوە، تیاترۆ... هتد.

خشتەی ژمارە ٦

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ٦٢ | ٢٤,٨ |
| هەندێ جار | ١٥٦ | ٦٢,٤ |
| زۆر جار | ٣٢ | ١٢,٨ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا مامۆستاکان قسەی رەق و ناشیرین بەخوێندکاران دەکەن؟

شکانەوەی خوێندکاران

لێرەدا دەمەوێ هاوکات دوو خاڵ یاداشت بکەم؛ خاڵی یەکەم، بەپێی قسەی خوێندکاران و بەڕادەیەکی کەمتر مامۆستایان، مامۆستا ژنەکان شێوازێکی زۆر ناشیرینتریان لەپیاوەکان هەیەو قسەی زۆر ناڕەواترو ناشیرینتر دەکەن. مەبەست لەم دوو وشەیە بەکارهێنانی ئەو وشانەیه کە کاریگەرییەکی دەروونی زۆر درێژخایەنتر یا سەختتر بەجێ دێڵن. مامۆستا ژنەکان زۆر زاڵمانەترو بێڕەحمانەتر ئەو وشە ناشیرینانە بەکار دێنن..

سەیر لەوەدایە ژنان کە لەوانەیە بەشێکیان خۆیان لەماڵەوە گیرۆدەی ئەو جنێوە ناشیرینانە بن، دووبارە هەوڵی ئەوە دەدەن لەقوتابخانەدا ئەو جنێوانە بەرهەم بێننەوە. لەدیدارێکی دیکەدا هەندێک خوێندکاری ناوەندی ئەوەیان پێ راگەیاندم کە کاتێ ئەوان گوێیان لەم جنێوانە دەبێت هەر ئەوەندە نییە خۆیان بکوژن و بەناخی زەویدا بچنە خوارەوە.

خاڵی دووەم؛ پەنا بردنی مامۆستا ژنەکان بۆ هەندێ جنێوی سێکس ئامێز؛ بەواتایەکی دیکە جنێو و قسەکان ئاماژە ئامێزن بۆ ئەندامە مێینەکانی لەش. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەزاندنی سنووری ئازادییەکانی مرۆڤە بچکۆلەکانەو وانەیەکیشە بۆ

ئەوان کە چۆن فێری ئەوە ببن هەر لەئێستاوە جیاوازی نێوان نێرو مێ پتەو بکەن و لەگۆشەنیگایەکەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەن کە بە زیانی یەکسانی نێرو مێ بکەوێتەوە. لەراستیدا دەبوایە قوتابخانەکان بەپێچەوانەی ئەمەوە کاریان بکردایە.

کارکردن لەگەڵ منداڵاندا بەئاراستەی ناشیرینکردنی ئەندامە سێکسییەکان زیاتر لە رەهەندێکی کارو بیرکردنەوەی منداڵ دەشێوێنێت: هەندێک لەو نموونانە دەکرێ لێرەدا یاداشتی بکەین ئەمانەن:

* هێڵێکی زۆر ئاشکرا لەنێوان نێوان رەگەزی نێرو مێ دەکێشێ و بیرکردنەوەکانی منداڵ بەئاراستەی بەردەوامبوونی نایەکسانی دەبات.
* بیرکردنەوەکانی منداڵ لە چوارچێوەیەکی تاک رەهەندیدا گیر پێ دەخواو لە هەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوەیدا تاک رەهەندانە بیر دەکاتەوە.
* منداڵ هەوڵی ئەوە دەدات ئەو جیاوازییە جێندەرییە بکاتە بنەماو پێوەر بۆ زۆر بواری ژیان.

«کوڕی قەحپە، لە قوزی دایکت بەم».
کوڕێکی ٨ ساڵان لە کەرکووک

* ئەم جۆرە جنێوانە منداڵ دەباتە بارودۆخێکەوە کە هەمیشە شەرم لە هەندێ ئەندامەکانی لەشی خۆی بکاتەوە.
* خوێندکار دوچاری بارێکی قورس دەبێت کە دواجار قورسایی لە هەندێ حاڵەتدا بەدی دەکات بەتایبەت لەکاتێکدا دەچێتە ناو قوتابخانەیەکی تێکەڵ، یا تێکەڵ بەگرووپێکی کچ و کوڕ دەبێت.
* قووڵبوونەوە بۆ ناخی رەگەز جێگای قوڵبوونەوە بۆ ناخی بابەتەکان دەگرێتەوە.

لێرەشدا دەکرێ باس لەقەیرانی داهێنان لە قوتابخانەدا بکەین. بەدەر لەوەی سیستمی پەروەردەیی ئێمە ئەو سیستمە نییە کە وا لە خوێندکار بکات شتی نوێ دابهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناشیرنکردنی رەگەزەوە خوێندکارەکانمان جۆرە سستییەک لە ئەرکەکانی قوتابخانەدا دەنوێنن. خاڵی سەرنجراکێش لێرەدا ئەوەیە مەرج نییە مامۆستاکان لەم حاڵەتە کە دەینوێنن بەئاگابن و ئەو جنێوە



ناشیرینانە بەئاستی خوێندکارانەوە ببەستنەوە.

* جێندەر، ئەندامەکانی مێینەو نێرینە چیدی وەکو خاڵی پۆزەتیڤانەی مرۆڤ تەماشا ناکرێت بەڵکو بەپێچەوانە وەکو شتێکی زۆر نێگەتیڤ و عەیب ئامێز دەبینرێ و دەبێتە مایەی سەرشۆڕی بۆ مرۆڤ، ئەمەش پێچەوانەی واقیعە. ئەم وێنە پارۆدۆکساڵە دواتر رۆڵی هەرە گرینگ و خراپ لەهەردوو پرۆسەی -accommoda tion & assimilation دەبینێ کە پیاژە (Jean Piaget) لە تیۆرییەکانی خۆیدا بەرجەستەی کردووە. ئاشکراشە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم دوو پرۆسە هەرە گرینگە لەلای منداڵ پێویستمان بەزۆرترین رادەی هارمۆنیکردنی زانیارییەکانە نەک پارۆدۆکساڵ کردنیان.
* رەنگە بەشێک لەم جنێوانەش پەیوەندییان بەسێکسیکردنی کۆمەڵگاو ژیانی رۆژانەوە هەبێت کە من لەژێر سەردێڕی هەراسانکردنی سێکسی باسی دەکەم.

مامۆستاکەم چەند جار پێی گوتووم:
«قەحپەی دەڵەقۆر تۆ تەنها بۆ کوڕان خۆت جوان دەکەیتەوە»
خوێندکارێکی ناوەندی/ چەمچەماڵ

منداڵان نەک لەلایەن مامۆستاکانیانەوە کە دەرچووی زانکۆو پەیمانگاو خانەی مامۆستایانن بەڵکو لەلایەن دایبابەکانی خۆشیانەوە رۆژانە چەندین جنێویان پێ دەدرێ و تەریق دەکرێنەوە و دەشکێنرێنەوە. لەکاتی بەراوردکردنی چەندین قسەی ناشیرین و جوێنی لەم بابەتە کە مامۆستاکان لەلایەک و دایبابە نەخوێندەوارو کۆلکە خوێندەوارەکان لەلایەکی دیکە کردوویانە، من هیچ جۆرە جیاوازییەکی ئەوتۆم نە لە ڕووی ناوەرۆک و فۆرمی ئەو قسانەو نە لەڕووی کاریگەریشیانەوە نەبینیوە.

دایکم زۆر جار پێی گوتووم:
«تۆ تا پیاوێک نەخەیتە سەر خۆت رەحەت نابیت قەحپە»
خوێندکارێکی ناوەندی/ سلێمانی

لەپای پرسیارێکی تردا نزیکەی ٣٨٪ ی خوێندکاران ئاماژەیان بەوە دا کە لە ماڵەوەش قسەی ناشیرینیان پێ دەکرێت و جنێوی ناشیرینیان پێ دەدرێت. جیاوازی

رێژەی نێوان کوڕان و کچان و مەسەلەکانی دیکەی هاوپەیوەند بەم مەسەلەیەوە دواتر لەگەڵ باسکردنی رۆڵی خێزاندا دەیانخەمە روو.

بەردەوامیی قسەی ناشیرین چەندین ناوو ناتۆرەی لێ دەکەوێتەوە. زۆرجار ئەم ناوو ناتۆرانە دەبنە پاشکۆی ناوی کەسەکان و تا دەشمرن هەر بەو ناوانەوە بانگیان دەکەن یا ناو دەردەکەن. ئەگەر هەندێ ناو یا نازناوی وەکو ئەحە جەربەزە، کەماڵە بالابەرز، حوسە ئازا یا حەسە بەراز هێمایەکی پۆزەتیڤی بۆ خاوەنەکەی تێدابێت ئەوە سەدەها نازناوی تری وەک جەمە خوێڕی، مچە ترسنۆک یا لەتە گوێرەکە، هێمایەکی شکستێکی دەروونی یەکجار گەورەی بۆ خاوەنەکانیان هەیە. بەشێوەیەکی دی لەگەڵ هەموو " ئاز ا" یەکدا "خوێڕی" یەک لەدایک دەبێ. لەگەڵ هەموو "جەربەزە" یەکدا کە سەربەرزییە بۆ یەکێک " ترسنۆک" ێک لەسەر حیسابی مرۆڤێکی تر لەدایک دەبێ. لەگەڵ هەموو "بەغیرەت" ێکدا "بێ غیرەت" ێک لەدایک دەبێ. لەکاتێکدا کە خوێندکارێک بەیەکێکی تر دەڵێ (رێبە) ترسنۆک ئەوە لەلای خۆیەوە زۆر بەئاسایی بانگی دەکا، بەڵام لەهەمان کاتداو لەگەڵ هەموو جارێکدا کە کەسی هەراسانکراو گوێی لەم نازناوە دەبێ (ئیتر لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت) یادی برینێکی قووڵ و شکستێکی دەروونی تازە لە ناخیەوە زیندوو دەبێتەوە. ئەگەر رۆژی دە جار پێی بڵێن ترسنۆک ئەوە دە جار برینەکانی ئەو دەکولێتەوە. هەموو یەکێک لەئێمە شایەدی چەندین شتی لەم بابەتەیە.

رۆژێکیان منداڵێکی هەرزەکاری ١٤ ساڵەی عەرەب لە بازاڕی سەوزەکەی شاری ماڵمۆیی خوارووی سوید بەشەق لە پیاوێکی قەڵەوی گەورەی دەدا کە تەمەنیم بە ٣٠-٣٥ دەخەملاند. ئەو پیاوە گەورەیە دەستی بەسەر خۆیەوە گرتبوو بەبەردەوامی دەیگوت " عەیبە، وا مەکە، عەیبە، بەسە". بێگومان لەو بازاڕەدا گرووپێکی رۆژهەڵاتی هاوزمانی خۆی لێ بوو کە لێرە و لەوێ گوێم لە هەندێ وشەگەلی وەک " بێ غیرەتە، بێ شەرەفە، خوێڕییە، دەستی لەناو..... بەجێماوە، ناتوانێ دەست لەو منداڵە بەرز بکاتەوە،..... هتد".

بەڵام کاتێک مرۆڤ وردتر لەم شەڕە بڕوانێ ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە تا بەیانیش ئەو منداڵە شەقی خۆی بوەشێنێ و سەروچاوی ئەو زەلامەش بشکێنێ هەرگیز ئەو پیاوە دەست ناوەشێنێ و ناشتوانێ دەست لە کەس بەرز بکاتەوە. وردتر بڵێم دەست



نەکردنەوەی ئەو پیاوە گەورەیە پەیوەندییەکی قووڵی بە سەردەمی منداڵی خۆیەوە هەیە. بەشێوەیەکی دیکە ئەو هەراسانکردنەی ئەو لە منداڵیدا رووبەڕووی بۆتەوە هەرگیز چارەسەر نەکراوە بۆیە بۆتە جۆرە نەخۆشییەک کە پێدەچێت چارەسەرکردنی سەخت بێت.

من لە کوردستان شایەدی چەندین حاڵەتی لەو بابەتانە بووم چ لەمنداڵ چ لەهاوڕێ و... هتد. وەک مامۆستایەکیش کە لە چەندین حاڵەتی لەم بابەتە وردببوومەوە، لەناخەوە هەستم بەئازارەکانی ئەو پیاوە دەکرد و دەمزانی ئەگەر تا بەیانیش ئەو هەرزەکارە لێی بدات ئەو هەرگیز ناتوانێ زللەیەکی لێ بدات. دەمەوێ ئەوە یاداشت بکەم کە ئەگەر ئێمە هەر لەئێستاوە منداڵ و خوێندکارەکانی خۆمان بەم شێوەیە هەراسان بکەین ئەوە لەداهاتوودا منداڵەکانمان دووچاری هەمان بارودۆخی ئەو پیاوە عەرەبە دەبن. کێ هەبێ ئەوەی پێ خۆش بێت منداڵەکانی خۆی لە هەمان حاڵەتی ئەو پیاوەدا قەرار بگرن. ئەگەر ئەوەمان پێ خۆش نەبێ ئەوە دەبێ لە ئێستاوە مامەڵەیەکی هاوچەرخانەتر لەگەڵ منداڵەکان و خوێندکارەکانماندا بکەین. بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش رێگاچارە زۆرن.

نموونەیەکی بچووک لێرەدا شایەنی باسە کە فەرامۆشکردنی دەبێتە هۆی تێکشکانی کەسایەتی مرۆڤە بچکۆلەکانی ئەم کۆمەڵگایە: رۆژێک لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەی «وان» ی سەرەتاییدا وەستابووم. لەلای راستی منەوە منداڵێک شتێکی بەیەکێکی دیکە گوت. منداڵی دووەمیش پێی وت:

«تۆ گوو بخۆ حیزە، ئەگەر ئازا بوویتایە هین..... لێ نەدەکردیت».

منداڵی یەکەم بێدەنگ و مات لەو ناوە ون بوو.

ئەم قسە سێکسی ئامێزانەی ئەو منداڵە هێندە ئیهانەت ئامێز بوون هەر کەسێکی دیکەش بوایە زۆر ماتتر دەبوو. لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر مامۆستاکان و دایبابەکان سنوورێک بۆ ئەو جۆرە قسەو ئیهانەتانە دانەنێن ئەوە دوور نییە ئەو ناوناتۆرانە بۆ هەتا هەتایی بەو منداڵانەوە بلکێن. هەرکات ئەمە رووی دا ئەوە دوور نییە تەواوی ژیانی ئەم منداڵانە بشێوێت. خەمخۆری گەورەکان دەبێ لەم شتە وردانەوە دەست پێ بکەن.

## شێوازی پێنجەم

### پەراوێزکردن و ئازاردانی دەروونی

زۆر جار کە منداڵێک لەبەر هەر هۆیەک بێت حەز لە منداڵێکی دیکە ناکات هەوڵی ئەوە دەدات چ خۆی و چ منداڵەکانی دیکەش ئەو کەسە پەراوێز بکەن. بەشێوەیەکی دی کەسی هەراسانکەر هەوڵی ئەوە دەدات بەخراپە لەلای کەسانی دیکە باسی قوربانی /قوربانییەکان بکات بۆ ئەوەی لەکاتی یاریکردندا منداڵێک یا زیاتر پەراوێز بکات..

بەهەمان شێوە کاتێک گەورەکان رقیان لەمنداڵێک یا هەر یەکێکی دیکە دەبێتەوە پەنا بۆ پەراوێزکردنی ئەو کەسە دەبەن. ئەم پەراوێزکردنە دەکرێ شێوازی جۆراوجۆر بگرێتە خۆی؛ بۆ نموونە پرسیار لێ نەکردن، پشتگوێ خستنی داواکارییەکانی، وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانی، بەشداری پێ نەکردنی لەچالاکی و یارییەکاندا، بەرز نەنرخاندنی کارە جوانەکانی، بەهەند وەرنەگرتنی پێشنیارەکانی... هتد.

خشتەی ژمارە ٧

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ٦٥ | ٢٦ |
| هەندێ جار | ١٣٥ | ٥٤ |
| زۆر جار | ٥٠ | ٢٠ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا مامۆستاکان خوێندکاران پەراوێز دەکەن؟

پەراوێزکردنی خوێندکاران

ئەم پەراوێزکردنەی خوێندکاران بەهیچ شێوەیەک بەگرفتێکی جیدی تەماشای ناکرێت و هیچ مامۆستایەک لەوانەی قسەم لەگەڵدا کردوون گرنگییەکیان بەم هەراسانکردنە نەداوە. لەبەر ئەوەی سەرجەمی رۆشناییەکان خراوەتە سەر لێدان یا



ئازاردانی جەستەیی خوێندکار بۆیە بایەخنەدانی گەورەکان بەم جۆرە هەراسانکردنە دەبێتە حاڵەتێکی ئاسایی. بەڕای خودی مامۆستاکان نزیکەی ٧٤٪ ی ئەوان خوێندکار پەراوێز دەکەن (خشتەی ٧)، بەڵام ئەوان ئەمە بەگرفتێکی هێندە گەورە نازانن و هەندێکیشیان پێیان وابوو شتێکی ئاساییە.

لەراستیدا ئەم رێژەیە بۆ من جێگای مەترسییەکی زۆر گەورەیە. هەرکاتێک مرۆڤ لەکاریگەرییە نهێنییەکان و دەروونییەکانی پەراوێزکردن بکۆڵێتەوە کارەساتی گەورەی بۆ دەردەکەوێت. لەئاستی ئەم نموونەیەی خوارەوە دەتوانین چەند راستییەک بەرجەستە بکەین:

> «من وابزانم مامۆستای کوردی زۆر رقی لە منە چونکە هەرکات من دەست بەرز دەکەمەوە بەمن ناڵێ وەڵام بدەمەوە، یا کاتێ خوێندکارێک دەنێرێ بۆ شوێنێک قەت من نانێرێت. من دەزانم ئەو رقی لە منە»
>
> کوڕێکی قۆناغی ناوەندی لە سلێمانی

لەکاتی دواندنی منداڵاندا هەمیشە بواری هەڵە تێگەیشتن هەیە، بەڵام خوێندکارێکی قۆناغی ناوەندی وابزانم لەوە تێدەگات کە مامۆستایەک رقی لێی بێت یا نەبێت. بەتێڕوانین لەو قسەیەی سەرەوە من پەراوێزکردنی ئەو خوێندکارە دەخوێنمەوە نەک ئەوەی کە مامۆستای کوردی رقی لەو خوێندکارەیە. فاکتەرەکانی ئەو پەراوێزکردنە زۆر بەئاشکرا لەدوو خاڵدا خۆیان دەبیننەوە: مامۆستا پرسیاری لێ ناکات و هەرکاتێکیش خوێندکارێک بۆ لایەک بنێرێت یا کارێک بکات ئەوە ئەم هەڵنابژێرێت.

ئەگەر ئەم دوو خاڵە وردبکەینەوە دەگەینە ئەوەی ئەم مامۆستایە پرسیار لەم خوێندکارە ناکات و هەر کاتێکیش ئەم دەست بەرز بکاتەوە مامۆستا رێگەی نادات وەڵام بداتەوە. خاڵێک کە لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەم جۆرە رەفتارە بەمەبەستی هەراسانکردنی ئەو خوێندکارە دەدرێت. بێگومان بۆ ئەوەی ئەم کارەی مامۆستا بەهەراسانکردن بژمێردرێت دەبێ ئەم مامۆستایە چەندین جار ئەم کارە دووبارە بکاتەوە. ئەم خوێندکارە وشەی «قەت» هەروەها «هەرکات» بەکار دەهێنێت

که نیشانەی دووبارەبوونەوەی ئەم ڕەفتارەی مامۆستایە. ڕەنگە ئەگەر مامۆستا یەک جار ئەم کارەی بکردایە ئەوکات ئەم خوێندکارە بیگوتبایە جارێکیان مامۆستای کوردی... هتد. دەربارەی خاڵی دووەمیش ئاشکرایە کە تەرازووی هێزەکان لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا هەرگیز هاوسەنگ نییە. بۆیە بەڕای من ئەم ڕەفتارەی مامۆستا هەراسانکردنێکی زۆر ئاشکرایەو کاریگەری هەمەچەشنەی بۆ ئێستاو داهاتووی ئەم خوێندکارە هەیە.

بۆ نموونە پشتگوێخستن و ڕێگە پێ نەدانی بەردەوام بەخوێندکارێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی مامۆستا بداتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەک خوێندکار تاقەتی لەخوێندن و خۆئامادەکردن بچێت چونکە خوێندکار لەو تەمەنەدا ناتوانێ هەموو ڕەهەندەکانی ئەو ڕەفتارەی مامۆستا لێکبداتەوە، لەلایەکی تریشەوە جورئەتی خۆدەرخستنی ئەو خوێندکارە دەکوژێت. ئەگەر من لەکاتی نووسینی ئەو دێڕانەی ناو چوارچێوەکە ئاگاداری ئەو خوێندکارە بوومایە ڕەنگە لەهەمان کاتدا چەندین پرسیاری دیکەشم لێ بکردایە بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکەی گرفتەکەم بۆ دەرکەوتایە، بەڵام من دوای چەندین هەفتە نامەکەیم خوێندەوە.

ئەم دوو خاڵەی سەرەوە دوو فاکتەری بنەڕەتین و زۆربەی جارەکانیش دوو گرفتی جەوهەرین بۆ مامۆستاو قوتابخانەکان. مامۆستا دەبێ زۆر لەوە بەئاگابێت کە ڕێگە بە کێ بدات یا نەدات بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، چونکە منداڵ بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بەوە زۆر حەساسیەتیان هەیە. مامۆستا بەحوکمی کارەکەی و بینینی چەندەها خوێندکار لەرۆژێکدا تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت کە بەبێ مەبەست هەرجارەی یەکێک بەم شێوەیە لەبیر بکات. بەڵام دەبێ ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە بۆ مامۆستا زۆر گرینگە لەکاتی وانەوتنەوەدا ئەم خاڵەی لەبیر بێت چونکە منداڵانی سەرەتایی مامۆستا بەنمایندەی ڕاستگۆیی، بەهێزی، جوانی، نموونەیی و هەموو شتە جوانەکانی دیکەی دەزانن. بۆیە لادان لەو هێڵە فرە تەوەرییە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان هەندێک لە هەنگاوەکانی ئەو مامۆستایە بەگومانەوە گرێ بدەن.

لایەکی تری کاریگەری ئەم گرفتە کوشتنی بوێری منداڵە کە بەڕاستی یەکێکە



لەگرفتە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگای ئێمە. منداڵانی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی جورئەتی قسەکردن و خۆدەرخستنیان نییە چونکە چ لەماڵ و چ لەقوتابخانەو چ لەشوێنە گشتییەکاندا تەریق دەکرێنەوە و دەشکێنرێنەوە و ڕێگای قسەکردنیان لێ دەگیرێت و ئەوان بەکەمتر دەخوێندرێنەوە، بۆیە جورئەتی قسەکردنیان تێدا نامێنێت و تا گەورەش دەبن ئەم مرۆڤە بچکۆلانە بەمرۆڤێکی نابوێرو شەرمن و کەڕوڵاڵ دەمێننەوە. کاتێ پۆستی بەرزیش وەردەگرن و دەبنە ئەندامی پەرلەمانیش، دەبن بەو جۆرە ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان کە شێرزاد حەسەن بە کەڕولاڵ ناوزەدیان دەکات. من ئەم نموونەیە لێرەدا بۆیە دێنمەوە بۆ ئەوەی ئەوە ساغ بکەمەوە کە ئێمە وەکو مامۆستاو وەکو دایبابیش بەشدارییەکی گەورەمان لە کەڕولاڵکردنی ئەو ئەندامانەدا کردووە.

بەدەر لەمەش پەراوێزکردن دەبێتە هۆکارێک بۆ تێکشکانێکی دەروونی کە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ بڕوای بەخۆی کەم بێتەوە، لەپێشنیارکردندا نەتوانێت دەستپێشخەری بکات، بەشدارییەکی کارای لەپرۆژەکانی کۆمەڵگادا نەبێت و لەکۆتاییشدا بچێتە ریزی ئەو مرۆڤە کەڕولاڵانەوە کە ئێمە پێویستمان پێیان نییە.

لەسەر ئاستی منداڵان نموونەیەک لێرەدا جێگەی ئاماژەپێکردنە: یەکێک لە خوێندکارەکانم (ئا،١٢ ساڵ) لەگەڵ کچێکی هاوتەمەن و هاوپۆلی زۆر دڵناسک و حەساسی خۆیدا (گ) هەمیشە لەناکۆکیدا بوو. (ئا) هەمیشە و بەهەموو جۆری لەهەوڵی پەراوێزکردنی ئەوی تردا بوو. زۆر جار لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو هەڵبەستنی قسەی ناشایستەوە مەبەستەکەی خۆی دەپێکا. ئەم کچە خوێندکارەکانی تری کردبوو بەدوو بەشەوە و پەیامێکی روونی پێ ڕاگەیاندبوون: یا ئەوەتا لەبەرەی منداین یا ئەوەتا ئێوە دۆستی من نین. لەڕاستیشدا ئەم هەڵوێستەی ئەو پۆلەکەی بە سێ بەشەوە کردبوو: بەرەی خۆی، بەرەی (گ) و بەرەیەکی بێلایەنیش.

بەهەرحاڵ بەدرێژایی کات هەردوولا قسەیان بەیەکتر دەوت و هەردووکیان هەوڵیان دەدا بەرەکەی خۆیان بەهێز بکەن. تەرازووی هێزەکان هەردەم لەگۆڕاندابوون. هەموو رۆژێ هەندێک وازیان لەبەرەکەی خۆیان دەهێناو دەچوونە بەرەکەی ئەوبەرەوە.

بەردەوامبوونی ئەم کارە کاریگەری بەسەر بەرەی بێلایەنەکانیشدا هەبوو. بەشێوەیەکی دی ئەندامەکانی هەر سێ بەرەکە لەمبەرو ئەوبەردابوون. جاری واهەبوو (گ) بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەراوێز دەکرا یەک کەس نەبوو قسەی لەگەڵدا بکات.

ئەم حاڵەتە دواتر لەلایەن لیژنەی راگرتنی هەراسانکردنەوە تاوتوێ دەکرا. بەر لەوەش من بۆخۆم زیاتر لە هەشت جار باوکی کچەکانم بینیبوو، بەتایبەت باوکی (ئا) چونکە خەتاکان بەزۆری لای ئەوبوون. بەمەرجێ هیچ جۆرە یاساو رێسایەک نییە کە مامۆستا ئیجبار بکات هەشت جار لەگەڵ دایبابی ئەو منداڵانەدا کۆبێتەوە. لەکاتی گفتوگۆکاندا گەشتمە هەندێ وردەکاری تریش کە یارمەتیدەر بوون بۆ کارکردنی خۆم و بۆ لیژنەی راگرتنی هەراسانکردنیش.

ئەم خوێندکارە (ئا) تاقانە کچ بوو لەماڵەوە کە لەدوای ٤ براوە لەدایک ببوو. ئەم کارە وای کردبوو لەلایەن دایک و باوکیەوە نازێکی زۆری بدرێتێ و هەموو شتێکی بۆ دابین بکرێ و تەنانەت وەکو شازادەش مامەڵە بکرێ. خۆیان بەر لەچەند ساڵێک بەرەو ئەوروپا سەری خۆیان هەڵگرتبوو. برایەکی بچکۆلەی بەر لەماوەیەکی کەم مردبوو. ئەو خوێندکارە شایەدی هەندێ بەسەرهاتی شەڕو پێکدادانیش بوو کە بەشێوەیەک لەشێوەکان تووشی جۆرە تراومایەکی کردبوو.

دوای ئەم وردەکارییانە ئەوەم بۆ روون بووە وە کە (ئا) دەیویست من و هەموو ئەوانی تریش وەکو شازادە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ئەو دەیویست تەنها خۆی جێگەی سەرنج بێت و هەمیشە مامۆستاکان و هاوپۆلەکانی خۆشی سەرنجی بدەن. بۆ ئەو جێگەی خۆشحاڵی بوو ئێمە بایەخێکی زیاتری بدەین و قسە لەسەر هەموو شتەکانی ئەو بکەین چونکە لەماڵەوە وا مامەڵە دەکرا. لێرەدا زۆر بەروونی دەردەکەوێ کە ماڵەوە تا چ رادەیەک دەتوانن رۆڵیان لە چارەسەرکردن/ ئاڵۆزکردنی گرفتەکانی قوتابخانەدا هەبێت.

من لەگەڵ منداڵانی زۆر وردا کارم نەکردووە، بەڵام بەهۆی هەندێ کارەوە تێکەڵاویم لەگەڵیاندا هەبووە و ئەوەم بۆ روون بۆتەوە کە منداڵی ورد هەمیشە دەیەوێت هەموو سەرنجی مامۆستاکەی بەلای خۆیدا رابکێشێت. مامۆستایەکی باخچەی ساوایان یا



پۆلەکانی سەرەتای قوتابخانە بەتایبەت پۆلی یەکەم تا سێیەم دەبێ بەبەردەوامی بەخوێندکارەکانی بڵێ ئەمەت زۆر جوانە، نایابە، زۆر جوانت نووسیوە...هتد. ئەم کارەش هەندێک کاریگەری پۆزەتیڤانەو نێگەتیڤانەی خۆی بەسەر مامۆستا و منداڵەکانیشەوە بەجێ دێڵێ.

لێرەدا سووکە ئاماژەیەک بەتێڕوانینەکانی پیاژە دەدەم لەبارەی خۆویستی منداڵەوە. ئەو پێی وایە منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتادا دەیەوێ هەمیشە سەرجەمی تیشکەکان لەسەر ئەوبن و هەموو دەوروپشتەکانیش بایەخ بەخۆی بدەن. لەژیانی رۆژانەی هەموو ئەو خێزانانەی کە منداڵی وردیان هەیە ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی دەبینرێ. هەموو منداڵێک دەیەوێ هەموو یاری و بووکەشووشەکان بۆ خۆی بێت و منداڵەکانی دیکەی لێ بێ بەش بکات، دەیەوێ هەموو گەورەکان تەنها لەگەڵ ئەودا یاری بکەن، دەیەوێ بەجووڵانەوەکانی ئەو پێبکەنن و لەکاتی گریانیشیدا هەموویان باوەش بۆ ئەو بکەنەوە. ئەم حاڵەتە منداڵێکی دوو ساڵەش هەستی پێ دەکات و پیادەی دەکات. منداڵ هەر لەدوو ساڵییەوە تەنانەت زۆربەی جارەکانیش لەبری ئەوەی بڵێ «من» ناوی خۆی دەڵێ؛ بۆ نموونە لەبری ئەوەی بڵێ ئەمە هی منە دەڵێ ئەمە هی کاڤارە یا مەریوانە... هتد. ئەمەش نیشانەیەکی دیکەیەو پێداگرتنە لەسەر خۆویستی منداڵ.

ئەو خۆویستییەی ئەم خوێندکارەم (ئا) هەیبوو بابەتێکی دیکەی خۆویستییە کە جودایە لەوەی پیاژە باسی دەکات. بەشێوەیەکی دی دەتوانم ناوی خۆویستی دەستکردی لێ بنێم کە هۆکارە سەرەکییەکەی هەڵسوکەوتی ئەو دەوروپشتەیە کە ئەو خوێندکارەم تێیدا دەژیا. لەم حاڵەتەدا رەنگە تاقانەبوونی ئەم منداڵە هۆکارێکی گەورە بووبێ کە وای لەو دەوروپشتە کردبێ پاڵ بەو منداڵەوە بنێت بۆ ئەوەی خۆویستییەکی تێدا بڕوێنێ، بەڵام دەکرێ لە حاڵەتەکانی تردا هۆکاری تر لەئارادابن.

من ئەوەم بەباوکی (ئا) راگەیاند کە ئەو منداڵی خۆیەتی و دەتوانێ وەکو شازادە دایاناش بەخێوی بکات، بەڵام من ئەو کارە بەچاک نازانم. ئەوەی پەیوەندی بەخۆشمەوە هەبێ من ناتوانم ئەو کارەی لەگەڵدا بکەم چونکە ئەگەر وەکو شازادە

دایانا مامەڵەی لەگەڵدا بکەم دەبێ لەگەڵ هەموو کچەکانی دیکەشدا وابکەم و هەموو کوڕەکانیش وەکو ئەمیر چارلس تەماشا بکەم، چونکە بۆ مامۆستا زۆر گرینگە کە بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەموو خوێندکارەکانی خۆیدا بکات و وەکو یەک رێزیان بگرێت. دوای ئەوەش هەموویان تەمەنیان گەشتۆتە ١٢ساڵان و پێویستە بەشێوەیەکی واقیعیانەتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ چونکە ژیان بەشێوەیەکی سەختتر دەگوزەرێ و دەبێ ئەوانیش فێری ئەوەبن.

ئەم حاڵەتە (پەراوێزکردنی دوو خوێندکار بۆ یەکتری) دەکرێ تووشی هەموو مامۆستایەک بێت بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە چەندین رووداو ئەم کچەی وا لێ کردبوو بەو جۆرە لەژیان بڕوانێت و ئاواش مامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بکات و خەڵکی دیکەش هەراسان بکات و ئازاریان بدات. راستە ئەم خوێندکارەم رەوشتێکی باشی نەبوو گرفتی بۆ خەڵکی ترو پۆلەکەش دروست کردبوو بەڵام لە بنەڕەتدا خەتای خۆی تێدا نەبوو. ئەگەرچی من سەرجەمی گرفتەکەم دایە دەست لیژنەی بەربەستکردنی هەراسانکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ داهاتووی ئەو منداڵە نیگەرانم.

گەورەکانی ناو خێزان بەڕادەیەکی یەکجار گەورەتر لەقوتابخانە پەنا بۆ پەراوێزکردن دەبەن. لەکاتی ئاخاوتندا منداڵەکان باسی جۆرەها شێوەی پەراوێزکردنیان بۆ دەکردم بەبێ ئەوەی ناوی پەراوێزکردنی لێ بنێن. ئەوان باسی بێ تاقەتی و نیگەرانییەکانی خۆیان دەکردو منیش دەمڕوانییە ئەو کاریگەرییانەی ئەم شێوە هەراسانکردنە لەسەر ئاستی دوور بەجێی دەهێشت.

لە قوتابخانەشدا ئەو خوێندکارانەی لاساری زۆر دەکەن و کەسانی دیکە هەراسان دەکەن بەشێوەیەک لەشێوەکان لەگرووپ دوور دەخرێنەوە. بۆ نموونە ئەو خوێندکارە لاسارە بۆی نییە لە ئاهەنگەکانی قوتابخانە یا پۆلدا بەشداری بکات، یا بۆی نییە هاوبەشی لەهەندێ جموجۆڵی تردا بکات کە پێی خۆشە بەشدارییان تیادا بکات، چونکە دەبێتە هۆی شەڕنانەوە و ئاژاوە دروستکردن. درێژەدان بەم کارە واتە دوورخستنەوە و پەراوێزکردنی منداڵ بۆ چەندین جار بەهەراسانکردن دەژمێردرێت. دەکرێ مامۆستاش تاک و تەرا پەنا بۆ ئەم رێگاچارەیە ببات پاش ئەوەی



رێگاچارەکانی دیکە سوودیان نەبوو. بەڵام من خۆم بەڕێگا چارەیەکی ئەکتیڤی نابینم.

خوێندکارێکی کوڕی ١١ ساڵەم هەبوو بەناوی (ڤ) کە گرفتی زۆری بۆ دروستدەکرم بەتایبەت کە بۆ دەرەوەی قوتابخانە دەچووین. پاش چەند دەرچوونێک لەگەڵ پۆلەکەدا بۆ دەرەوەی قوتابخانە بەتەواوی بێ تاقەتی کردبووم. لەوانەی شیمیدا (کیمیا) گەشتبووینە وانەی " ئاو" و باسی ئەوەم دەکرد کە چۆن ئاوی دەریاکان پاک دەکرێنەوە و رەوانەی ماڵەکان دەکرێن. هەروەها باسی ئەوەشم دەکرد کە چۆن ئاوی ئاوەڕۆکان جارێکی تر پاک دەکرێنەوە و بەکار دەهێنرێن. لەوانەی کۆمەڵایەتیشدا باسمان لە ماسمێدیاو بڵاوکراوەکان دەکردو کاری ئەوەمان دەکرد کە خوێندکاران رۆژنامەیەک دەربکەن بۆ ئەوەی بزانن رۆژنامەکان چۆن دەردەچن. ئەمەش مانای وابوو دەبوو سێ جار بۆ دەرەوەی قوتابخانە بچین و سەردانی سێ دەزگا بکەین: بۆ دەزگای خاوێنکردنی ئاوی دەریاو دەزگای خاوێنکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان و دواتریش سەردانی یەکێک لە ڕۆژنامەکان.

بەر لەم بڕیارەم هەوڵێکی زۆرم دا کە سوکاری ئەو خوێندکارەم ببینم بەڵام ئەوان نەدەهاتن بۆ قوتابخانەو ئامادەی دانیشتنەکان نەدەبوون و منیش بەتەواوی بێ تاقەت ببووم.

لەدوایی ئەوجا لەڕێگەی کارمەندی کۆمەڵایەتی تایبەتی قوتابخانەوە ئەم زانیارییانەم پێ گەیشت: دایک و باوکی ئەم خوێندکارە لەیەک جیابوونەتەوە و بەپێی یاساش ئەرکی سەرپەرشتیکردنی منداڵەکان بەدایکیان سپێردرابوو. دایکیشیان نەخۆشییەکی درێژخایەنی گرتبوو. باوکیان بەهیچ شێوەیەک لە منداڵەکانی نەدەپرسینەوە. براگەورەکەی لەزینداندا بوو. برایەکی تریشی کە لەخۆی گەورەتر بوو خەریکی دزی بوو. بۆیە ئەو منداڵە تا شەوانێکی درەنگ لە دەرەوە بوو کە ئەمە شتێکی نائاسایی بوو.

بەشێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین (ڤ) کەسی نەبوو خەمی بخوا و کەمێک رێنمایی بکات. ئەویش ئەوەی دەکرد کە خۆی و هاوڕێ ١١ ساڵەکانی خۆی پێیان باش بوو. بۆیە من لەگەڵ ئەو پەروەردەناسانەدا هاوڕام کە دەڵێن منداڵی خراپ نییە بەڵکو

بارودۆخی خراپ هەیە. ئێڤا لارسۆن پێی وایە هەراسانکەر لەخۆڕا نابێتە هەراسانکەرو بۆ ئەوەش دروست نەکراوە ببێتە هەراسانکەر بەڵکو لەسایەی کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەبێتە هەراسانکەر .Larsson,2000.

بەهەرحاڵ بەناچاری من بڕیاری ئەوەم دا (ڤ) لە هەر سێ سەردانەکانمان بێ بەش بکەم. ئەگەر لە گۆشەنیگای پەروەردەیی و زانستیشەوە بڕوانمە بڕیارەکەی خۆم سوور دەزانم بڕیارێکی زۆر هەڵەیە، چونکە من زۆر بەئاشکرا ئەو منداڵەم پەراوێزم خست و لە وانەکانیش بێ بەشم کرد. بەڵام هەستیشم دەکرد ئەو منداڵە پێویستی بەجۆرە راتەکانێک هەیە.



## شێوازی شەشەم

### هەراسانکردنی سێکسی

رەنگە هەراسانکردنی سێکسی یەکێک لەو باسە حەرامکراوانە بێت کە زۆر کەس (بەتایبەت ئافرەتان) نەوێرن باسی بکەن. بەشێکی گەورەی ئەم هەراسانکردنانە لە رۆژهەڵاتدا خۆیان لە تەعیلقی بێ زەوقانەی پیاواندا دەبیننەوە. بەشێکی ئەم تەعلیقانە بەبەردەوامی دووبارە دەبنەوە و بەمەبەستی ئازاردانی ژنان دەهاوێژرێن. بەشێکی دیکەیان دەگاتە دەست دەهاوێشتن و دەستدرێژیکردنی سێکسی.

شاری بەغدا یەکێکە لەو شارانەی ئافرەتان تیایدا بەبەردەوامی هەراسان دەکران. بەتایبەت لەرۆژانی پێنجشەممەو هەینیدا رێژەی ژنان و کچان بەڕادەیەکی یەکجار کەم لەبازاڕدا دەردەکەوتن چونکە لەو دوو رۆژەدا سەربازەکان بۆیان هەبوو دابەزنە نێو شار. سەرباز خۆی لەنێو قاوغێکی نیوچە وەحشیدا شاردبۆوە و بەهەموو شێوەیەک بۆی هەبوو ئەوەی دەیویست بیکات. تەنانەت ئەو مرۆڤە باشانەش کە جلی سەربازییان لەبەر دەکرد خۆیان لەو قاوغەدا دەبینییەوە و کاری وایان دەکرد کە بەداکەندنی ئەو جلانە شەرمیان دەکرد کارێکی لەو بابەتە بکەن. ئەم جلانە کەسەکانی خستبووە نێوە گرێیەکی سۆسیۆ-سێکسی-دەروونییەوە. نموونەی ئەم حاڵەتانە لەرۆژئاوا لە شاری نیۆیۆرک هەن. بەسەدان پیاو رۆژانە تەعلیقی بێ زەوقانەی خۆیان ئاراستەی ژنان دەکەن. هەندێ پیاو بەدەر لەوەی باسی ران و مەمک و... هتد دەکەن دەس بەسەر قنگی ژنانیشدا دێنن. ژنان ئێستا دەستیان کردووە بەوێنەگرتنی ئەو پیاوانەو لە هەندێ سایتی ئینتەرنێتیدا بڵاوی دەکەنەوە.

بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەم حاڵەتە کاریگەری خۆی لەسەر نەوە نزیکەکان بەجێ دێڵێ. زۆرێک لە گەنجەکان ئارەزووی بێ تاقەتکردنی کچانیان پیادە دەکرد بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن لایەنی بەرامبەر تا چ رادەیەکی گەورە لەو کارەی ئەوان بێ تاقەتن.. لەنێو قوتابخانەکانیشدا ئەم حاڵەتە لەنێو گەورەکاندا هەیە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە بەردەوامبوونی وتنی هەر قسەیەکی سێکسی یا بەردەوامبوونی هاویشتنی هەر تەعلیقێک کە پەیوەندی بەئەندامە سێکسییەکانەوە هەبێت و

ڕەزامەندی بەرامبەرەکەی لەسەر نەبێت بەهەراسانکردن دەژمێردرێت. نموونەیەکی سادە ئەوەیە کاتێک گەورەکان بەتایبەت دایکەکان و مامۆستا ژنەکان بەجار دوای جار بەمنداڵەکان دەڵێن «قەحپەی».

من وای بۆ دەچم کە تا دێت ئەم حاڵەتە بەهۆی سێکسیکردنی کۆمەڵگاوە لەزیادبووندایە. بەشێوەیەکی روونتر سێکس باڵی بەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی ئێمەدا کێشاوە و ئەم دیاردەیەش وەک هەر دیاردەیەکی دیکە کاریگەری لەسەر ئەندامەکانی کۆمەڵگا بەجێ دێڵێت. بڕوانە ئەمڕۆ وێنەی سەر شەقامەکان، ناو هۆڵەکان، ناو ئۆتۆمبیلەکان، پاسەکان، دوکانەکان، وێنەی سەر دیوارەکان، فیلمەکانی سینەماو تەلەفزیۆن، کاسێتی ڤیدیۆو سیدیەکان، بەرگی دەفتەرو کتێبەکان، وێنەی سەر هەندێ پێنووس و پاکەت و قوتوو ناو مۆبایلەکان و... هتد هەر هەموو وێنەی سێکسین یا سێکس تیایاندا بەشێوەیەک لەشێوەکان ئامادەیە.

ئێمە وەکو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگا بەسێکس تەنراوەدا هەرگیز ناتوانین خۆمان بەبێ کاریگەری قورتار بکەین. بەتایبەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی یەکجار بەربڵاو بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کرایەوە بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەک بۆ وەرگرتن و رێکخستنی شتە تازەکان لەئارادا هەبێت. یەکێک لە شتە تازەکان بڵاوبوونەوەی سەتەلایت و کۆمپیوتەرو مۆبایل و فیلمە بەشێوەیەکی یەکجار بەربڵاو. دەرکەوتنی ئەم شتانە لەلایەکەوە خاڵێکی پۆزەتیڤە چونکە ئارەزووی سێکسی مرۆڤەکان تێر دەکات و هەموو کەسێک دەتوانێت شەوانە چەندین فیلمی لەم بابەتە لەماڵەکەی خۆیدا ببینێت کە جاران خەوی پێوە دەبینی. بەڵام کاریگەرییەکی نێگەتیڤی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا کۆمەڵگا بەسێکس دەتەنێ لەکاتێکدا مرۆڤەکان ناتوانن ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسایی تێر بکەن. دواجار بەسێکسیکردنی کۆمەڵگا کاریگەری خۆی لەسەر ئێمە بەجێ دێڵێ و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ بەرزبوونەوەی هەراسانکردن و دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر ئەوانی دیکە. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کاتێک گەورەکان هەندێ جار دەبنە هۆکارێک بۆ دەستدرێژیکردنی سێکسی سەر منداڵەکان. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کاتێ باوکان دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵەکانی خۆیان.



ئەم دیاردەیە کەم نییە و لە هەولێرەوە (میدیا، ٢٠٠٦) تا نیویۆرک و ستکهۆڵم بەنهێنی و بەئاشکراش روودەدەن. ئەم کارانە هەندێ جار لەنێو براو خوشکانی یەک خێزانیشدا دێنە ئاراوە.

لێرەدا دەمەوێ سەرنجی دایبابەکان بۆ خاڵێکی زۆر خەتەرناک رابکێشم ئەویش تێکەڵاوکردنی ژووری خەوتنی کچان و کوڕانە کە کاریگەری زۆر خراپ لەسەر ئەو منداڵانە بەجێ دێڵێ. لەبەر رۆشنایی بڵاوبوونەوەی سێکس و فیلم و سەتەلایت لەکۆمەڵگادا زۆر گرینگە ژووری خەوتنی منداڵان لەدوای قۆناغی سەرەتاییەوە جیابکرێنەوە و ئەگەر زووتریش بێت زۆر چاکترە. من پێم وایە خراپترین کاریگەری و ئازاری دەروونی کە مرۆڤێک بیچێژێ لە ئەنجامی ئەم جۆرە کارانەوە دێتە ئاراوە کە هەندێ جار بەخۆکوشتنی قوربانییەکان کۆتاییان دێت.

رەنگە ئەگەر حکوومەتێکی پێگەیشتوو عەقڵانیمان هەبوایە ئەم دیاردەیەی بەرەو ئاراستەیەکی باشتر ببردایە، بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەم بارودۆخەی ئێستادا هیچ دەزگایەک و هیچ حکوومەتێکی لەم دەڤەرەدا توانای ئەو کارەی نییە و هەموو شتەکان دراوەتە دەست قەدەر.

شتێکی بەڵگەنەویستە مۆبایل چەندە ئامێرێکی پێشکەوتووە لەبواری تۆڕی پەیوەندییەکاندا ئەوەندەش بۆتە مایەی هەراسانکردنی سێکسی بەتایبەت لە نێو خوێندکارو گەنجەکاندا. مێدیاکانی ئێمە بەبەردەوامی باس لەم گرفتە دەکەن کە چۆن کوڕان لەرێگەی کۆمپیوتەرەوە وێنەی کچەکانی هاوڕێیان یا هاوپۆلیان رووت دەکەنەوە و لە رێگەی مۆبایلەوە بڵاوی دەکەنەوە. رەنگە وێنەیەکی لەم بابەتە لەماوەی یەک رۆژدا لەنێوان چەندین قوتابخانەو زانکۆدا بڵاوببنەوە. ئەم دیاردەیە یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی هەراسانکردنی کچان بەتایبەت لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆدا.

## بەشی چوارەم

### سیماکانی هەراسانکردن

دیاردەی هەراسانکردن زیاتر لە سیمایەکی گشتی هەیەو ئەو سیمایانەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن. بەگشتی ئەو منداڵانەی تووشی هەراسانکردن دێن و لە بەرامبەریاندا توندوتیژی بەکار دەبرێ چەند سیمایەکیان بەئاشکرا پێوە دیارە. بۆیە ئەگەر منداڵەکەت بۆ ماوەیەکی زۆر یەکێک یا هەندێک لەم سیمایانەی پێوە دیاربوو ئەوە دەبێ بزانی ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لەلایەن کەسانی دیکەوە تووشی هەراسانکردن هاتبێ.

* سەرئێشەو سک ئێشەی بەردەوام.
* بێزاری و وەڕسی، دادو بێداد لەدەست نان خواردن و هەندێ شتی دیکە.
* بێزاربوون لە قوتابخانە.
* ناڕازیبوون بەوەی باسی کاروبارو رووداوەکانی قوتابخانە بکات.
* بێدەنگی و خۆخواردنەوە و خەفەتخواردن و ئاه هەڵکێشان.
* بێ هاوڕێیی و تەنیایی.
* گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بەکتێبی دڕاو، جلی دڕاو و پیسەوە.
* دەرکەوتنی پەڵەی شین و مۆر بەسەرو چاو و ئەندامەکانی تری لەشەوە.
* نەبردنی هاوڕێ بۆ ماڵەوە
* دزینی پارەو پول بۆ ئەوەی شت بۆ هەراسانکەرەکان بکڕێ بەمەبەستی ئەوەی لێی رازی بن
* دوودڵی بەردەوام و خەوتنی پچڕ پچڕو نائارام



بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو شتانەی سەرەوە پەیوەندییان بە شتی دیکەوە هەبێ. لەهەردوو حاڵەتەکەدا وەکو باوک و دایکێکی باش دەبێ ئەو سیمایانە بەهەند وەربگریت و ئەگەر درێژەشی کێشا دەبێ پەیوەندییەکی راستەوخۆ بەقوتابخانەو ژینگەکانی دیکەی منداڵەوە بکەیت.

بەڵام هەر کات یەکێکی گەورە منداڵ هەراسان بکات فاکتەرێکی تریشی دێتە سەر ئەویش پەرەسەندنی فشارە دەروونییەکانی منداڵە. بەواتایەکی دی منداڵ لەبەرامبەر توندوتیژی هاوڕێکانی خۆی و مامۆستادا دوو جۆر رەفتار نیشان دەدات. من پێم وایە خوێندکار لە بەرامبەر مامۆستاکەیدا یا منداڵ لەبەرامبەر گەورەیەکدا زیاتر شتەکان دەباتە دڵەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ رووبەڕووی گرفتێکی دەروونی ببێتەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەین کە زۆرینەی منداڵ بەتایبەتی لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا هەستێکی وایان هەیە کە ئەوان لەبەرامبەر هێزو پایەی گەورەکاندا هیچیان پێ ناکرێ و هەر هەنگاوێکی پێچەوانەش بنێن بەزیانی ئەوان تەواو دەبێت. ئەم حاڵەتە نەک هەستە بەڵکو لەلای زۆرێک لە خوێندکاران بۆتە قەناعەتێک. بۆیە منداڵ لە باشترین حاڵەتدا بەوە دڵی خۆی دەداتەوە کە بێ میهرەبانی یا توندوتیژی گەورەکان لەلای هاوپۆلەکانی خۆی باس بکات.

کاریگەری ئەم جۆرە هەراسانکردنە ئەوەیە کە فشارە دەروونییەکان پەرە دەستێنن. چارەسەرکردنی ئەم جۆرە گرفتانەش زۆر لەگرفتە فیزیکییەکان سەختترو درێژخایەنترن. یەکێک لەو هۆکارانەی وادەکات سەختتر بێت ئەوەیە ئێمە لەم بوارەدا پسپۆرمان ئەوەندە کەمە کە لە هیچەوە دیار نین. خاڵێکی تر ئەوەیە بۆ ئەوەی هەر پزیشکێکی دەروونناس یا راوێژکارێکی کۆمەڵایەتی بتوانێ دەردی خوێندکارێک یا هەر کەسێکی دی تیمار بکات دەبێ ئەو کەسە بڕوایەکی زۆر بەتینی بەو پزیشکە یا راوێژکارە هەبێت. زۆر ئەستەمە ئەم بڕوایە لەکۆمەڵگای کوردیدا لەنێوان تاکەکەسەکان و پزیشک یا راوێژکارەکاندا دروست بکەیت. ئەگەر هەر یەکێک لەئێمە گرفتێکی دەروونی هەبێ و پێویست بکات بۆ دەروونناسەکەی خۆی باس بکات، دە جار بیر لەوە دەکاتەوە باسی بکات یا نا چونکە هیچ گەرەنتییەک نییە کە لایەنی بەرامبەر رازو نهێنییەکانی ئێمە لەلای دۆستەکانی خۆی باس ناکات و لەوانیشەوە

نایەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو دواتر کۆمەڵێ گرفتی سەختتر دروست ناکات. بەتایبەت ئەگەر گرفتەکان پەیوەندییان بەسێکس و خێزان و کۆمەڵێ شتی تابوکراوی ترەوە هەبێ.

لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا ئەم رازنەدرکاندنە لە چوارچێوەی یاسای پاراستنی رازەکاندا چارەسەر کراوە. ئەم چارەسەرە بۆتە هۆی ئەوەی هەموو کەسێک لەوە دڵنیابێت کە گرفت یا نهێنی و رازەکانی لە چوارچێوەی ئەو ژوورەی باسی دەکات ناچنە دەرەوە.

دەگەڕێمەوە سەر منداڵان و پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە بوونی هاوڕێ بۆ منداڵان کارێکی یەکجار مەزنە و لەکاتی هەر گرفتێکدا یارمەتییەکی زۆری یەکتری دەدەن بۆ سووککردنەوە یا لەبیرچوونەوەی زۆر گرفت. بەڵام شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە خودی منداڵان ناتوانن چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن. لەبەر ئەوە هەر منداڵەو بەرێگەیەک چارەسەری گرفتەکانی خۆی دەکات کە رێگایەکی تەندروست نین. بۆیە هەندێ منداڵ بەخۆکوشتن چارەسەری گرفتەکانی خۆیان دەکەن. ژمارەی ئەم حاڵەتانەش لەناو قوتابخانەکانی کوردستاندا کەم نین.

لایەنێکی تر کە ئەوەندەی تر گرفتی منداڵان ئاڵۆزتر دەکات خودی دایبابەکانە کە بەشێوەیەکی باش لەگرفتی منداڵەکانیان ناکۆڵنەوە و بەدوایدا ناچن. ئەم ناوشیارییەش ئەگەر بەشێکی بکەوێتە سەر شانی دایبابەکان ئەوە بەشەکەی تری دەکەوێتە سەر شانی قوتابخانەو دەزگاکانی تری دەوڵەت. دەبێ سیستەمی پەروەردەیی لە پلانەکانی خۆیدا ئەوە روون بکاتەوە کە بەشێک (ئەو بەشەی پەیوەندی بەکاری قوتابخانەوە هەیە) لەئەرکی وشیارکردنەوەی ئەو دایبابانە دەکەوێتە ئەستۆی قوتابخانەکان. لەهەمان کاتیشدا دەبێ میکانیزمی ئەو هاوکارییە دەسنیشان بکات. سەرجەمی تاقیکردنەوەکان وای دەردەخەن کە هاوکاری دایبابەکان یارمەتییەکی زۆری مامۆستایان دەدەن و گرفتەکانی ناو قوتابخانەش زۆر کەم دەکەنەوە.

خاڵێکی دیکە کە لێرەدا پێویست دەکات لەسەری راوەستم ئەوەیە کە دایبابەکان زۆر بەدەگمەن نەبێت قەد داواکارییان لە قوتابخانە نییە. لەلایەکی تریشەوە قوتابخانە هەرگیز بەبەردەوامی هەواڵی منداڵەکان نانێرێتە ماڵەوە. بەشێوەیەکی دی



نەماڵەوە ئاگای لە قوتابخانە هەیەو نەقوتابخانەش ئاگای لە ماڵەوە هەیە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە دەبێ سیستەمێک لە هاوکاری و بەدواداچوون بهێنرێتە ئاراوە کە من هەرگیز بەسەختی نابینم.

دەرکەوتنی سیماکانی توندوتیژی لەسەر منداڵەکەت بەواتای ئەوەیە تۆ بەئیجباری دەبێ دوای منداڵەکەت بکەوی. دەبێ لەناو گەڕەک، قوتابخانە، لەرێگەی هاوڕێ و هاوپۆلەکانییەوە... هتد سۆراخی هۆکارەکانی ئەو سیمایانە بکەیت.

# بەشی پێنجەم

## جۆرەکانی ئازاردان

ئازاردانی منداڵ کەم تا زۆر لە هەموو کۆمەڵگاکان هەیە. لەسەر ئاستی چینە جیاوازەکانیش چینی کرێکار ٤ ئەوەندەی چینی ناوەڕاست سزای جەستەیی بەکار دەهێنێ، بەڵام چینی ناوەڕاست ٥ ئەوەندەی چینی کرێکار سزای دەروونی بەکار دەهێنێ. توێژینەوەیەکی ئەمریکایی لەگرفتی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی بەیەکەوە کۆڵیوەتەوە و گەشتۆتە ئەو سەرئەنجامەی لەنێو چینی کرێکاراندا ئازاردانی جەستەیی زۆر لەئازاردانی دەروونی بەربڵاوترە بەرێژەی ٣٦٪ بەرامبەر ١٣,٪ .

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە ئەو کەسانەی لە منداڵی خۆیاندا ئازار دراون ٥٧٪ لەوانی دیکە زیاتر ئازاری منداڵ دەدەن. لە روانگەیەکی دیکەوە ئازاردانی منداڵ لەنێو ئەو خێزانانەدا کە ژن و مێردەکان لەیەکیان دەدا بەبەراورد لەگەڵ خێزانەکانی تردا بەرێژەی ١٢٩٪ زیاتر بووە. Fahrman,1993,p.67

مۆنیکا فارمان هەوڵ دەدات جیاوازی لەنێوان چوار جۆر ئازارداندا بکات کە لە ئەنجامی هەراسانکردن و ئازاردانی دیکەی منداڵانەوە قەرار دەگرن (Far-man,1993,p.58) لەکۆمەڵگای ئێمەدا زیاتر چاومان لە ئازارە جەستەییەکان بڕیوە و نەک ئازارە دەروونییەکان کە کاریگەری زۆر گەورەتر لەسەر منداڵ بەجێ دێڵن.

## ئازاردانی جەستەیی ئەکتیڤ

لێدانی لە رێگەی کۆنتاکتی فیزیکییەوە کە لە ئەنجامدا ئەندامەکانی لەش دەشکێنرێت یا پەڵەی مۆر بەسەروسیماوە دەردەکەوێ یا خوێن دەرژێ.



## ئازاردانی جەستەیی پەسیڤ

مەبەست لەخزمەت نەکردنی منداڵە بەشێوەیەکی پێویست. هەندێک دایباب منداڵەکانیان پاک راناگرن یا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەدەرپێی گواوییەوە منداڵەکەیان بەجێ دێڵن، یا لە بارودۆخێکی تایبەتدا منداڵەکەیان ئازار دەچێژێ و ئەوانیش هیچ جۆرە یارمەتییەکی نادەن.

ئاماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە گەورەترین هۆکاری مردنی منداڵانی نێوان ٦ تا ١٢ مانگان بەکارهێنانی ئازاردانی جەستەییە. ٦٢,٤٪ ی ئەو منداڵانەی لە شانشینە یەکگرتووەکان ئازار دەدرێن تەمەنیان لە خوار پێنج ساڵانەوەیە. ٣٧,٦٪ ی ئەو منداڵانەی تریش کە ئازار دەدرێن تەمەنیان لە ٦ تا ١٦ ساڵانە.

## ئازاردانی دەروونی ئەکتیڤ

مەبەست لە ئازاردانی دەروونی ئەکتیڤ رەتکردنەوەی هەستگەرایی راستەوخۆی منداڵە یا بەشێوەیەکی دی ئەو ئازاردانە ساتە وەختێک دێتە ئاراوە کاتێ یەکێک پڕبەدڵ لە ناخەوە منداڵەکەی خۆی یا هەر منداڵێکی دی رەت دەکاتەوە. دەکرێ ئەم رەتکردنەوەیە شێوازی جۆراوجۆر بەخۆیەوە بگرێت و زۆرجاریش دەرک پێکردنی لەلایەن ئەوانی دیکەوە زۆر ئاسان نەبێت. دایک هەمیشە یاری لەگەڵ منداڵەکەی خویدا دەکات بەڵام هەندێ جار بەدڵ ئەو یارییە ناکات. هۆکارەکانی ئەم رەوشتە زۆرن بەڵام دەکرێ پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەبێت کە ئەو منداڵەی تێدا لەدایک بووە. بۆ نموونە ئەگەر ئەو منداڵە بەئارەزووی دایبابەکە لەدایک نەبووبێت یا پلانی بۆ دانەڕێژرابێت و لەئەنجامی هاتنەکایەوەی ئەم منداڵەوە خێزانەکە تووشی گرفت بووبێت دوور نییە تێڕوانینی دایبابەکە لەم حاڵەتەدا زۆر نێگەتیڤانە بێت و هەموو خراپەکان لەنێوچاوانی ئەو منداڵە بزانن. زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت «ناوچەوانت خێری پێوە نەبوو» یا پا و قدوومت خێری پێوە نەبوو». ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کاتێک دایباب مامەڵە لەگەڵ ئەم منداڵەدا دەکەن بەهەست و سۆزەوە ئەم مامەڵەیە ناکەن. بۆیە زۆر ئاستەمە ئەم منداڵە لە پەراوێزی پیادەکردنی ئەم ئازاردانە

دەروونییە ئەکتیڤەدا بتوانێت بەگەشبینییەوە بڕوانێتە ژیان و بڕوای تەواوی بەکەسایەتی خۆی هەبێت. ئەم بڕوا نەبوونە دواتر کاریگەری هەرە گەورەی بەسەر پرۆسەی فێربوون و بیرکردنەوەدا هەیەو منداڵ دەخاتە گۆشەیەکی تەسکەوە کە دەکرێ مرۆڤ لەچەند رەهەندێکی جیاوازەوە تەماشای بکات. بەچاوگێڕانێکی خێرا بەپۆلەکاندا دەتوانین چەندین منداڵی لەم بابەتە دەسنیشان بکەین.

## ئازاردانی دەروونی پەسیڤ

بەمەبەستەوە بێت یا بەبێ مەبەست هەندێ جار دایبابەکان منداڵەکانی خۆیان پشتگوێ دەخەن. ئەم پشتگوێ خستنە دەکرێ شێوەی جۆراوجۆری هەبێت؛ بۆ نموونە کاتێک منداڵ لە شوێنێکی نەشیاودا یاری دەکات کە مەترسی بۆ سەر ژیانی هەیە، دایباب لەوە ئاگاداری ناکەنەوە و لەوانەشە پێی بڵێن «چی دەکەی یا نایکەی بەجەهەنەم». هەروەها بێبەشکردنی منداڵ لە پێداویستەکانی خۆی (ژیانێکی پوخت، خۆشەویستی، رووخۆشی، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، نزیکبوون لەدایبابەوە، کڕینی یاری... هتد) دەچێتە ژێر ئەم خانەیەوە.

بەشێوەیەکی دی منداڵ نابێتە جێگەی بایەخپێدانی دایباب، پەیمانی پێ دەدرێ کە شتێکی بۆ بکرێ یا بۆ بکڕێت بەڵام پەیمانشکێنی لەئاستدا دەکرێ. ئالیس میللەر پێی وایە گرفتە گەورەکە لەو پەیمانشکێنیەدا نییە کە دەبێتە هۆی ئازاردانی دەروونی منداڵ بەڵکو لەوەدایە کە ئێمە رێگەی ئەوەیان لێ دەگرین کە ئازار و خەمەکانی خۆیان دەربڕن ((Fahrman,1993, p.63.

# دەروازەی دووەم

## کارەکتەرەکان

«ئەگەر منداڵ هەست بەسەقامگیری دەروونی و
کۆمەڵایەتی نەکات دواترجۆرە هەستێکی لەلا
دروست دەبێت کە توندوتیژی بەرهەم دێنێت»
Max Frisk

# بەشی یەکەم

## قوربانی (هەراسانکراو)

زۆر لە کارشناسان و پسپۆرانی ئەم بوارە (Olweus,1999) قوربانییەکانی هەراسانکردن (هەراسانکراوەکان) دەکەن بە سێ جۆرەوە، بەڵام هەندێکیان باس لە جۆری چوارەمیش دەکەن (Eriksson&,2002).

١- هەراسانکراوی پەسیڤ Passive Victims

جۆری یەکەمی قوربانییەکان بریتییە لە هەراسانکراوی (قوربانی) پەسیڤ. تایبەتمەندێتی هەراسانکراوی پەسیڤ ئەوەیە کە کەسێکی زۆر نیگەران و بێدەسەڵاتەو ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا شەڕ نانێتەوە و ئۆینباز نییە و کەسیش هار ناکاتە گیانی خۆی. بەهەمان شێوە ئەم جۆرە هەراسانکراوانە کەسانێکی جەستە لاوازو کەم بڕواو لە بواری کۆمەڵایەتیشدا بێ هاوڕێ و کەم پەیوەندین. هەراسانکراوی پەسیڤ بەشێوەیەکی گشتی هەست بەتەنیایی دەکات و پێی وایە لە قوتابخانەدا هیچ دۆست و هاوڕێیەک و خەمخۆرێکی نییە. ئەم جۆرە کەسانە بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بەدەوروپشتەکەیان بەدگومانن، چونکە دوورەپەرێزی ئەوان لە دەوروپشتەکەیان دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو جۆرە هەستە. وەنەبێ ئەم کەسانە حەز بەهیچ جۆرە پەیوەندییەک نەکەن، بەپێچەوانە هەندێ جار پێیان خۆشە لەگەڵ زۆرترین کەسانێکدا پەیوەندییان هەبێت بۆ ئەوەی هیچ نەبێت خۆیان وەکو کەسێکی ئاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام گرفتی ئەمانە لەوەدایە کە نازانن چۆن دەست بەو کارە بکەن. لەهەمان کاتدا ئەو ترسەشیان هەیە ئەگەر روو لەیەکێک بنێن ئەو کەسە چۆن وەڵامی داخوازییەکەیان دەداتەوە. بەبۆچوونی من جۆرێک لە شەرم، نارونی، ڕاڕایی، دوورەپەرێزی و بەدگومانی بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەی ئەو منداڵانە.



لێرەدا حەز دەکەم سەرنجتان بەلای بیرکردنەوەیەکی تری منداڵاندا رابکێشم ئەوەیش ئاستی راپەڕاندنی بڕیارەکانی خودی منداڵانە. کاتێ گەورەیەک بڕیاری ئەوە وەردەگرێت کە لەگەڵ یەکێکی تردا بکەوێتە قسەکردن ئیدی هۆکارە زاتییەکان خەسڵەتی نێگەتیڤانە وەرناگرن و ناشبنە رێگر لەبەردەم بەرقەرارکردنی ئەو پەیوەندییانەدا لەبەر ئەوەی راپەڕاندنی ئەو بڕیارە بەلایانەوە هێندە سەخت نییە، بەڵام ئەگەر هەمان تێڕوانینمان لەبارەی راپەڕاندنی هەمان بڕیاری منداڵانیشەوە (بەتایبەت هەراسانکراوەکان) هەبێت ئەوە بەهەڵەدا چووین. لێرەدا تەنها دەچمە سەر ئاستی منداڵە هەراسانکراوەکان، کە پانتاییەکی گەورە لەنێوان وەرگرتنی بڕیارەکان و راپەڕاندنی ئەو بڕیارانەدا هەیە. لەلایەک وەرگرتنی ئەو بڕیارانە بەپرۆسەیەکی نائاساییدا دەڕوا چونکە هۆکارە زاتییەکان لەلایەکەوە هێشتا خەسڵەتە نێگەتیڤەکانی خۆیان لەدەست نەداوە و لەلایەکی دیکەشەوە زۆرجار تێکەڵ بەڕاڕایی و نیگەرانییەکی زۆر دەبن. سەرباری ئەمەش ئەم جۆرە منداڵانە دەبێ بیر لەوەش بکەنەوە کە چۆن بڕیارەکانیان پیادە بکەن.

زۆرجار منداڵی هەراسانکراو قورسایی بەدی دەکات لەوەی چۆن لەگەڵ منداڵێکی دیکەدا دەست بەهاوڕێتی یا قسەکردن بکات. هەندێ جاریش لەبەر زۆر هۆکار جورئەتی ئەوەی نییە سڵاو لەویتر بکات. بۆ نموونە زۆرجار تەماویبوونی بارودۆخ، شەرم، گرفتەکانی ناو ماڵ، نیگەرانی، ترس و ڕاڕایی بەرامبەر بەداهاتوو، کاردانەوەی منداڵی بەرامبەر، کاریگەری هەراسانکردنی دایباب و قوتابخانەکان... هتد مێشکی کەسی هەراسانکراو دەتەنێ. دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت کە منداڵ بەشێوەیەکی گشتی زۆر خراپ گرفتە جۆراوجۆرەکان بەپێی فریکڤێنسێک کە خۆی بە تەواوی دەزانێت تێکەڵ دەکات. لێرەدا جێگای ئەو باسە نییە بەڵام تەنها بۆ نموونە دەڵێم منداڵ نەخۆشی دایکی دەکاتە گرفت بۆ خۆی بەڵام نەک لەبەر ئەوەی بێ ناز دەکەوێ بەڵام زۆرجار لەبەر ئەوەی وا هەست دەکات کە ئەو بۆتە هۆکاری ئەو نەخۆشییە. ئەمەش هەروەها بەئاسانی تێپەڕ نابێت بەڵکو هەندێ جار ئەم گرفتە دەبێتە هۆی خۆکوژی منداڵ. من هیوادارم لە کتێبێکی تردا بگەڕێمەوە سەر ئەم فاکتەرە.

دەگـەڕێمـەوە سـەر قـورسـایی پیـادەکـردنی بڕیاری ئاخـاوتن لەلای منداڵە هەراسانکراوەکان و دەڵێم یارمەتیدانی ئەو منداڵانە، جا خوێندکاری ئێمە بن یا منداڵی خۆمان بن کاریکی گرینگەو هەراسانکراو لە ناخەوە زۆر بەرز دەینرخێنێ. بەڵام دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم منداڵە هەراسانکراوەکان ناتوانن بەزمان گوزارش لەو رۆڵە باشەی ئێمە بکەن، بەڵکو دەبێ خۆمان بەشێوەیەکی دی لە هەڵسوکەوتیان، لە نیگاکان، لەریاکسونیان بەرامبەر بەرووداوەکان و... هتد بەدی بکەین.

لەم بوارەدا گەورەکانی ناو قوتابخانەو بەتایبەت مامۆستاکان دەتوانن رۆڵێکی بەرچاو لە هاومۆنیزەکردنی ئەو بارودۆخەدا ببینن. بەڵام ئەم گرفتە پێویستی بەوە هەیە مامۆستاکان بەشێوەیەکی نیوچە بەردەوام رەچاوی خوێندکارە هەراسانکراوەکان بکەن و هەڵسوکەوتەکانیان بخەنە ژێر چاودێرییەوە. ئەم کارەش پێویستی بەیارمەتیدانی قوتابخانەکان هەیە، دروستکردنی بینای تازە یا بەشێوەیەکی دی بچووککردنەوەی پۆلەکان و زیادکردنی ژمارەی مامۆستایان و کۆمەڵێ شتی دیکە کە من لە دەروازەی پێنجەمدا باسیان دەکەم.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان (Eriksson&, 2002.P.75) هەراسانکراو هەموو یا بەشێک لە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە.

* لەوانەیە هەندێکیان وەکو جەستە لە منداڵەکانی دی لاوازتربن.
* لەوانەیە هەندێکیان جەستە پارێزبن، واتە لەوە دەترسن نەوەکو شوێنێکیان بشکێت یا ئازارێکیان پێ بگات. لەوانەیە لەکاتی یاریکردن و سپۆرت و شەڕدا دەست پاچە بن (بەتایبەت کوڕان).
* زۆر حەزەر، حەساس، بێدەنگن و زووش دەست بەگریان دەکەن.
* دوورەپەرێز، ڕاڕا، دڵشکاو یا رووگرژن، خۆیان بەخراپ دەزانن، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان بێ ئەرزشن، بێ ئومێدن، ناسەرکەوتوون، ئەگەر کەسانی دیکەش پەلاماریان بدەن یا سووکایەتییان پێ بکەن ئەوان دەست ناکەنەوە. بەشێوەیەگی دیکە خۆیان وەکو نێچیرێکی چەور دەخەنە بەرچاو ئەوانی دی.
* لەناو هاوڕێکانیاندا زۆر بەئەستەم دەتوانن خۆیان دەرخەن؛ چ وەکو جەستەو چ



وەکو ئاخافتن و چ وەکو شێوەی دیکەش. ئەوانە نە شەڕانی و نە ئۆپنبازن و نەمنداڵی دیکەش هەراسان دەکەن.
* زۆرجار ئاسانترە بۆیان لەگەڵ گەورەکاندا بکەونە قسەو گفتوگۆ تا لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا.

### ۲- هەراسانکراوی ئۆپنباز Provocative Victims

بریتین لەو قوربانیانەی (هەراسانکراوانەی) کە خۆیان دەبنە هۆی بزواندنی هەراسانکردن، بەڵام لەکاتی هەراسانکردنیاندا ناتوانن تەنانەت بەرگری لەخۆیشیان بکەن. هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گرووپە ئەمانەن:
(Eriksson &, 2002, p. 74,76)

* ئەم قوربانییانە کورد گوتەنی ئۆپنبازن یا شەڕ بۆ خۆیان دەنێنەوە و لە ئەنجامیشدا ئەوانی دیکە لێیان دەدەن و هەراسانیان دەکەن.
* بزێو، هاروهاچ، بێ سرەوت، هەندێکیان دەم بەجنێو، بەرامبەرەکەیان بێزار دەکەن و دنەیان دەدەن، درۆ دەکەن، زیادەرۆیی دەکەن... هتد.
* هەرکات لەلایەن ئەوانی دیکەوە لێبدرێن یا سووکایەتییان پێ بکرێت ناتوانن دەست بکەنەوە و شەڕەکان بە زیانی خۆیان تەواو دەبن.
* زۆرجار گەورەکانیش حەزیان لێ ناکەن
* لەوانەیە خۆشیان منداڵە لاوازەکانی دیکە هەراسان بکەن.

### ۳- هەراسانکراوی ئارەزوومەند Colluding Victims

جۆری سێیەم بریتین لەو قوربانییانەی بەشێوەیەک لەشێوەکان ئارەزوومەندانە خۆیان دەکەنە قوربانی. ئەم گرووپە بەئارەزووی خۆیان خۆیان دەکەنە قوربانی تەنیا لەپێناوی ئەوەی لەلایەن ئەوانی دیکەوە قبوڵ بکرێن. لەهەندێک کۆڕو کۆبوونەوەی منداڵاندا جاری وا هەیە منداڵیکی دیاریکراو پەراوێز خراوە و بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە لەیارییەکانی ئەو منداڵانەدا بەشداری بکات. ئەو منداڵە ئامادەیە هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی دڵی ئەوانی دیکە رازی بکات و بۆی هەبێت بچێتە ناو ئەو گرووپەوە. بۆ نموونە لەوانەیە شتێک بڵێت بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە پێی پێبکەنن، یا خۆی دەکاتە کەر بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە سواری پشتی بن، یا بەجلە پاکەکانی خۆی شتە

پیسەکانی ئەوان پاک دەکاتەوە تەنها لەپێناوی ئەوەی فیزای چوونە ژوورەوەی گرووپەکە وەربگرێت. زوربەی جارەکان ئەم رەفتارانە دەبنە هۆی هەراسانکردنی ئەو منداڵە.

## ٤- قوربانی هەراسانکەر Victims/Bully

لەپاڵ ئەمانەشدا هەندێ نووسەری وەکو بیچتێبیرو ڤێرتۆمن (Bijttebier & Ver-tommen,1998)، دان ئولڤیۆس (Olweus,1978)، پیکاس (Pikas,1989) ئاماژە بەگرووپی چوارەمیش دەکەن کە بریتین لەو منداڵانەی هەم قوربانی و هەم دەست وەشێنن یا لە هەمان کاتدا هەم هەراسانکەرن و هەم هەراسانکراویشن. ئەوەی ئەم جۆرە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا ئەمان دوو رۆڵ دەبینن، لەلایەک ئازاری خەڵک دەدەن و لەزەت لەو ئازاردانە دەبینن، لەلایەکی دیکەشەوە ئازار بەدەستی ئەوانی دیکەوە دەچێژن.

هەندێ خوێندکاری ئاسایی هەن کە ناکرێ ئێمە بەهەراسانکراوەیان بژمێرین بەڵام مەترسی ئەوەیان لێ دەکرێ لەژێر بارودۆخێکی تایبەتدا بخزێنە ئەو خانەیەوە، بۆیە یارمەتیدانی مامۆستا لەم کاتەدا دەبێتە دیارییەکی بەنرخ.

نموونەیەک کە دەکرێ هەموومان لەسەری رێک بکەوین ئەوەیە لەکاتی ماڵ بارکردندا منداڵ خۆی لەناو گەڕەکێک و قوتابخانەیەکی نوێدا دەبینێتەوە کە بەتەواوی نامۆیە بۆ ئەو. لەم کاتانەدا تەواوی منداڵان بەشێوەیەکی گشتی شەرمن دەبن و ناوێرن هەنگاوی یەکەم بنێن و بچنە ناو ئەو بازنە تازەیەوە. بەهەمان شێوە کاتێ منداڵێک دەست بەکۆرسێکی فێربوونی زمان، مۆسیقا، کۆمپیوتەر... هتد دەکات، هەمان حاڵەتی کەم بوێری دێنە ئاراوە .

شکاندنی سنوورەکانی ئەو گرووپە تازەیە بۆ منداڵ زۆر سەختە. لەبنەڕەتیشدا هەر کاتێک منداڵێکت بینی بەتەنیا دەسووڕێتەوە، بەتەنیا نان دەخوا، بەتەنیا لەگەڵ خۆیدا یاری دەکات، بەتەنیا وەرزش و کارەکانی دیکە دەکات ئەوە نیشانەیەکی ناتەندروستەو دەبێ گەورەکان بکەونە خۆ بۆ کۆتایی هێنان بەو حاڵەتە ناتەندروستە چونکە ئەم بارودۆخە وەکو زەوییەکی بەپیت وایە بۆ هەراسانکردن و رێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەم جۆرە منداڵانە لەلایەن منداڵانی دیکەوە هەراسان بکرێن.



# بەشی دووەم

## هەراسانکەر

هەراسانکەر بەپێچەوانەی هەراسانکراوەوە هەست بەئازارەکانی بەرامبەر ناکات و مەبەستیەتی ئەو ئازارانەش نەبینێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ جار هەراسەنکەر قوربانییەکانی خۆی زۆر بێ ئەرزش و بێ بایەخ و ناشیرین دەکات. لەلایەکی دیکەوە خۆی زۆر بەگرینگ و ئازاو زیرەک و بەتواناتر (جەستەیی و عەقڵی) دێتە بەرچاو. دروستکردنی ئەو جیاوازییە زۆر گرینگە بۆ ئەوەی بتوانێت لەناخی خۆیدا رێگە بۆ هەراسانکرن و ئازاردانی ئەوی دی خۆش بکات. زۆرجار هێزو بازووی جەستەیی هەراسانکەر رۆڵی گەورە لە پرۆسەکەدا دەگێڕێت بەتایبەت کاتێ هەراسانکەر کەسێکی گەورە بێت. هەندێ جاریش هەراسانکەر بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتەکانی خۆی، یا خۆدەرخستن لەناو کۆمەڵگا یا گرووپەکەی خۆیدا دەست بەهەراسانکردنی ئەوانی دیکە دەکات. ئەو جارانەی هەراسانکەرەکان بەشێوەیەکی گرووپ کەسانی دیکە ئازار دەدەن لەکۆمەڵێ ریتم و نەریتی تایبەتیش بەرخوردار دەبن. ئەم نەریت و ریتمانە زۆرجار لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەڕوونی بەدی دەکرێن. بەشێوەیەکی گشتی کەسی هەراسانکەر بەشێک یا سەرجەمی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە (Eriksson,2002.P.43)

* زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانیدا توندوتیژی بەکار دەهێنێ.
* زۆرجاریش لەگەڵ گەورەکاندا (دایباب و مامۆستا) بەهەمان شێوە توندوتیژی بەکار دەهێنێ.
* بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینێکی پۆزەتیڤانەی بۆ توندوتیژی و ئامرازەکانی توندوتیژی هەیە.
* زۆرجار حەزو ئارەزوویەکی گەورەی هەیە کە خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ.

* هیچ جۆرە هاودەردی و هاوخەمییەکی لەگەڵ قوربانییەکاندا نییە و ئەگەر هەشبێت ئەوە زۆر کەمە.

بەشێوەیەکی گشتی خۆی بەزۆر باش و پۆزەتیڤ لەقەڵەم دەدات یا با بڵێین وێنەیەکی پۆزەتیڤی لەبارەی * خۆیەوە وێنا کردووە.

* زۆرجار وەکو لەش لە هاوڕێکانی بەهێزترە، بەتایبەت لە قوربانییەکان.
* بەشێوەیەک لەشێوەکان خێزانی هەراسانکەران بەچەندین گرفتەوە دەناڵێنن.

زۆرجار هەراسانکەر پێویستی بەوە هەیە تۆڕێکی پتەو لەمنداڵان بەدەوری خۆیدا دروست بکات یا کۆبکاتەوە. دروستکردنی ئەم تۆڕەش بۆ زۆرێک لە هەراسانکەران کارێکی هێندە سەخت نییە. ئەو منداڵانەی ئەم تۆڕە پێکدێنن زۆرجار وەکو دیوارێکی پۆڵایین هەم بۆ پارێزگاری لە کەسی هەراسانکەرو هەم بۆ پیادەکردنی حەزەکانی ئەویش کار دەکەن. واتە ناهێڵن کەسی دیکە لە هەراسانکەر بدات و خۆشیان لە بری ئەو و وەکو ئەو هەندێ جار منداڵانی دیکە هەراسان دەکەن.

لێرەدا با بەیەکەوە کەمێک لەسەر روحی سادییانەی گەورەکان رابوەستین و بزانین چ جۆرە هەست و خواستێکیان هەیەو چ جۆرە هەراسانکەرێکن و بۆ منداڵان هەراسان دەکەن.

زۆرێک لەو گەورانەی کە منداڵان هەراسان دەکەن و لە رۆژنامە کوردییەکاندا دیداریان لەگەڵدا سازدەکرێت (من لە شوێنی جیاجیادا دەگەڕێمەوە سەریان) ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان «لەبەر خاتری خودی منداڵەکان لێیان دەدەن» یان «یا لەبەر ئەوەی بخوێنن و دوانەکەون». ئەو روحە سادیستەی کە زۆر جار بەئاشکرا قوربانییەکەی ئازار دەدات، لێرەدا دەمامکێک دەبەستێ و دەیەوێ لە بەرگێکی تازەدا هەمان پرۆسە ئەنجام بدات کە ئەوانی دیکە ئەنجامی دەدەن. لەبەر ئەوەی ئەم روحە سادیستە لەشوێن و کاتێکی تازەدا کار دەکات بۆیە دەیەوێت بەشێوەیەکی تازە ئازاری قوربانییەکەی (کە منداڵە) بدات.

نووسەرانێکی یەکجار زۆر تیشکیان خستۆتە سەر سادیستەکان و بەشی هەرە زۆریشیان لە تێڕوانینەکانی فرۆیدەوە دەستیان پێ کردووە. ئەریک فرۆم جیاوازی لە نێوان سێ جۆر سادیزمدا دەکات:



یەکەم: سادیست هەوڵی ئەوە دەدات کەسانی دیکە بەهەموو شێوەیەک پابەندی ئەو بن و رەهاترین دەسەڵاتیشیان بەسەردا پیادە بکات. بەشێوەیەکی دی دەیەوێت ئەوانی دیکە بکاتە داردەستی خۆی.

دووەم: سادیست تەنها هەوڵی ئەوە نادات کە بەو شێوە رەهایە بەسەریاندا زاڵ بێت، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدات ئەو کەسانە بڕووتێنێتەوە، بچەوسێنێتەوە و روحیشیان دەربێنێت. بەهەمان شێوە هەوڵی ئەوەش دەدات ئەوەی لەبەرد نەرمترو بەکەڵکی خواردن بێت بەو کەسانەی بەرهەم بێنێت.

سێیەم: سادیست ئاوات بەئازاردان و بەزەلیلبوونی ئەوانی دیکە دەخوازێت. ئەو ئازاردانەش دەکرێ جەستەیی بێت، بەڵام ئەو زیاتر ئاوات بەئازاری دەروونی ئەوان دەخوازێت (Fromm,1993.p.105)

ئەریک فرۆم پێی وایە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو جۆرەکانی سادیزم لە زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە. بەشێوەیەکی دی سادیستەکان خۆیان دەکەنە پادشاو ئەوانی دیکەش دەکەنە مرۆڤێکی کۆیلەو بێدەسەڵات. فرۆم ئەم زاڵبوونە بەجەوهەری سادیزم دەزانێت. بەشێوەیەکی دی سادیزم هەوڵی ئەوە دەدات مرۆڤ بگۆڕێت بۆ شتێک، لەشتێکی روحدارەوە بۆ شتێکی بێ روح(Fromm.1993.p.115) واتە سادیزم هەوڵی ئەوە دەدات یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی هەر گیانلەبەرێک کە خۆی لەئازادیدا دەبینێتەوە لەناو ببات (تەماشای نامەی منداڵەکان بکە).

ئەگەر لێرەوە سەرنجی گەورەکان بدەین (لە قوتابخانەو ماڵەوە) ئەوە دەبینین کە ئەوان چوار دەوری منداڵیان تەنیوە و بەرپرسن لە گەورەکردن و پەروەردەکردنی ئەوان. ئەم گەورانە بەشێوەی هەمەجۆر هەوڵی ئەوە دەدەن ئازارێکی جەستەیی و دەروونی ئەو منداڵانە بدەن. لێرەدا ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم ئازاردانە لە ئاگاییەکی تەواوەوە یا لە نائاگاییەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەمە هیچ لە کاریگەرییەکانی ئەو ئازارە لەسەر منداڵان کەم ناکاتەوە. شتێکی بەڵگەنەویستە کە خودی گەورەکان دەسەڵاتێکی زۆر رەهاو بێ سنووریان لە چوارچێوەی ژینگەکەی خۆیاندا (قوتابخانەو ماڵەوە) هەیەو ئەو دەسەڵاتەش بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ

دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووی خۆیان یا هەندێک لەو تاکانەی لەو ژینگانەدا دەژین، بەکاردێن. ئەم چەوساندنەوە بێ سنوورەی گەورەکان خۆی لەچەند شتێکدا دەبینێتەوە، بۆ نموونە لەژێر ناوی رێزگرتن لەگەورە سالان، منداڵان بەهیچ شێوەیەک رێگەپێدراو نین لەکاتی ئاخاوتنی گەورەکاندا ئەوان قسە بکەن. منداڵان بۆیان نییە بەگەورەکان بڵێن ئێوە هەڵەن، درۆ دەکەن، دزیتان کردووە، کاری ناڕەواتان کردووە، ئێوە توندوتیژن، ئێوە بێ رەحمن و... هتد تەنانەت ئەگەر سەرجەمی ئەو کارانەش راست بن. هۆکاری ئەم زاڵبوونەش بۆ ئەو دەسەڵاتە رەهایە دەگەڕێتەوە کە گەورەکان بەسەر منداڵانەوە هەیانە. ئەگەرنا گەورەکان لەبەر ئەوەی خۆیان هەمان دەسەڵاتیان بەسەر یەکەوە نییە بۆچی بۆیان هەیە ئەم قسانە بەیەکتری بڵێن تەنانەت ئەگەر قسەکان راستیش نەبن. نموونەیەک لێرەدا مەبەستەکەمان زیاتر روون دەکاتەوە.

منداڵێک لە کازیوەی سەرشەقام لە سلێمانی باسی هۆکارەکانی لێدانی ماڵەوەی بۆ دەکردم و لەنێو ئەو هۆکارانەدا باسی شتێکی سەرنجڕاکێشی بۆ کردم.

«رۆژێک دایکم زۆری لێدام چونکە پێم وت دایە خۆ خاڵیشم دزی کردووە».

لە سەرەتادا وای بۆ دەچووم ئەم منداڵە وا دەزانێ یا وای وێنا کردووە کە خاڵی دزی کردووە چونکە زۆرجار منداڵ حاڵەتەکان تێکەڵ بەفەنتازیایەکی سەیر دەکات و لەئەنجامی ئەمەشدا وێنەیەکی هەڵەمان دەداتێ. پاش وردبوونەوە وتی: «لەدوای هاتنی ئەمریکاوە لە تەلەفزیۆن خۆم بینیم وەستا عەلی بەو کەسانەی ئەووت دز کە شتی خەڵکیان تالان دەکرد. خاڵیشم لە کەرکووکەوە چەندین شتی خەڵکی هێنا بۆیە منیش وام وت».

لەم بوارەدا تەنها ئەوە دەنووسم کە لە بری ئەوەی بیرکردنەوەکانی ئەم منداڵە بەرز رابگیرێت چونکە پەنجە لەسەر هەڵەکان دادەنێت، دایکی لەبەر خۆی و لەبەر بەرز راگرتنی نۆرمە سونەتییەکانی کۆمەڵگا لێی دەدات.






ئەریک فرۆم (١٩٢٣ – ١٩٨٠)

## بەشی سێیەم

### بۆ کارەکتەرەکان یەکتر هەراسان دەکەن

بەشێک لەو هۆکارانەی وا دەکات منداڵان یەکتر هەراسان بکەن هەر هەمان هۆکارانەن کە وا لە گەورەکان دەکەن خوێندکارەکان و منداڵەکانی خۆیان هەراسان بکەن. ئەوەی خوێندکار دەیبینێ ئەوەیە چۆن مامۆستاکەی یا باوکی گرفتی منداڵەکان چارەسەر دەکەن و پەنا بۆ چ ڕێگاچارەیەک دەبەن. کاتێ منداڵێک جلی پیسی لەبەردایە، کاتێک یەکێک ئەرکەکانی نەکردووە، کاتێک یەکێک لە پۆلدا بزێوی دەکات، کاتێ دووان بەشەڕ دێن، کاتێ یەکێک....هتد مامۆستا سەرجەمی ئەمانە لەڕێگەی هەراسانکردنی خوێندکارەوە چارەسەر دەکات. بەدیوێکی دیکەدا هەر هەمان منداڵ سەرنجی دایک و باوکی خۆشی دەدات کە بەهەمان شێوە چارەسەری گرفتەکانی ئەو دەکەن.

بەشێک لەو هۆکارانەی وا لە مامۆستاکان (بڕوانە پاشکۆی یەکەم) دەکەن کە منداڵان هەراسان بکەن بریتین لەم هۆکارانەی خوارەوە کە من لێرەدا بەپێی زۆری ڕێژەکانیان بەدوای یەکدا ڕیزیان دەکەم:

١- پشتگوێخستنی خوێندن و ئەرکەکانی قوتابخانە.

٢- بزێوی و قسەکردن لەناو پۆلدا.

٣- شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا.

٤- پیس و پۆخڵی.

ئەم هۆکارانە لە ڕوانگەی خودی منداڵانیشەوە ڕاستن بەڵام لەلای ئەوان خاڵی دووەم و سێیەم جێگە دەگۆڕنەوە (خشتەی ژمارە ١٤).

ئەم پرۆسەیە لە ڕوانگەی منداڵەوە دوو شت بەدەستەوە دەدات: یەکەمیان ئەوەیە کە منداڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان خۆی و هاوڕێ و براو خوشکانیدا دەبێ



ڕەچاوی مۆدێلێک بکات کە پێشتر تاقی کرابێتەوە و جێگەی ڕەزامەندی دایک و باوک و مامۆستاکانی بووبێت، چونکە ئەم سێ ئەکتوێرە بۆ منداڵ زۆر گرینگن و منداڵ بێ سنوور خۆشیانی دەوێت.

خشتەی ژمارە ٨

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| لە پۆل ناڕەحەتی دەکەن | ١٣٠ | ٥٢ |
| ناخوێنن | ١١٥ | ٤٦ |
| لەگەڵ یەکتر شەڕ دەکەن | ٦٢ | ٢٤,٨ |
| پیس و پۆخڵن | ٣٣ | ١٣,٢ |

بەڕای تۆ بۆ لە خوێندکار دەدرێت؟ (بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)

هۆکارەکانی ئازاردانی جەستەیی

دووەمیان ئەوەیە ئەو بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە ئەو مۆدێلە بخاتە ژێر پرسیارەوە. دان ئولڤیۆس پێی وایە بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن دایبابەکانەوە وەکو میتودێک بۆ پەروەردەکردنی منداڵان، کاریگەری لەسەر ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن منداڵانەوە هەیە. پێداگرتن و شیکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە لەژێر سەردێڕی کاریگەرییەگانی هەراسانکردن (لەخوارەوە) دەنووسم.

هەندێ هۆکاری دیکەش لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەن، لەوانە:

١- هەندێ جار هاوڕێکانی هەراسانکەریش دەست بەهەراسانکردن دەکەن بۆ ئەوەی جێگەی ڕێزبن لەلای خودی هەراسانکەر، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسێکی بەهێز بێت. ئەم خاڵە تا ڕادەیەک بەنیسبەت گەورەکانیشەوە وایە.

٢- هەندێ کەس لەزەت لە کاری هەراسانکردن دەبینن.

٣- هەندێ کەس بەهۆی شەڕی بەردەوامەوە فێری هەراسانکردن دەبن.

٤- ڕەچاوکردنی دەوروپشت و خێڵ: زۆرجار گەورەکان بۆ ئەوەی پێیان نەڵێن پیاو نین یا توانای پەروەردەکردنی منداڵەکانیان نییە یا دەسەڵاتیان بەسەریانەوە نییە

منداڵەکانی خۆیان ئازار دەدەن (تەنها گەورەکان).

٥- پاراستنی شەرەف (تەنها گەورەکان).

برادلی (Maltén,A.1998.P.165) هەندێ هۆکاری دیکەش لەم بوارەدا ریز دەکات و پێی وایە هەراسانکەر (منداڵ و گەورە) لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت دەست بەهەراسانکردنی خەڵکی دیکە دەکات:

١- لەبەر ئەوەی کەسایەتی خۆی لەناو گرووپەکەی خۆیدا لەدەست نەدات دەست بەهەراسانکردنی ئەوانی دیکە دەکات.

٢- لەبەرئەوەی نیگەرانی خۆی بۆ یەکێکی دیکە بگوازێتەوە یا کۆتایی بەوە بهێنێ کە خەڵک چیتر چاویان لە کەمتەرخەمییەکانی ئەو نەبێت، بۆیە هەراسانکراوێکی دیکە دروست دەکات بۆ ئەوەی خەڵک تەرکیز بکەنە سەر ئەو.

٣- لەبەر ئەوەی جیاوازییەکانی ئەوانی دیکەی پێ تەحەممول ناکرێت.

٤- هەندێ جاریش لەبەر ئەوەی دەیەوێ هەمان شت بکات کە گرووپەکەی خۆی دەیکات بۆ ئەوەی لەناو گرووپەکەیدا قبوڵ بکرێت یا جێگای بێتەوە.



# بەشی چوارەم

## کاریگەرییەکانی هەراسانکردن

پیادەکردنی هەراسانکردن کاریگەری زۆر خراپ لەسەر منداڵ بەجێ دێڵێ و هەندێ جاریش وەک قوولبوونەوەی بەشێک لەم کاریگەرییانە منداڵ دەگاتە قۆناغی خۆکوژی. بەشێک لەم کاریگەرییانە ئەمانەن:

١- نیگەرانی خەمۆکی کە هەندێ جار درێژخایەن دەبێت.

٢- دوورەپەرێزی منداڵ لە خەڵک کە دەبێتە هۆی خەمۆکی و تەنیایی.

٣- نەخۆشی دەروونی و لە هەندێ حاڵەتدا خۆکوژی.

٤- کوشتنی جورئەت و بوێری لەلای منداڵ .

٥- دروستکردنی بەربەست لەبەردەم پێکەوەنانی کەسایەتی منداڵ .

٦- بڕوا بەخۆ نەبوون

٧- لاوازکردن یا تێکدانی زاکیرەی کارکردن لە مێشکی منداڵ .

٨- بێزاربوون لە قوتابخانە، لە هاوڕێ، لە ماڵەوە،... هتد .

٩- لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا سەختی بەدی دەکات .

١٠- هەندێ جار هەراسانکراو لەبەر چاوی ئەوانی دیکە دەکەوێت چونکە هەراسانکەر بەشێوەیەکی زۆر خراپ لەلای خەڵک باسی دەکات.

١١- هەندێ جار هەراسانکراو گرفتەکانی کۆڵان و قوتابخانەو هاوڕێکان دەباتە ماڵەوە، ئەمیش دەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگەی منداڵ بەو گرفتانەوە.

١٢- هەراسانکراو هەمیشە خۆی بەخراپ، نابود، کەم بایەخ دێتە بەرچاو. ئەمیش هۆکارێکە بۆ نوقمبوون لەناو گرفتەکانداو کەمکردنەوەی توانای هەستانەوە.

کاتێ گەورەکان منداڵەکان یا خوێندکارەکانی خۆیان هەراسان دەکەن و ئازاریان

دەدەن لەهەمان کاتدا بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی ئەوەیان نادەن ئەو لێدان و هەراسانکردنە بخەنە ژێر پرسیارەوە و بپرسن بۆ لێمان دەدەن و لەسەر چی؟.

لێرەوە منداڵ هەراسانکردن وەک ڕێگاچارەیەکی نموونەیی بەکار دێنێ و ئەویش وەکو گەورەکان داواکاری ئەوەی لە قوربانییەکە (هەراسانکراو) هەیە کە بیر لەوە نەکاتەوە ئەو مۆدێلە بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەشێوەیەکی دیکە هەراسانکەر داوای ئەوە لە قوربانییەکەی دەکات کە توندوتیژی و ئازاردان و شکاندنەوەی مرۆڤ بەرز رابگرێ و وەکو دەقێکی پیرۆز لەهەر لێکدانەوەیەک دوور ڕایبگرێ. ئەم مۆدێلە زۆرجار کارەساتی زۆر گەورە دەخاتەوە؛ یەکێک لەو کارەساتانە ئەوەیە نەک هەر منداڵ بەڵکو ئەگەر پیاوی گەورەش دەستی باوکێک رابگرێ کە لێی دەدا ئەوا ئەو کەسە بەبێ حورمەت و نانەجیب لەقەڵەم دەدرێ.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریتە ئاینییەکان، بەرزڕاگرتنی شەڕو زەبروزەنگی سەرکردەو بزووتنەوە ئاینییەکان...هتد بنەمایەکی باش بۆ زیاتر پیادەکردنی توندوتیژی لەژیانی هاوچەرخی ئێمەدا دابین دەکەن.

لە کەرکووک منداڵێکی بچووکم بینی دەستی راستی بەبرینپێچێکی سپی پێچابوو. لەوەڵامی پرسیارێکی مندا کە بۆ دەستی بریندار بووە؟ وتی: «براکەم خستیە سەر سۆپاکەو نەیهێشت دەستیشم لاببەم تا سووتا». ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات ئەم توندوتیژییەی منداڵان لە بەرامبەر یەکتردا پیادەی دەکەن، دەبێ سەرچاوەی لە مۆدێلێکەوە گرتبی کە گەورەکان بە بەرچاوی ئەوانەوە پیادەیان کردبێت، ئەگەرنا بیرکردنەوەی منداڵ بۆ ئەم جۆرە ئازاردانە لە تایبەتمەندێتییەکانی منداڵەوە دوورە.

خاڵێک کە لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەندێ جار گەورەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدەن کە کاریگەرییەکانی ئەو کارە لە هەمان کات و شوێندا کۆتاییان پێ نایەت. بەشێوەیەکی دی کاتێ ئێمە لە منداڵێک دەدەین، گرفتێک بۆ ئەو منداڵە دروست دەکەین کە بەدەر لەوەی پێی دەشکێتەوە، دەبێتە هەوێنێ بابەتێکی گاڵتەجاڕانە بۆ منداڵانێکی دیکە لە شوێنێکی



دیکەدا، کە دەشێت گەڕەک بێت. لەناو گەڕەکدا ئەو منداڵانە بەشێوەیەکی توندتر لەکەسانی دیکە گاڵتەیان پێ دەکرێ و هەراسان دەکرێن. ئەم پرۆسەیە لەوانەیە کاتێکی زۆر بخایەنێت و هەندێ جاریش بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ تەواوی (یا بەشێکی گەورەی) تەمەنی ئەو منداڵەدا دەڕوات. با بەیەکەوە گوزەرێک بەچەند نموونەیەکدا بکەین:

* لە گەڕەکی سەرکارێزی سەر بەشۆڕیجە، گەورە گەڕەکی کەرکووک، کۆمەڵێ منداڵی ورد یاری کارتیان دەکرد. دوو منداڵ کە تەمەنیانم بە ٦ تا ٨ ساڵان دەخەمڵاند، لەسەر هەڵگرتنەوەی کارتەکان دەستیان بەدەمەقاڵێ کرد. گەورەکە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە دەمودانی ئەوی تر دەشکێنێ و منداڵە بچووکەکەش وەڵامی دایەوە:

«ئەگەر ئەوەندە ئازای بۆ دەمودانی مامۆستات نەشکاند لەبەر چاوی هەموو تەلەبەکان داتیە بەر شەق و زللەو نەتوێرا فزە بکەی».

* لە گەڕەکی بەرامبەر چێشتخانەی ئەبو شەهاب لە هەولێر دوو کچی ورد لە کچێکی دیکەیان دەداو قژیان رادەکێشا . من نەمدەزانی شەڕەکەیان لەسەر چی بوو تەنها ئەوەندەم گوێ لێ بوو ئەو کچە وردە لەژێر دەستیانەوە دەیگوت:

«مامۆستا بەخوشکەتی گوت قەعبە، خۆ من نەمگوتووە».

* لە گەڕەکی سەرکارێزی سلێمانی کۆمەڵێ منداڵ بەیەکەوە دانیشتبوون و یارییان دەکرد. یەکێکیان بەوی تری گوت:

«ئاخر کەللەپووچ نەبوویتایە مامۆستا پێی نەئەووتی سمە کەللەپووچ».

یەکێکی تریان هەڵیدایەوە و وتی:

«جا خۆ لەماڵەوەش هەر وای پێ دەڵێن».

* لە بازاڕی شووشەی شاری سلێمانیدا باوکێک بەمنداڵەکەی وت:

«ئەوە بۆ ئەوەندە وڕ و گێژی، چەند جارم پێ وتی لە دوای خۆمەوە وەرە».

لە نموونەی یەکەمەوە دەبینین کە چۆن هەراسانکردنی جەستەیی مامۆستاو لە بەرامبەر ئەمەشدا زەلیلبوونی منداڵێک ئەو فەزایەی قوتابخانە بەجێ دێڵێ و دەگاتە

ناو گەڕەک و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکارێک بۆ بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیە لە فەزای گەڕەکدا. منداڵان زۆر زرینگانە دەتوانن ئامرازو شێوازەکانی کارکردن و رەهەندەکانی بیرکرنەوەی ناو قوتابخانەکان بەپێی پێویست بۆ دەرەوەی قوتابخانەکان بگوێزنەوە. ئەگەر مامۆستا ئەو منداڵەی زەلیل نەکردایە، ئەم منداڵانەش نەیان دەتوانی هەمان فۆرمی کارکردن بەرامبەر بەو خوێندکارەی هاورێیان بەکار بێن. لەدوا دێڕی ئەم نموونەیەوە دەتوانین ئەوە یاداشت بکەین کە منداڵ لە گەورەکانەوە فێری ئەوەش دەبێت مرۆڤ لە رێگەی شەق و زللەوە دەتوانێ یەکێکی دی بێدەنگ بکات.

لە نموونەی دووەمیشدا هەمان پرۆسە دووبارە دەبێتەوە. ئەم منداڵە زاراوە و قسە ناشیرینەکانی ناو قوتابخانە دەباتەوە فەزای گەڕەک بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی پێ بریندار بکات. بەڵام ئەو قسانە وشەی ئاسایی نین و زیاتر لە لەکەدارکردنێکی پێوە دیارەو لەکاتی گەورەبوونی ئەو کچانەدا کارەسات بۆ هەندێکیان دروست دەکات. هەرگیز کوڕان باسی ئەوەیان بۆ نەکردووم کە مامۆستاکانیان پێیان وتوون حیز، بەڵام هەندێ کچان باسی ئەوەیان بۆ کردووم کە مامۆستاکانیان پێیان وتوون قەحپە، دەڵەقوڕ... هتد.

کاریگەرییەکی دیکە کاتێ دێتە ئاراوە کە قسە ناشیرینەکانی قوتابخانەکان ببێتە هۆی دروستکردنی ریسپۆنسێک (کاردانەوەیەک) لەماڵەکاندا. لەنموونەی سێیەمدا هەردوو قوتابخانەو ماڵەوە بەهەمان مێتود کار دەکەن و هەمان قسە (کەللەپوچ) دووبارە دەکەنەوە. لەم حاڵەتەدا پیادەکردنی هەمان شێوەی هەراسانکردن لەناو گەڕەکەکاندا زۆر ئاسانتر بەڕێوە دەچێت. بەئەگەری زۆر ئەم وشەیە (کەللەپووچ) دەبێتە پاشناوێک بۆ ئەو منداڵەو بەدرێژایی تەمەنی پێوەی دەلکێ. بەشێک لەو نازناوانەی ئەمڕۆ بەکۆمەڵێک خەڵکەوە نووسراون (ئەحە بەراز، سمە کەللەپووچ، حوسە کەرپیاو، حەسە خوێڕی، مچە ترسنۆک... هتد) بەئەگەری زۆر لەبارودۆخێکی ئاواوە دروست بوون.

هەندێک لەو نازناوانە لە گەڕەکەوە دروست دەبن و هەندێکیان لەماڵەوە و هەندێکی تریان لەقوتابخانەوە و لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە هەندێکیان دایبابەکان دروستی



دەکەن. لەنموونەی چوارەمدا ئەوە زۆر بەڕوونی دەبینین و دوور نییە ئەو منداڵە لە گەڕەک و لە قوتابخانەشدا بە فلانە گێژ بانگ بکرێت.

کاتێ منداڵ یەکێکی دیکە هەراسان دەکات بیر لەوە دەکاتەوە وەکو گەورەکان بیکات. واتە لەهەمان کاتدا کە منداڵێک بەرامبەرەکەی ناشیرین دەکات دەبێ وەکو گەورەکان پاساوێکیش بۆ ئەم کارەی بدۆزێتەوە. بەڵام لەلای منداڵ بەپێچەوانەی گەورەکانەوە قۆناغی پاساوهێنانەوەکە دەکەوێتە دوای هەراسانکردنەکەوە.

ئێڤا لارسۆن پێی وایە بۆ ئەوەی کەسی هەراسانکەر لە ویژدانی خۆیدا بتوانێ بەسەر پیادەکردنی هەراسانکردندا زاڵ بێت دەبێ خۆی لەو گرفتە بێ باک بکات بۆ ئەوەی ئەم کارە ئازاری ویژدانی نەدات. ئەم کارەش پێش هەموو شتێک لە رێگەی ناشیرینکردنی بەرامبەرەکەیەوە یا نەبەخشینی بەهایەکی مرۆڤانە بەبەرامبەرەکەی، ئەنجام دەدات.

بەشێوەیەکی دی هەراسانکەر دەبێ لە مێشکی خۆیدا وای دانابێت کە هەراسانکراو هەست بەئازار ناکات، ئەگەرنا ئەو کارە ناکات. ئێڤا لارسۆن پێی وایە هەرکات جەللاد هەست بەئازاری مرۆڤی ژێردەستی بکات یەکسەر واز لە ئازاردانی دەهێنێت (Larsson,2000.P.42,107).

لەدوو پرسیاری جیاوازدا ویستم کاریگەرییەکانی لێدان و شکاندنەوە لەسەر خوێندکاران و مامۆستاکان بزانم، ئەوانیش بەم جۆرە (خشتەی ٩) گوزارشتیان لەڕاکانی خۆیان کرد. لەکاتێکدا بەپێی خشەی ژمارە (٩) نزیکەی (٪١٢) مامۆستاکان زۆر بەڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێن ئەوان لەدوای لێدانی خوێندکارەوە هەست بەئیسراحەت دەکەن یا هەست بەوە دەکەن کە کارێکی باشیان کردووە. لێرەدا فاکتەری لەزەت وەرگرتن لەو ئازاردانە دەمانباتەوە سەر روحی سادیستانەی گەورەکان. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە بەشێک لەوانە لەکاتی پیادەکردنی ئەو ئازاردانە قەناعەتێکیان هەبووبێت کە ئەمە رێگایەکە بۆ ئەوەی خوێندکاران وانەکانیان باشتر بخوێنن. هەندێک لە خوێندکارەکان دەیانوت لەماڵەوە هەندێ جار پێمان دەڵێن «تا لێت نەدەم دڵم ئاو ناخواتەوە» یا «کە لێمدای ئیتر دڵم ئیسراحەت دەکات» یا هەر شتێکی تری لەم بابەتە. هاوپەیوەند بەم بابەتەوە دەبێ ئەوەش بڵێم

كە دايبابەكان بەشێوەيەكى زۆر بەربڵاوتر لە قوتابخانەكان منداڵەكانى خۆيان هەراسان دەكەن.

### خشتەى ژمارە ٩

| وەڵامەكان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەئيسراحەت | ١٥ | ٦ |
| بەپەشيمانبوونەوە | ١٣٠ | ٥٢ |
| كارێكى باشم كردووە | ١٥ | ٦ |
| هەست بەهيچ ناكەم | ٢٧ | ١٠,٨ |
| ئازاريان نادەم | ٦٣ | ٢٥,٢ |
| كۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

دواى هەراسانكردنى خوێندكار وەكو مامۆستايەک هەست بەچى دەكەيت؟

كاريگەرى هەراسانكردن لەسەر مامۆستايان

لەپاڵ ئەمەشدا زياتر لەنيوەى (٥٢٪) مامۆستاكان هەست (پەشيمانى) بەوە دەكەن كە هەراسانكردنى خوێندكاران كارێكى خراپە، بەڵام جگە لەم ئامرازە (لێدان) ئەوان فێرى هيچ شتێكى ديكە نەكراون بۆ ئەوەى وا لە منداڵەكان بكەن كە بخوێنن. ئەگەر رێژەى ئەو مامۆستايانەش لەبەرچاو بگرين كە خوێندكارەكانيان هەراسان ناكەن ئەوە زياتر لە (٧٥٪) يان ئامادەيى ئەوەيان تێدا هەيە ئەم كێشەيە چارەسەر بكەن. لەكاتێكدا كە ئەمە شتێكى زۆر باشەو دەبێ لە رێگەى زانستى تازەوە پشتيوانى بكرێن، بەڵام لەهەمان كاتدا خۆيان پێيان وايە نزيكەى (٧٥٪) ى خوێندكاران لەبەر رۆشنايى ئەم بارودۆخەى ئەمڕۆدا هەراسان دەكرێن. بەڵام ئەگەر سەرنجى هەستى منداڵەكان بدەين كە كەسيان نييە بەدەنگيانەوە بێت، ئەوە دەبينين ئەوان بەپێچەوانەى بەشێک لە مامۆستاكان، منداڵەكان هەست بەهەندێ شتى ديكە دەكەن كە سەرچاوەى تێكشكان و چەندەها نەخۆشى دەروونى و جەستەييە. نزيكەى (٩٠٪) ى ئەوان (خشتەى ١٠) لەدواى لێدانى جەستەييەوە هەست



بەشكاندنەوە و تەريقبوونەوە دەكەن. بەرامبەر بەمەش نزيكەى (٧٤٪) يان هەست بەئازار دەكەن، (٥٥٪) يشيان ترس دايانەگرێت.

### خشتەى ژمارە ١٠

| وەڵامەكان | كوڕان | | كچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| شكاندنەوە و تەريقكردنەوە | ٥١٥ | ٨٥,٨ | ٣٦٧ | ٩٤,٠ | ٨٩١ | ٨٩,١ |
| ئازار | ٤٠٠ | ٦٦,٧ | ٣٤٤ | ٨٦,٠ | ٧٤٤ | ٧٤,٤ |
| ترس | ٢٣٥ | ٣٩,٢ | ٣١٢ | ٧٨,٠ | ٥٤٧ | ٥٤,٧ |
| هيچ | ٣٠ | ٥,٠ | ٠ | ٠ | ٣٠ | ٣,٠ |

كاتێ كە مامۆستا لێت دەدات هەست بەچى دەكەيت؟
(بۆت هەيە زياتر لە ئەڵتەرناتيڤێک هەڵبژێريت)

كاريگەرى ئازارى جەستەيى

هەر يەک لەو سێ كاريگەرييانەى لە (خشتەى ژمارە ١٠) دا ئاماژەيان پێدراوە هۆكارى سەرەكين بۆ ئەوەى نەخۆشييەكى دەروونى درێژخايەن لە دەروونى منداڵەكانماندا گەرا بخات. ئەو ٣٪ يەش كە هەست بەهيچ ناكەن بريتين لەو منداڵە بێعارانەى كە گەورەكان وايان لێ كردوون لەهيچ شتێک سڵ نەكەنەوە. ئەم گرووپە بچووكەو ئەوانەى هەست بەئازاريش دەكەن لەپێش هەموو گرووپەكانى ديكەوە ئامادەيى ئەوەيان تێدا هەيە كە توندوتيژى بەرهەم بێننەوە.

لەسەر ئاستى رەگەزيش كچان زۆر زياتر لەكوڕان هەست بەكاريگەرييەكانى لێدان و تووڕەبوون دەكەن، بەڵام گەورەترين جياوازى لە هەستكردن بەترسدا دەردەكەوێت كە كچان دووبەرابەرى كوڕان هەست بەترس دەكەن. ئەمەش دەمانباتەوە سەر شيكردنەوەى ئەو كەشوهەوا كۆمەڵايەتييەى كچانى تێدا پەروەردە دەكرێت كە من پێم وايە دەكەوێتە دەرەوەى سنوورى ئەم كتێبە.

لە هاوين و زستانى ساڵى ٢٠٠٥ دا بەشى هەرە زۆرى ئەو خوێندكارانەى چاوم پێيان كەوت پێيان لەسەر ئەوە دادەگرت كە گرفتى هەرە گەورەى ئەوان ئەوەيە لەبەر

هاوپۆلەكانیاندا هەست بەشەرم و شكاندنەوە دەكەن و تەریق دەبنەوە. هەندێك لە كوڕان دەیانگوت دوای لێدان هاوپۆلەكانمان نەك هەر لە قوتابخانە بەڵكو لە گەڕەكیش گاڵتەمان پێ دەكەن.

لە ٢٠٠٦/٤/١٥ دا تەلەفزیۆنی كوردستان تیڤی بەرنامەیەكی بەناوی (دیاردە) لەسەر كاریگەرییەكانی لێدان و تووڕەبوون پەخش كرد. نزیكەی سەرجەمی ئەو منداڵانەی بەشدارییان كردبوو پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت گەورەترین گرفتی ئەوان ئەوەیە كە لێدان و تووڕەبوونەكان دەبنە هۆی ئەوەی ئەوان لەبەردەم هاوڕێ و هاوپۆلەكانیاندا هەست بەشەرم بكەن و تەریق ببنەوە. یەكێك لە منداڵەكان (عەلی شەفیق) بەم شێوەیە گوزارشتی لەو كاریگەرییە دەكرد:

«ئەگەر لێشمان بدەن قەیناكا، بەڵام لەبەر چاوی میوان و هاوڕێكانمان نا».

ئەم رستەیە گوزارشتێكی ئاشكرایە بۆ گەورەكان كە ئەوان پێویستییان بەیارمەتی ئێمە هەیەو پێمان دەڵێن گرینگە ئێوە فۆرمی ئەو ئازاردانەتان بگۆڕن چونكە كاتیان بەسەرچووە.



# بەشی پێنجەم

## هەراسانكردنی مامۆستا

ئەمە یەكێكە لەدلێما گەرمەكانی نێو قوتابخانە كوردییەكان و بەهەر لایەكدا چووبم مامۆستاكان باسیان لەم بابەتە كردووە. بەشێك لەوان هۆكاری ئەم بێڕێزییە بۆ نەمانی لێدان دەگەڕێننەوە و (هاووڵاتی ژمارە ٧٠، ٧٢) بەشێكیان وەكو زەنگێكی مەترسیدار ئاماژەی بۆ دەكەن بەبێ ئەوەی بۆ هۆكاری سەرەكییەكی بگەڕێننەوە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە پیادەكردنی ئەو بێڕێزییە لە بەرامبەر مامۆستادا هەرگیز قابیلی قبوڵ نییە و هەرگیز هۆكارەكەشی بۆ نەمانی لێدان و پیادەكردنی بڕیاری قەدەغەكردنی لێدان ناگەڕێتەوە. من تەواو لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا هاوڕام كە پێیان وایە هەموو مرۆڤێك بەكردارو قسەكانی خۆی رێز بۆخۆی دروست دەكات. لێرەدا من نامەوێ لەسەر ئەو بابەتە بدوێم كە چۆن مامۆستایەك رێز بۆخۆی دروست دەكات بەڵكو لە بری ئەوە دەمەوێ باس لە وردەكارییەكانی تری ئەم گرفتە لەلایەك و خەتەری ئەم گرفتە لەلایەكی ترەوە بكەم.

«زۆرجار كە پشت لە خوێندكارەكانم دەكەم زمانم لێ دەردەكەن و قسەی قۆڕ دەكەن»

مامۆستایەكی سەرەتایی لە سلێمانی

لەوڵاتی ئێمەدا بەبەراورد لەگەڵ هەندێك لە قوتابخانەكانی ئەمریكادا هێشتا گرفتەكان نەگەشتۆتە ئەو رادەیەی خوێندكاران لە مامۆستاكان بدەن، بەڵكو لە سنووری بێڕێزیدا وەستاوە.

رەنگە لێدانی مامۆستا (لەلایەن خوێندكارەكانیەوە) زۆر كەم بێت بەڵام هاتنەكایەوەی ئەم جۆرە دەستدرێژییە لەداهاتوودا لەبەر هەندێ هۆكاری گشتی نابێتە هۆی سەرسوڕمانی من. رەنگە لێرەدا ئەو هۆكارانە زۆر گرینگبن كە وا لە

خوێندکار دەکەن ڕێز لە مامۆستاکەی بگرێت. ئایا لەبەر ئەوەی مامۆستاکەی خۆش دەوێت بۆیە ڕێزی لێ دەگرێت یا لەترسانا یا لەبەر ناچاری یا هەر وا ڕاهاتووە.

> «تەلەبە خەریکە چاوی مامۆستا دەرئەکا، بەخوا بەلێدان نەبێ چارەسەر ناکرێن»
>
> مامۆستایەکی ناوەندی لە کەرکووک

هەندێ ئامار ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنها ٪٤٤ ی منداڵان لەبەر خۆشەویستی ڕێزی مامۆستاکانیان دەگرن. بەرامبەر بەمەش ٪٤٤ ی ئەوان لە ناچاریدا ڕێزی مامۆستاکانیان دەگرن (سەعید، ٬٢٠٠٤ل٢١٩٬ ).

من پێم وانییە دەزگا پەروەردەییەکان ئەم ڕێژەیە بەهەند وەربگرن و بیر لە هۆکارەکانی بکەنەوە. تا ئەو کاتەی ئەو دەزگایانە لەگەڵ مامۆستاکاندا بیر لە چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانە نەکەنەوە ڕادەی بێڕێزکردنی مامۆستا لە بەرزبوونەوەدا دەبێت. بەپێی هەمان ئامار (٪١٢) منداڵەکان ترسیان بەرامبەر مامۆستاکانیان هەبوو بۆیە ڕێزیان دەگرتن. ئەرکی ئێمە ئەوەیە لە کەشوهەوایەکی دۆستانەی تەندروستدا لە خوێندکارەکانمان بپرسین بۆ ئەوان لە مامۆستاکان دەترسن. هەنگاوی دووەم دەبێ ئەوە بێت کە ئەو هۆکارانە نەهێڵین چیتر ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەکان بەڕێوە ببات.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە توندوتیژی مامۆستاکان هۆکارێکی زۆر گرینگە لە پرۆسەی لەدایکبوونی ئەو ترسەدا کە دواجار بێڕێزکردنی مامۆستاکانی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستاش لەنێو کۆڕی مامۆستایاندا زۆر بەدەگمەن پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکەن.

> «مامۆستا لەگەڵ ڕێزمدا بەخوا تۆ نازانیت، من زۆر جار تاقیمکردۆتەوە هەتا ترس نەبێت خوێندکار فێری ئەوە نابێت کە ڕێزی مامۆستا بگرێت»
>
> مامۆستایەکی سەرەتایی لە سلێمانی



ئەو مامۆستایەی سەرەوە بەشی هەرە گەورەی تەمەنی لەنێو قوتابخانەکاندا بەسەر بردبوو، بەڵام لە بەرامبەر پرسیارێکی ترمدا کە ئایا لە بری ئەو ترسە هەوڵی ئەوەی داوە لەگەڵ خوێندکارەکانیدا میهرەبانتر بێت و زیاتر ڕێزیان بگرێت وتی:

«یەک دووجار ئەوەشم کردووە بەڵام هیچ سوودێکی نەبووە. من هەموو تەمەنی خۆم لە قوتابخانەدا بەسەر بردووە و خۆم دەزانم چی دەکەم. تۆ جارێ وەکو من شارەزاییت نییە»

لێرەدا دەمەوێ دوو خاڵ یاداشت بکەم؛ یەکەمیان لەوە دەچێت ئەو مامۆستایە هەزارەها جار پەنای بردبێتە بەر لێدان و تووڕەبوون بەبێ ئەوەی هیچ بەرئەنجامێکی هەبووبێت کەچی هەر لەو کارەدا بەردەوام بووە، بەڵام تەنها یەک دووجار هەوڵی داوە ڕێز لە خوێندکارەکانی بگرێ و لەگەڵیاندا میهرەبانتر بێت کەچی دەڵێ سوودی نییە و وازی لەو شێوازە هێناوە. دەبێ ئەوەش بڵێم بۆ چەسپاندنی شێوازی پەروەردەیی و ئاشتیخوازانە پێویستمان بەوەیە سەدەها جار هەوڵ بدەین تا دەگەینە ئەنجام.

یاداشتی دووەمیان ئەوەیە کە ئەو مامۆستایە بەڕێڕەوێکی زۆر ترسناکدا دەڕوا ئەویش ڕێرەوی سیاسییەکانە کە ساڵەکانی پێشمەرگایەتی خۆیان لە شاخ بە تاقە پێوەرێک دەزانن بۆ سەردەرچوون و زانست و کار بەڕێوەبردن.

وەکو مامۆستا هەرگیز نابێ دڵمان بەوە خۆش بێت کە منداڵەکان لەبەردەمماندا هەڵبلەرزن و وا خۆیان پیشان بدەن کە ڕێزمان دەگرن. ئەم ساتە وەختە هەرچەند خۆشیشە چونکە کەس ناوێرێت بزێوی بکات، بەڵام نیشانەی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکارە. هەر کاتێک بینیمان خوێندکارێک لەترسانا شتی لێ شاردینەوە، دەبێ ئەوە بزانین ئەو خوێندکارە ئێمەی خۆش ناوێت بەڵکو لێمان دەترسێت. هەرکاتێک خوێندکار لە مامۆستا ترسا دەبێ سوور ئەوە بزانین کە پرۆسەی پەروەردە بەڕێگایەکی ناتەندروستدا دەڕوات و دەبێ بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین.

«چەندین جار نامەی دڵداری خوێندکارەکانم گرتووە کە تێیدا دەڵێت:
"خۆشەویستەکەم ئاگام لە هیچ نییە کە مامۆستا باسی دەکات و تەنها بیر لە تۆ دەکەمەوە".
چەندین نامەی لەم بابەتەمان گرتووە کە من ئارەقە دەکەم کاتێ بەتەنیا دەیانخوێنمەوە. گرفتی لەوە گەورەتریشمان هەیە و چەندین سیدی و کرێم و مکیاژ و مقەس و موکێشمان بەخوێندکارەکانمان گرتووە. باشە ئێمە ئەگەر توند نەبین ئیتر پەروەردە کامەیە و من بەڕێوەبەری چیم. بەداخەوە لەوەتەی بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان دەرچووە خوێندکار هیچ ڕێزی بەڕێوەبەر و مامۆستا ناگرێت»

بەڕێوەبەری دواناوەندی ......... کچان

من پێم وایە ئەگەر بمانەوێ خوێندکاران خۆشیان بوێین و بێڕێزیمان پێنەکەن دەبێ قەناعەتیان پێبکەین کەئێمە بەقسەو بەکرداریش دوژمنی ئەوان نین و خۆشیانمان دەوێ. خوێندکاران زۆر وشیارن و لەوەش تێدەگەن کەهەر کات لێیاندرا مانای ئەوەیە خۆشەویستی لەئارادا نییە. بەهەمان شێوە لەو کاتانەدا ناتوانن بڕوا بەو مامۆستاو باوکانە بکەن.

ئەگەر بمانەوێ خوێندکارەکانمان بێڕێزیمان پێ نەکەن دەبێ سنووری ئازادییە تایبەتییەکانی ئەوان زەوت نەکەین و خۆمان بەسەرگەورەیەکی بێ خەوشی ئەوان نەزانین کە بەراستوچەپدا بەناوی ئەو سەرگەورەیییە بێ خەوشەوە ئازاریان پێ بگەیەنین. من هیچ پێم سەیر نییە خوێندکارانی دواناوەندییەکی کچان بێڕێزی بەرامبەر بەبەڕێوەبەرێک بکەن (بڕوانە قسەکانی بەڕێوەبەر لە سەرەوە) کە بەسۆندە لێیان بدات چونکە شەڕە بەفریان کردووە و خۆشەویستی دەکەن و سووراو بەکار دەهێنن (هاووڵاتی ژ ١٦٤).

هاوپەیوەند بەم گرفتەوە دەمەوێ چەند خاڵێک یاداشت بکەم:

یەکەم: بەتێڕوانین لە مێژووی قوتابخانە پەروەردەیییەکان و تاڕادەیەک سەرجەمی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبواری هەراسانکردنی خوێندکاراندا نووسراون ئەوەمان بۆ



دەردەکەوێت کە ڕێزنەگرتنی مامۆستاکان هەرگیز پەیوەندییان بەو بڕیارانەوە نەبووە کە لە بەرژەوەندی خوێندکاراندا دەرچوون.

دووەم: دارکاریکردنی خوێندکارانی دواناوەندی بەپاساوی ئەوەی یاری شەڕە بەفریان کردووە من دەباتەوە سەر یاریکردن و ڕۆڵی ئەرێنی یاریکردن لە پرۆسەی پەروەردەدا. من لەڕوانگەی تازەترین لێکۆڵینەوە و توێژینەوە پەروەردەیییەکانەوە دەتوانم ئەوە بسەلمێنم کە یاریکردن نەک هەر سەرچاوەیەک نییە بۆ گرفت بەڵکو سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ گەشەسەندنی پرۆسەی پەروەردەو برەوسەندنی توانای فێربوون و بیرکردنەوە (گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانە) لەلای منداڵان (سەعید، , ٢٠٠٤ل٨٥ , )

سێیەم: من نازانم بۆ خوێندکار لە کاتی خۆشەویستی و ماچ و دەست لەملانێشدا دەبێ بیر لە مامۆستا بکاتەوە. مرۆڤ بۆ بۆی نەبێ بۆ تاقە ساتێکیش مامۆستا فەرامۆش بکات. من نازانم بۆ ئەگەر خوێندکارێ خۆشەویستی بکات بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی دەبێ ئارەقە بکات. ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بەپەروەردەوە هەیە. ئەو شتە نهێنییانەی لە نامە دڵدارییەکانی خوێندکارەکاندا نووسراون و بەڕێوەبەر دەستی بەسەریاندا گرتووە و لەلای خۆی وەکو ئەرشیفی مۆزەخانەیەک پاراستوونی دەبێ چی بن تا وا لە بەڕێوەبەر بکات ئارەقە بکات. ئەو نامانە ئەوپەڕەکەی باسی ماچ و لێو گوشین و مەمک گرتن و خەونە پەمەیییەکان دەکەن. بۆ دەبێ بەڕێوەبەر سنووری ئازادی تاکە کەسەکان ببەزێنێ و دەست بەسەر نامەکانیاندا بگرێ و بۆ ڕۆژنامەکان باسیان بکات. گەرەنتی چییە دواتر ئەو نامانە لەلای خەڵکی تر ئاشکرا ناکرێن و چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی سەخت بۆ ئەو خوێندکارانە دروست ناکەن. من پێم وایە ئەگەر بەڕێوەبەرەکان زانستی پێویستیان لە وەزارەتی پەروەردەوە وەربگرتایە پەنایان بۆ ئەم جۆرە چارەسەرانە نەدەبرد.

چۆن هیچ کەسێک لەسەر ئەم زەوییەدا مافی ئەوەی نییە نامە پەمەیی و ناپەمەیییەکانی من و تۆ بگرێ و سنووری هەست و ئازادییە تایبەتییەکانمان ببەزێنێ، ئاواش ئێمە ئەو مافەمان نییە کە سنووری ئازادییەکانی ئەوان ببەزێنین، چونکە ئەوە کاری پۆلیسە نەک پەروەردەزان. دەبێ پێمان خۆش بێت کاتێ یەکێک لە

خوێندکارەکانمان دەبینین لەبن دارێکدا خۆشەویستی دەکەن، چونکە یەکێک لەمافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان پیادە دەکەن و بەپرۆسەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دروستدا تێپەڕ دەبن.

چوارەم: گرفتی گەورەکان لەوەدایە کە دەیانەوێت وەکو سیاسییەکان دەسەڵات بەرهەم بێنینەوە. واتە چۆن سیاسییەکان تاکڕەوانەو بەبێ گوێدانە جەماوەر دەسەڵات بۆ خۆیان دروست دەکەن و بەسەریاندا پیادەی دەکەن، گەورەکانیش هەوڵی ئەوە دەدەن لەسەر هەمان مۆدێل و بەهەمان ستروکتور ئەو دەسەڵاتە بەرهەم بێننەوە و شەرعیەتی بۆ پەیدا بکەن و بەسەر نەوەیەکی منداڵتردا پیادەی بکەن.

دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم جۆرە کارانە بەشێکن لەو بڕە هۆکارانەی برەو بەبێڕێزکردنی مامۆستا دەدەن. دواناوەندی.... نموونەیەکە لە هەزارەها قوتابخانە کە نازانێت چۆن گرفتەکانی خوێندکاران چارەسەر بکات. بەشێکی گەورەی ئەرکەکانیش دەکەونە سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتی پەروەردە کە هاوکارییەکی باشی قوتابخانەکان ناکەن.

گرفتی هەراسانکردنی مامۆستایان و بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئاستیاندا لە هەندێک لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کەم تا زۆر هەیە. راستە گرفتێکی بەربڵاو نییە بەڵام من پێم وایە ئەگەر کەمیش بێت نیشانەی شڵەقانێکی گەورەی ئەو سیستمە پەروەردەییەیە کە وڵاتێک پێیدا تێپەڕ دەبێ. من پێم وایە رێزی مامۆستا دەبێ بپارێزرێت، چونکە نەمانی ئەو رێزە زۆر شت دەگۆڕێت کە نە لەبەرژەوەندی مامۆستاو نە لەبەرژەوەندی خوێندکاریش دایە. بەڕای Maare Tamm بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەر مامۆستادا مانای پچڕانی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار دەگەیەنێ. ئەم پەیوەندییە کە لە بنەڕەتدا لەسەر رێزگرتن و قبوڵکردنی یەکتر وەستاوە لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی کاری قوتابخانە (Tamm,2003.P.112). تام لەدرێژەی باسەکەیدا ئاماژە بە ڕای Vestermark دەدا کە پێی وایە «هەتا ئەوکاتەی رێز لە مامۆستا بگیرێت قوتابخانە جێگایەکی ئارامە، بەڵام هەرکات توندوتیژی لە بەرامبەر مامۆستادا بەکارهێنرا ئەوا رێزگرتن لە مامۆستا لە شوێنی خۆیدا نامێنێ و باوەڕیشمان بەقوتابخانە وەکو ئارامترین



رێکخراوی کۆمەڵگا گەورەترین درزی تێ دەکەوێت».ئەم کارەش مانای وایە دەسەڵات لەدەستی مامۆستاوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەستی کۆمەڵێک هەرزەکار یا بەشێوەیەکی دی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن لە دەستی ئەو هەرزەکارانەدا دەبێ.

# دەروازەی سێیەم

## وردبوونەوە لە هۆکارەکانی هەراسانکردن

«سادیزم نەک هەر بەمانای خۆسەپاندن
بەسەر ئەوانی دیکەوە دێتەوە بەڵکو
بەمانای شکاندنەوە و روح کێشان و
نەبینینی ئەوانی دیکەش دێتەوە»

Erich Fromm

Sharkboy And Lavagirl یەکێک لە باشترین فیلمی منداڵان و هەرزەکارانی ساڵی ٢٠٠٥ بوو کە تێیدا تەکنیکێکی یەکجار باڵا بەکار هاتبوو. ئەم فیلمە لە دەرهێنانی Robert Rodriguez و لەنواندنی Cay- Taylor Lautner, Taylor Dooley, den Boyd بوو. سەرەتای ئەم فیلمە بەدیاردەی هەراسانکردنی پاڵەوانی فیلمەکە دەست پێدەکات Sharkboy خوێندکارێکی تەمەن دوازدە تا چواردە ساڵەیە کە لەلایەن هاوپۆلەکانیەوە تووشی هەراسانکردن دێت و هۆکاری ئەم هەراسانکردنەش تارادەیەک بۆ مامۆستاکەی دەگەڕێتەوە. یەکێک لە مامۆستاکان داوای ئەوە لە خوێندکارەکان دەکات هەرکەسەو پەخشانێکی چەند لاپەڕەیی لەسەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە بنووسێت و دواتر هەموو خوێندکارێک دەبێ پەخشانەکەی خۆی لەناو پۆلدا بخوێنێتەوە. هیچ یەکێک لە خوێندکارەکان گرفتی بۆ دروست نابێت چونکە باس لە ڕووداوێکی زۆر ئاسایی دەکەن، بەڵام کاتێک ئەم خوێندکارە (Sharkboy) نووسینەکەی خۆی لە پۆلدا دەخوێنێتەوە دەبێتە جێگەی توانج و گاڵتە پێکردن.

لەو ڕۆژەوە ئیدی ئەم خوێندکارە بەجۆرەها شێوە هەراسان دەکرێ و دەکەوێتە بارێکی دەروونی و جەستەیی خراپەوە. تادواتر بەیارمەتی کچ و (Lavagirl) کوڕێکی هاوڕێی (Max) هەوڵ دەدات ئەوە بسەلمێنێت کە ئەوە فەنتازیا نەبووە ئەو لەسەری نوسیووە بەڵکو واقیعە.

کاتێک ئەم خوێندکارە پەخشانەکەی دەخوێنێتەوە مامۆستاکەی سەری لە ناوەرۆکی پەحشانەکە سوڕدەمێنێت و ئەویش بەڕووداوێکی خەیاڵی ناوزەد دەکات. ئەم تێڕوانینەی مامۆستا وا لە خوێندکارەکانی دیکە دەکات کە زیاتر توانجی تێ بگرن. بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەم هەراسانکردنە ڕەنگە بۆ ناوەرۆکی پەخشانەکە بگەڕێتەوە، چونکە ئەم پەخشانە پڕبوو لە فەنتازیایەکی بێ سنوور کە لە خەیاڵەوە نزیکترە تا واقیع. بەڵام توانای نووسینی پەخشانێکی لەم ئاستە لە بری بەرز ڕاگرتنی دەبێتە هۆی هەراسانکردن.

زۆرجار لەناو قوتابخانەکاندا ئەو منداڵانەی زانستێکی کەمتریان پێیە یا لەهەندێ لە وانەکاندا سەختی بەدی دەکەن (دەمەوێ خۆم لە وشەی تەمەڵ و لاواز بپارێزم) دەبنە جێگەی هەراسانکردن. سەیر لەوەدایە هەندێک جار لەنێو منداڵاندا



خوێندکاری زیرەک و زرینگیش تووشی هەراسانکردن دێت. نموونەیەک لێرەدا جێگەی سەرنجە:

(ر) یەکێک لە خوێندکارە هەرە زیرەکەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتاییم بوو. زرنگی ئەو بەڕادەیەک بوو پێشنیاری ئەوەم بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە کرد کە پۆلی یەکەمی ناوەندی نەخوێنێت. ماڵەوەیان دوودڵ بوون لەم بازدانەو ئەم دوودڵییەی ئەوانیش لە شوێنی خۆیدا بوو، بەڵام منیش لەوە دڵنیا بووم کە زۆر زرینگە چونکە بەشێوەیەکی ئەوتۆ کاری دەکرد کە خوێندکارەکانی پۆلی سێیەمی ناوەندیش بەو شێوەیە کاریان نەدەکرد.

پاش ڕەزامەندی بەڕێوەبەر ئەم خوێندکارە دوای تەواوکردنی پۆلی شەشەم یەکسەر لە پۆلی دووەمی ناوەندی دەستی پێ کرد. گرفتی ئەم خوێندکارەم لێرەوە دەستی پێ کردو هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە زۆر زیرەک بوو. ئەم خوێندکارە هەمیشە لەلایەن هاوپۆلەکانییەوە گاڵتەی پێ دەکراو توانجی تێ دەگیرا چونکە بەقسەی ئەوان «جگە لە خوێندن بە هیچی ترەوە خەریک نەبوو». لە ڕاستیشدا وابوو، ئەو جگە لە خوێندن هەموو بوارەکانی دیکەی فەرامۆش کردبوو، بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ کچاندا بەهیچ شێوەیەک وەکو ئەوانی دیکە نەبوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لەگەڵ لیژنەی بەربەستکردنی هەراسانکردندا کارێکی زۆرمان کردو ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەجیدی کاریان بۆ نەهێشتنی ئەو هەراسانکردنە کرد.

هاوکات لەگەڵ داخستنی قوتابخانەکاندا من خەریکی چاککردنەوەی هەڵەکانی ناو ئەم کتێبە بووم ئیمەیلێکم لەو خوێندکارەوە پێ گەیشت کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات لەکۆی ١٦ تاقیکردنەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی توانی لە ١٤ یاندا ١٠٠ بەدەست بێنێت و لەوانی دیکەشدا پلەیەکی زۆر بەرز بەدەست بێنێت. هاوکات ئەوەشی نووسیبوو کە لە ساڵی داهاتوودا لە قوتابخانەیەک دەست بەخوێندن دەکات کە سەرجەمی بەزمانی ئینگلیزییە.

هەراسانکردن بەڕای هاینمان (Heinemann,p.181) خەسڵەتێک نییە بە زەرورەت لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا هەبێت، بەڵام شتێکی سەیریش نییە کە لە مرۆڤدا دەردەکەوێ و دووبارە دەبێتەوە و مرۆڤ پیادەی دەکات.

هەموو جۆرێکی هەراسانکردن پەیوەندی بەبارودۆخێکی تایبەتەوە هەیەو زۆرجاریش هۆکاری زۆر سەیر لەپشتیەوە رادەوەستن. هۆکارەکانی هەراسانکردن زۆرن، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم گرینگترینیان بخەمە روو دواتریش لە شوێنی جیاجیادا ئاماژە بەهۆکارە لاوەکییەکان بکەم.

## یەکەم- شەڕانیبوون

ئەگەر لە مامۆستاو دایبابەکان بپرسین بۆچی لە منداڵەکان دەدەن، رەنگە گەورەترین هۆکار بەلای ئەوانەوە ئەوە بێت کە منداڵەکان زۆر ناڕەحەت و بزێو و شەڕانین. خۆ رەنگە سەلماندنی ئەم وەڵامە بۆ قوتابخانەوماڵەوە هێندە قورس نەبن و پێویست بەبەڵگەهێنانەوەش نەکات. بەڵام ئەوەی بۆ ئەوان قورسە مامەڵەکردنە لەگەڵ هۆکارەکانی ئەو شەڕانیبوون و ناڕەحەتییە.

ئەوەی ئەوان تیایدا سەرنەکەوتوون دۆزینەوەی شێوەیەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکاندا. ئەو شێوەی مامەڵەکردنەی قوتابخانەو ماڵەوە لە ئاستی منداڵە شەڕانییەکاندا پیادەی دەکەن وا لە زۆر کەس دەکەن نەک هەر بڵێن تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوان قورسە، بەڵکو کەم تا زۆریش ئەوان لەم مەسەلەیەدا بێ ئاگان، بەتایبەتی ماڵەوە کە زۆرجار ناتوانین گەرەنتی ئەوە بکەین ئەوان خاوەنی بنەمایەکی زانستین. لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەشێک لە مامۆستاو منداڵەکاندا زۆربەی جارەکان رووبەڕووی ئەو پرسیارە کلاسیکییە بوومەتەوە «منداڵەکان زۆر ناڕەحەتن و بەهیچ شتێک چاریان ناکرێت ئەی ئەگەر لێیان نەدەین چی بکەین؟».

فرۆید پێی وایە بەکارهێنانی توندوتیژی و ئازاردانی بەرامبەر پەیوەندی بەو غەریزەیەوە هەیە کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە. بەڵام هەندێکی دیکە (لەوانە فرۆم) پێیان وایە حاڵەتی شەڕانیبوون و بەکارهێنانی توندوتیژی بەهیچ شێوەیەک غەریزی نییە و بەڵکو پەیوەندی بەلایەنی کولتورییەوە هەیە. گرووپێکی دیکە (لەوانە لۆرێنس) پێیان وایە ئەو غەریزە شەڕانییەی کە دەبێتە هۆی شەڕانیبوونی مرۆڤ و بەکارهێنانی توندوتیژی لەکاتی نائومێدییەکی گەورەدا (بەهۆی فاکتەرە دەرەکییەکانەوە) دێتە کایەوە، یا لەکاتی هەستکردن کە ئەوی دی بەقسەت ناکات و لە فەرمانەکانت دەچێتە دەرەوە و یا کاتێ گاڵتە بەدەسەڵاتەکانت دەکات، دێتە کایەوە.



ئەریک فرۆم پێی وایە مرۆڤ لەناخی خۆیدا خاوەنی دوولایەنە: باشەکاری و خراپەکاری. فرۆم پێی وایە هەندێ کەس لەناخی خۆیدا دەیەوێ یا حەز بەخراپەکاری (هێزی وێرانکاری و شەڕانیبوون) دەکات بەڵام مەرج نییە ئەم حەزە لە هەموو کاتێکدا مەبەستی وێرانکارییەکی نێگەتیڤانە بێت. فرۆم جیاوازی لە نێوان دووجۆر خراپەکاری مرۆڤدا دەکات:

فرۆم پێی وایە ئەو جۆرە خراپەکارییە راشوناڵەی (عەقلانی) کە خۆی لە سنووری مەعقولدا دەبینێتەوە، جۆرێکی ئاساییە چونکە لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتەوە دێتە ئاراوە. ئەم جۆرە هەرچەندە توندیش بێت بەڵام دواجار هۆکارەکانی ئەو بارودۆخە تایبەتە دەیبزوێنێ و بەدوای چارەسەرەکاندا دەگەڕێت. بەڵام جۆری دووەم کە ناراشوناڵە (ناعەقلانی) دەربڕی حاڵەتێکی نائاساییەو دەیەوێ زەفەرمان پێ بەرێت (Fromm,1993 ).

بەشێوەیەکی دی فرۆم دەیەوێ بڵێ ئەو خراپەکارییەی یەکەم کە هەڵگری خەسڵەتێکی پۆزەتیڤانەیەو دەبێتە بنەمایەکی تەندروست بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانمان، ناچێتە ئەو ژێرخانەوە کە توندوتیژی بەرهەم دێنێت. بەواتایەکی دی هەڵدانەوەی ئەو بارە ناتەندروستەی لە دەوروپشتماندا هەیە، دەستنیشانکردنی هەڵەکان و ئاراستەکردنی رەخنە توندوتیژەکان دەبێت بەشێک بێت لەو سیستمە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەی بڕیار وایە سبەینێ دروستی بکەین. لەلایەکی دیکەوە ئەو خراپەکارییە ناعەقلانییە دەبێتە بنەمای سەرهەڵدانی هەندێ رەفتارێکی پەڕگیرانە کە دواتر دەبێتە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی زۆر خراپتر، بۆیە وریابوون لەم جۆرە خراپەکارییە زۆر پێویستە.

ئەریک فرۆم پێی وایە دواجار خراپەکاری خەسڵەتێکی بایەلۆژی و زگماک نییە، بەڵکو بەرهەمێکی ئەو کولتوورەیە کە منداڵ تیایدا گەورە دەبێت. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ماڵەوە و قوتابخانەش هۆکارێکی سەرەکین بۆ دروستبوونی وێرانکاری و روحی خراپەکاری لەلای تاکەکان. رەفتاری رۆژانەی قوتابخانەکان و خێزانەکان بەشێکی گرینگن لەو هۆکارانەی خراپەکاری لەلای منداڵان دروست دەکەن و پاڵیان پێوە دەنێن لە بەرامبەر منداڵەکانی دیکەدا هەراسانکردن پیادە بکەن. لەلایەکی

دیکەوە من پێم وایە ڕەفتاری هەندێک لەهێزە سیاسییەکان، دامودەزگاکان و بەرپرسەکان هۆکارێکی گەورەن بۆ شەڕانیبوون و دروستکردنی هەستی خراپەکاری لەنێو مامۆستاکان و خێزانەکاندا کە دواتر دەبنە هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگادا.

ڕەنگە لە وڵاتی ئێمەدا زۆر بەزەحمەت قوتابخانەیەک یا دەزگایەک ببینیتەوە کە بەدوای هۆکارەکانی شەڕانیبوونی منداڵەکاندا گەڕابێت و لە بارودۆخی فیعلی ژیان و بەسەرهاتی ئەو منداڵانە وردبووبێتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم کارەش ئەوەیە زانکۆکانی هاوپەیوەندو پەیمانگاو خانەکانی مامۆستایان لەم بوارەدا کەم زانستن و شێوەی داڕشتنی کاری قوتابخانەکانیش هەرگیز بەلای ئەم کارەدا نەچووە، چونکە قوتابخانەکان لەوڵاتی ئێمەدا زیاتر بیر لە فێربوونی زانستەکان دەکەنەوە تا پەروەردەکردنی نەوەیەکی ساغ. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە قوتابخانەکان نەبەستراون بە شتێکی لەم بابەتەوە و کەسیش داوای شتێکی وای لێ نەکردوون و لە بنەڕەتیشدا سیستمی کۆمەڵاتی و پەروەردە ئێمە بەم جۆرە کارانە نائاشنان.

لە وڵاتی ئێمەدا کاتێک شۆفێری پاسێک، کارمەندێک، بەڕێوەبەرێک یا هەر کەسێکی دی دادەمەزرێت هەرگیز بەتەواوی نازانێت چی لەسەر شانە کە بیکات یا نەیکات چونکە ئەرکەکانی خۆی بەنووسراوی پیشان نادرێت و ئیمزای لەسەر ناکات. بۆ ئەوەی بڕیاری دامەزراندنی هەر کارمەندێک میکانیزمی کارکردنی لەگەڵدا بێت پێویستە ئەو کارمەندە ئەوەش بزانێت ئەگەر هات و ئەو ئەرکانەی ناو کۆنتراکتەکەی کە ئیمزای لەسەر کردووە جێبەجێ نەکات ئەوە سەرپێچی دەکات و لەوانەیە کارەکەی لەدەست بچێت. بەلایەنی کەمەوە لەکاتی دامەزراندنی هەر مامۆستایەکدا دەبێ بەنووسراو ئەرکەکانی خۆی پیشان بدرێ و ئیمزای لەسەر بکات و ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت. یەکێک لەو ئەرکانەش دەبێ پەروەردەکردنێکی دروستی خوێندکارەکان بێت کە پێویستە دوور لە هەراسانکردن بێت.

یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی مامۆستای کورد لە حاڵەتێکی ئاوادا ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی ئەو خوێندکارانەیە کە شەڕانین و دەست دەوەشێنن. زۆر جار بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان مامۆستا/ ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی



پێویستی بەکاتێکی زۆر دەبێ و لەڕووی دەروونیشەوە ماندوو دەبێ. بۆیە ئەگەر سیستمی پەروەردەیی قەرەبووی ئەم ماندووبوونە نەکاتەوە و پارەو کادری بەتوانای بۆ تەرخان نەکات ئەوە قوتابخانە ناتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

نموونەیەک کە پێم خۆشە لێرەدا بیخەمە بەرباس کوڕێکە بەناوی قادر حەمید کە لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا لە قۆناغی ناوەندی- ئامادەیی دەیخوێند. ئەم کوڕە لەو دەمەدا لەدواناوەندی شۆڕیجەی کەرکووک (کە دواتر ناوەکەی کرا بە الرسالة) دەیخوێندو بەیەکێک لە خوێندکارە هەرە شەڕانییەکانی نەک قوتابخانەکە بەڵکو گەڕەکەکەش ناودەبرا. هەموو کارەکانی پڕبوون لە خراپەکاری و هەر کەسێک گوێی لێبوایە کورد وتەنی سەری سپی دەبوو. قوتابخانە هەمیشە بەتوندترین شێوە بۆی بکرایە سزای دەدا، لەماڵەوەش بەهەمان شێوە کەسێک نەبوو بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام ئەم لەکەس و لە هیچ شتێک ترسی نەبوو. لە قوتابخانە ڕۆژێک پەنجەرەکانی دەشکاند، ڕۆژێک بۆیەی لەئۆتۆمبیلی مامۆستاکان دەدا، ڕۆژێکی تر ئۆتۆمبیلی مامۆستاکانی دەکڕاندو ئەوانیش شێت دەبوون و داخی خۆیان بەودا دەڕشت.... هتد نە قوتابخانەو نە ماڵەوەش ڕۆژێک بیریان لەوە نەکردەوە کەبەمیهرەبانی لەگەڵیدا بجووڵێنەوە و تەماشای سەرئەنجامەکان بکەن. وەک دواتر بیستمەوە (کە تا ئێستاش لەو هەواڵانە دڵنیا نیم) ئەو سزا سەختانەو ئەو ژیانەی وای لێ کرد بەرەو تاوانی گەورەتر هەنگاو بنێت. من هیوادارم ئێستا ئەو مرۆڤێکی خۆشبەخت و ئازاد بێت بەڵام دەمەوێ ئەوە یاداشت بکەم کە قوتابخانە بەرپرسیارێتییەکی تەواوی هەبوو لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەداو من بەتێڕوانینی ئێستای خۆم پێم وابوو ئەوەی ماڵەوەیان شکستی تێدا هێنا قوتابخانە دەیتوانی زۆر بەئاسانی قەرەبووی بکاتەوە.

کارەساتەکە لەوەدایە تاوەکو ئێستاش قوتابخانە ڕۆژانە چەندین گوناهی وا گەورە دەکات بەبێ ئەوەی ئەم کارانە یەک تۆز ببنە هۆی ڕاچڵەکانی سیستمی پەروەردەیی. ئەم نموونەیە بەڕاستی سەرجەمی سیستمی پەروەردەیی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی شەڕانیبوون و دەست وەشاندنی منداڵان و

بەکارهێنانی توندوتیژی نیلزۆن (Nilzon,1999.P.90) باس لەهەندێ لەو تیۆرییانە دەکات کە رەنگە بۆ شیکردنەوە و تێگەشتن لەم خەسڵەتە سوودمەند بن. با بەیەکەوە گوزەرێکی خێرا بەو هۆکارانەدا بکەین .

أ- فرۆید: هۆکاری جێنێتیکی

فرۆید (Sigmund Freud) یەکێکە لەو زانایانەی زۆر بەڕوونی هەوڵی داوە شەڕانیبوون و توندوتیژی لەلای منداڵان بگەڕێنێتەوە بۆ فاکتەرێکی جێنێتیکی. فرۆید پێی وایە ئەم خەسڵەتە لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵدا لەدایک دەبێ و پەیوەندی بەو غەریزەیەوە هەیە کە لەلای منداڵ هەیە. لەگۆشەی دەروونشیکارییەوە منداڵ هەر لە ساواییەوە ئەم خەسڵەتەی تێدایە کە لە شێوەی رق و خۆشەویستیدا دەردەکەون. بەزمانی فرۆید خۆی ئەم خەسڵەتە لە غەریزەی Tanatos وە سەرچاوە دەگرێ.

خێزانەکان رۆڵێکی زۆر کاریگەریان لە پەروەردەکردنی منداڵەکاندا هەیەو قوتابخانەکان دەتوانن زۆر بەباشی سوودیان لێ ببینن. بەدرێژایی ساڵ قوتابخانەو ماڵەوە بەئازاردانی فیزیکی رووبەڕووی بەشێک لەو منداڵە شەڕانییانە دەبنەوە بەو هیوایەی ئەو منداڵانە باش ببنەوە. بەڵام هەرگیز ئەو ئاواتەی ئەوان نایەتە دی و ئەو منداڵانەش ئارامتر نابنەوە. قوتابخانە دەبێ لە ڕووی زانستییەوە بتوانێت بنەمای چارەسەرێکی دەروونی _ پەروەردەیی بدۆزێتەوە و لەگەڵ ماڵەوەدا بەیەکەوە کاری تیادا بکەن. بەپێی بۆچوونەکانی فرۆید بنەمای هەندێک لە گرفت و کێشەکانی مرۆڤ خۆیان لەو رووداوانەدا دەبیننەوە کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵی خۆیدا پێیاندا تێپەڕ دەبێت. لێرەدا جێگای ئاماژە بۆکردنە کە ئاژاوەی نێوان دایبابەکان دەبێتە سەرچاوەی زۆر گرفت و لە تەمەنی منداڵی و گەورەیی منداڵەکاندا رەنگ دەدەنەوە.






فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩)

ب- بۆڵبی: کێشەو ناکۆکییەکانی ناخی منداڵ

جۆن بۆڵبی (John Bowlby) دەستوەشاندن و رقی منداڵ وەکو ریسپۆنسێک بۆ حاڵەتی جیابوونەوە لەقەڵەم دەدات. بەشێوەیەکی دی هەر کاتێک منداڵ لەباوک یا دایکی جیابووەوە دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی رق و توندوتیژی. شایەنی باسە تاقیکردنەوە مەیدانییەکانی کێنێت دۆگیش (١٩٨٦) گەشتنە هەمان سەرئەنجام. لەئەنجامی تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی خۆیەوە بۆڵبی ئەوەی سەلماند کەوا ئەو منداڵانەی لەساوایی خۆیاندا (١٠-٣٢ مانگی) بەپرۆسەیەکی سەختی جیابوونەوەدا (لەدایک یا باوک) تێپەڕبوون، چوار ئەوەندەی منداڵەکانی دیکەی هاوتەمەنی خۆیان رق و ریاکسونی دوژمنکارانەیان هەبووە.

رەنگە ناوهێنانی کافکای نووسەر لەم بوارەدا پڕ بەپێستی خۆی بێت. ئەو پەیوەندییە توندوتیژەی باوکی کافکا لەگەڵ کافکایەکی منداڵدا هەیبوو بووە هۆی دروستبوونی رقێکی ئەستوور بەرامبەر بەباوکی کە دواتر لە زۆربەی بەرهەمەکانی کافکادا رەنگی دایەوە. کافکا لەحاڵەتێکی پڕ ترس و لەترسی جیابوونەوەیەکی روحی و روحێکی دڵشکاودا ئەو ساتانەی بەسەر دەبرد. ئەگەر ئێمە ئەو یادگارییانەمان بەرچاو نەکەوتایە هەرگیز بەم شێوەیەی ئەمڕۆ لەناخی کافکا نەدەگەیشتین.




جۆن بۆلبی (١٩٠٧ – ١٩٩٠)



ج– لۆرێنس و هۆکاری غەریزی

زۆر کەس هەن کە پێیان وایە توندوتیژی لە ئەنجامی فاکتەرە دەرەکییەکانی دەوروپشتمانەوە (بۆ نموونە نائومێدی) سەر هەڵدەدات. ئەلبێرت باندورا (Albert Bandura) لە تیۆرییەکەی خۆیدا کە لە خوارەوە باسی دەکەم هەوڵی داوە ئەم مەسەلەیە لەڕێگەی تاقیکرنەوە مەیدانییەکانی خۆیەوە روون بکاتەوە. بەڵام کەسانی دیکەش هەن کە باوەڕی تەواویان بەو مەسەلەیە نییە و هۆکاری ئەم خەسڵەتەی منداڵان بۆ غەریزەیەکی ناخی مرۆڤ دەگەڕێننەوە. لۆرێنس کۆنراد Konrad Lorenz پێی وایە خەسڵەتی شەڕانیبوون و بەکارهێنانی توندوتیژی لەژیانی ئاژەڵیشدا هەیە، بەڵام بەجۆرێکی تاڕادەیەک جودا لەمرۆڤ. لۆرێنس لە تیۆرییەکەی خۆیدا بەپێچەوانەی ئەریک فرۆمەوە شەڕانیبوون و هێزی خراپەکاری وەکو غەریزەیەک پێناسە دەکات کە لەگەڵ لەدایکبووندا لەدایک دەبێ. ئەو پێی وایە ئەو غەریزەیە لەلای ئاژەڵیش هەیەو ئەو وزەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەبێ بەتاڵ بکرێتەوە و نابێ لەناخیدا بمێنێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرە ناهاوسەنگییەک لەو فاکتەرە بۆماوەییانەدا کە پەیوەندییان بەگۆڕانی خێرای میزاجەکانەوە هەیە لەلای هەندێ جۆری ئاژەڵدا بۆ نموونە ئەسپی نێرو ئەسپی مێ یا گای نێرو گای مێ (Nil-zon, 1999). هەندێ کەسی دیکە پێیان وایە هەندێک فاکتەری تر بوونەتە هۆی ئەوەی ئاژەڵ بتوانێت زیاتر لەمرۆڤ بەسەر ئەو غەریزە شەڕانییەدا زاڵ بێت.

هاوپەیوەند بەم باسەوە یەکێ لەوانەی بەڕوونی ئەم دیاردەیە لەلای مرۆڤ و ئاژەڵ بۆ یەک هۆکاری بایەلۆژی دەگەڕێنێتەوە پریمۆ لێڤیە. لێڤی Primo Levi لە کتێبەکەی خۆیدا «ئایا ئەمە مرۆڤە» ئەوەی روونکردۆتەوە مرۆڤیش بەهەمان شێوەی ئاژەڵ بێ تەحەموول و بێ تۆلێرانسە. لیڤی پێی وایە ئەم دیاردەیە تەنانەت لەلای زۆرێک لە ئاژەڵە ماڵییەکانیشدا دەتوانرێ رەچاو بکرێ. ئەو تێڕوانینەکانی خۆی لەم دێڕانەدا دەخاتەڕوو:




کۆنراد لۆرێنس (١٩٠٣ – ١٩٨٩)

«زۆر ئاشکرایە هەرکات مریشکێک لە کۆمەڵەکەی خۆی دابڕێنرێ و تێکەڵی کۆمەڵێ مریشکی تازە بکرێ تا ماوەی چەندین ڕۆژ ئەو مریشکە لەلایەن مریشکە تازەکانەوە ئازار دەدرێ. هەمان شتیش لەناو مشک و مێشەنگ و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ئاژەڵانەی بەکۆمەڵ دەژین هەیە، مرۆڤیش جۆرە ئاژەڵێکە کە گرێدراوی کۆمەڵە. بەڵام ئەرکی یاسا مرۆییەکان ئەوەیە کە ئەو ئارەزووە ئاژەڵییانەی کە بوونیان هەیە کۆنترۆڵ بکات (Levi,1990.P.221.).



بەڵام بەبۆچوونی لۆرێنس ئەم غەریزەیە (Guggenbuhl,2000.P.21) لەلای ئادەمیزاد زیادەڕۆیی تیا کراوە و لەڕێڕەوی خۆی دەرچووە و شێوازێکی نامرۆڤانەی لەخۆگرتووە. بەشێوەیەکی دی مرۆڤ لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە ئەم غەریزەیە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا کۆنترۆڵ بکات و بیخاتە سەر سکەیەکی ئەوتۆ کە زیانی نەبێت یا گرێی بدات بەهەندێ لینکی دیکەوە کە بۆ مرۆڤایەتی زیانبەخەش نەبن.




پریمۆ لێڤی (١٩١٩ – ١٩٨٧)

د–باندورا: فێربوون لە دەورووپشتەوە

زۆر جار ئەوە دەبینین کە منداڵێکی هێمن پاش ماوەیەک تێکەڵبوون لەگەڵ هەندێ منداڵی بەدخوو شەڕانیدا ئەویش وەکو ئەوانی تری لێ دێت. یا منداڵێکی هێمن کە لە ماڵێکی پڕ ئاژاوەدا دەژیت و هەموو دەمێ گوێی لە هاوارو قیژەقیژو دەست وەشانی باوک و دایکێتی پاش ماوەیەک لەم حاڵەتە ئەویش زوو تووڕە دەبێت و دەس دەوەشێنێت و... هتد. رەنگە ئەم حاڵەتەش لەناو منداڵاندا شتێکی بەربڵاو بێت بەتایبەت ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان لەیەک جیابوونەتەوە.

ئەلبێرت باندورا لەساڵی (١٩٥٣)دا لەکاتی گەشەپێدان و داڕشتنی تیۆرییەک لەم بوارەدا گەیشتە ئەو رایەی کە هەندێ منداڵ لە ئەنجامی تێکەڵاوی کەسانی ترەوە فێری ئەم خەسڵەتە دەبن. بەپێی تاقیکردنەوەکانی ئەو هەندێ منداڵی ٣–٥ ساڵە لە کونێکەوە چاویان لە پیاوێکی گەورە دەکرد کە لە ژوورێکدا بوو پڕبوو لە یاری و بووکە شووشە. ئەو پیاوە رق و تووڕەیی خۆی بەسەر ئەو یارییانەدا دەباراندو ئەو منداڵانەش دەیانبینی چۆن ئەو پیاوە گەورەیە بەچەکوش دەیدا بەسەر بووکەشووشەکانداو دەیانیشکاند.

پاش ماوەیەک ئەو پیاوە خرایە دەرەوە و منداڵەکان کرانە هەمان ژوورەوە. ئەو منداڵانە لە بری ئەوەی یاری بەو بووکە شووشانە بکەن بەهەمان شێوەی ئەو پیاوە بەربوونە گیانی ئەو بووکانەو لە هەندێ حاڵەتیشدا لەو پیاوە زۆر خراپتر بوون. باندورا پێی وابوو ئەم جۆرە تووڕەبوون و رق و توندوتیژییە لە ئەنجامی تەماشاکردنی ئەو پیاوەوە بووە. بەشێوەیەکی دی دروستبوونی ئەم خەسڵەتە لەلای منداڵان لەئەنجامی فاکتەرە دەرەکییەکانەوە دێنە ئاراوە. مامۆستاکان بۆخۆیان لەم بوارەدا زیاتر لە هەموو کەسێک دەتوانن رۆڵی فاکتەرە دەرەکییەکان لە بزێوی و شەڕانیبوونی خوێندکارەکاندا ببینن.

یۆنسۆن و شێلڤێستێنس لە تاقیکردنەوەیەکدا کە ٢٢٢ منداڵی شاری ستۆکهۆڵم تیایدا بەشداربوون (Nilzon,1999.P.97)گەشتنە ئەو سەرئەنجامەی کەوا ٨٪ ی ئەو منداڵانە توندوتیژو شەڕانیبوون.






ئەلبێرت باندورا (١٩٢٥– )

ئەوان هۆکاری ئەم حاڵەتەیان بۆ دوو شت گێڕایەوە: یەکەمیان جۆری تێگەیشتن و تێڕوانینی ماڵەوە بۆ مەسەلەی توندوتیژی و چۆنێتی جڵەوکردنی ئەو حاڵەتە. دووەمیشیان بۆ چۆنێتی بیناکردنی خود یا "من" ی منداڵەکان.

هـ– مێشک و هۆرمۆنەکانی لەشی مرۆڤ

جڵەوکردنی هەست و نەستەکان لەلایەن لای راستی مێشکەوە ئەنجام دەدرێن. هەست و نەستەکان خۆیان بەشێکن لە سیستمی لیمبی کە ئەمیش لە ڕێگەی باندۆرە عەسەبییەکانەوە بە فەنکسیۆنە مەرکەزییەکانی ترەوە بەستراونەتەوە. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانەوە ئەوە روون بۆتەوە کەوا شەڕانیبوون پەیوەندییەکی زۆری بەمادەی 5-HIAA هەیە کە لەناو مێشکدا هەیە. بەشێوەکی دی پەیوەندییەکی

راستەوخۆ لەنێوان توورەبوون و هەندێ مادەی تایبەتی ناو مێشکدا هەیە.

هەندێ لێکۆڵینەوەی دیکە ئاماژە بەپەیوەندی نێوان ئەم خەسڵەتە و دەرکەوتنی هەندێ هۆرمۆنی تایبەت دەدەن. بەشێوەکی دیکە جۆرە جیاوازییەک هەیە لەنێوان هۆرمۆنەکانی توورەبوون و شەڕکردن و هۆرمۆنەکانی ئەو یارییانەی پێویستییان بە وزەیەکی زۆر هەیە.

## دووەم–ماڵەوە

بەشێک لە هۆکارەکانی هەراسانکردن پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەجۆری پەروەردەکردنی منداڵەکانمانەوە هەیە. ئێمە بە چ شێوەیەک منداڵەکانمان پەروەردە بکەین و باسی چ شتێکیان بۆ بکەین و چ جۆرە حیکایەتێکیان بۆ بگێڕینەوە، ئەوانیش کەم تازۆر لەژێر کاریگەری ناواخنی ئەو حیکایەتانەدا ژیان دەکەن. کەم نین ئەو منداڵانەی لە تەمەنی ساوایی خۆیاندا لە بری چیرۆکی خۆش و خوڵقێنەر دایبابەکانیان چەندین حیکایەتی پڕ مەترسی و ناتەندروستیان بۆ گێڕاونەتەوە. زۆر منداڵ بەدرێژایی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریش لەژێر کاریگەری ئەو رەهەندە پڕ مەترسییانەدا ژیان دەکەن کە لە منداڵی پێی ئاشنابوون. زۆر رووداوی ناو ئەو حیکایەتانە دەبنە مێردەزمەیەک کە منداڵ هەرگیز ناوێرێ لێیان نزیک بێتەوە.

بۆ نموونە تاریکی دەبێتە دوژمنێکی گەورەو مارو دێوو درنجیش دەبنە جانەوەرو مایەی هاتنەکایەوەی سەدەها خەوی ناخۆش. لێرەدا شایەنی باسە ئەو مەنهەجانەی ئێستامان (بەکتێبی ئاینیشەوە) پڕن لە جۆرەها بابەتی ئەوتۆ کە لە کۆتاییدا روحی شەڕو توندوتیژی بەرز رادەگرن و دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی ئەو روحە لەلای منداڵان.

هەندێک منداڵ تاوەکو ئێستاش لە تاریکی و مارو دووپشک و زۆر شتی دیکەش دەترسن و سڵیان لێ دەکەنەوە. چونکە کەس شەو و رۆژی وەکو پرۆسەیەکی سروشتی گرێدراو بەمەسەلەی سووڕانەوەی زەوییەوە بۆیان شی نەکردۆتەوە، بەڵکو شەویان بەدەیەها دەنگی ترسناک و شێوەی ئاژەڵی شاخدارەوە بۆ گرێداون. بۆیە کاتێ ئەو منداڵانە گەورەش دەبن هەر لە شەو دەترسن. تاوەکو ئێستاش کە باسی پرۆسەی شەو و رۆژ بۆ خوێندکارەکانم دەکەم خۆم سڵ لە شەو دەکەمەوە.



لێرەدا ئەوەش وەبیر دێنمەوە کە منداڵ لەناو گەڕەک و کۆڵان و ماڵەوەدا فێری دەستەواژە هەڕەمەکییەکان دەبێت، بەڵام کە دێتە قوتابخانە دەبێ فێری دەستەواژە زانستییەکان بێت (Lindqvist,1999). ئەم جۆرە دەستەواژانەش دواجار رۆڵی خۆی لەشیکردنەوەی ئەو حیکایەت و چیرۆکە مەترسیدارانە دەبینێت، بۆیە دەبێ قوتابخانە لەم بوارەدا رۆڵێکی بەرچاو ببینێت.

بەگەڕانەوە بۆ مەسەلەی حیکایەتی ترسناک دەتوانم ئەوە بڵێم کە هەندێ منداڵ لە ئەنجامی ئەو جۆرە ترسەوە هەندێ جار هەوڵ دەدەن توندوتیژی لەبەرامبەر ئەوی تردا (جا ئاژەڵ بێت یا مرۆڤ) بەکار بهێنن و هەندێ جاریش بۆ ئەوەی ئەوان ئەو ترسە لەلای خۆیان بڕەوێننەوە و ئەوەش بۆ بەرامبەرەکەیان بسەلمێنن کە ئەوان ناترسن، رادەی بەکارهێنانی ئەو توندوتیژییە بەرز دەکەنەوە و دەیگەیەننە ئاستێکی زۆر مەترسیدار یا وەک دەڵێن زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا دەکەن. خودی ئەم زیادەڕۆییە لەچەندین شێوەی جیاوازو لە کاتی جۆرەها گرفتدا دەردەکەون و دەشکرێ چەندین هۆکاری جۆراوجۆری لەپشتەوە بێت.

ئالان گوگنبویل پسپۆر لە بواری هەراسانکردن لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا (genbuhl,2000.p.80) Gugباس لە رووداوێک دەکات کە بەلای منەوە زۆر جێگەی سەرنجە، چونکە دەرککردن بەهۆکارەکانی ئەم رووداوە بۆ زۆرێک لە خێزانەکان (چ رۆژهەڵاتی و چ رۆئاواییش) رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت:

ئەو کاتەی ماڵی پیتەر لە گوندەوە بەرەو شار باری کرد ئەو خوێندکارێکی تەمەن دە ساڵە بوو. لە قوتابخانەدا بەشێوەیەکی سەیر هەڵسوکەوتی دەکرد، مامۆستاکانی پێیان وابوو پیتەر کەم پەیداو گۆشەگیرە. منداڵەکانی دیکە خۆیان لەو دوورەپەرێز رادەگرت و نەیاندەویست نزیکی بکەونەوە، بەڵام جاری واش هەبوو لەگەڵیدا بەشەڕ دەهاتن و لێشیان دەدا. دایکی پێی وابوو پیتەر لە پەیداکردنی هاوڕێدا سەختی بەدی دەکردو لەماڵەوەش زۆر پەسیف بوو. خوشکە گەورەکەی باڵندەیەکی (مورغی عیشق یا تەیری عیشق) بەدیاری بۆ کڕیبوو کە ببووە هەموو شتێک لە ژیانی پیتەردا. پیتەر بەئەندازەی هەموو دنیا باڵندەکەی خۆشدەویست و بەتەواوی خولیای ببوو.

پرسەیرترین رووداو لەم باسەدا ئەوەیە کە رۆژێک باڵندەکەی پیتەر بەمردوویەتی لەناو ژوورەکەیدا کەوتبوو. ئەم کارە بەتەواوی خێزانەکەی پیتەریان هەراسان کردبوو. تۆ بڵێی پیتەر کوشتبێتی؟ بۆ؟ چۆن؟.چۆن دەکرێ پیتەر خۆشەویستترین ئاژەڵ لەژیانیدا بکوژێت؟

دوای ئەم رووداوە پیتر لە قوتابخانە هەرچی دەهات خراپترو گۆشەگیرتر دەبوو. هەموو شتەکان بۆ ئەو وەکو یەکی لێ هاتبوو. لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بێدەنگی هەڵدەبژارد. جارجاریش تووڕەییەکی بێ ئەندازە لەناخیەوە هەڵدەقولاو هەرچی دەفتەرو پێنووسی هەبوو بەبێ هۆ دەیدڕاندو دەیشکاند. بەهەر حاڵ بەم شێوەیە مرۆڤ نەدەگەیشتە هیچ سەرئەنجامێک و بۆ قوتابخانەش زۆر ئەستەم بوو دەست بخاتە سەر هۆکارەکان، بۆیە بەمەبەستی سازدانی لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز قوتابخانە پەنای بردە بەر پەیوەندییەکی قووڵتر لەگەڵ ماڵەوەی پیتەردا .

سەرەتا ماڵەوەیان ئەوەیان پێ قبوڵ نەدەکرا کە پیتەر ناخی خۆی دەخواتەوە. دوای چەند دانشتنێک لەگەڵیاندا ئەوە روون بووەوە کە گرفتەکەی پیتەر لەگەڵ بارکردنەکەیاندا بۆ شار دەستی پێ کرد. لێرەدا دەکرێ بیر لە چەندین فاکتەر بکرێتەوە کە خۆیان لە جیاوازی (دیمەنەکان، تێڕوانینەکان، کار، پەیوەندییەکان... هتد) نێوان شارو لادێدا دەبیننەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەپیتەرەوە هەبوو شتێکی زۆر جودابوو.

خوشکە گەورەکەی رووداوێکی سەرنجڕاکێشی گێڕایەوە کە سەری زۆر دەزووی لە یەک جیا دەکردەوە. بەپێی قسەکانی ئەو رۆژێکیان شۆفێری پاسێک بانگی پیتەری کردبوو بۆ ئەوەی بێتە ناو پاسەکەوە و لەگەڵیا بچێتە گەراجەکەوە. بۆ ئێوارەکەی پیتەر بەتەواوی رووخابوو. بۆ رۆژانی دواتریش بەیەکجاری کشومات ببوو. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لەناو ئەو گەراجەدا دەبێ چ شتێک رووی دابێت. بەهەر حاڵ پاش ماوەیەک پۆلیس ئەو شۆفێرەی بەتاوانی دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر منداڵ دەستگیر کرد.

لەم گرفتەدا برێک هۆکاری دەروونی و هۆکاری شوێن و کات ببوونە هۆی ئەوەی پیتەر زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا بکات. بەهەمان شێوە ئەو هۆکارانە



ببوونە هۆی ئەوەی بەکاربردنی توندوتیژی بەئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەدا گوزەر بکات. زۆرجار کات و شوێن هەندێ گرێی نەبینراو دروست دەکات و تارماییەک دێنێتە ئاراوە کە سنووری نێوان هەندێک لە شتەکان لێڵ دەکات. بۆ نموونە سنووری نێوان شتە پۆزەتیڤەکان و نەگەتیڤەکان، سنووری پەسیڤ و ئەکتیڤی خودی منداڵ و هەندێ جاریش سنووری نێوان رەهەندەکانی بیرکردنەوەی منداڵ لێڵ دەبێت. یا هەندێک جار چۆنێتی بیرکردنەوە یا ریزبەندی بیرکردنەوەی ناو مێشکی منداڵ جۆرە شڵەژاوییەک بەخۆیەوە دەبینێت. گرفتەکەی پیتەر دەربڕی حاڵەتێکی سۆسیۆ-سایکۆ بوو کە لە گەردنی ئەوێکدا ئالا بوو کە توانای هەڵگرتنی نەبوو. بەشێوەیەکی تر ئەو خەمە گەورەیەی بۆ پیتەر دروست بوو زۆر لەوە گەورەتربوو کە منداڵێکی ١٠ ساڵەی وەکو پیتەر بتوانێ هەڵی بگرێ و رێگاچارەیەکی شیاوی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لێ بەتاڵ بکاتەوە.

ئالان گوگنبویل ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کەوا ئەم خێزانە لە ئاستێکی وادا نەبوون مەسەلەی دەستدرێژی سێکسی سەر منداڵەکەیان بەشێوەیەکی کراوە باس بکەن و لەڕێگەی راوێژکارێکەوە یا دەروون ناسێکەوە بەئاشکرا چارەسەر بکەن. ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی ئەوەی گرفتەکە زیاتر لەناو خێزانەکەدا پەنگ بخواتەوە. ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە بڕوانینە گرفتەکە دەتوانین بڵێین عاری نێوچەوانی هەموو خێزانەکە بەشێوەیەک لەشێوەکان کەوتبووە ئەستۆی پیتەر. بۆیە هەر کەسێکی دیکەش لەشوێنی پیتەر بوایە دەکەوتە بارودۆخێکی ئەوتۆ کە بیر لەوە بکاتەوە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو تاوانە لەنێوچاوانی خێزانەکەی بسڕێتەوە. بەڵام چۆن منداڵێکی ١٠ ساڵە دەتوانێ گرفتێکی تابوداری وەک سێکس چارەسەر بکات. بۆیە شتێکی سەیر نییە ئەم کارە کە سەراپا ژیانی خێزانەکەی شێواندبوو، رەنگدانەوەی بەسەر رەوشت و هەڵسوکەوتەکانی پیتەرەوە هەبووبێت.

من ئاڵۆزترین خاڵی ئەم گرفتە لە کوشتنی باڵندەکەی پیتەردا دەبینم. رەنگە هەندێک خوێنەر بەپێچەوانەی منەوە بیربکاتەوە و ئەم رووداوە لەئاست ئەو دەستدرێژیکردنە سێکسییەدا تاڕادەیەک بەهیچ دابنێت. بۆ تیشک خستنە سەر ئەم لایەنە بەپێویستی دەزانم دوو خاڵ یاداشت بکەم:

یەکەم: راستە حەدیسەکانی پێغەمبەر باس لەپێویستی میهرەبانبوونی مرۆڤ بەرامبەر بەئاژەڵ دەکەن، بەڵام لەهیچ قوژبنێکی جیهانی ئیسلامیدا (بەبەراورد لەگەڵ رۆژئاوادا) ئەو میهرەبانییە بەدی ناکەین. رۆژانە چەنددین باڵندەو ئاژەڵ راو دەکەین و سەردەبڕین و زۆر جاریش بەشێوەیەکی بێڕەحمانە دەیانکوژین. نەک هەر ئاژەڵ بەڵکو زۆر جاریش جەستەی مرۆڤ بەشێوەیەکی وا ناشیرین دەکەین کە وامان لێ بکات بیر لەئاژەڵ هەر نەکەینەوە. بۆیە کوشتنی ئەو باڵندەیە بۆ خوێنەر هیچ گرفتێکی گەورە ناگەیەنێت. بەڵام من پێم وایە کار بگاتە ئەوەی پیتەر باڵندەکەی خۆی بکوژێت کارەساتێکی گەورەیە. بۆ؟

دووەم: پیتەر لە کۆمەڵگایەکی رۆژئاواییدا دەژێت کە پەیوەندی تاکەکانی لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەدا پەیوەندییەکی پڕ لە میهرەبانییە. ئاژەڵ بۆ زۆرێک لەوان (لەبەر زۆر هۆکاری مەنتیقی کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە) شتێکی گەورە دەگەیەنێت. پەیوەندی نێوان منداڵان و ئاژەڵەکان پەیوەندییەکی قووڵەو باندورێکی پڕ لە خۆشەویستی هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆیە بەبێ بوونی گرفتێکی یەکجار گەورەو تاڕادەیەک کارەسات ئامێز مەحاڵە منداڵێک دەستی بچێتە باڵندەکەی خۆی.

رۆژێکیان لە منداڵێکی ٩ ساڵەی کوردم پرسی: کێت زیاتر خۆش دەوێ، دایک و باوکت یا پشیلەکەت؟ لەوەڵامدا وتی: یەکەم پشیلەکەم دواتر دایکم و دواتریش باوکم. ئەگەر منداڵێک پشیلەکەی لەدایک و باوکی خۆشتر بووێت و دەستی لەو پشیلەیە بچیت و بیکوژێت تۆ پێشبینی چی دەکەیت؟ ئایا ئەمە نیشانەی کارەسات نییە؟

منداڵ لە بارودۆخێکی لەم بابەتەدا هەوڵی ئەوە دەدات توندوتیژی بەرهەم بێنێت و ئاراستەی لایەکی بکات. هەندێ جار توندوتیژییەکی بێ سەروبن ئاراستەی یەکێکی تر یا خودی خۆی دەکات. ئەنجامی هەندێک لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا کە هەوڵی خۆکوژییان داوە و سەرکەوتوو نەبوون ئەوە دەردەخەن کە هەندێکیان لە بری ئەوەی کەسێکی تر بکوژن کە خۆشەویستە بەلایانەوە خۆیان دەکوژن. بۆیە من زۆر پێم خۆش بوو کە پیتەر لە بری ئەوەی خۆی بکوژێ باڵندەکەی کوشت.

ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بەماڵەوە هەیەو لێرەدا دەمەوێ یاداشتی بکەم کەش و



هەوای نێو خێزانەکانە کە راستەوخۆ کاریگەری باش یا خراپ بەسەر منداڵەکانەوە بەجێ دێڵن. هەندێ جار پەیوەندی نێوان ژن و مێرد زۆر خراپەو هەموو جۆرە ناهاوکارییەک لەنێوان ئەواندا دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەوان و قوتابخانەکان لەلایەک و لەنێوان ئەوان و منداڵەکانی خۆیان لەلایەکی دیکەوە (Lorentzo,1999). بەشێوەیەکی دی ئەو جارانەی شەڕو هەرا لەنێوان ژن و مێردا بەرقەرار دەبێت لانکەی منداڵیش تێکدەچێت و ئەو ئارامییەی منداڵ پێویستی پێی هەیە دەبێ بەهەڵم و لەئاسماندا ون دەبێت. مۆنیکا فارمان Monica Fahrman لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکات ئەو منداڵانەی لە خێزانێکی پڕ ئاژاوەدا لەدایک بوون یا تووڕەیی باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێو خێزانەکەدا کێشاوە، ئەو منداڵانە تووشی ئازارێکی راستەوخۆی دەروونی دەبن. هۆکاری کێشەو ئاژاوەی نێو ئەو خێزانانەش زۆرن، بۆ نموونە: بێ کاری، کەم دەرامەتی، تەنگی جێگەی ژیان، مەی خواردنەوە، مادە بێهۆشکەرەکان، خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تێڕوانینی دایباب بۆ منداڵەکە کەوا ئەو منداڵە رەزا قورسە، یا سەری بەخێر نەبووە یا بەهۆی لەدایکبوونی ئەوەوە کە پلان داڕێژراو نەبووە یا بەهەڵە لەدایک بووە ئەوان تووشی چەندەها گرفت بوون،... هتد (Fahrman,1993.p.62).

ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی دایبابەکان منداڵەکانیان پشتگوێ بخەن و پێداویستییەکانیان دابین نەکەن و هەمیشە بەگرفتەکانی خۆیانەوە گرفتار بن. ئاژاوەی نێو خێزانەکان هۆکارێکی راستەوخۆیە بۆ خراپەکاری و شەڕانیبوون و گۆشەگیری منداڵان. ئەوەی ئەم بارودۆخەی خراپتر کردووە ئەوەیە لەبەر بێ جێگەو رێگەیی زۆربەی شەڕو ئاژاوەکان بەبەرچاوی منداڵەکانەوە قەرار دەگرن و منداڵ لەو ئاژاوانە زیاتر لە کۆدێک وەردەگرێ کە دواتر لەژیانی خۆیدا زیاتر لەلایەنێکی نێگەتیڤ دەبزوێنێت.

یەکێک لەو کۆدانەی لەکاتی دەست بەرزکردنەوەی باوکیدا فێری دەبێت دەسەڵاتی باوکسالارییە کە وەکو نۆرمێکی ژیان پابەندی دەبێت. ئەم کۆدە دواتر فێری بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی دەکات. کۆدێکی دیکە ئەوەیە کە شەڕکردن یا

بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان ڕێگاچارەیەکی ئاساییە چونکە باوکی خۆی زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک پەنای بۆ بردووە. منداڵ دواتر ئەم ڕێگاچارەیە لەناو قوتابخانەدا پیادە دەکات بەبێ ئەوەی تێگەیشتنێکی بۆ ئەوە هەبێت کە مرۆڤ دەکارێ پەنا بۆ ڕێگاچارەی دیکە ببات.

تەواوی ئەم بارودۆخە شێواوەی ماڵەوە دەبێتە هۆی شێواندنی کەسایەتی منداڵ و دوچاری چەندین کێشەی دەروونیشی دەکات. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا تا ئێستا نەیتوانیوە ڕێگاچارەی تەندروست بخاتە بەردەستمان بۆیە پەنابردنە بەر توندوتیژی لەلای گەورەکان و منداڵەکانیش شتێکی شیاو و بەربڵاوە.

دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم لێدانی دایک بەبەرچاوی منداڵەوە مانای تێکشکانێکی دەروونی سەخت دەگەیەنێت چونکە دایک گەورەترین قەڵغانە کە پارێزگاری لە ئێستاو داهاتووی منداڵ دەکات. ئەمە تەنها بۆچوونی دایکەکان نییە بەڵکو ئەمە هەستێکی ئاشکرای منداڵانە کە هەموو توێژینەوەکان پشتیوانی لێ دەکەن. ماریتا لیندالٰ Marita Lindahl لەزانکۆی گۆتنبۆرگی سویدی گەشتێکی زۆر باشی بەناو زۆرێک لەو سەرچاوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە مەیدانییە گرینگانەدا کردووە کە لە ڕۆژئاوادا تۆمار کراون و نووسراون و توانیویەتی سەرئەنجامەکانیان لەو کتێبەدا بخاتە ڕوو .Lindahl,1998.

بۆیە لێدانی دایک دەبێتە هۆی لاوازبوونی «من» لەلای منداڵ. ئەم لاوازبوونەش هەندێ شتی خراپ لەلای منداڵ دەخاتەوە وەکو ترس لەوانی دیکە، خەمۆکی، چاو هەڵنەهاتن بەڕووی ئەوانی دیکەدا،.. هتد.

بەپشت بەستن بەبۆچوونەکانی فرۆید دەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو کە هۆکاری هەندێ گرفت لەلای مرۆڤ لەژیانی منداڵییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر لەکۆتایی ئەم ڕستەیەوە دەست پێ بکەین دەتوانین بڵێین ئەو گرفتانەی نێوان دایبابەکان کە لەسەرەوە باسمان کرد کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بەسەر کەسایەتی و ڕەوشت و ئاکاری ئەو منداڵانەوە دەبێت. بۆیە لەکاتی گەورەبوونی ئەو منداڵانەدا دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی ئەوان. لێرەدا نامەوێ هەموو گرفتەکان بۆ ئەو هۆکارە بگەڕێنمەوە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە بەشێکی تاڕادەیەک زۆری ئەو



ئاکارانە پەیوەندییان بەبواری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

تا ئەو پەیوەندییە سەرەتاییەی نێوان منداڵ و دایک بەهێزتر بێت ژیانی ئەو منداڵە تۆکمەتر دەبێت، چونکە بەهێزبوونی «من» لەلای منداڵ مانای بەهێزبوونی کەسایەتی ئەوە کە بەدرێژایی تەمەن کاری لەسەر دەکات. بۆیە لاوازبوونی کەسایەتی منداڵ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپەیوەندی نێوان خۆی و دایکیەوە هەیە. ئەم پەیوەندییە بەڕادەیەک گرینگە دەروونناسی منداڵ وینکۆت پێی دەڵێ «Good Enough Holding Environment».

لە بەرامبەر پرسیارێکدا کە ئایا لەماڵەوە لێتان دەدەن (خشتەی ١١) ئەوەم بۆ دەرکەوت کە نزیکەی ٪ ٦٧ ی خوێندکاران لە ماڵەوە لێیان دەدەن. بەڵام کوڕان زیاتر لێدەدرێن تا کچان. بەشێوەیەکی دی نزیکەی ٪ ٧٦ ی کوڕان لەماڵەوە لێدەدرێن بەڵام تەنها ٪٥٦ ی کچان لێدان دەخۆن.

خشتەی ژمارە ١١

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ١٤٥ | ٢٤,٢ | ١٨٤ | ٤٦,٠ | ٣٢٩ | ٣٢,٩ |
| هەندێ جار | ٢٩٥ | ٤٩,٢ | ١٤٤ | ٣٦,٠ | ٤٣٩ | ٤٣,٩ |
| زۆرجار | ١٦٠ | ٢٦,٧ | ٧٢ | ١٨,٠ | ٢٣٢ | ٢٣,٢ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |
| ئایا لە ماڵەوە لێت دەدەن؟ | | | | | | |

ئازاردانی جەستەیی لەنێو خێزانەکاندا

بەڵام ئامرازو شێوازەکانی لێدان لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە جیاوازی هەیەو بەم پێیەش کاریگەرییەکانی بەپێی ئەو ئامرازو شێوازانە جیاوازی هەیە. زۆرێک لە خوێندکاران باسی نەعل و سۆندەو دەست و شەق و زللەیان دەکرد. لەپاڵ ئەمانەشەوە چ کچان و چ کوڕانیش باسی جنێودان و قسەی ناشیرینیشیان دەکرد.

مرۆڤ وا هەست دەکات خوێندکارە گەورەکان زۆر کەمتر لە مرۆڤە بچکۆلەکان

هەراسان دەکرێن، بەڵام راپۆرتێکی رێکخراوی (POW) ئەوە دەسنیشان دەکات کەوا ٦٣٪ ی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی شاری هەولێرو دەوروبەری لە ساڵی (٢٠٠٦) دا لەماڵەوە ئازار دەدرێن و توندوتیژییان بەرامبەر بەکار دەهێنرێت (خوێندنی لیبراڵ، ژ ٦٦).

## سێیەم – دزیکردن

ژنێکی گەنج لەشاری سلێمانی باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە ئەو چەند لەگەڵ منداڵەکانیدا میهرەبانەو چۆن بەقسەی خۆش هەموو شتێکیان پێ دەڵێ و بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرن و پەروەردەیی منداڵەکانی خۆی پەروەردە دەکات. لەم کاتانەدا یەکێک لە منداڵەکانی (چوار ساڵ) باسی ئەوەی کرد کە چۆن دایکی دەستی داخ کردووە. داخکردنەکەی بەشێوەیەکی نامیهرەبانانەی ئەوتۆ ئەنجامدرا بوو کە مرۆڤ لەوێوە دەتوانێ تەماشای ئەو توندوتیژییە فرە رەهەندییەی ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە بکات.

لەبەر ئەوەی (پ) تەمەن چوار ساڵان بەقسەی دایکی نەکردبوو چووبووە گەڕەک، دایکی دەستی گرتبوو خستبوویە سەر سۆباکە. بەڵام دایکی ئەوەشی خستە سەر کە هۆکاری تریش لەپشت ئەو داخکرنەوە هەبووە ئەویش لەبەر ئەوەی کوڕەکەی پارەی دزیبوو. من لێرەدا هێندە بەگرینگی نازانم وردەکارییەکانی ئەو دزییە بخەمە روو لە بری ئەوە بەشێوەیەکی گشتی لەو دیاردەیە دەدوێم.

دزی ئەوەندەی گوزارش لە پێداویستییەکی منداڵ دەکات ئەوەندە گوزارش لەدیاردەیەکی دزێوو ناشیرین ناکات. هەموو ئەو منداڵانەی لە وشیارییەوە دزییان کردووە و لەوەش تێگەشتوون کە دزی شتێکی خراپە، بەئەگەری زۆریش ئەوانە ئەو منداڵانەن کە پێداویستییەکانیان پڕ نەکراوەتەوە. بەشێوەیەکی دیکە کاتێ منداڵ دزی دەکات بۆ خۆشی نایکات بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پێداویستییەکی خۆی پڕ بکاتەوە. هەندێ جار ئەو پێداویستییە ماددییە، بۆ نموونە کڕینی پێنووسێک، یارییەک، خواردەمەنییەک، کتێبێک... هتد. لەم بوارەشدا هەندێ جار منداڵ خۆی هێندە حەزی لەو شتە نییە بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوڕێکانی ئەو شتەیان هەیە بۆیە ئەمیش دەیەوێ لەنێو ئەواندا نەشکێتەوە. بەڵام هەندێ جار پێداویستییەکی دەروونی پاڵ



بەمنداڵەوە دەنێت دزی بکات کە زۆر لەپێداویستیە ماددیەکە گرینگترە. خاڵێکی گرینگ کە دەمەوێ لێرەدا یاداشتی بکەم بەراوردی تێگەیشتنی منداڵ و دایبابەکانە لە بەرامبەر دزیکردندا.

پێم وایە گەورەکان زۆرجار هیچ جۆرە تێگەیشتنێکیان لەم بارەیەوە نییە. بەشێوەیەکی دی ئەوان نایانەوێ لەوە بکۆڵنەوە بۆ منداڵەکەیان دزی دەکات و چ فاکتەرێک پاڵی پێوە دەنێت ئەو کارە ناشیرینە ئەنجام بدات، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوانەوە زۆر گرینگە تەنها ئەوەیە کە دزی زۆر عەیبەو منداڵ دەبێ لەسەر ئەوە هەموو سزایەک بدرێ.

من نازانم (پ) بۆ ئەو دزییەی کردبوو، بەڵام دەبێ هۆکارێک لەپشت ئەو کارەوە هەبووبێت. من پێم وایە ئاخافتن لەگەڵ ئەم منداڵەدا و وردبوونەوە لەو هۆکارانەی کە وای لێ کردبوو دزی بکات، کاریگەرییەکی زۆر باشتری هەیە وەک لەوەی دەستی بخەینە سەر سۆبایەکی گەرم. هەندێ منداڵی دیکەش باسی حاڵەتی لەم بابەتەیان بۆکردووم و نامەیان لەو بارەیەوە بۆ نووسیوم.

هەندێ جاریش منداڵ ئەو کارە لە بێئاگاییەوە دەکات و ناشزانێت چی کردووە. لەلایەکی ترەوە ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە قسەکردن توانایەکی سیحراوی هەیە لە چارەسەرکردنی زۆر گرفتی گەورەدا، لەوانەشە ئەو سیحرە خۆی لەناو ئەو وشانەدا مەڵاس دابێت.

لەکاتی قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا دەبێ گەورەکان لە هەڵبژاردنی وشەکاندا زۆر زرینگبن. چ وشەیەک یا رستەیەک بەکار دێنیت و چۆن و بە چ تۆنێک دەیڵێیت و سەرو سیمات لەکاتی ئەو قسەکردنانەدا بە چ شێوەیەک دەردەکەوێت: تووڕە، هێمن، ئارام،... هتد. من هەمیشە بەهاوکارە ئەوروپاییەکانم دەڵێم بەشێک لەئێوە لەکاتی رێنماییکردن یا قسەکردن لەگەڵ ئەو خوێندکارانەدا کە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە یا شەڕیان کردووە، بەشێوەیەکی زۆر هەڵە سەرو سیمای خۆتان دەردەخەن و تۆنێکی هەڵەش لەکاتی قسەکردنەکانی خۆتاندا بەکار دێنن. بەشێوەیەکی روونتر دەمەوێ بڵێم هەندێک مامۆستای ئەوروپایی لەکاتی قسەکردن لەگەڵ خوێندکارێکی لەم بابەتەدا دەم بەپێکەنین دەبن یا دەست دەکەنە ملی خوێندکارەکەو زۆریش

بە«نەرمی» لەگەڵیدا قسە دەکەن. کاریگەری نێگەتیڤانەی ئەم جۆرە ئاخاوتنە ئەوەیە ئەم منداڵە هەرگیز هەست بەوە ناکات کە ئەو هەڵەیەکی کردووە.

وەکو مامۆستا یا هەر گەورەیەکی دیکە دەبێ پێشکات مەبەستێک لەو ئاخاوتنە بۆ خۆت دیاری بکەیت. ئەگەر دەتەوێ ئەو منداڵە لەکردارێکی هەڵە ئاگادار بکەیتەوە و پێی رابگەیەنیت کە نابێ جارێکی دی ئەو کارە دووبارە بکاتەوە ئەوە دەبێ ئەو داواکارییە لە سەروسیماتدا رەنگ بدەنەوە. پێکەنینی تۆ مانای ئەوە لەلای منداڵ دەگەیەنێت کە تۆ لەو رازیت و هیچ جۆرە نیگەرانییەکت لەو نییە. بەپێچەوانەشەوە کاتێ خۆت نیگەران دەردەخەیت یا دەموچاوت چرچ و لۆچی تێ دەکەوێت یا رووت گرژ دەبێت ئەوە بۆ منداڵ ئەوە دەگەیەنێت تۆی گەورە لە کردارێکی ئەو زۆر نیگەرانیت.

هەندێ جار کە خوێندکارێکی دیاریکراو یا هەر منداڵێکی دیکە کارێکی ناوێڵ دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستاکەی یا دایبابەکەی قسەی لەگەڵدا دەکات، من دوای ئەوە دەمەوێ ئەوە تاقی بکەمەوە کە ئایا ئەو منداڵە لەوە تێگەیشتووە کە ئەو کارێکی وا هەڵەی کردووە یا نا. هەندێ جار پرسیارەکەم ئاوا ئاراستە دەکەم: لەگەڵ فڵانە مامۆستا یا لەگەڵ دایک و باوکت باسی چیتان کرد؟

هەندێک لەوەڵامەکان نیشانەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ئەو ئاخاوتنانە هیچ کاریگەرییەکی نەبووە. هۆکاری ئەمەش زۆرن، بەشێک لەو هۆکارانە: هەڵبژاردنی وشەی ناکاریگەر، پێکەنین لەکاتی ئاخاوتندا، سەروسیمایەکی ناگرژ... هتد.

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا یاداشتی بکەم ئەوەیە ئێمە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتێک پێویستمان بەتووڕەبوون و هەرا هەرا نییە. چونکە منداڵمان ترساند ئیدی ئەو (زۆرجار) ئامادە نییە راستییەکان بدرکێنێت و ئاخاوتنەکانی ئێمەش مەبەستەکانمان ناپێکن.

لەهەمبەر گرێدانی دزیکردنی منداڵ بەپێداویستییە دەروونییەکانی خودی منداڵەوە پێم خۆشە رووداوێک بخەمە روو کە باوکێک لە کەرکووک بۆی گێڕامەوە:

«کچەکەم رۆژێکیان دزی کردبوو. پارەکەی بۆ خۆشی خەرج کردایە باش بوو بەڵام بۆ هاوڕێکانی خەرج کردبوو، بۆیە منیش لێم دا».



ئەم گرفتە بۆ من لەزیاتر لەلایەکەوە جێگەی سەرنج بوو بۆیە لە رێگەی پرسیارکردنی زیاترەوە گەشتمە هەندێ زانیاری زیاتر کە رۆڵی گرینگیان لە تێگەیشتن لەو رەفتارەدا هەبوو. ئەم منداڵە هەستی بەبێکەسییەکی زۆر دەکرد. پەیوەندی نێوان دایک و باوکی زۆر باش نەبوو. بەڵام لە قوتابخانەو گەڕەکدا هەست بەمە نەدەکرا.

من لەزۆر جێگەی تردا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە گرژی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر منداڵ بەجێ دێڵن. منداڵ لەکاتی ئەو دەمەقاڵێیانەدا هەست بەبێزاربوونێکی یەکجار زۆر دەکات بەبێ ئەوەی ئەو هەستە دەربڕێت. من نازانم پەیوەندی ئەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا چۆن بووە؟ ئایا هاوڕێی زۆر بووە یا نا؟ بەڵام ئەوەم لەباوکییەوە زانی کە لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانیدا وردە وردە وەکو هەموو منداڵکی دیکە شەڕی دەکردو تا دەهاتیش لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت هاوڕێکانی کەمتر دەبوونەوە.

لەو ئاخاوتنە کورتەی لەگەڵ خودی منداڵەکەدا کردم هەندێ شتم بۆ روون بووەوە: ئەو منداڵە بەڕاستی بێزار بوو بەڵام دانی بەوەدا نەدەنا. لەگەڵ هاوڕێکانیدا تەواو نەبوو هەستی بەبێ هاوڕێتی دەکرد. لەکاتێکدا ئەو پێویستی بەزۆرترین هاوڕێ هەبوو بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو بێ تاقەتییە بکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە گرژاوییەی نێوان باوک و دایکییەوە دروست ببوو کەچی هاوڕێکانی ئەم تا دەهات کەمتر دەبوونەوە.

تێڕوانینی من ئەوەیە بەشی زۆری هۆکارەکانی ئەو بێتاقەتییە خۆی لەو پەیوەندییە گرژەی نێوان باوک و دایکیدا دەبینییەوە. بۆ راکردن لەو حاڵەتە ئەو منداڵە پێویستی بەخۆخەریکردن هەبوو، پێویستی بە هاورێی هەبوو، پێویستی بەوە هەبوو کەسانێک بایەخی پێ بدەن و هەستەکانی بدوێنن.. هتد. بۆیە ئەو پارەیەشی بردبوو بۆ ئەوەی شت بۆ هاوڕێکانی خۆی بکڕێت و دڵی ئەوان رازی بکات بۆ ئەوەی زۆرترین هاوڕێی هەبێت و زۆرترین کات خۆی مەشغوڵ بکات. بۆیە لێدان و تووڕەبوون لەم جۆرە حاڵەتانەدا چارەسەری هیچ یەکێک لەو گرفتانە ناکات کە ئەو منداڵە پێوە دەناڵێنێ و چارەسەرێکی تەندروستیش نییە بەرامبەر بەو هۆکارانەی وای لەو منداڵە کرد کە

دزی بکات. ئەو منداڵە جۆرە پێداویستییەکی هەبوو بەداخەوە دایک و باوکی نە لێی تێگەیشتبوون و نەبۆشیان دابین کردبوو چونکە بەگرفتەکانی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون. بۆیە هەر کات منداڵەکەت دزی کرد مانای ئەوە نییە ئەو کەسێکی خراپەو مانای ئەوەش ناگەیەنێت تۆش وەکو دایباب پێویستت بەوەیە لێی بدەیت. نا لێدان هەرگیز چارەسەری ئەو گرفتە ناکات بەڵکو هەوڵ بدە لە پێداویستییەکانی تێبگەیت و قسەی لەگەڵ بکەیت. نابێ ئەوەشت لەبیر بچێت کە زۆرجار گوناهی دزیکردن دەکەوێتە ئەستۆی دایبابەکان یا ئەوان هۆکاری راستەوخۆی ئەو کردەوەیەن.

## چوارەم- کولتوورێک لە توندوتیژی

توندوتیژی بەیەکێک لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای ئاسیایی دەژمێردرێت. ئەم کۆمەڵگایە لە رێگەی توندوتیژییەوە توانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆی بنیاد بنێت و درێژە بە بەرهەمهێنان بدات. بەدرێژایی مێژووش ئەم توندوتیژییە بەرهەم هێنراووتەوە، بۆیە توندوتیژی لەناخی هەر یەکێکی رۆژهەلاتیدا چێنراوە. زۆر لە دیاردەکانی ئەم کۆمەڵگایانە ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ ئەو پەروەردە ناتەندروستەی گەورەکان پیادەی دەکەن. زۆر جار لەم کۆمەڵگایانەدا بەشێوەیەکی توندوتیژی ئەوتۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵەکاندا کە رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەوانیش لە داهاتوودا بتوانن هەمان توندوتیژی بەرهەم بێننەوە و زۆر جاریش لەهەمان بەرگ و فۆرمدا . ئەوەی جێگەی سەرنجە وڵاتە تاڕادەیەک پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵات فۆرمەکانی ئەو توندوتیژیە دەگۆڕن و ناوی ریفۆرمی لێدەنێن.

پێوەرەکانی پیاوبوون یا گەورەبوون کە تا ئێستاش لە بەشێکی گەورەی وڵاتەکەماندا کاری پێ دەکرێت پڕن لە تارمایی توندوتیژی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگایەکی ناتەندروست. بەهەمان شێوەش پێوەرو نۆرمەکانی ژنبوون، منداڵ بەئاراستەیەکدا دەبات کە لە پێناوی کۆمەڵگایەکی نایەکسان و پڕ لە نادادوەریدا بەجیدی کار بکات. هەموو ئەمانە وا لەمنداڵ دەکەن لەسەر بناغەیەکی پتەو رانەوەستێت و بەبێ بەڵگە کار بکات. بەهەمان شێوە هەرکات گرفتێکی پێ چارەسەر نەکرا راستەوخۆ پەنا دەباتە بەر یەکێک لە فۆرمەکانی توندوتیژی. ئەم



شێوە کارەی تاوەکو ئێستا گەورەکان کاریان پێ کردووە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو دەرئەنجامە خەتەرەی کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ پێی گەیشتووە.

زۆر جار منداڵ ئێمە منداڵ فێری شەڕ، تیغبازی، لێدان، شکاندنەوەی بەرامبەر، دان نەنان بەوی تردا، دەکەین. فێری ئەوەی دەکەین چۆن برسی و تینوو بێت بۆ ئەوەی لە رۆژگارە سەختەکاندا ورەی بەرز بێت. فێری دڵڕەقی دەکەین بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیار بدات،...هتد. هەندێکمان زۆر جار شایەتحاڵی ئەوە بووین کاتێ لە منداڵێکیان داوە یا ئازارێکی سەختیان پێ گەیاندووە لەهەمان کاتدا داوای ئەوەشیان لێ کردووە کە دان بەخۆدا بگرێ و دەست بەگریان نەکات چونکە پیاو ناگرێت.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کەسی هەراسانکەر توندوتیژییە. بەڕای زۆر کەس توندوتیژی هەراسانکەر شتێک نییە زگماک بێت، بەڵکو لە ژینگەو دەوروبەرەکەیەوە وەری دەگرێ. ئەو کەسانەی لەدەوری منداڵ کۆبوونەتەوە دەتوانن رۆڵێکی باش لەکاڵبوونەوەی ئەو توندوتیژییەدا ببینن. دان ئولڤیۆس پێی وایە کاتێک گەورەکان منداڵان بەلێدان و سزادان پەروەردە دەکەن بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلای منداڵ دادەنێن. ئولڤیۆس ئەو ئەمەی لەژێر دەستەواژەی (پەتای کۆمەڵایەتی) دا کۆکردۆتەوە .(Eriksson,2002.P.40)

منداڵ ئەم نۆرمانە راستەوخۆ وەردەگرێ و بەپێی گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی مێشکی (شێماکان) لێکی دەداتەوە و دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆ ئەوەی ببێتە پیاو (پیاو بەمانای یەکێکی سەربەست و ئازاد، ئازاد بەمانای ئەوەی هەرشتێکی بوێ دەتوانێ بیکاو دەکارێ سنووری هەندێ لە شتە تابوکراوەکانیش ببەزێنێت) دەبێ بەقۆناغێکی پڕئازاردا و ژاندا تێپەڕ ببێت. منداڵ ناتوانێ زیاتر لەوەندە بیر بکاتەوە، چونکە بەپێی پرۆسەی assimilation & accommodation تا ئەو تەمەنەش منداڵ زانیارییەکانی ناو مێشکی لەبەر رۆشنایی ریتوال و نەریت و ریتمەکانی دەوروبەری ئۆرگانیزە دەکات. منداڵ تا نەگاتە قۆناغی ناوەندی توانای بەرجەستەکردنی فاکتەرە ئەبستراکتەکانی نییە (پیاژێ). بۆیە ئەم نۆرمە توندوتیژئامێزانەی گەورەکان دەبنە پێوەرێک بۆ داهاتوو لە تەمەنێکی گەورەتریشدا

بەشێوەیەک لە شێوەکان زیندوو دەبنەوە یا بەلایەنی کەمەوە ئەگەری دووبارە زیندووبوونەوەیان یەکجار گەورەیە. ژیانی ئێمەی گەورە گەواهییەکی زۆر روونە بۆ بەرجەستەبوونی ئەم دیاردەیە لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنی منداڵدا.

لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ئیدی مرۆڤ خولیای نوێژکردن و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە شتە سیحراوییەکانی ئاینی ئیسلام لەلای گەشە دەکات. بەتایبەت لەلادێکاندا زیاتر ئەم مرۆڤە بچکۆلانە لەم ریتوالانە نزیک دەبنەوە. من لێرەدا باس لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە ناکەم بەڵکو باس لە کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە (بەسەر منداڵانەوە) دەکەم.

کاتێ دەروێشێک سیخێک یا زەرگێک بەملی خۆیدا، یا بەگۆنای خۆیدا، یا بە سکی خۆیدا دەکات و خوێنی لێ دەتکێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت ئیسلامبوون و رادەی پەیوەستبوونی خۆی بەئاینەوە بسەلمێنێت، دەیەوێ پەیامێکی پیاوانە بەدەوروپشتەکەی بگەیەنێت کە پیاو دەبێ بەرگەی توندوتیژی بگرێت و ئەوەی ئیمانداریش بێت دەتوانێت لەو توندوتیژییە دەرباز بێت.

ئەم سێرمۆنییە ئاینییانە لە سەردەمانێکدا لە زۆربەی گەڕەکەکاندا بەبەرچاوی منداڵانەوە ئەنجامیان دەگرت. من لەمنداڵی خۆمدا لە هەموو مزگەوتەکانی شۆریجەو رەحیماواو ئیسکان و تەکیەکەی حەمەی شێخ عەبدولکەریمدا چەندین جار بینیومن. من کارم بەسەر ئەوەوە نییە ئەم سێرمۆنییە چەند دەروێشێک لەخواوە نزیکت دەکاتەوە یا نا، بەڵام ئەوەی بۆ من گرینگە ئەوەیە چەند منداڵێک دەخاتە رارایییەوە و چەند لەبەرامبەر داهاتوودا نیگەرانی دەکات. چەند ئەم کارەی دەروێشەکان توندوتیژی لەلای منداڵەکان دەکاتە شتێکی پیرۆزو چەند ئەوە بەرجەستە دەکات لەلایان کەوا دەبێ لەکاتی گەورەبوونی خۆیاندا بەشداربن لە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیدا.

ئەم کارە بەشێوەیەک یا بەشێوەیەکی دیکە توندوتیژی زۆر پیرۆز رادەگرێ و منداڵان هان دەدات پیادەی بکەن جا ئیدی لەو فۆرمەدا بێت کە دەروێشەکان پیادەی دەکەن یا لە هەر فۆرمێکی دیکەدا کە لە کۆمەڵگادا باوە. خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە منداڵ ناتوانێ لە هەموو تەمەنەکاندا جیاوازی لەنێوان هەموو فۆرمەکاندا بکات



بەتایبەت لە فۆرمە ئەبستراکتەکان. بۆیە ئەم سێرمۆنییە بەشدارییەکی زۆری هەیە لە سەپاندنی توندوتیژی لەناو ئەندامەکانی کۆمەڵگادا.

من تا قۆناغی ناوەندیشم تەواوکرد لەناو ئەو ئاهەنگ و سێرمۆنییانەدا گەورەبووم و هەموو شەوی هەینییەک لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا تەماشامان دەکرد. گرینگترین شتێک بەلامانەوە ئەوەبوو چۆن ئەو سیخانە دەروێشەکان ناکوژن. هەر ئەمەش بوو وای لێ دەکردین لەدەوری ئەم سێرمۆنییەدا کۆببینەوە و هەندێکمان لەژێر کاریگەری ئەم ریتواڵە ئاینییەدا دەستمان بەنوێژکردن کرد. من تاوەکو ئێستاش کە گۆشت لەشیش دەدەن و تکە دەبرژێنن هەموو ئەو دیمەنە بێ تامانەی دەروێشەکانم بیر دێنێتەوە.

یەکێک لەو کۆمپۆزیستۆرە کوردانەی تاوەکو ئێستاش لەژێر کاریگەری ئەو ریتوال و سێرمۆنییانەدا (مەراسیمی ئاینی) دەژیت ئەنوەر قەرەداخییە کە بەم جۆرە گوزارشت لەو حاڵەتە دەکات (سەعید، ٢٠٠٢, ل. ١٤–١٦):

«کە بەهار رووی تێ دەکردین شمشێر لەخۆدان و سەربڕینی دەروێشەکان دەستی پێ دەکرد. هەموو ئەمانە بۆ من ترسناک بوون بۆیە بەرەو دەشتی پان و بەرینی هەڵەبجە رامدەکرد. لەو دەشتە کنگرێکی یەکجار زۆر هەبوو. ئەو ترسەی لە ناخمدا هەبوو هەموو ئەم سیمبۆلانەی بەیەکەوە دەبەستەوە: بەهار، دەروێش، کنگر، دەف... هتد....

لێتان ناشارمەوە کە تا ئێستاش هاتنی دەروێش ترس لەلام زیندوو دەکاتەوە.... ئەوان ترسێکیان لە منداڵییەوە لەناخمدا رواند... بۆیە هەرکە بەهار بهاتایە من دەترسام چونکە دەروێشەکان لەبەهاردا دەهاتن، هەروەها کنگریش لەبەهاردا سەوز دەبوو. بۆ من هەردووکیان یەک شتیان دەگەیاند؛ کنگر یەعنی دەروێش و دەروێشیش یەعنی مل لێکردنەوە و شمشێر لەخۆدان.... ترسی ئەوان وای کرد کە ئاوازی دەروێشەکان لەلام بچەسپێ و لە بەرهەمەکانمدا رەنگ بدەنەوە...»

پێشمەرگایەتی خاڵێکی دیکەیە کە رۆڵی لە بەردەوامبوونی توندوتیژیدا هەیە. پێشمەرگە بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژیا دەبوو زۆر وریا بوایەو لە بەرامبەر هەموو کەسێکی نەناسیشدا دوودڵ بوایە. سەرباری ئەمەش لە زوربەی کاتەکاندا

دەبوو ئامادە بوایە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و کوشتنی بەرامبەرو... هتد. ئەم ژیانەی وای لێ کردبوو کە زۆرجار بەبێ هۆش توندوتیژی بەکار بێنێت. ژیان وای فێرکردبوو لە کوشتنی دوژمن و تەنانەت ئاژەڵە کێوییەکانیشدا زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا بکات. بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە بەدرێژایی چەندین ساڵ ببووە هۆی ئەوەی توندوتیژی ببێتە بەشێک لە ژیانی. بۆیە لەکاتی شاخدا، ئەندامە هەرە بەرزەکانی ئەو بزووتنەوەیەش لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا زیادەڕۆییان دەکرد.

دوای راپەڕینیش هەندێک لە حیزبەکان فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ئەو توندوتیژییەیان گوێزایەوە بۆ ناو شار و دژ بەهاونیشتیمانەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا. سەرچاوەکانی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە نیوەی نەوەتەکاندا لە کتێبێکی تایبەتدا سەبارەت بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی کوردستانی ئاماژەیان بەوە دەکرد کەوا هەندێک لە حیزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان لەئاستانەی دەسەڵاتی کوردیدا دەستیان بەکوشتنی دیلەکانی یەکتر کردووە. لە دوای کوشتنیشەوە ئەم حیزبانە لەش و لارو ئەندامەکانی هەندێک لە دیلەکانی یەکتریان ناشیرین کردووە (منظمە العفو الدولیة،١٩٩٥) هەواڵەکانی ناو شاریش گەواهی ئەم راپۆرتەیان دەداو باسیان لەوە دەکرد کە هەندێ جار چاوی دیلەکانیان هەڵدەکۆڵی تەنها لەبەر ئەوەی رەنگیان زەرد یا سەوز بووە. ئەگەر ئەمە زیادەڕۆیی نەبێ لە بەرکارهێنانی توندوتیژیدا ئەدی دەبێ چی بێت؟

هەر لەم بوارەدا مرۆڤ دەتوانێت قسەی دەیەها سیاسەتمەداری گەورەی کورد بێنێتەوە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ داوای توندوتیژییان کردووە و پشتیوانییان لە هەموو جۆرە کارێکی توندوتیژی کردووە.

بەکورتی ژیانی پێشمەرگایەتی بەشێکی دیکەیە لەژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە کە رۆڵی لە بەرجەستەبوونی توندوتیژیدا هەیە. بەشێکی ئەو پێشمەرگانە ئەمڕۆ مامۆستان و لایەنگری لەلێدانی خوێندکاران دەکەن و بنەمای ئەم لایەنگیرییەش دوور نییە بۆ ژیانی پێشمەرگایەتییان بگەڕێتەوە.

پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی دیاریکراو و لەناو بۆتەی کۆمەڵێ ریتم و



سێرمۆنی کۆمەڵایەتی تایبەتدا فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ تەشەنەکردنی هەراسانکردن لەناو قوتابخانەو کۆمەڵگاشدا.

هیندییە سوورپێستەکانی ئۆماها منداڵەکانی خۆیان هەر لە چوارساڵییەوە بەجۆرە سێرمۆنییەکی تایبەت پەروەردە دەکەن بۆ ئەوەی پێیان رابگەیەنن کە ئەوان پیاون و چیتر وەک منداڵ تەماشا ناکرێن. لەم جۆرە سێرمۆنییەدا The Turning of Child  the Child کە لە گەشتێکی تایبەتی دوور لە ماڵەکاندا بەڕێوەدەچێت، سەری منداڵان دەتاشن و داوای ئەوەیان لێ دەکەن رەشماڵی خۆیان دوور لە رەشماڵی گەورەکان هەڵدەن و دواتریش لە رەشماڵێکەوە بۆ یەکێکی تر هەنگاو بنێن. لەم کاتەدا چەندین سترانی تایبەت دەگوترێن و چەندین ریتوال ئەنجام دەگرن. بەپێی راپۆرتەکانی Fletcher  Francis la Fletcher  & Alice Flesche & Alice منداڵان لەم جۆرە ئاهەنگ و سێرمۆنییانە دەترسن و لە هەمان کاتیشدا ناوێرن خۆیانی لێ بدزنەوە چونکە هێمای شتێکی خراپ بەدەستەوە دەدەن (Guggenbuhl,2000.p76).

ترسی ئەو منداڵ و هەرزەکارانە پەیوەندییان بەهەندێ فاکتەرەوە هەیە: بۆ نموونە دوورکەوتنەوە لە ماڵەوە چونکە ماڵ جێگەیەکی ئارامە بۆ منداڵ و هەستی دڵنیایی پێ دەبەخشێ و هەمیشە ژینگەیەکی گرێدراوە بەدایباب و براو خوشکەکانی خۆیەوە، بۆیە دوورکەوتنەوە لە ماڵەوە دابڕانێک لەو ژینگە ئارامە لەلای منداڵ بەرجەستە دەکات کە دواتر دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرە نائارامییەکی فرە رەهەندی کە زۆر جار سنوورەکانی ئەوسەری بۆ منداڵ تەماوییە. راستە منداڵ حەز دەکات بەچوونە دەرەوە و دوورکەوتنەوە لە ماڵەوە بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کورت تەلیسمی ماڵەوە بەهەموو رەهەندەکانییەوە ئارەزوویەک بۆ گەڕانەوە لەلای دروست دەکات. ئەو جۆرە گەشتانەش هەموو دەمێک دوور لە ماڵەکان قەراریان دەگرت و منداڵەکان بۆیان نەبوو بچنە ماڵەوە چونکە یەکێک لە مەبەستەکانی ئەو گەشتە ئەوە بوو منداڵ لەسەر ئەوە رابێت کە کاتێ شتێکی ون کرد چۆن بتوانێت بەسەر خۆییدا زاڵ بێت. زۆرجار ئەم زاڵبوونە نرخی خۆی هەیە.

فاکتەرێکی دیکە شەوە کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی ترس و ترسێکی گەورەش لەلای هەندێ منداڵ. کە شەو دادەهات دەبوو ئەو منداڵانە رەشماڵەکانی خۆیان بەجێ بێڵن

و بچنە ناو ڕەشماڵەکانی دیکەوە کە تارادەیەک لەیەکەوە دوور بوون. دەربازبوون لەو ڕێگەیەی نێوان ڕەشماڵە جوداکان لە شەودا مانای تێپەڕبوونە بەناو دەشتێکی پڕ لە ترسدا کە دەبوو منداڵەکان خۆیان بەتەنها بەئەنجامی بگەیەنن. شەو لەبەردەم منداڵاندا جیهانێکی پڕ لە ترسی زۆر تایبەتە و لەگەڵ ڕۆژدا جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە لەلای ئەوان. مەبەست لەم جۆرە سێرمۆنییەی هیندییە سوورەکانیش ئەوەبوو منداڵان جیاوازییەک لەنێوان شەوو ڕۆژدا نەکەن و بەیەک ئەندازە توانای ئەوەیان هەبێت بەرەنگاری مەترسییەکانی شەوو ڕۆژ ببنەوە. دیسانەوە ئەمەش نرخی خۆی هەیە.

فاکتەرێکی دیکە تەنهایی بوونی ئەو منداڵانەیە لەو دەشتەدا. گەورەکان خۆیان مەبەستیان بوو ئەو منداڵانە لەوە دڵنیابن کە ئەوان بەتاقی تەنهان و هیچ کەسێکی گەورە لەو ناوەدا نییە کە یارمەتییان بدات، ئەمەش بۆ ئەوان گەورەترین تەحەددایە. هەموو دەشتێکیش پڕ لە مەترسییەو بەشێک لەو مەترسییانە بوونی چەندەها ئاژەڵی جۆراوجۆرە هەر لە مار و دووپشکەوە بیگرە تا گورگ و سەگ و... هتد. لەکۆمەڵگای کوردەواریشدا منداڵانی گوندەکان زۆر باشتر لە منداڵانی شارنشین دەتوانن بەسەر ئەم ئاژەڵانەدا زاڵ بن، بەڵام نرخی ئەو زاڵبوونە لە ناخی ئەو منداڵە گوندنشینانەدا چەندە ئەوە هێشتا نادیارە.

فاکتەرێکی دیکە ترسە لە داهاتوو کە لە شێوەی جۆاوجۆر لەلای منداڵەکان دروست دەبێت. کاتێک گەورەکان ئەو منداڵانە بەتەنها دەخەنە بەردەم ئەو مەترسییانە ئەوان هەستێکی وایان لەلا دروست دەبێت کە دەبێ هەمیشە بەرامبەر بەداهاتوو: بەشاخی داهاتوو، بەڕەشماڵی داهاتوو، بەکەسی داهاتوو، بەئاژەڵی داهاتوو، بەچەمی داهاتوو، بەڕووباری داهاتوو، بە زەمەنی داهاتوو دوودڵ بن. ئەم ڕاڕاییە ئەگەرچی وایان لێ دەکات هەمیشە وریابن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی نا ئارامیەکی بەردەوام کە باڵ بەسەر تەواوی ژیانیاندا دەکێشێت و وایان لێ دەکات بەرامبەر بەمەترسییەکانی ژیان هەمیشە لە دڵەڕاوکێیدا بن. ڕەنگە ژیانی پێشمەرگەکان نموونەیەکی باش بێت بۆ گوزارشتکردن لەو نائارامی و ڕاڕاییەی ئەوان لە شاخ تێیدا دەژیان.



بەهەمان شێوە لەلای هەندێ میللەتانی دیکە منداڵە نێرینەکان دەبێ بخرێنە ژێر ئازارو ستەمەوە بۆ ئەوەی دواتر بەپیاویان بژمێرن. خەڵکە ڕەسەنەکانی (ئابۆرجینەکان) Arneheim لە ئوستورالیا منداڵەکانی خۆیان ناچار دەکەن بۆ ماوەی چەندین سەعات لەبەر هەتاو رابکشێن تا دەموچاویان هەڵپرووکێت. تا ئەمە نەکەن دەروازەی نهێنییەکانی تایفەکەیان بۆ ناکرێتەوە و وەکو ئەندامێکی گەورەش لەناو گرووپەکەی خۆیاندا مامەڵە ناکرێن (Guggenbuhl,2000.p76).

بە رای ئێمە منداڵان لەم تەمەندا ڕووبەڕووی چەندین مەترسی دەکرێنەوە کە لە توانای ئەواندا نییە ڕەهەندە دوورو نزیکەکانی لێکبدەنەوە. گەورەکان هەر ئەوەندەیان بەلاوە مەبەستە کە سێرمۆنییەکان ئەنجام بدەن و وەکو باوباپیریان ئەمانەتەکەیان لە نەوەیەکەوە بۆ ئەوی دی بەجێ بگەیەنن. بەڵام تاوەکو ئێستاش لەزۆر شوێندا نە بیر لە شێوازەکانی پیادەکردنی ئەو جۆرە نەریت و ئاهەنگانە دەکرێتەوە و نە بیریش لەگۆڕینی ئامرازەکان دەکرێنەوە. لەم ئاهەنگە نەریتییانەدا هەندێک جار گۆڕینی سترانەکان و تەنانەت جۆری وتنەوەی شیعرەکانیش کاریگەری خۆی لەسەر منداڵان بەجێ دێڵێ. نموونەیەک کە لێرەدا شایەنی باسکردنە ڕێوڕەسمی یادکرنەوەی ئیمام حوسەینە لەلای شیعەکان. ئەو کەسانەی لە خوارووی عیراق و ناوچە شیعەنشینەکانی تر ژیاون زۆر بەباشی ئەو توندوتیژیە رەهایە بەدی دەکەن کە گەورەکان بەزۆر ئاراستەی منداڵەکانی دەکەن. بەهەزارەها منداڵ لاسایی گەورەکان دەکەنەوە بەزنجیر و پارچە ئاسنی دیکە لە بەیانییەوە تاوەکو ئێوارە لەخۆیان دەدەن تاوەکو پشتیان خوێنی لێ دەتکێ. ئەم کارە بەدەر لە ئازارە جەستەییەکەی کە چەندین رۆژ دەخایەنێت تا سارێژ دەبێتەوە چەندین لایەنی زۆر نێگەتیڤانەتری بۆ منداڵان هەیە کە یەکێکیان ئەو هەستە توندوتیژ گەراییەیە کە ئەمڕۆ لە ناوچە شیعەنشینەکانی عیراقدا هەیە.

دیمەنی خوێن تەنها لە وڵاتە دواکەوتووەکان بە هەند و بە نیشانەی شتێکی نائاسایی و ترسناک تەماشا ناکرێت. خوێن لە بیرکردنەوەکانی منداڵاندا بزوێنەری بیرکردنەوەیەکی زۆر ناهاوسەنگ و نائاساییە. تەنانەت بۆ گەورەکانیش ئەمە راستە؛ زۆر پیاوی گەورە ئەوەی بۆ باس کردووم کە دوای بینینی دانپێدانانەکانی

گرووپەکەی شێخ زانا تا چەندین رۆژو چەندین هەفتەش نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئاسایی نان بخۆن. هەندێکی دیکە ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە دوای ئەوەی لە ئینتەرنێت دیمەنی ئەو کەسانەیان بینیوە کە لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە سەربڕاون چیدی نەیانتوانیوە لە ئاستی رەنگە سوورەکاندا هەمان هەستیان هەبێت. لە تەماتە و دۆشاوی تەماتە و شووتی و رەنگە سوورەکانی تر سڵیان کردۆتەوە. کاتێ منداڵێکی شیعە دیمەنی ئەو خوێنە بەسەرپشتی خۆی و هەزارەها منداڵ و گەورەی ترەوە دەبینێت کە دێنە خوارێ، ئەوکاتە هەموو رەنگە سوورەکانی سروشت مانایەکی دیکە هەڵدەگرن و ئەو هێمایانەی خوێن هەیەتی لە هەموو ئەو شتە سوورانەدا بەتەواوەتی بەرجەستە دەبن. بەشێوەیەکی دی سووریی شووتی و تەماتە و دۆشاو و سێوی سوورو.... هتد هێماکانی خۆیان لەدەست دەدەن و هێمای سووریی خوێن لەبەر دەکەن. سووری خوێن پانتاییەکی گەورەتر داگیر دەکات و لەوانەشە لەلای هەندێ منداڵ بەسەر پانتایی بەشێکی زۆر یا هەموو شتە سوورەکانی تردا زاڵ بێت. لەم پرۆسەیەدا شێواندنی ئاراستەکردنی بیرکردنەوەکانی منداڵ خۆی لە چەندین بەرگدا نمایش دەکات بەبێ ئەوەی منداڵ خۆی توانای ئەوەی هەبێت شتەکان بخاتەڕوو. ئەڵبەتە لە کۆمەڵگایەکی بێ لێکۆڵینەوە و بێ تاقیکردنەوەی وەک کۆمەڵگای ئێمەشدا منداڵ هەرگیز ناتوانێ گوزارش لەو گۆڕانە بکات.

لێرەوە خوێنیش لەلای منداڵان سیمای خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە هێمای شتێکی دیکە. بەشێوەیەکی دی لە بری ئەوەی خوێن هێمای کوشتن و سەربڕین و تاوان و شتە خراپەکانی تر بێت دەبێتە هێمای شتێکی پیرۆز. ئەم گۆڕانکارییە لەلای منداڵ شتێکی بنەڕەتییە و کاریگەری خۆی لەسەر هەردوو پرۆسەی ئەسمیلاسیۆن (Assimilation) و ئەکۆمۆداسیۆن Accommodation بەجێ دێڵێ. ئەم مەسەلەیە هەرچەندە بەڕواڵەت هێندە پڕمەترسی نییە بەڵام لە ژیانی رۆژانەی منداڵ و داهاتووی ئەودا کاریگەری گەورەی خۆی هەیە. گۆڕینی سیماکانی خوێن لەگەڵ خۆیدا توندوتیژی دەکاتە بناغەیەک کە دواتر لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا بەشدار دەبێ. لێرەوە پەیوەندی نێوان خوێن و توندوتیژی رێڕەوێک وەردەگرێ کە دواتر



یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەم بدات، یا بەلایەنی کەمەوە لە پراکتیکدا بە شتێکی نامۆی نەبینێ.

## پێنجەم- کێشە تایبەتییەکان

هەندێ جار گرفتەکان لە شوێنێکی دیکەوە سەرچاوە دەگرن کە بنەمایەکی سایکۆلۆجییان هەیە. بەشێوەیەکی دی ئەو کەسەی کاری هەراسانکردن پیادە دەکات جا مامۆستا، باوک یا خوێندکار بێت لە بارودۆخێکی دەروونی خراپدا دەژی. لێرەدا ئەم بارودۆخە خراپە دەکرێ زیاتر لە مانایەک لەخۆ بگرێ: دەکرێ مەبەست ئەوەبێت کە کەسی هەراسانکەر مرۆڤێکی نائاسایی بێت و لە کۆنترۆڵکردنی ئاکار و رەوشت و کردەوەکانی خۆیدا سەختی بەدی بکات، ئەمەیان زیاتر لە نەخۆشی دەروونییەوە نزیکە تا لە شتێکی دیکەوە. بەڵام دەکرێ مەبەست لە خراپیش ئەوە بێت کە کەسی هەراسانکەر بەمەبەستەوە پەنا بباتە بەر هەراسانکردن یا جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستێکی دیاریکراو. بەواتایەکی دی بەر لە ئەنجامدانی هەر شتێک ئەو کەسە پلانی بۆ رەوشت و ئاکارەکانی خۆی کێشاوە و بەمەش جۆری مامەڵەکانی خۆی لەگەڵ ئەوی دی یا ئەوانی تردا بەئاگاییەوە دەخاتە چوارچێوەیەکی عەقڵانییەوە. بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا کەسی هەراسانکەر ناتوانێت گەرەنتی ئاکامەکان بکات کە پلانی بۆ داناون. هەر کات ئەم هەراسانکردنە لە بەرامبەر منداڵاندا پیادە بکرێت رەنگە بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژ کەسی هەراسانکەر بگاتە ئەو دەرئەنجامەی خۆی دەیەوێ. هۆکارێکی ئاسان کە تۆش لەم ساتەدا بەبیرتا دێت ئەوەیە کە منداڵ خۆی لە حاڵەتێکی ناهاوسەنگدا دەبینێتەوە و ناتوانێت لە بەرامبەر دەسەڵاتی رەهای گەورەکاندا خۆی رابگرێ. لە قوتابخانەکانیشدا منداڵ بەپێچەوانەی مامۆستاوە لەبەر ئەوەی هیچ دەزگایەکی نییە پەنای بۆ ببات و کەسیش شک نابات داکۆکی لێ بکات بۆیە خۆی تەسلیمی حاڵەتێک دەکات کە چوارچێوە دەروونییەکەی بۆ ئەو تەماوییە.

لەکاتی خوێندنەوەی یەکێک لە کتێبەکانی ئالان گوگنبوێلدا نموونەیەکی ترم بەرچاو کەوت کە شایەنی باسکردنە. Guggenbuhl, 2000.p.134. مامۆستایەکی ژن (کە لە دایکێکی دەروونناس و ئەلکولیست بوو) دەیویست بەشێوەیەکی تایبەت

بەسەر ئەو خەمۆکییەی (Depression) خۆیدا زاڵ بێت کە لە ئەنجامی بارودۆخی ناو ماڵەوەیانەوە تووشی ببوو. تەنها لە ڕێگەی ئیرادە بەدیسپلینکراوەکانی خۆیەوە دەیویست کەسایەتی خۆی بپارێزێ. ئەو دەیویست لە قوتابخانەدا ئەکتۆریتێتیکی تایبەتی هەبێ و لە ڕێگەی دیسپلینێکی تایبەتەوە سەرپەرشتی پۆلەکەی بکات. ئەو بڕیاری ئەوەی دابوو بەرامبەر بەخۆی زۆر توندوتیژ بێت بۆ ئەوەی چیتر تارماییە ناشیرینەکانی پێشووی ژیانی خۆی دووبارە سەرهەڵنەدەنەوە.

ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی ئەم مامۆستایە لە بەرامبەر ئەو توندوتیژییەی لەناو پۆلەکەیدا قەراریان دەگرت بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست هەڵبچێت و سزای خەتاکارەکانیش بەتوندی بدات. ئەم هەڵچوونە توندوتیژەی ئەم بووە هۆی دروستبوونی گرفت لە پۆلەکەدا . دایکی یەکێک لە خوێندکارەکان ئەوەی راگەیاند کە کاتێ کچەکەی بیر لە قوتابخانە دەکاتەوە دەستەکانی دەلەرزن. خوێندکارەکان پێیان وابوو هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستە کاتییەی مامۆستاکەیان بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی بەکێشە تاڕادەیەک تایبەتییەکانی خۆیەوە هەبوو.

بەشێک لەو هۆکارانەی وا دەکات مامۆستاکان لەکاتی کارکردندا زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا بکەن، بەلایەنی کەمەوە پەیوەندی بەو بارودۆخە ناخۆشەی ئەوانەوە هەیە کە تێیدا دەژین. گرفتی مامۆستاکانی ئێمە زۆرن؛ هەر لە نەبوونی ئاو و کارەبا و خانووەوە بگرە تا دەگاتە فشاری بێ بنەمای وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە. لەگەڵ زۆری ژمارەی منداڵان لەهەر پۆلێکدا، ئەمانە هەر هەموو وا لە مامۆستاکان دەکەن بەدوای کورتترین ڕێگا چارەدا بگەڕێن کە خۆی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا دەبینێتەوە. بەنیسبەت کوردستانەوە کەمی دەرامەتی مامۆستایان، نەبوونی خانوو، کارەبا، ئاو، پشتیوانی نەکردنی وەزارەتی پەروەردە... هتد بەشێکن لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی.

## شەشەم- لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا

زۆرێک لەو مامۆستایانەی کە لێدان پیادە دەکەن بەو مەبەستە دەیکەن کە خوێندکاران وانەکانیان باشتر بخوێنن و ئەرکەکانی ماڵەوەیان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکەن. لەم کارەدا مامۆستا دەیەوێ دوو ڕۆڵ یا زیاتر ببینێ و زیاتر لە



ئەرکێک و دەسەڵاتێک بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەڕاستیدا ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە خوێندکاران پەروەردەو فێر بکاو بەس، جا فێر دەبێ یا نا، جۆن و بە چ شێوەیەک ئەوە ئەرکێکی دیکەیەو لەسەر شانی مامۆستای پۆل نییە بەڵکو لەسەر شانی سیستەمی پەروەردەییە. لە کوردستاندا نەک هەر سیستەمی پەروەردەیی بەڵکو سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریش وەکو سیستەمی حیزبی بونیاد نراوە بەمەبەستی ئەوەی زوربەی دەسەڵاتەکان لەدەستی یەک یا کەمترین کەسدا کۆبکرێنەوە. شتێکی ئاشکراشە کە یەک کەس ناتوانێ هەموو دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە ببات، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر شێوازی نادروست بۆ پیادەکردنی هەموو ئەرکەکان. توندوتیژی یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی کۆمەڵگای ئاسیاییو تاوەکو ئێستاش کەم تا زۆر ئەم سیمایە یەکێکە لەو ڕەهەندە دیارانەی کە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕۆژئاواییەکان جیا دەکاتەوە. مامۆستای کورد چاو لە سیاسەتمەدارەکانی کورد دەکات و دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەکان لەژێر دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە. نایەوێ دیالۆگ ساز بکات، هەر خوێندکارێکیش بەقسەی نەکرد دەیەوێ هەر بەقسەی بکات. دوور نییە ئەگەر مامۆستا دەسەڵاتی ئەوەشی هەبوایە خوێندکار لەزیندان بنێت دەیکرد. چونکە ئێمە لەژێر کاریگەری کولتوورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی (عەرەبی، فارسی، تورکی) ئەوتۆدا دەژین کە هێشتا پەی بە دیالۆگ، ڕێزگرتن و قبوڵکردنی بەرامبەر، تەحەممولکردنی ئەوی تر... هتد نەبردووە. جا چجای ئەوەی کەسی بەرامبەر خوێندکار یا منداڵ بێت.

مامۆستای کورد هەوڵ دەدات وانەکەی بەباشترین شێوە کە دەیزانێ بڵێتەوە. دوای ئەوەش هەندێکیان هەوڵی ئەوە دەدەن کۆنترۆڵی خوێندکار بکەن کە ئایا تێگەیشتوون یا نا. دواتریش هەندێکی تریان پەنا دەبەنە بەر هەراسانکردن (لێدان و توندوتیژی و سووکایەتیکردن) بەو خوێندکارانەی ئەرکەکانی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە چونکە ئەوە یەکێک لە باشترین ڕێگاکانە بۆ ئەوەی خوێندکاران وانەکانیان بخوێنن. لێرەدا چەندین شت هەن کە جێگەی سەرنجن:

یەکەم با مامۆستاکان لەوە دڵنیابن ئەو مێتودانەی نزیکەی سەرجەمی ئەوان بەکاری دەهێنن و بەشیاوی دەزانن مێتودگەلێکی زۆر کۆن و بێ کەڵکن. بەشی هەرە

زۆری ئەو شێوازانەی ئەوان بەکاری دێنن سەر بەدیداکتیکێکن ئەگەر زۆر تازەشبن ئەوە بۆ سالانی حەفتاکان دەگەڕێنەوە. بەکارهێنانی دیداکتیکێکی ئاوا کۆن گوناهی مامۆستای تێدا نییە بەو ئەندازەیەی گوناهی سیستمی پەروەردەیی تێدایە. هەموو سەرەک حکوومەتێک بەرپرسە لە کاری وەزارەتەکانی خۆی و دەبێ ئەو وەزارەتانە بخاتە ژێر میکرۆسکۆبەوە. وەزارەتەکانی پەروەردە لەم بوارەدا هیچ جۆرە کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە کە هاوولاتییان بتوانن شانازی پێوە بکەن. نە توانیویانە خۆیان شتێکی تازە دابهێنن و نەتوانیویشیانە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە چەند سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ مامۆستاکان دابین بکەن. ئەوەی کەتا ئێستا کراوە تەنها بڕیاری قەدەغەکردنی لێدانە کە تاوەکو ئێستا هەروەکو پڕوپاگەندە کاری پێ دەکرێ و لە باشترین حاڵەتدا لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کاتی عیراق دەچوو کە نە میکانیزمی کارکردنی دیاری کرابوو نە کەسیش ئامادەبوو پیادەیان بکات.

دووەم: مرۆڤی رۆژهەلاتی بەشێوەیەک لەژێر کاریگەری توندوتیژیدا دەستەمۆ کراوە کە زۆر ئاستەمە بەو ئاسانییە بتوانرێ روحی کۆنترۆڵکردنی ئەوی دی تیادا لەناوببرێ. ئەم سیستمە سیاسی و کۆمەلایەتییەی ئەم مرۆڤەی پێ پەروەردە کراوە هێندە ئالۆزو کۆنە کە روحی لەت لەت کردووە و کردوویەتی بەمرۆڤێکی نیوچە سادی کە خۆشییەکانی خۆی لە کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی دەسەلاتەکانی خۆی بەسەر ئەوانی دیدا دەبینێتەوە. ئەم مرۆڤە کاتێک مەست دەبێ ئەوانی دی جگە لە راپەڕاندنی فەرمایشتەکانی ئەو نەتوانن هیچ شتێکی دی بلێن.

گەورەکانی ناو قوتابخانەو ناو خێزانەکانیش هیچ لەم حاڵەتە بەدەر نین و ئەوەی ئەوانی دی دەیکەن ئەمانیش دەیکەن. بۆیە باوک و مامۆستا هەوڵی ئەوە دەدەن منداڵەکان و خوێندکارەکانی خۆیان لەقسەیان دەرنەچن و بەهەمان شێوەی سەرەک خێڵێک یا سەرەک حیزبێک پەروەردەیان دەکەن. هەر کاتێکیش منداڵان لەقسەو فەرمایشتی گەورەکان دەرچوون ئەوە گەورەکان هەوڵ دەدەن هەراسانکردن (دەسەلات، هێز) وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان بەکار بێنن.

منداڵان لەنێوان قوتابخانەو ماڵەوەدا بوونەوەرێکی زۆر بێدەسەلاتن و بەهۆی ئەوانەوە یا خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر لاوازن یا ئەو کەسایەتییەیان لێ زەوت



کراوە. گەورەکان منداڵان پەروەردە دەکەن و فێریان دەکەن بەڵام دەبێ ئەو پەروەردەو زانستە بەپێی مەرجەکانی ئەوان بەکار بێننەوە.

لەلایەکی دیکەوە لێدان پانتاییەکی زۆر گەورەی لەناو هەراسانکردندا داگیر کردووە. روحی سادیستانەی گەورەکان بەرامبەر بەمنداڵان وای کردووە ئەوان زۆر بێرەحەمانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن. بڕوانە کاتێ منداڵێک ناخوێنێت، کاتێک بەجلی پیسەوە دەچێتە قوتابخانە یا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کاتێک لەناو پۆلدا لەگەڵ منداڵێکی دیکەدا قسە دەکات، کاتێک ئەرکەکانی قوتابخانە جێبەجێ ناکات، کاتێ بەقسەی گەورەکان ناکات... هتد ئەو کاتە هیچ نەبێ هەندێک لەگەورەکان بەدار و شەق و زللەو... هتد ئازارێکی جەستەیی ئەو منداڵە دەدەن. ئەگەر گەورەکان سادی نین بۆ دەستی منداڵەکان داخ دەکەن و بەڕاستەی ئاسن لێیان دەدەن و بەپێنووس پەنجەکانیان دەشکێننەوە و... هتد.

> «مامۆستاکان بەڕاستەی ئاسن لێمان دەدەن و دەرمان دەکەنە دەرەوە و دەنێرنە دووی دایک و بابمان»
>
> خوێندکارێکی شەشەمی سەرەتایی

بەشێکی دیکەی ئەو ئازاردانە خۆیان لە شکاندنەوە و تەریقکردنەوە و پەراوێزکردن و... هتد خوێندکاراندا دەبینێتەوە. سەرجەمی ئەم ئازاردانە بەمەبەستی: لەلایەک سەلماندنی دەسەلاتی تاڕادەیەک رەهای ئەو گەورانەیەو لەلایەکی دیکەشەوە بەمەبەستی ئازاردان و تێکشکانی روحی و جەستەیی ئەو منداڵانە پیادە دەکرێت. بەشێک لەو گەورانە حەز بەوە دەکەن منداڵەکانی بەردەستیان بەزەلیلی ببینن و زەوق لەو ئازارە دەروونی و جەستەییە دەبینن کە ئەو منداڵانە دەیچێژن.

زۆرجار گەورەکان بەهانەیەکی درۆزنانە بۆ ئەو ئازارو تێکشکانە دەروونی و جەستەییە دێننەوە. من لەوە تێناگەم بۆ ئەوەندە لەمنداڵ بدرێت و گیانی تێکبشکێنرێت بەسەر یەکدا لەبەر ئەوەی درۆیەک دەکات کە ئەو لە گەورەکانەوە فێر بووە. زۆرجار گەورەکان دەبنە هۆکارێکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی منداڵ

درۆ بکات. بۆ نموونە هەرکات یەکێک لەدەرگای ماڵەکانمان بدات یا لە تەلەفۆندا سۆراخمان بکات و ئێمە پێمان خۆش نەبێت ئەو کەسە ببینین یا قسەی لەگەڵدا بکەین، یەکسەر بەمنداڵەکانمان دەڵێین «پێی بڵێ کە من لەماڵ نیم». نموونەیەکی دیکە ئەوەیە کاتێ باوکێک منداڵەکەی بۆ کارێک دەنێرێت و لەبەر ئەو کارە بۆ قوتابخانە ناچێت، راستەوخۆ بەقوتابخانە دەڵێت کە منداڵەکەی نەخۆش بووە.

لەو نموونانەوە بڕوانە ئەو بارودۆخانەی کە منداڵ تیایاندا دەژێت. منداڵ لەم کاتانەدا دەگاتە ئەوەی کە درۆکردن شتێکی ئاساییەو هەندێ جاریش پێویستە، یا بەشێوەیەکی دی درۆکردن ئەو شتە ناشرینە نییە کە باسی دەکەن. بەڵام کاتێک کە منداڵ درۆ دەکات ئەوە کاریگەرییەکەی وەکو کاریگەری گەورەکان نییە بەڵکو بۆ منداڵ زۆر خراپ دەکەوێتەوە و بەهەراسانکردنی ئەو منداڵە تەواو دەبێت. بەشێوەیەکی دی گەورەکان خۆیان منداڵان فێری درۆکردن دەکەن، بەڵام هەرکاتێک ئەوان درۆ بکەن ئازاریان دەدەن. بەهەر شێوەیەک بێت منداڵ لەو تەمەنەدا توانای لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەم کارە پارۆدۆکساڵەی نییە کە درۆیەک هەیە باشەو درۆیەکی تریش هەیە خراپە.

بەهەمان شێوە کاتێ منداڵێک جلەکەی پیس دەکات، لە پۆلدا قسە دەکات، لەگەڵ منداڵێکی تردا شەڕ دەکات،... هتد. ئەنجامەکەی بەلێدان و تێکشکانی ئەو منداڵە تەواو دەبێت. زۆرجار گەورەکان جۆرەها بەهانەی درۆزنانە وەک پاساوێک بۆ لێدان دەهێننەوە. بڕوانە لەم بەهانە درۆزنانەیە کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک (هاوولاتی، ژ ١٦٤) پاش لێدانی خوێندکارەکانی خۆی بۆ ئێمەی ئاشکرا دەکا:

> «من هەر شتێکم لە خوێندکارەکان کردبێت لە سۆنگەی خۆشەویستی و پەرۆشیم بووە بۆیان»
>
> بەڕێوەبەری دواناوەندی ... ... ... کچان

لەپێناوی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیدا بەڕێوەبەر بەبەهانەی خۆشەویستی خوێندکار ئازاری روحی و جەستەیی خوێندکارانی دواناوەندییەک دەدات کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵان نزیک بۆتەوە. من لەوە دڵنیام ئەو بەڕێوەبەرە لەدەرەوەی



سنووری قوتابخانەکەی خۆی ناوێرێت دارکاری کەس بکات چونکە دەسەڵاتی ئەوەی نییە. ئەگەر خۆشەویستی منداڵان پێوەرێک بێت بۆ ئازاردانیان ئەوە هەموو وڵاتان پێویستییان بەیاسایەک هەیە کە شەرعیەت بەهەراسانکردن و دارکاری ببەخشێت.

بەشێکی ئەو روحە سادیستەی قوتابخانەو ماڵەوە هەیانە خۆی لە چاندنی ترسدا دەبینێتەوە. ترس ئەوڕۆکە بۆتە بەشێکی گرینگ لەناو سیستمی پەروەردەیی ئێمەدا. لەوەتەی ئێمە لەدایک بوون و تاوەکو نووسینی ئەم دێڕانەش هەموو منداڵان لەبەرامبەر گەورەکاندا هەست بەترسێکی زۆر گەورە دەکەن: ترس لە مامۆستا، لە بەڕێوەبەر، لە دایباب، لە برا و خوشکە گەورەکان، لە مەلاکان، لە باپیرە و داپیرە... هتد.

ئەز تێکەڵاوییەکی باشم لەگەڵ منداڵاندا هەیە و لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵم داوە شتێک لە بارودۆخی ئەو منداڵانە تێبگەم. هەندێ منداڵ ئەوەیان بۆ روون کردوومەتەوە کە ئەوان لە نێوان ترسی مامۆستا و باوکەکانیاندا گیریان خواردووە و نازانن چی بکەن. هەندێکیان بەئاشکرا دەیانگوت «ئەوان پێیان خۆشە من بمرم» یا «کاتێ کە لێم دەدا خۆی پێدەکەنێت»،... هتد.

دوا رستەی ئەو خوێندکارە روحی سادیستانەی گەورەکان بەرجەستە دەکات. رەنگە ماڵەوە بەنەکڕینی یاری و پاسکیل و کۆمپیوتەرو... هتد. منداڵان گیرۆدە بکەن و بیانترسێنن، بەڵام قوتابخانە لەرێگەی شکاندنی دەرەجەوە جۆرێکی دیکە لەترس پیادە دەکەن. ئەز پێم وایە منداڵان باشترین کەسێکن کە بتوانن گوزارشت لەو روحە سادییە بکەن:

بەپێی پێناسەکەی فرۆم سەپاندنی دەسەڵات، ئازاردانی جەستەیی و دەروونی، زەلیلکردنی بەرامبەر بەبێ ئەوەی هەمان توانای هەبێت یا لە بارودۆخێکی وادا بێت کە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، بەکۆیلەکردنی بەرامبەر، ئەوە پیشانی بەرامبەرۆ بدەیت کەتۆ دەسەڵاتی باڵات هەیەو ئەویش تەنها دەبێ گوێڕایەڵی تۆ بێت، زەوتکردنی ئازای بەرامبەر... هتد ئەمانە هەمووی جەوهەری سادیزمەو هەمووشیان لەپەیوەندی نێوان گەورەکان و منداڵاندا زۆر بەئاشکرا دیارن و لەناو سیستمی پەروەردەیی ئێمەشدا زۆر بەڕوونی بەرجەستە بوون.

بەڵام لەلایەکی ترەوە زۆرجار کە منداڵێک یەکێکی دیکە هەراسان دەکات زوربەی ئەو مەرجانەی سەرەوە لەئارادا نین. زۆرجار منداڵێکی هەراسانکەر بۆیە ئەم کارە دەکات بۆ ئەوەی خۆی نمایش بکات تواناکانی خۆی (وەکو تاک و هەندێ جاریش وەکو گرووپ) دەربخات. بەڵام هەندێ جار دەستەیەک لەمندالآن دەبنە گرووپێکی تایبەت و بەیەکەوە ئازار بەگرووپێکی دیکە دەگەیەنن. لە هەندێ لە وڵاتەکاندا بەتایبەت لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکادا کار دەگاتە یەکتر برینداركردن یا کوشتن و لەزەت وەرگرتن لەو کارە. بەپێی بۆچوونی ئالان گوگونبویل زۆر جار ئەم گرووپانە هەندێ ریتم و رەسمی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن و لەژێر ئەو ریتمانەدا (کە زۆر دەگەیەنێ بۆ ئەوان) کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

پیادەکردنی هەراسانکردن لەلایەن سەرجەمی گەورەکانەوە چەندین ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەندێک لەوانەی پەیوەندییان بەمامۆستاکانەوە هەیە لە رۆژنامەکاندا ئاشکرا دەکرێن. یەکێک لەو حاڵەتانەی کە لە ناخەوە ئازاری پێگەیاندم بریتی بوو لەوەی قوتابخانەیەک لە هەولێر دەستی بەسەر نامەی خۆشەویستی دوو کچدا گرتبوو هەڕەشەی ئەوەی لێ کردبوون کە لەلای خێزانەکانیان ئاشکرایان بکات. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی ئەو دوو کچە لەژێر بارێکی دەروونی ئەوتۆدا شپرزە بن و جگە لە خۆسووتاندن هیچ رێگا چارەیەک نەبیننەوە. لە قوتابخانەکانی تریشدا ئەم سووکایەتییە بەخوێندکارە کچەکان دەکرێ و بۆ هەرکوێیەکی ئەم وڵاتە بچیت دەسەڵاتی گەورەکان دەبنە هۆی پەیدابوونی چەندەها نەخۆشی و تێکشکانی دەروونی و جەستەیی و... هتد. هەندێ جار مندالآن بەهۆی فشاری گەورەکانەوە لەحاڵەتێکی دەروونی وادا دەژین کەتوشی شپرزەیی دەبن و وا بیردەکەنەوە کە تاقە رێگایەک بۆ ئەوەی رزگاریان ببێت خۆکوشتنە. هیچ سەیریش نییە زۆر جار گرفتەکان زۆر ئاسایی و ئاسانن و بەهیچ شێوەیەکیش ئەوەندە ئاڵۆزو ترسناک نییە کە پێویست بەخۆکوژی بکات. بەڵام گرینگ ئەوەیە بەلای ئەوانەوە دەبێتە گرفتێکی هەرە زۆر گەورە چونکە لە روانگەی خۆیانەوە چارەسەری نییە..

سەرجەمی ئەم فشارەی گەورەکان پیادەی دەکەن بەهۆی ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەوەیە کە گەورەکان هەیانە. دەسەڵات بەدرێژایی مێژوو داردەستی هەموو هێزە نالەبارو رژێمە توندوتیژو تۆتالیتێرەکانی جیهان بووە کە بەمەبەستی کوشتن و



بڕین و ئازاردانی دەروونی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەکارهێنراوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە خودی دەسەڵات دوو مانا لەخۆ دەگرێت: مانایەکیان ئەوەیە دەسەڵات واتە هێز. بەشێوەیەکی دی کە دەسەڵاتم هەبوو واتە هێزیشم هەیە شتەکانی خۆم بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنم. بەڵام لەلایەکی دیکەوە فرۆم پێی وایە دەسەڵات لە رووی دەروونناسییەوە مانای لاوازی دەگەیەنێت نەک هێز. کەواتە مانایەکی دەسەڵات ئەوەیە یەکێک دەسەڵاتی بەسەر یەکێکی تردا هەیە، بەڵام مانایەکی تریشی ئەوەیە یەکێک دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە کارێک بکات یا فەرمایشتێک جێبەجێ بکات. Fromm,1993.P.119.

دواجار من تێناگەم مامۆستا بۆ خۆی تووشی ئەو سەرئێشەیە کردووە و دەیەوێ هەموو شتێ لەوردەوە تا درشت کۆنترۆڵ بکا. با وانەکانی بەباشترین شێوە بڵێتەوە و هەوڵ بدات کە خوێندکار لێیان تێبگات. بەڵام هەر خوێندکارێک پاش هەوڵێکی زۆر نەیویست بخوێنێت با وازی لێ بێنێت بۆ دەزگایەکی تر. من دەزانم دەزگای ترمان نییە و سیستمی پەروەردەیی ئێمە کاری لەسەر ئەم شتانە نەکردووە بەڵام ئەوە گرفتی وەزارەتی پەروەردەو حکوومەتە بەپلەی یەکەم. مامۆستا ناتوانێ هەموو ئەرکەکان بخاتە ئەستۆی خۆی و دواجاریش سزای ئەو خوێندکارانە بدات کە ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن. بۆ دەبێ مامۆستا وا بیر بکاتەوە کە بەهەر شێوەیەک بووبێ دەبێ خوێندکار ئەم شیعرە لەبەر بکات یا ئەو ئایەتە شی بکاتەوە... هتد تەنانەت ئەگەر پێویستی بەوەش کرد کە لە خوێندکار بدات و دەست و پێی بشکێنێ. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو مێتودەی سیستمی پەروەردەیی بۆی ئامادە کردووە کە لێدانە مێتودێکی تا سەر ئێسقان هەڵەیە. جگە لەوەی لێدان زیانێکی گەورەی دەروونی و فیزیکی بە خوێندکاران دەگەیەنێ، پەیوەندیی نێوان مامۆستا _ خوێندکاریش ئەوەندەی تر ئاڵۆزتر دەکات. لەلایەکی تریشەوە باری دەروونی مامۆستا بەهۆی ئەو گورەزانە خراپەو ئەو مووچە کەمەوە کە هەیەتی پچێک ئاڵۆزو خراپە. ئەم کارەش لەدوا قۆناغدا کارێکی زۆر خراپ لە پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستاو خوێندکار دەکات و خودی مامۆستاش زۆر ماندوو دەکات. من پێم وانییە هیچ خوێندکارێک هەبێ مامۆستاکەی خۆش بووێت ئەگەر ئەو مامۆستایە توندوتیژی لەبەرانبەردا بەکار بهێنێ. کەواتە ئەم گرژی و ئاڵۆزییە بۆ دروست ببێ. با ئیدارەی

قوتابخانەکان فشار بخەنە سەر وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی ڕێگاچارەی تازەیان بۆ بدۆزنەوە. چونکە گوناهی دەرکەوتنی سەرجەمی ئەم گرفتانە لە ئەستۆی تاکەکاندا نییە بەئەندازەی ئەوەی لەئەستۆی سیستمی پەروەردەیی دایە.

دواجار دەمەوێ لەسەر کارەکتەری پارادۆکساڵ ئامێزی گەورەکان ڕاوەستم. ئەم گەورانەی لەیەک کاتدا خاوەنی دوو کارەکتەری زۆر لەیەک جودان. مامۆستا یا باوک خۆی بەو کەسە دەزانێ کە چەندین ساڵە نەوە پەروەردە دەکات و خزمەت دەکات. لە کەسیشمان شاراوە نییە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا چەندین مانگ بەبێ موچە کاریان دەکرد. بەرامبەر بەمەش دەیەوێ هیچ نەبێ لەلایەن خوێندکارەکانیەوە ڕێزی لێ بگیرێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی و هەراسانکردنی منداڵەوە دەبێتە سیمبۆلی شتێکی ناشیرین لەلایان. لەکاتی ئاخاوتنەکانی خۆم لەشاری سلێمانی و هەولێرو کەرکوک لەگەڵ هەندێ لە خوێندکارە سەرەتاییەکان ئەوەیان پێ ڕاگەیاندم کە شەوانە بیریان لەو ترسە کردۆتەوە کە مامۆستاکان هۆکاری بوون و لەو هەیبەتەش کە ئەوان هەیانبوو. هەندێکیان دەیانوت جاری وا هەبووە کە مامۆستا هاتۆتە خەومان و لێی ترساوین، بەڵام زۆر کەم. لە بەرامبەر پرسیارێکدا بۆچی خەوی وایان بینیوە، ووتیان چونکە خوێندن و نووسینەکانی خۆمان نەکردووە و بیرمان لەوە کردۆتە کە سبەی لە قوتابخانە مامۆستا لێمان دەدات.

لێرەدا مامۆستا دوو ڕۆڵی جودا لەیەک دەبینێ. هەم پەروەردەکارو پەروەردەناس و هەم شەوانەش هەندێ جار دەبێتە مێردەزمە. ئەم حاڵەتە داوامان لێ دەکات کە لەکاتی جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەدا مامۆستا دەبێ بەدیالۆگ چارەسەری گرفتەکان بکات.

> «من هیچ هاوڕێیەکم نییە، لە ماڵەوەش باوکم هەر بەشەق و شەپەلاخ لەگەڵما دەجوڵێتەوە. چەند خۆش ئەبوو ئەگەر مامۆستا جگە لە وانەکان هەندێ شتێ زۆر گرینگی بۆم شی بکردایەوە. ئاخر من هیچ هاوڕێیەکم نییە»
>
> خوێندکارێکی شەشەمی سەرەتایی/کەرکووک



بۆ خوێندکارێک وانەکانی ناخوێنێت؟ ئایا ئەم شتە بەدەگمەن، هەندێ جار یا زۆر جار ڕوودەدات؟ ئایا مامۆستا بەتەنیا دەرهەقەتی ئەم هەموو ئەرکە دێت؟ ئەگەر نەهات چی؟ ئایا وەزارەتی پەروەردە یارمەتی دەدات؟ چەندین پرسیاری دیکەی تریش هەن کە هەژاریی سیستمی پەروەردەیی ئێمە دەردەخەن. ئەوەی لەسەرەوە دەیخوێنیتەوە داوایەکی ڕاستەوخۆیە لە مامۆستا کە ببێتە کەسێکی میهرەبان و یارمەتیدەر بۆ خوێندکارەکان. ئەمە بەنیسبەت باوکەکانیشەوە هەر وایە..

> «من پێم وایە مامۆستا وەکو باوک وایە بۆیە مافی ئەوەی هەیە لە خوێندکاران بدات. من بیرم دێتەوە لە شەستەکاندا خوێندکارێکم بانگ کرد و لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا یەک زللەم بەبەرچاوی هەموو قوتابخانەکەوە لێ دا. ئەم خوێندکارە بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە. ئیدی هەمووانی دیکە ئاقڵ بوون»
>
> سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان لە (....)

زۆرێک لە باوکەکان بەو بیانووەی کە منداڵەکانی خۆیان خۆش دەوێ و دەیانەوێ لەخۆیان پیاوتر بن، ئیدی دەبنە جۆرە سوڵتانێک بەسەر منداڵەکانیانەوە و نەحکوومەت و نەکەسی تریش بۆیان نییە دەستی بگرن

لێرەدا منداڵ وەکو بوونەوەرێکی لاواز لەنێوان دوولایەندا، ماڵەوە و قوتابخانە، گیرۆدەی بارودۆخێکی ئاڵۆز دەبێ و لە بوونەوەرێکی پاکەوە دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێک کە نەخشە بۆ شتە نێگەتیڤەکان بکێشێ.

## حەوتەم- تووڕەبوون

دیارە تووڕەبوون پانتاییەکی گەورە لەناو خێزانەکاندا داگیر دەکات. بەپێی وەڵامی خوێندکارەکان ٦٧ ٪ ی ئەوان لەماڵەوە لێیان تووڕە دەبن(٪٦٧ لە ماڵەوەش لێدەدرێن). وەک دەردەکەوێت نزیکەی ٪ ٥٧ هەندێ جار لێیان تووڕە دەبن (٪٤٤ لە ماڵەوەش هەندێ جار لێدەدرێن)، بەڵام نزیکەی ٪١٤ زۆرجار لێیان تووڕە دەبن (٪٢٣ لە ماڵەوەش زۆرجار لێدەدرێن). بەڵام لەسەر ئاستی ڕەگەزی نێرو مێ جیاوازییەکی

زۆر هەیە. کوڕان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر زیاتر (٪٧٦) لە کچان (٪٥٦) لێیان تووڕە دەبن.

## خشتەی ژمارە ١٢

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ١٣٥ | ٢٢,٥ | ١٦٠ | ٤٠,٠ | ٢٩٥ | ٢٩,٥ |
| هەندێ جار | ٣٦٠ | ٦٠,٠ | ٢٠٨ | ٥٢,٠ | ٥٦٨ | ٥٦,٨ |
| زۆرجار | ١٠٥ | ١٧,٥ | ٣٢ | ٨,٠ | ١٣٧ | ١٣,٧ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

ئایا لە ماڵەوە لێت تورە دەبن؟

تورەبوون لەناو خێزانەکاندا

ڕەنگە ئەم سەرئەنجامەش تاڕادەیەک ئاسایی بێت چونکە کوڕان بزێوترو نارەحەتترن لە کچان. بەڵام من لەڕادەی ئەو تووڕەبوونانە ورد نەبوومەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک لێیان تووڕە دەبن. ئایا هەڕەشەیان لێ دەکەن یا نا؟ ئایا لەکاتی ئەو تووڕەبوونانەدا شتی تر بەکار دێنن یا تەنها تووڕە دەبن. بەڵام لە بری ئەوە ویستم ئەوە بزانم ئایا لەکاتی ئەو تووڕەبوونانەدا قسەی ناشیرینیشیان پێ دەڵێن یا نا؟

## خشتەی ژمارە ١٣

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٣٨٥ | ٦٤,٢ | ٢٤٨ | ٦٢,٠ | ٦٣٣ | ٦٣,٣ |
| هەندێ جار | ١٤٥ | ٢٤,٢ | ١١٢ | ٢٨,٠ | ٢٥٧ | ٢٥,٧ |
| زۆرجار | ٧٠ | ١١,٧ | ٤٠ | ١٠,٠ | ١٠ | ١١,٠ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

ئایا لە ماڵەوە قسەی ڕەق و ناشیرینت پێدەکەن؟

شکانەوەی خوێندکاران لەناو خێزانەکاندا



بەپێی ئامارەکان نزیکەی ٪٣٧ یان لە ماڵەوە قسەی ناشیرینیان پێ دەڵێن. ئەگەر ئەم ڕێژەیە لەگەڵ ڕێژەی ئەو خوێندکارانەدا بەراورد بکەین کە لێیان تووڕە دەبن، ئەوە جیاوازییەکی زۆر گەورە دەبینین. بەواتایەکی دیکە دایبابەکان زیاتر پەنا بۆ لێدان و تووڕەبوون دەبەن تا قسەی ناشیرین.

بەپێی (خشتەی ١٣) دایبابەکان لەکاتی جنێوداندا جیاوازی لەنێوان نێرو مێدا ناکەن. بەڵام لە ڕێگەی گفتوگۆکانەوە ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە جیاوازی لەنێوان جۆری جنێوەکاندا هەیە. بۆ نموونە هیچ کوڕێک پێی نەوتووم کە دایک یا باوکی پێی وتووە (حیز، گاندەر... هتد)، بەڵام چەندین کچ ئەوەیان پێ ڕاگەیاندووم کە دایکیان جنێوی یەکجار ناشیرینی ئاراستە کردوون لەوێنەی (قەحپە، دەڵەقۆڕ، گاندەر... هتد). شایەنی وەبیرهێنانەوەیە کە بەشێک لە مامۆستاکانیش گەواهی ئەوەیان دا کە ڕاستە ئەو جۆرە جنێوانە چ لە ماڵ و لە قوتابخانەکانیشدا کەم تا زۆر بەکار دەهێنرێن. کاریگەری ئەم جۆرە جنێوانە لەژێر سەردێڕی بەسێکسیکردنی کۆمەڵگادا دەبینیتەوە.

هەندێ جار ئازاردانی منداڵ لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە منداڵێک چەند ئازار دەدرێت و چەند بەتوندوتیژی گۆش دەکرێت، بەڵکو لەو ترس و ئازارەدا بەرجەستە دەبێت کە منداڵ لە ترسی سەرنەکەوتن لە مەسەلەیەکدا دەیچێژێ. بەشێوەیەکی دی ئێمە منداڵەکانی خۆمان بەوە ڕاناهێنین کە هەڵەکردن و سەرنەکەوتن شتێکی سروشتییە و ئەوەیان لەلا ناکەین بەنۆرم کە مرۆڤ دەبێ زۆر بەڕاشکاوی دان بەشکستەکانی خۆیدا بنێت. لەهەمان کاتیشدا لە بری دەرنەچوون لە قوتابخانە، یا شکستهێنان لەهەر کارێکدا سزایان دەدەین بۆیە ئەوانیش لەکاتی شکستە بێ تاوانەکانی خۆیاندا ترس دایان دەگرێ و تا ڕووبەڕووی باوکیان (یا ئەو کەسەی بەرپرسە لێیان) دەبنەوە لەناخەوە خۆیان دەخۆنەوە. ئەم خۆخواردنەوەیە لە فۆرمێکی پڕ ترسدا زۆر جاری دیکەش لە گەورەییدا لەدایک دەبنەوە. بۆیە من هیچ پێم سەیر نییە ئەو توندوتیژییەی ئەوڕۆ ماڵ و قوتابخانە پیادەی دەکەن فۆرمێکە لەهەمان شێوەی ئەو ترسە کە ئەندامەکانی ناو ماڵ و قوتابخانە لە منداڵی خۆیاندا پێی گۆش کراون.

لەکاتی قسەکردن لەگەڵ هەندێک مامۆستادا لەبارەی شێوازەکانی هەراسانکردنی جەستەییەوە ئەوەیان وت کە بەشێک لەو شێوازانەی ئەمڕۆ ئەوان لەگەڵ خوێندکارەکانیان بەکاریان دەهێنن بەشێوەیەک لە شێوەکان هەمان ئەو شێوازانەن کە مامۆستاکانی خۆیان کاتی خۆی بەکاریان دەهێنا. بەجێهێشتنی ئەم شێوە پەروەردەکردنە و هەڵبژاردنی شێوەیەکی نوێ مانای تاقیکردنەوەی سیستمێکی پەروەردەیی دیکەیە کە بڕیار وایە سبەی دەست بەکار بێت.

ڕەنگە کەسمان لەو جۆرە سزادان و ترسەیماڵەوە ڕزگارمان نەبووبێت. من ئەوەندەی ترسم لە لێدانەکانی باوکم هەبوو ترسم لە مامۆستاکانم نەبوو چونکە لە قوتابخانەدا کارەکانی خۆم بەباشی دەکرد. بەڵام ئەوەی ترسم لێ هەبوو بارودۆخی ماڵەوە بوو، چونکە بەمنداڵی تا بڵێی ناڕەحەت بووم و لەگەڵ براکانمدا بەگژ دارودیواردا دەچووین. دایکم هەرگیز لێی نەدەداین بەڵکو چاوەڕێی دەکرد تا باوکم لە کار دەگەڕایەوە و پێی دەوت. باوکم ڕۆژانە لێی دەداین چونکە ئێمەش ڕۆژانە کاری ناوێڵ و ناڕەحەتیمان دەکرد. باوکم بە نەعل یا بە سۆندە لێی دەداین و بۆ ئەم مەبەستەش سۆندەیەکی کورتی هەبوو. ئێمەش هەموو ڕۆژێک بەر لەهاتنەوەی سۆندە کورتەکان و نەعلە نایلۆنەکانمان دەشاردەوە و نەعلە ئیسفەنجەکان و سۆندە درێژەکانمان دەخستە بەردەست. باوکم کە دەهاتەوە ناچار بوو سۆندە درێژەکە بکات بەچەندین قەدەوە. ئێمە فشەمان بەو لێدانە دەهات چونکە ئەو سۆندە قەدکراوانە و نەعلە ئیسفەنجەکانی ماڵەوەش ئێشیان نەدەهات. هەر ڕۆژێک بیرمان نەبوایە سۆندە کورتەکان بشارینەوە ئەوە لێدانێکی باشمان دەخوارد و دواتریش لەناو خۆماندا یەکتریمان بەئیهمالی تاوانبار دەکرد.

سەعاتێک بەر لە گەڕانەوەی باوکم ئیدی ترس دایدەگرتین و بیرمان لە هەزار و یەک شت دەکردەوە. ئەوەندەی بیرمان لەو ترسە دەکردەوە بیرمان لە خودی لێدانەکانی باوکم نەدەکردەوە. ئەو سەعاتە ترسە چاڵێکی لە دەروونماندا هەڵکەند تاوەکو ئێستاش من هەستی پێ دەکەم. ئێستاش بەر لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گرینگ یا چارەنووسسازدا من تووشی هەمان شڵەژاوی دێم کە لە چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکمدا تووشی دەبووم.



## هەشتەم- هۆکار و ئامراز

لەم بەشەدا هەوڵی ئەوە دەدەم لەو ئامراز و هۆکارەکانە ورد ببمەوە کە قوتابخانەکان لەکاتی هەراسانکردندا پیادەی دەکەن و پەنای بۆ دەبەن. بەشێکی ئەم هۆکارانە دەکرێ لە چوارچێوەی هەندێ میکانیزمی نوێدا گۆڕانیان بەسەردا بێت و دواتر وەکو هۆکار لەناو بچن. ئەگەر قوتابخانەکان لەمەدا سەرکەوتوو بوون ئەوە زۆر ئاسانتر دەتوانن دیاردەی هەراسانکردن لەناو خۆیاندا لەناو ببەن.

خشتەی ژمارە ١٤

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ناخوێنم | ٣١٠ | ٥١,٧ | ٢٤٠ | ٦٠,٠ | ٥٥٠ | ٥٠,٠ |
| شەڕ دەکەم | ٣٠٠ | ٥٠,٠ | ٢٠٨ | ٥٢,٠ | ٥٠٨ | ٥٠,٨ |
| ناڕەحەتم/قسەدەکەم | ١٣٥ | ٢٢,٥ | ٢٠٠ | ٥٠,٥ | ٤٧٥ | ٤٧,٥ |
| پیس و پۆخڵم | ٢٧٥ | ٤٥,٨ | ٤٠ | ١٠,٠ | ١٧٥ | ١٧,٥ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

بۆچی مامۆستا لێت دەدات یا لێت توڕە دەبێت؟
(بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)

هۆکارەکانی هەراسانکردن لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە

ئەگەر لەدوا ژمارەی خشتەی ژمارە (١٤) ەوە دەست پێ بکەین دەبینین قوتابخانە خۆی بەهەندێ شتەوە خەریک کردووە کە بۆتە هۆی بارگرانی ئەوان. بەڵێ هەموو شتێک جێگەی لێدوان و ئاخافتن و دیالۆگە بەڵام ئێمە پێویستمان بەوە نییە بەشێک لە وانەکان بۆ گرفتی پیس و پۆخڵی تەرخان بکەین و لەسەر ئەم گرفتەش منداڵەکان هەراسان بکەین. ئەگەر بڕوانینە (خشتەی ١٤) دەبینین ٪١٧ ی خوێندکاران لەسەر ئەم گرفتە هەراسان دەکرێن. بەڵام ڕێژەی کچان ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەوان لەکوڕان پاک و تەمیزترن و تەنها ٪١٠ ئەوان (بەرامبەر بە ٪٤٦ ی کوڕان) هەراسان دەکرێن.

بەشێوەیەکی دی بەشی هەرە زۆری خوێندکاران لەسەر خوێندن (٪٥٥) و شەڕکردن (٪٥١) و بزێوی و نارەحەتی (٪٤٨) لێدەدرێن و هەراسان دەکرێن. لە بەرامبەر ئەو سێ هۆکارەدا هەمیشە کچان لە کوڕان زیاتر هەراسان دەکرێن چونکە ناخوێنن و زیاتر شەڕ دەکەن و بزێوی زیاتر دەکەن. ئەمە دەکرێ وابێت بەڵام دەشکرێ بەپێچەوانەوە بێت، واتە دەشێ کوڕان ئەو کارانە زیاتر بکەن بەڵام مامۆستاکانیان لەو حاڵەتانەدا کەمتر پەنا بۆ لێدان و تووڕەیی ببەن.

بەنیسبەت نەخوێندن و بەجێ نەگەیاندنی ئەرکەکانی ماڵەوە، قوتابخانەو ماڵەوەش شکستێکی گەورەیان هێناوە و وەزارەتی پەروەردەو زانکۆکانیش ماوەیەکی زۆر درێژە لەبەردەم ئەو شکستەدا بەبێ ئەنجام راوەستاون. هەراسانکردن (بەتایبەت لێدان) دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار وانەکانی بەباشی نەخوێنێت. دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت سەرشۆڕکردنی منداڵ بەدیار کتێبەکانیەوە مانای ئەوەی نییە ئەو منداڵە دەخوێنێت یا لە وانەکەی تێگەیشتووە، چونکە لەدوای هەراسانکردن منداڵ دەکەوێتە بارێکی دەروونی تایبەتەوە کە توانای وەرگرتنی زانیارییەکان بەربەست دەکات. چ لەم بوارەو چ لە بواری بەربەستکردنی شەڕی نێوان خوێندکاران تاوەکو ئێستاش قوتابخانەکان نەبوونەتە خاوەن بەرنامەیەکی سەرکەوتوو.

خشتەی ژمارە (١٤) ئامرازەکانی لێدان لە روانگەی خوێندکارانەوە روون دەکاتەوە. زۆرترین ئامراز کەبەکار دێت بۆ لێدانی خوێندکاران بریتییە لە بەکارهێنانی دار بەڕادەی یەکەم (٪٨٥)، لەشەق و زللەو قژراکێشانی منداڵەکان بەڕادەی دووەم (٪٦٣)، دوای ئەوەش بەکارهێنانی راستە و پێنووس و دەفتەر و تەباشیر تێگرتن (٪٥٤)، کەمترین شتیش کە مامۆستاکان پەنای بۆ ببەن بەکارهێنانی سۆندەیە (٪٣١).

ئەگەر بەپێی رەگەزیش لەو ئامرازانە بڕوانین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئامرازەکان لە قوتابخانەکانی کچاندا زیاتر بەکار دەهێنرێن جگە لە بەکارهێنانی سۆندە کە لای کوڕان زیاتر بەکار دەهێنرێت. لەلایەکی ترەوە رێژەی ئەو کچانەی کە هیچ مامۆستایەک لێیانی نەداوە دووقاتی رێژەی کوڕانە. بەشێک لە کچەکان لە چەندین شوێنی جودا جودا ئەوەیان لە لا ئاشکرا کردم کە ناخۆشترین شتێک بەلای



خشتەی ژمارە ١٥

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| بەدار | ٤٥٥ | ٧٥,٨ | ٣٩٢ | ٩٨,٠ | ٨٤٧ | ٨٤,٧ |
| بەسۆندە | ٢١٥ | ٣٥,٨ | ٩٦ | ٢٤,٠ | ٣١١ | ٣١,١ |
| بەشەق و زللە و قژ راکێشان | ٣٤٥ | ٥٧,٥ | ٢٨٨ | ٧٢,٠ | ٦٣٣ | ٦٣,٣ |
| بەدەفتەر و پێنووس و ڕاستە | ٣٢٠ | ٥٣,٣ | ٢٢٤ | ٥٦,٠ | ٥٤٤ | ٥٤,٤ |
| کەس لێینەداوم | ٨٥ | ١٤,٢ | ١٢٨ | ٣٢,٠ | ٢١٣ | ٢١,٣ |

مامۆستا بەچ شتێک لێیت دەدات؟
(بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)

ئامرازەکانی ئازاردانی جەستەیی

ئەوانەوە ئەوەیە کە مامۆستاکان قژیان رادەکێشن و وشەی ناشیرینیان لەگەڵدا بەکار دەهێنن.

لە خانەی (پێشەنگی منداڵان) لە هەولێر هەندێک خوێندکار باسی هەندێ شێوازی دیکەیان دەکرد کە مامۆستاکان لە بری لێدان پەنای بۆ دەبەن بۆ نموونە؛ راگرتنی خوێندکار بەپێوە بۆ ماوەیەکی زۆر یا وەستان لەسەر یەک پێ. رێژەی ئەم جۆرە هەراسانکردنەش دەکرێ لە وەڵامی مامۆستاکاندا ببینینەوە. لێرەدا زیاتر لە جیاوازییەک لە نێوان وەڵامی مامۆستاکان و منداڵەکاندا دەبینین کە خوێنەر لەکاتی بەراوردکردنیاندا بەئاسانی دەتوانێ هەستیان پێ بکات.

بەڵام کاتێ هەمان پرسیارمان ئاراستەی مامۆستاکان کرد (تۆ بە چ شتێک لە خوێندکارەکانت دەدەیت؟) نزیکەی ٢٤٪ ئەوان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدایەوە. لەلایەکی دیکەوە بەشی هەرە زۆری ئەوانیش چوون خوێندکارەکان دەیانوت کە بەکارهێنانی دار بەڕادەی یەکەم دێت. مامۆستاکان هەندێ ئامرازی دیکەش بەکار دەهێنن وەکو شت تێگرتن و وەستان بەپێوە.

قسەکردن و نارەحەتی لەناو پۆلدا یەکێکە لە هۆکارەکانی تری هەراسانکردن. لەم بوارەدا کوڕان زیاتر لە کچان لە پۆل دەردەکرێنە دەرەوە کە ڕێژەکەیان دەگاتە نزیکەی ٪٣٢,٠ بەڵام کچان کەمتر پەنا دەبەنە بەر بزێوی و نارەحەتی.

خشتەی ژمارە ١٦

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەدار | ١٢٤ | ٤٩,٦ |
| بەسۆندە | ١٠ | ٤ |
| بەشەق و زللە | ١٠ | ٤ |
| شت تێگرتن | ٢٧ | ١٠,٨ |
| وەستان بەپێوە... هتد | ٢٠ | ٨ |
| بێ وەڵام | ٥٩ | ٢٣,٦ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

تۆ بە چ شتێک لە خوێندکارەکانت دەدەیت؟

ئامرازەکانی ئازاردانی جەستەیی

لەکاتی وردبوونەوە لەم مەسەلەیە لەگەڵ منداڵاندا ئەوەم بۆ روون بووەوە کە هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئەوان ناتوانن لەناو پۆلەکانیاندا بێدەنگبن.

خشتەی ژمارە ١٧

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٣٦٠ | ٦٠,٠ | ٣٢٠ | ٨٠,٠ | ٦٨٠ | ٦٨,٠ |
| هەندێ جار | ١٧٠ | ٢٨,٣ | ٧٢ | ١٨,٠ | ٢٤٢ | ٢٤,٢ |
| زۆرجار | ٧٠ | ١١,٧ | ٨ | ٢,٠ | ٧٨ | ٧,٨ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

ئایا ئەمساڵ لە پۆل لەبەر شەڕ و نارەحەتی دەرکراویتە دەرەوە؟

دەرکردنەوە دەرەوەی خوێندکار لە پۆل

# دەروازەی چوارەم

## دەروازە تیۆرییەکان

«شـــەڕانیـــبـــوونـی بەشی هـەرە گـــەورەی
منداڵـەکـان بۆ قـۆناغی بەر لە قـوتـابخـانە
دەگەڕێتەوە»

Dan Olweus

# بەشی یەکەم

## هەرەمی پێداویستەکانی ماسلۆ

ئەبراهام ماسلۆ بەیەکێک لە ناودارترین تیۆریزانی هیومانیستەکان دەژمێردرێت. «هەرەمی پێداویستییەکان» یەکێکە لە تیۆرییە پڕ ناوەکانی ئەم پیاوە کە تا ماوەیەکی درێژخایەن کاری پێ دەکرا و تا ئێستاش لە بواری دەروونناسیدا ڕەواجی خۆی هەیە. ئەوەی ماسلۆ دەیویست پێی لەسەر دابگرێ ئەوە بوو کە پێداویستییەکانی مرۆڤ زۆر پەیوەستن بەیەکەوە و ناکرێ ئێمە لەیەکیان جودا بکەینەوە. بەشێوەیەکی دی بۆ گەشتن بەئامانجێکی دیاریکراو مرۆڤ پێویستی بەکۆمەڵێ پێداویستی مادی و دەروونی و زانستی... هتد هەیە کە زۆر گرینگن هەموویان دابین بکرێن.

پرۆفیسۆر گون ئیمسن ئاماژە بەوە دەکات ماسلۆ دەیەوێ ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کەوا لە پشت هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکەوە کۆمەڵێ پێداویستی ئاڵۆز هەن لەوانەیە دابین نەکرابن. بۆ نموونە هەرکات منداڵێک شەڕ و ئاژاوە بنێتەوە دوور نییە هۆکارەکەی بۆ پەیوەندیی نێوان خۆی و منداڵەکانی دیکە بگەڕێتەوە، یا بۆ خەمۆکی، نیگەرانی... هتد بگەڕێتەوە Imsen,2000.P.279.

بەر لەوەی بچینە سەر هەرەمەکەی ماسلۆ دەبێ ئاماژە بەو چوار پرنسیپە گشتییە بکەین کە تیۆری پێداویستییەکانی مرۆڤ پشتی پێ بەستووە و لەسەر بنەمای ئەو پرنسیپانە داڕێژراوە Jerlang,2006.P.216.

١- پرنسیپی هیومانیستی: ماسلۆ پێی وایە هەموو تیۆرییەکی پێداویستی دەبێ پێش هەموو شتێک باس لە مرۆڤ بکات نەک باس لە ئاژەڵ بکات. ئەو پێی وایە ئەگەر پێداویستی «برسێتی» بەم شێوەیەی ئێستای وەکو پێداویستییەکی مرۆڤ بژمێرین ئەوە هەڵەیەکی گەورەمان کردووە. باشتر وایە ئێمە لە بری ئەوە دابینکردنی زاتی self-fulfilment ئەو پێداویستییە بەپێداویستییەکی مرۆڤ بژمێرین.



٢- پرنسیپی Eupsychic: (لەزمانی یۆنانیدا eu بەمانای باش، psychic بەمانی ڕوح یا لەش دێتەوە) ماسلۆ پێی وایە هەر تیۆرییەکی پێداویستی دەبێ مرۆڤی لەش ساغ و ئاسایی بکاتە بەردی بناغەو خاڵی دەسپێک نەک وەکو تیۆری دەروونشیکاری مرۆڤی نەخۆش و لادەر بکاتە بەردی بناغەی خۆی. ئەمەش بەو مانایە نایەتەوە کە ماسلۆ نایەوێ لەناو ئەم جۆرە تیۆرییانەدا چارەسەری گرفتەکانی ئەو مرۆڤە نەخۆشانە دەسنیشان بکرێت. ماسلۆ خوازیاری ئەوەیە کە لەم تیۆرییانەدا شیکردنەوەی تەواو لەبارەی پێداویستییەکانی هەردوو جۆرە مرۆڤەکەوە (نەخۆش و لەشساغ) هەبێت.

٣- پرنسیپی شعورو لاشعور: ئەم جۆرە تیۆرییانە دەبێ باس لە هەموو ئەو پێداویستییانە بکات کە پەیوەندییان بەشعورو لاشعوریشەوە هەیە. لێرەدا کاریگەری دەروونشیکاری بەسەر هیومانستێکی وەکو ماسلۆوە زۆر بەڕوونی دەبینرێت.

٤- پرنسیپی پۆلێنکردنی پێداویستییەکان: دەکرێ پێداویستییەکان بەچەندین شێوە پۆلێن یا ڕیزبەند بکرێن. بۆ نموونە ماسلۆ تیۆرییەکەی خۆی لە هەرەمێکدا کردووە بەچەندین بەشەوە.

ماسلۆ لە هەرەمەکەی خۆیدا (Maslow,1970) پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی کردووە بەپێنج بەشەوە کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێیاندا دەڕوات و لە پێداویستییە جەستەییەکانەوە دەست پێدەکات. بەشێوەیەکی گشتی ئەم پێداویستییانە دەکرێ وەک دوو جۆر پێداویستی تەماشا بکرێن. جۆری یەکەم بریتییە لەو پێداویستییانەی کە پێی دەڵێن Deficiency Needs کەبۆ مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ زۆر پێویستن. جۆری دووەمیش پێی دەڵێن Being Needs کە بریتییە لەو پێداویستییانەی مرۆڤ لەبەر ڕۆشناییاندا دەتوانێت لە دەوروبەرەکەی تێبگات و بکۆڵێتەوە و لەوەش بگات کە ئەو چەندە بۆ ئەوان گرینگەو دەتوانێت چ کارێک بکات. ئەم جۆرە پێداویستییە خاڵێکە کە تیۆرییەکەی ماسلۆ لەوانی دیکەی پێش خۆی جودا دەکاتەوە (Imsen,2000.P.280 ).

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بگاتە بەشی سەرەوەی هەرەمی پێداویستییەکانی ماسلۆ




ئەبراهام ماسلۆ (١٩٠٨- ١٩٧٠)



دەبێ بەچەندین قۆناغی دیکەدا تێپەڕ ببێت. لەهەر یەکێک لەم قۆناغانەدا دەبێت کۆمەڵێ پێداویستی بۆ مرۆڤ دابین بکرێت. ئەگەر لەخوارەوەڕا (قۆناغی یەکەم) دەست پێبکەین دەبینین ئێمە تاوەکو ئێستاش گرفتی گەورەمان لە ئاوی خواردنەوە و جۆری خواردن و پێداویستییەکانی دیکەدا هەیە، تاوەکو ئێستاش خواردنەکانمان پیسن، ڤیتامینی تەواوی تێدا نییە یا ڤیتامینەکانی پێداویستییەکانی لەشی ئێمە دابین ناکات، خواردنەکان بینای لەشمان خراپتر دەکەن...هتد. بەشێوەیەکی دی ئێمە ئەوەندە خواردن و خواردنەوەمان هەیە کە سکمانی پێ پڕ بکەین، نەک لەشی خۆمان پتەو بکەین.

رەنگە بەشێکی تاڕادەیەک زۆری منداڵانی ئێمە ئەم گرفتەیان هەبێت، بۆیە دەشێ ئەمە ببێتە هۆکار بۆ چەندین گرفتی دیکە. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە منداڵێکی برسی یا تینوو ناتوانێت وانەکانی بەباشی بخوێنێت و بێ خەم ژیان بباتە سەر. لەلایەکی دیکەوە منداڵی برسی زۆرجار شەڕو ئاژاوە دەنێتەوە و لەگەڵ کەسدا هەڵناکات و... هتد. گرفتەکە لەوەدایە خەڵک (لەبەر زۆر هۆکاری جیاواز) زۆر بەدەگمەن لەوڵاتی ئێمەدا بیر لەم هۆکارانە دەکەنەوە. بەشێکی دیکەی منداڵانی ئێمە بەدەست نەخۆشی جۆراوجۆرەوە سکاڵا دەکەن و لەبەرامبەر گرفتی بێ دەرمانی و بێ ئامێری و نەبوونی دوکتۆرو دەست رانەگەشتنیان بەنەخۆشخانەکان، هەمیشە ئەو منداڵانە لەناخۆشی و نیگەرانیدا دەژین. ئەم کارانەی سەرەوە دەبنە هۆکارێک بۆ چەندین دیاردەی نێگەتیف لەلای منداڵان کە لە بنەڕەتدا خەتای خۆیانی تێدا نییە.

لە قۆناغی دووەمدا ماسلۆ پێی وایە مرۆڤ دەبێ کۆمەڵێ شتی دیکەی بۆ دابین بکرێت کە بەراستی ئێمە لێی بێ بەشین، لەوانە سەقامگیری، ئاسایش، هەست نەکردن بەترس، پێویستی نەزم و یاساو رێسا... هتد.

ئێمە وەکو کورد قەت هەستمان بەئاسایش و سەقامگیری نەکردووە. بەدرێژایی رۆژگار لەژیانی خۆمان دڵنیانین و نازانین کەی لەناو دەچین. ئەم کارە وای کردووە هەر لە منداڵێکەوە تا پیرێک ژیانی لە دڵەڕاوکێدا بباتە سەر. خەڵکانێکی زۆر ناچار بوون بەدرێژایی چەندین ساڵ لەژێر رەشماڵەکاندا ژیان بەسەر بەرن. بەدەر لەوەی لەژێر ئەو رەشماڵانەدا خواردن و حەسانەوە و باری ئەمنی خراپە، ئەوە بەبەراورد




هەرەمی پێداویستییەکان/ ماسلۆ

لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگادا باری تەندروستیشیان یەکجار خراپە. منداڵی کورد جاران و ئێستاش لە یاری، ژووری تایبەت، تێرکردنی حەزەکانی خۆی، سەقامگیری بێ بەش بووە. لەلایەکی تریشەوە لەلایەن گەورەکانەوە بەشێوەیەکی زۆر توند لێدراوە، هەراسانکراوە، هەڕەشەی لێ کراوە و زۆر جاریش ژیانی لەڕێگەی توندوتیژی جەستەیی و دەروونییەوە خراوەتە ژێر مەترسییەوە. لەم بوارەدا قوتابخانەو ماڵەوە لە بێ ئاگاییەکی تەواوەوە ڕۆڵێکی زۆر ناتەندروستیان لە گەشەکردنی منداڵاندا بینیوە و تا بۆیان کراوە ژیان و سەقامگیری منداڵیان تێکداوە.

هەر منداڵێک لەم بێ ئاسایشی و ناسەقامگیرییەدا بژێت بێگومان لەناو پۆلدا ناتوانێت بەئاسانی ئارام و هەڤاڵدۆست بێت و بەبێ گرفت ڕێز لەوانی دیکە بگرێت و زانستەکەشی وەربگرێت.

لە قۆناغی سێیەمی هەرەمەکەدا ماسلۆ باس لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان



دەکات و دەیەوێ ڕۆڵی ئەو پەیوەندییانە بەڕوونی دیاری بکات. ئەم پەیوەندییانە لەسەر چەندین ڕەهەندی جودا جودا کار دەکات، هەر لە پەیوەندییەکانی کارو بێ کارییەوە تا دڵسۆزی، خۆشەویستی، ناپاکی، ئەو تەنگژەیەی نەبوونی خانوو دەیخاتە روو،... هتد.

ئەو خۆشەویستییەی ئێمە بەمنداڵەکانی خۆمانی دەدەین خۆشەویستییەکی یەک ڕەهەندییە. ڕوونتر دەمەوێ بڵێم ئێمە بەقسە منداڵەکانی خۆمان تا سەر ئێسقان خۆشدەوێت و بۆ کڕینی ئەو شتانەی خۆمان پێمان خۆشە پارەیان دەدەینێ. ئەوان تەنها لەو شوێنانەشدا بۆیان هەیە یاری بەو یاریانە بکەن کە خۆمان پێمان خۆشە...هتد. دەبێ لەو بەشانەدا بخوێنن کە خۆمان زەوقمان لەسەری هەیەو بەباشی دەزانین و لەوقوتابخانانەشدا بخوێنن کە خۆمان پێمان خۆشە. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە جۆرە خۆشەویستییەکی نەزۆک و دۆرزنانەمان بۆ منداڵەکانمان هەیە.

ئێمە فێری ڕێزگرتنیان دەکەین بەڵام پێیان ناڵێین ڕێز لە هەموو کەسێک بگرن بەڵکو تەنها لەو کەسانەی خۆمان مەبەستمانە. فێریان دەکەین کە درۆ شتێکی زۆر خراپەو ئەوەی درۆ بکات خوا دەیسووتێنێ بەڵام دواتر لەژیانی ڕۆژانەدا خۆمان لە چەندین شوێنندا فێری درۆیان دەکەین.

ئێمە پێمان وایە منداڵەکانی خۆمان خۆشدەوێت بەڵام پێداویستییەکانیان دابین ناکەین. ئەو یارییانەیان بۆ ناکڕین کە خۆیان حەزیان لێیەتی. کاتێ مامۆستاکانیان یا هەر گەورەیەکی دیکە لێیان دەدەن لێیان ناپرسینەوە و لەسەریان ناکەینەوە. کاتێ دزییەک دەکەن لە بری هەموو قسەکردنێک و تەمبێکردنێک لێیان دەدەین یا داخیان دەکەین، بەبێ ئەوەی گومانی ئەوە بکەین هەندێ جار منداڵ بۆ ئەوەی سەرنجی گەورەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت زۆر کاری ناوێڵ دەکات. بەشێک لەم کارانە خۆیان لەدرۆکردن، شت شکاندن، شت تێکدان... هتد دەبیننەوە و بەشێکی تریشیان لەئازاردان یا خۆکوژیدا خۆیان دەبیننەوە.

پشتیوانیکردن و هەڵنان و هاندان و ڕەخنەی پۆزەتیڤانە دەچێتە خانەی پێداویستییەکانی قۆناغی چوارەمەوە. منداڵ لەم قۆناغەدا پێویستی بەوە هەیە کەسێک ڕێزی لێ بگرێت و وای پیشان بدات کە ئەو کەسێکی بەسوودە بۆ خێزان و

بۆ کۆمەڵگاش. منداڵ پێویستی بەوە هەیە وێنەیەکی پۆزەتیڤی لەسەر خۆی هەبێت. واتە وا بیر بکاتەوە کە ئەو کەسێکی باش و ژیرەو دەتوانێت زۆر کاری باش و گرینگ بکات، بۆ ئەوەی منداڵ بڕوا بەخۆی بکات و توانای ئەوەی هەبێت لەدوا قۆناغدا ئاواتەکانی بەدی بهێنێت. زۆرجار ئەم بڕوا بەخۆبوونە لەرێگەی بینینی فیلمێکەوە، کرینی یارییەکەوە، بینینی ئاهەنگێکەوە، بەشداربوون لە شانۆنامەیەکدا یا تیپێکی وەرزشدا... هتد دابین دەکرێ.

من نەپێم وایە ئێمە بەشێوەیەکی تەندروست ئەو کارەمان کردووە و نەپێشم وایە بەپێی پێویست نازێکی کۆنستەرکتیڤانەمان بەمنداڵەکانمان داوە. رەنگە پێچەوانەی ئەمانەمان کردبێت و تا ئەو ئەندازەیەش نازیانمان هەڵگرتبێت کە خۆمان پێمان خۆش بووە نەک کە خۆیان پێویستییان پێی بووە. کاتێ منداڵەکانمان بەدڵشکاوییەوە دێنە ماڵەوە ئەرکی ئێمەیە لەرێگەی قسەکردنەوە دڵنەواییان بدەینەوە، گوێ بۆ قسەکانیان رابدێرین، یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی رێگە لەو کەسانە بگرین کە هەراسانیان دەکەن. ئەمە ئەو خۆشەویستییەیە کە منداڵەکانمان پێویستییان پێیەتی.

خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەوان ئەوەیە لەرێگەی دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بتوانین ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکەین. دەبێ ئێمە کاریگەریمان بەسەر ئەو مادانەوە هەبێ ئەوان لە قوتابخانەکاندا دەیخوێنن چونکە لەوێدا گرێدانی بنەماکانی کارکردنی کۆمەڵگاو پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵەکانمان کارێکی پێویستە. ئەمڕۆ ئێمە هیچ جۆرە کاریگەرییەکانمان بەسەر ئەو پرۆگرامانەوە نییە و ئەمەش مانای وایە منداڵەکانمان داوەتە دەست قەدەری چەند کەسێکەوە کە لە بوارەکەی خۆیاندا بەتەواوی بێ توانان. ئەمڕۆ تەواوی رۆشنبیرو گەورە شاعیرو فەیلەسوف و گەورە سیاسی و زیرەکترین کەسی ئەم وڵاتە منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانەکان بەبێ ئەوەی ئەوە بزانن لەوێندەرێ منداڵەکانیان لە بری پێگەیاندن رۆژانە چەندین جار تەریق دەکرێنەوە و لێدەدرێن و کەسایەتییان دەرووخێنرێت.

ئەمڕۆ لە قوتابخانەکان و ماڵەکانیشدا منداڵ زۆر بێرێزی بەرامبەر دەکرێت و



بەبەردەوامی هەوڵ دەدرێت هەراسان بکرێت، لەزۆر شت بێ بەش بکرێت، رێگا لە دابینکردنی پێداویستییە زانستی و مادی و روحیە راستەقینەکانی بگیرێت.

هەر کات ئەم پێداویستانەی منداڵ دابین کرا ئەوە منداڵ دەتوانێت پێ بنێتە قۆناغی پێنجەمەوە و خۆی لەناو کۆمەڵگادا بگونجێنێ. بەشێوەیەکی دیکە لەئەنجامی ئەمەدا منداڵ ئامادەگی ئەوەی تێدا دروست دەبێت بچێتە ناو کۆمەڵگاوە و پلان بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگا دابڕێژێ و ئەوەی لەمێشکیدایە کاریان بۆ بکات و دواجار دەتوانێت ببێتە ئەندامێکی پۆزەتیڤی کۆمەڵگاو ئەرکەکانی هاووڵاتیبوون بەجێ بگەیەنێت.

لە کۆتاییدا دەبێ لەزمانی ماسلۆوە ئەوە یاداشت بکەین کە هەموو ئەم پێداویستییانە وەکو یەک نین، بەشێکیان زگماکین و بەشێکیان نا، بەشێکی تریشیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕێن. لێرەدا خودی مرۆڤ و ژینگەو کات... هتد گۆڕانکاری لە بەشێک لەو پێداویستییانەدا دەکەن (Maslo,1970).

## بەشی دووەم

### مۆدێلی پیکاس
### هەراسانکردنی خوێندکار – خوێندکار

پیکاس یەکێکە لەوانەی ماوەیەکی زۆر کاری لە بواری هەراسانکردندا کردووە و چەندین لێکۆڵینەوەی سازداوە. تیۆرییەکەی پیکاس خۆی لە سێ قۆناغی سەرەکیدا دەبینێتەوە (Pikas,1998) کە من لێرەدا زۆر بەکورتی دەیانخەمە روو:

قۆناغی یەکەم: لێرەدا پیکاس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بخرێنە گەڕ کە رووە ناشیرینەکانی هەراسانکردن بۆ خەڵک روون بکرێتەوە. بەشێوەیەکی دیکە ناشیرینکردنی دیاردەی هەراسانکردن لەبەر چاوی منداڵ و گەورە وەکو هەنگاوێک بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە پیادەکردنی ئەو دیاردەیە. پیکاس بۆ ئەم مەبەستە رێگە بەگەورەکان دەدات پەنا ببەنە بەر هەموو شێوازەکانی کارکردنی وەک بەکارهێنانی هەموو شێوەکانی ماسمێدیاو لقەکانی هونەرو زانست... هتد. بۆ نموونە رادیۆ، تەلەفزیۆن، نمایش، ئاهەنگ... هتد.

لەم قۆناغەدا دەبێ گەورەکان رۆڵێکی نموونەیی ببینن بەوەی ببنە نموونەو رێگەنیشاندەر بۆ ئەوانی دیکە. دیالۆگ لەم قۆناغەدا دەبێ رۆڵێکی بەرچاو ببینێت.

قۆناغی دووەم: دوای بڵاوکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر هەراسانکردن و قێزەوەنکردنی لەلای خەڵک، دەبێ لەم قۆناغەدا دەست بەکارکردنی فیعلی بکرێ. بەشێوەیەکی دیکە هەرکات هەراسانکردن بەرامبەر یەکێک یا گرووپێک پیادە کرا دەبێ گەورەکان دەسبەجێ کاری جیدی بۆ بەربەستکردنی بکەن. لەم قۆناغەدا پیکاس زۆر دوور نییە لە ئۆلڤیۆسەوە و لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیش لەنێوان هەردوو مۆدێلەکەیاندا بەڵام لەهەمان کاتدا خاڵی زۆر هاوبەشیشیان هەیە.

بەپێی مۆدێلەکەی ئۆلڤیۆس دەبێ مامۆستاکان چەندین جار لەگەڵ هەراسانکراو و



دواتر هەراسانکەر دابنیشن و لە هۆکارەکان بکۆڵنەوە و دواتریش بەپێی پێویست دەتوانرێت لەگەڵ منداڵانی دیکەی هەمان پۆل و دایبابی هەراسانکراوەکان و هەراسانکەرەکانیشدا دانیشتن ساز بکرێت. بەڵام مۆدێلەکەی پیکاس لەسەر چەند قۆناغێک راوەستاوە کە بەم شێوەیەیە:

١– پەیداکردنی ئینفۆرماسیۆنی تەواو لەسەر گرفتەکە لە رێگەی دیدار لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە دەتوانن خزمەت بەپرۆسەکە بگەیەنن و هەڵەکانی خەتاکار روون بکەنەوە.

٢– دواتر دانیشتن لەگەڵ هەموو هەراسانکەرەکان بەڵام هەر جارەو لەگەڵ یەکێک لەوان نەک هەموویان بەیەکەوە.

٣– دوای ئەمەش دانیشتن لەگەڵ کەسی هەراسانکراو (قوربانی).

٤– دوای ئەمەش دەبێ گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ سەرجەمی هەراسانکەرەکاندا بەیەکەوە ساز بکرێت. لەم دانیشتنە بەکۆمەڵەدا زۆر پێویستە هەراسانکەرەکان وەک هەراسانکەر لە قەڵەم نەدرێن بەڵام وەکو ئەوەی لەرابردوودا هەراسانکەر بووبن. بەهەمان شێوە دەبێ باس لە چۆنێتی بەربەستکردن و راگرتنی ئەو هەراسانکردنە لە داهاتوودا بکرێت.

٥– دوای ئەم قۆناغەش دەبێ دانیشتنێک بۆ هەردوولا ساز بکرێت. واتە دەبێ کۆی هەراسانکەر (هەراسانکەران) و هەراسانکراو (هەراسانکراوەکان) رووبەڕووی یەک بکرێنەوە و بۆ ئەوەی شتەکان یەکلا بکرێنەوە و بڕیارێک لەو بارەیەوە بدرێت و کۆتایی بەو گرفتە بێت.

قۆناغی سێیەم: لەم قۆناغەدا دەبێ کەسایەتی نموونەیی بۆ منداڵان دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئەوان پەیڕەوی لەو جۆرە کەسایەتییە بکەن و هەوڵ بدەن خەسڵەتە پۆزەتیڤەکان لە کەسایەتی خۆیاندا کۆبکەنەوە.

## بەشی سێیەم

### مۆدێلی ئۆلڤیۆس بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن

### هەراسانکردنی خوێندکار _ خوێندکار

مەرجەکان: وشیاری و دڵبەستەگی و بە هۆڵەوەهاتنی گەورەکان

| بەرنامەکان/ چارەسەرەکان | ژمارە |
|---|---|
| **لەسەر ئاستی قوتابخانە** | |
| سازکردنی چەند رۆژێکی تایبەت بۆ کارکردن و لێدوان لەسەر هەراسانکردن و سازکردنی لێکۆڵینەوە | زۆر گرینگ |
| چاودێرییەکی کاریگەرتری منداڵان لەکاتی پشووەکاندا و چارەسەرکردنی دەسبەجێی گرفتەکانیان | زۆر گرینگ |
| چاودێریکردنی گۆڕەپانی قوتابخانە | زۆر گرینگ |
| خۆشترکردنی ژینگەی منداڵان | گرینگ |
| دانانی بەرنامەیەک بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خێزانەکاندا | زۆر گرینگ |
| کۆبوونەوەی کراوەی دایبابەکان | گرینگ |
| سازدانی گرووپی گەشەسەندنی ژینگە (مامۆستایان) | گرینگ |
| سازدانی کۆڕ و سیمینار لە (بۆ) قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی هاوپەیوەند | زۆر گرینگ |
| **لەسەر ئاستی پۆل** | |
| نووسینەوەی رێنمایی و رێساکانی پۆل لەم بارەیەوە و روونکردنەوەیان بۆ خوێندکاران | زۆر گرینگ |
| دانانی کاتێک بۆ راوێژکردنی پۆل (راوێژی هەفتە) | زۆر گرینگ |



| | |
|---|---|
| فێربوون لە رێگەی هەماهەنگی و هاوکارییەوە | زۆر گرینگ |
| جموجۆڵی پۆزەتیڤانەی هاوبەش | گرینگ |
| سازدانی کۆبوونەوەی دایبابەکانی هەر پۆلێک بەجیا | گرینگ |
| **لەسەر ئاستی تاکەکەس** | |
| دانیشتنی جیدی لەگەڵ هەراسانکەر و هەراسانکراو | زۆر گرینگ |
| دانیشتن لەگەڵ دایبابی هەراسانکەر و هەراسانکراودا، بەپێی پێویست لەگەڵ خوێندکارەکانی تریشدا | زۆر گرینگ |
| بەکارهێنانی فەنتازیای جۆراوجۆر لەلایەن مامۆستا و دایبابەکانەوە بۆ یارمەتیدانی خاوەن گرفتەکان | گرینگ |
| یارمەتی وەرگرتن لە خوێندکارە بێ لایەنەکان | گرینگ |
| یارمەتیدان و پشتیوانیکردنی دایبابەکان | گرینگ |
| سازدانی گرووپی وتووێژ لەگەڵ دایبابی هەراسانکەر و هەراسانکراوەکاندا | زۆر گرینگ |
| گواستنەوەی هەراسانکەر و هەراسانکراوەکان بۆ پۆل یا قوتابخانەی دیکە | زۆر گرینگ |

بەپێی مۆدێلەکەی ئۆلڤیۆس لەکاتی روودانی هەر هەراسانکردنێکدا دەبێ وەکو هەنگاوی یەکەم دانیشتن لەگەڵ هەراسانکراودا ساز بکرێت و دەشکرێ یارمەتی لەوانی دیکە وەربگیرێت و دانیشتنیش لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکرێت کە سوودیان بۆ گرفتەکە هەیەو دەبنە هۆی دەستکەوتنی راستی زیاتر لەو بارەیەوە. لە هەنگاوی دووەمدا دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ هەراسانکەردا ساز بکرێت. لە قۆناغی سێیەمدا دەبێ دەست بەچارەسەری گرفتەکان بکرێت. لێرەدا دەکرێ هەردوولا بەیەکەوە کۆبکرێنەوە و رووبەڕووی راستییەکان بکرێنەوە. دواتر رێگاچارەکان دادەنرێن و داوا لە هەراسانکەریش دەکرێ داوای لێبوردن بکات و بەشێوەیەک لە شێوەکان گفتی ئەوە بدات کە چیتر ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە.

زۆرجار لە پیادەکردنی ئەم مۆدێلەدا قوتابخانەکان بەپێی پێویست هەنگاوی تریش

دەهاون. هەندێ جار وا پێویست دەکات دایبابی هەردوو لا لە گرفتەکە ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام هەندێ جار دایبابی یەکێکیان ئاگادار دەکرێنەوە یا دایبابی کەسیان لە گرفتەکە ئاگادار ناکرێنەوە، ئەمەش پەیوەندی بەوە هەیە کە تا چەند گرفتەکە ئاڵۆزە یا ئاڵۆز نییە.

ئەم مۆدێلەی ئۆلڤیۆس کە خۆی لەچەند خاڵێکی کورتدا دەبینێتەوە(Ol-weus,1986,P.44.) پێویستی بەکارێکی زۆرو بەرنامەسازییەکی باش و پارەیەکی چاک هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەسەرکەوتوویی پیادە بکرێت. نووسینەوەی ئەم بەرنامەیە لێرەدا مانای ئەوە نییە ئیدارەی قوتابخانەکان پەیوەستن بەوەوە بەهەمان شێوە کار بکەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ یاداشتی بکەم دوو خاڵە: یەکەمیان ئەم بەرنامەیە جەخت لەسەر هەراسانکردنی نێوان منداڵەکان دەکاتەوە چونکە لە رۆژئاوادا مامۆستاکان بەپێی یاسا بۆیان نییە خوێندکاران هەراسان بکەن و شتێکی لەم بابەتە لەئارادا نییە. دووەمیشیان نابێ ئەم بەرنامەیە وەکو دارەکەی موسا تەماشا بکرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا پێش و پاش پیادەکردنی ئەم بەرنامەیە لە وڵاتی نووسەردا (نەرویج) لەنێوان (١٩٨٣– ١٩٨٥)دا چەند لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەرفراوان سازکران کە چەندین پۆلی جیاوازی چەندین قوتابخانەی جیاواز تیایاندا بەشدار بوون. لێکۆڵینەوەکانی پاش پیادەکردنەکە دوای ٨ مانگ و ٢٠ مانگ سازکران (Eriksson,2992.P.46)و ئەم پرسیارانەی ئاراستەی خوێندکارەکان کرد:

* لەم چەند مانگەی رابردوودا چەند جار هەراسان کرایت؟
* لەم چەند مانگەی رابردوودا تۆ خۆت چەند جار خوێندکاری دیکەت هەراسان کردووە؟
* چەند جار خوێندکارەکانی دیکە نەیانویستووە لە کاتی پشووەکاندا لەگەڵ تۆدابن؟ (ئەم پرسیارە هەراسانکردنی ناراستەوخۆ دیاری دەکات)

سەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوەیان دەرخست کە دوای پیادەکردنی بەرنامەکەی ئۆلڤیۆس حاڵەتەکانی هەراسانکردنی نێوان خوێندکارەکان بەرێژەی ٥٠٪ کەمیان کرد.

لەبەر ئەوەی دان ئۆلڤیۆس وەکو پرۆفیسۆرێک لەسەر ئاستی جیهاندا لە بواری



هەراسانکردنی منداڵاندا کار دەکات و پرۆگرامەکەی ناوبانگێکی زۆر بڵندی دەرکردووە، بۆیە وام پێ باش بوو ئەم پرۆگرامە لە کۆتایی کتێبەکەدا بخەمە بەردەستی کارمەندانی قوتابخانەکان. دەبێ ئەو تێبینییەش یاداشت بکەم کە ستوونی کۆتایی پرۆگرامەکە (رادەی گرینگی) خۆم لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت بۆم زیادکردووە.

# بەشی چوارەم

## هەراسانکردنی مامۆستا – خوێندکار

من پێم وایە ئەم بەشە نەدەبوو لەم دەروازەیەو لەگەڵ ئەو سێ تیۆرییەی پێشوو دابنرێت چونکە تیۆری نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی هاوکات هەردوو مۆدێلەکەی پیکاس و ئولڤیۆس باس لە بەربەستکردنی هەراسانکردنی نێوان خوێندکار – خوێندکار دەکەن، بۆیە بەباشم زانی بەشێکی دیکە هەبێت کە باس لە هەراسانکردنی مامۆستا– خوێندکار بکات. من لە سەرجەمی ئەو سەرچاوانەی بەکارم هێناوە شتێکی لەم بابەتەم نەبینی، بۆیە بەباشم زانی خۆم ئەم بەشە بنووسم و راستەوخۆ لەدوای ئەو دوو مۆدێلەوە دایبنێم.

لەکاتی پیادەکردنی هەر بەرنامەیەکی تری لەم بابەتە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێ هاوکات بەرنامەیەکی دیکەش بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردنی مامۆستا– خوێندکار ئامادە بکرێت، چونکە گرفتی هەرە گەورەتری قوتابخانەکانی ئێمە ئەوە نییە کە منداڵەکانمان یەکتر هەراسان دەکەن، بەڵکو ئەوەیە کە مامۆستاکان بەشێوەیەکی زۆر بێڕەحمانە و دڵڕەقانە ئازاری منداڵەکان دەدەن. بۆیە دەبێ بەرنامەیەکی زۆر تایبەت بەمامۆستایان بەر لەم بەرنامەیەی ئولڤیۆس پیادە بکرێت و ئەودەم بیر لە بەرنامەکەی ئولڤیۆس (یا هەر بەرنامەیەکی هاوچەشن) بکرێتەوە.

لەم کتێبەدا هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ مامۆستاکان نەخراوەتەوە روو، بەڵام هێڵە گشتییەکانی بەرنامەیەکی لەو بابەتە لێرەو لەوێ باس کراون. لەکاتی پێویستدا دەکرێ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا کار بۆ بەرنامەیەکی لەم بابەتە بکەم. ئەو خاڵانەی بەپێویستی دەزانم لێرەدا یاداشتیان بکەم ئەمانەن:

خاڵی یەکەم: دەبێ لە هەموو بەرنامەیەکی لەم بابەتەدا قورسایی خۆمان بخەینە سەر مامۆستاکان. لەبەر ئەوەی مامۆستاکانی ئێمە لەم بوارەدا زۆر بێ ئەزموون و



کەم زانست و کەم شارەزان. هۆکاری ئەمەش بۆ خودی مامۆستاکان ناگەڕێتەوە بەڵکو ئەوەیە کە زانکۆکان و خانەو پەیمانگاکانی مامۆستایان لەم بوارەدا هیچ شارەزاییەکیان نییە و تەنانەت خۆشیان خوێندکارەکان هەراسان دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە پرۆگرامەکانی ئەم دەزگایانە زۆر کۆنن و پێویستییان بە موتوربەکردنێکی تازە هەیە بەو زانستانەی ئەورۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەخوێندرێن. بۆیە وەکو هەنگاوی یەکەم دەبێ ئەو زانست و شارەزاییە تازانە بخەینە بەردەست مامۆستاکان و لەکاتی پیادەکردنیاندا بەهەموو شێوەیەک هاوکارییان بکەین. وەکو هەنگاوی دووەم دەبێ وانەیەک لەسەر هەراسانکردن لە سەرجەمی ئەو شوێنانەدا بخوێندرێن کە مامۆستای تێدا پەروەردە دەکرێت. وەکو هەنگاوی سێیەم حکوومەت دەبێ پەیمانی ئەوە بدات هاوتەریب ساڵی چەندین قوتابخانەی دار دروست بکات، یا چەندین پۆلی نوێ لەناو هەر قوتابخانەیەک لە دار دروست بکات.

من دڵنیام لەوەی ئەم سێ هەنگاوە بەشێکی گەورەی گرفتەکانمان کەم دەکاتەوە بەمەرجێک کەسانی شارەزا (لە ناو و دەرەوەی کوردستان) لە زانستی تازەو فیکرەی پەروەردەیی رۆژئاواو تاقیکردنەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو رۆڵی سەرەکی لەو بەرنامەیەدا ببینن. هۆکارێک کە وام لێ دەکا ئەوە بڵێم ئەوەیە تاوەکو ئێستا چەندین خولی جیاواز کراونەتەوە بەبێ ئەوەی ئامانج بپێکن و هۆکارەکەشی بەڕای هەندێک لە وەزیرەکانی پەروەردە ئەوە بووە ئەو کەسانەی وانەیان وتۆتەوە ئەو کەسانە بوون کە هیچ تازەگەرییەک و شارەزاییەکیان نەبووە، یا بەشێوەیەکی دیکە هەر ئەو کەسە تەقلیدییانە بوون کە چەندین ساڵە هەن و هیچ شارەزاییەکیان لە تاقیکردنەوە تازەکاندا نییە.

تاوەکو ئێستا وەزارەتی پەروەردە هیچ بەرنامەیەکی کۆنکرێتی و غەیرە کۆنکرێتی بۆ راگرتنی هەراسانکردن نەبووە. کاتێک من پرسیارێکی لەم بابەتەم ئاراستەی مامۆستایان کرد، وەک لەم خشتەی ژمارە (١٨) دا دەبینین ٢٠٪ ئەوان پێیان وابوو ئەو بەرنامەو مێتودە هاوچەرخانەیان لەبەردەستدا هەیە. بۆ ئەم مەسەلەیە من پێویستم بەگفتوگۆکردن بوو لەگەڵ بەشێک لەو مامۆستایانەدا. دواتر لەوە تێگەیشتم کە بەمەستی ئەوان لەو مێتودە هاوچەرخانە ئەو رێنمایانە بووە کە رێگە لە لێدانی

خشتەی ژمارە ١٨

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٠ | ٢٠ |
| نا | ١٦٠ | ٦٤ |
| نازانم | ٤٠ | ١٦ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا وەزارەتی پەروەردە ئەو مێتودگەلە هاوچەرخانەی خستۆتە بەردەستی مامۆستایان کە چارەسەری هەراسانکردن بکات

ڕەخساندنی مێتودی هاوچەرخ

خوێندکاران دەگرێ و بەتایبەت بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان، ئەمەش زۆر لەو بەرنامە نووسراوەوە دوورە کە من مەبەستمە بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە خودی ئەو مامۆستایانە تێڕوانینێکی پۆزەتیڤانەیان بەرامبەر بەرنامەیەکی نووسراوی لەم بابەتە هەیە ئەگەر ئامادە بکرێ. نزیکەی سێ بەشیان لەکاتی بوونی بەرنامەیەکی لەم بابەتەدا ئامادەن واز لەلێدان بهێنن.

خشتەی ژمارە ١٩

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩٠ | ٧٦ |
| نا | ٢٢ | ٨,٨ |
| نازانم | ٣٨ | ١٥,٢ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئەگەر ئەو مێتودگەلەتان بۆ بڕەخسێت واز لە لێدان و شکاندنەوە دێنن؟

کاریگەری مێتودە هاوچەرخەکان

خاڵی دووەم: هەر کات لە پەیداکردنی زانستێکی نوێ بۆ مامۆستاکان و داڕشتنی بەرنامەیەک بۆ هەراسانکردن سەرکەوتوو بووین، ئەوە دەتوانین وەکو قۆناغی دووەم



بەرنامەیەکیش بۆ سزادانی ئەو مامۆستایانە دابنێین کە دوا ئەوجاش سوورن لەسەر پیادەکردنی هەراسانکردن.

لەم بوارەدا دوو جۆر بیرو بۆچوون هەیە: یەکەمیان جۆرە کۆنەکەیە کە من بەسزادانی نێگەتیڤانە ناوی دەبەم و بریتییە لە سزادانی ئەو مامۆستایانەی خوێندکار هەراسان دەکەن. بەشێک لەم سزایانە گواستنەوەی ئەو مامۆستایانەیە یا پارە بڕین و مووچە داشکانە. من پرسیارێکی لەم بابەتەم ئاراستەی ٢٥٠ مامۆستا کرد کە نیوەیان پێیان وابوو هەر سزایەکی لەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی مامۆستاکان چیتر لێدان بەکار نەهێنن.

خشتەی ژمارە ٢٠

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ١٢٢ | ٤٨,٨ |
| هەندێ جار | ١١٨ | ٤٧,٢ |
| زۆرجار | ١٠ | ٤ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئەگەر سزای ئەو مامۆستایانە بدرێ کە لێدان بەکار دەهێنن (بۆ نموونە پارەیان لێ ببڕن) بەڕای تۆ دوای ئەوەش مامۆستاکان بەم شێوەیەی ئەمڕۆ لە خوێندکار دەدەن؟

کاریگەری سزادانی مامۆستایان

هیچ شکێکم لەوەدا نییە ئەم وەڵامانە ئاوێنەی واقیعی ئێمەیە بەڵام من پێشنیاری سزادانێکی دیکە بۆ مامۆستاکان دەکەم.

سزادانی کۆنستەرکتیڤانە ڕێگەیەکی دیکەیە کە بەپێچەوانەی سزادانی نێگەتیڤانەوە کار دەکات و هیوادارم هەمان مەبەست بپێکێت. مەبەستی من لەمەدا ئەوەیە لە بری مووچە داشکانی ئەو مامۆستایانەی لێدان بەکار دەهێنن، ئێمە دەتوانین هانی ئەو مامۆستایانە بدەین کە لێدان بەکار ناهێنن و لەگەڵ منداڵاندا میهرەبانن. ئەم هاندانە بریتی دەبێ زیادکردنی مووچەی ئەو مامۆستایانە، یا زیادکردنی خاڵ بۆ وەرگرتنی زەوی و هەندێ شتی دیکە، یا بەشداری پێکردنیان لە

خولەکانی دەرەوەی کوردستان، یا نووسینی نامەی پشتیوانی لەلایەن وەزیر یا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەوە، یا گواستنەوەیان بۆ ناو شارو قوتابخانە باشەکان، یا چەندین شتی دیکەش کە لە کاتی پێویستدا دەتوانم دەسنیشانیان بکەم. بۆ تەواوکردن و پتەوکردنی بەرنامەیەکی لەم بابەتە دەبێ چەندین خاڵی دیکەش بنووسرێن.

ئەرکی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەو مامۆستایانە خوێندکار هەراسان دەکەن دەبێ بکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەر. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بەڕێوەبەری هەموو قوتابخانەیەک لیژنەیەکی هەبێت بۆ تاوتوێکردنی ئەم کارانە.

# دەروازەی پێنجەم

## گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا

«خۆشەویستی و نازێکی کەم و ئازادییەکی بەربڵاو لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانی منالیدا هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی توندوتیژی لەلای منداڵ»

Dan Olweus

بەربەستکردنی هەراسانکردن وەکو گرفتێک و دیاردەیەکی جیهانی پێویستی بەهاوکاری هەمەلایەنەی زۆر دەزگاو ڕێکخراو و وەزارەت و لایەنی دیکە هەیە. بەو پێیەی وەزارەتی پەروەردە خاوەنی گرفتەکەیە بۆیە ئەرکی بزواندن و نەخشەدانان و بەستنەوەی سەرجەمی ئەو نەخشانە دەکەوێتە سەرشانی ئەو وەزارەتە. من گرفتەکە هێندە گەورە دەبینم کە پێویستی بەپێکهێنانی یەکەیەکی تایبەتە (بەو گرفتەوە) لەپێکهاتەی وەزارەتی پەروەردەداو دانانی وانەیەکی تایبەتە بەم گرفتەوە لە سەرجەمی ئەو زانکۆو خانەو پەیمانگایانەدا کە مامۆستا پێدەگەیەنن. ناڵێم تاوەکو ئێستا (سفر) هەنگاو نراوە، بەڵام هیچ شتێکی جیدی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە نەکراوە جگە لە دەرکردنی بڕیارێکی بێ میکانیزم.

ئەڵبەتە لێرەو لەوێ کۆڕو ۆرکشۆپ و هەندێ شتی دیکەش قەراری گرتووە بەڵام ئەمانە بەشێک نەبوونە لە پلانێکی تایبەتی درێژخایەنی وەزارەتی پەروەردە. تاوەکو ئێستاش پلانێکی لەو بابەتە بڵاو نەکراوەتەوە و من شکم لەبوونی هەیە. لەلایەکی دیکەوە بەڕای بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتی پەروەردە ئەم گرفتە تاوەکو ئێستا بوونی هەیەو لەکاتی دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی لێدانیشدا ئەوان ئەڵتەرناتیفەکانی تری کارکردنیان نەخستۆتە بەردەم مامۆستاکان.

من بۆیە دەڵێم ئەو بڕیارە نەزۆکە چونکە میکانیزمی کارکردنی لەگەڵدا نییە و ئەلتەرناتیڤی تازەی (جگە لە لێدان) کارکردنیشی لەگەڵدا نییە. گریمان مامۆستایەک تووشی حاڵەتێکی دژوار بوو ئەی ئەگەر لە منداڵ نەدات چی بکات؟ ئەگەر لێی دا چی لەو مامۆستایە دەکرێ؟... هتد.

بەپێی ئەو ڕاپرسییەی ئێستا لەبەردەستماندایە نزیکەی (٧٤٪) منداڵان پێیان وایە ئەم بڕیارە هیچ ڕۆڵێکی لە کەمکردنەوەی لێدان نەبووە، یا بەشێوەیەکی دی تەنها (٢٦٪) ی منداڵان بەهۆی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە هەست دەکەن لێدان کەم بۆتەوە یا نەماوە. لەسەر ئاستی ڕەگەزیش ڕێژەی ئەو کچانەی کە پێیان وایە ئەم بڕیارە هیچ ڕۆڵێکی لە کەمکردنەوەی لێداندا نەبینیوە (٨٠٪) یە بەرامبەر بەرامبەر بەڕێژەی کوڕان کە (٦٩٪) یە.

بەڵام کاتێک هەمان پرسیارمان ئاراستەی مامۆستاکان کرد جیاوازییەکی



خشتەی ژمارە ٢١

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٤١٥ | ٦٩,١ | ٣٢٠ | ٨٠,٠ | ٧٣٥ | ٧٣,٥ |
| هەندێ جار | ١٢٥ | ٢٠,٨ | ٤٠ | ١٠,٠ | ١٦٥ | ١٦,٥ |
| زۆرجار | ٦٠ | ١٠,٠ | ٤٠ | ١٠,٠ | ١٠٠ | ١٠,٠ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

ئایا بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان لەلایەن حکومەتەوە رۆڵی لە کەمکردنەوەی لێدانی خوێندکارەکاندا هەبووە؟

کاریگەری بڕیاری حکومەت لە روانگەی مامۆستایانەوە

گەورەمان لەنێوان وەڵامەکانی مامۆستایان و خوێندکاراندا بەدی کرد. بڕوانە نزیکەی ٪٧٩ مامۆستاکان پێیان وایە ئەم بڕیارە رۆڵی لەکە مکردنەوەی لێداندا هەبووە (بەرامبەر بە ٪٢٦ ی خوێندکاران).

خشتەی ژمارە ٢٢

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ٥٢ | ٢٠,٨ |
| هەندێ جار | ١٠٠ | ٤٠ |
| زۆرجار | ٩٨ | ٣٩,٢ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان رۆڵی لە کەمکردنەوەی لێداندا هەبووە؟

کاریگەری بڕیاری حکومەت لە روانگەی خوێندکارانەوە

ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو دیدارانەدا کە من تاوەکو ئێستا لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاراندا سازم کردووە وەڵام بدەمەوە دەتوانم ئەوە یاداشت بکەم کە وەڵامەکانی

هەردوو لا زیادەڕۆیی تێدایە. لەلایەک بەشێکی گەورەی خوێندکاران پێیان وایە دوای ئەو بڕیارە ئیدی نابێ بەهیچ شێوەیەک لە خوێندکار بدرێتن کەواتە مادام لە خوێندکار دەدرێت ئیدی ئەو بڕیارە رۆڵی لە کەمکردنەوەی لێداندا نەبووە. لە بەرامبەر ئەمەشدا بەشێکی گەورەی مامۆستاکان پێیان وایە لەدوای دەرچوونی ئەم بڕیارەوە ئیدی ئەوان بۆیان نەبووە بەهیچ شێوەیەک لێدان بەکار بێنن و هەرکات ئەم کارەشیان کردبێ رووبەڕووی قسەی خەڵک و دایبابەکان بوونەتەوە و لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە میدیاکان زۆر بەخراپی باسی ئەو مامۆستایانەیان کردووە کە لێدان بەکاردەهێنن. ئەگەر تاوەکو ئێستاش ٪ ٩٣ ی مامۆستاکان پێیان وابێت لە خوێندکاران دەدرێت ئیدی ئەمە کەی مانای وایە لەمنداڵ نادرێت. تەنها تەماشاکردنێکی خشتەی ژمارە (٢٣) دەتگەیەنێتە ئەو رایەی بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان رۆڵێکی زۆر کەمی هەبووە.

خشتەی ژمارە ٢٣

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ١٧ | ٦,٨ |
| هەندێ جار | ١٨٧ | ٧٤,٨ |
| زۆرجار | ٤٦ | ١٨,٤ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا مامۆستایان لە خوێندکاران دەدەن؟

ئازاردانی جەستەیی لە روانگەی مامۆستایانەوە

بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم گرفتە تاوەکو ئێستاش گرفتێکی گەورەیەو نەمامۆستاو نەخوێندکاریش بەدەرئەنجامەکانی رازی نین. ئەوەتا ٪٨٨ ی مامۆستاکان پێیان وایە ئەکتوێری دووەمی قوتابخانە کە خوێندکارە زۆر خراپ رەوشت دەکات و ئەوانی بێزار کردووە (خشتەی ژمارە ٢٤). کەواتە گرفتێک لەئارادا هەیەو دەبێ چارەسەر بکرێت.



خشتەی ژمارە ٢٤

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ٣٠ | ١٢ |
| هەندێ جار | ١٤٥ | ٥٨ |
| زۆرجار | ٧٥ | ٣٠ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

بەشێوەیەکی گشتی ئایا خوێندکاران مامۆستاکانیان بێزار کردووە؟

بێزارکردنی مامۆستایان

بەڵام گرفتێکی دیکەش لەبەردەم ئەم گرفتەدا ئەوەیە کە (٪٦١) ی مامۆستاکان قەناعەتیان بەلێدان هەیە (خشتەی ژمارە ٢) وەکو ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی خوێندکاران. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین کار بۆ ئەم گرفتە بکەین.

ئەم رێگاچارانەی لە خوارەوە بەیەکەوە گوزەری پێدا دەکەین هەوڵدانێکە لە کاتی پیادەکردنیدا رۆڵی دەبێت لە بەربەستکردنی گرفتی هەراسانکردندا. لەم بەشەدا تەنها باس لەو رێگاچارانە دەکەم کە بواری پیادەکردنی لە کوردستاندا هەیە.

بەمەبەستی بەربەستکردنی هەراسانکردن لە خوارەوە هەوڵ دەدەم هەندێ رێگاچارە دەسنیشان بکەم کە بەشی هەرە زۆریان تاقی کراونەتەوە و ئەنجامی باشیان بەدەستەوە داوە.

## یەکەم

ئاخاوتنی دوو لایەنە

لەوانەیە چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی بەهۆی فاکتەرە دەرەکییەکانەوە تووشی بەکارهێنانی توندوتیژی بوون زۆر لەو منداڵانە ئاسانتر بێت کە بەهۆی شتی دیکەوە تووش بوون. وتوویژ و دیالۆگ چارەسەری زۆر گرفت دەکات و زۆر جاریش دەرمانێکی زۆر ئەکتیڤە چونکە لەلایەکەوە منداڵ زۆر باش ئەوە دەزانێت کە دەربڕینی هەستی بزێوی و بەکارهێنانی توندوتیژی... هتد لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕێگەپێدراو نییە و لەلایەکی دیکەشەوە دیالۆگ بوارێک بۆ سستکردنەوەی دەمارەکانی توندوتیژی دەڕەخسێنێت. ئەم بەربەستە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سەرگرتنی دیالۆگی نێوان گەورەکان و منداڵان بەمەرجێک ئەو گەورەیەی ئەو دیالۆگە دەکات کەسێک نەبێت کە هەمان مێتودی منداڵان (تووڕەیی و بەکارهێنانی توندوتیژی) بەکار بهێنێت.

جێگەی داخە چ لەماڵەوە و چ لە قوتابخانەش ئەو گەورانە بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێ دیالۆگەکان بەئارەزووی خۆیان دەست پێ بکاو کۆتاییشی پێ بێت. گەورەکان لە هەموو کاتێکدا خۆیان کات و شوێن و فۆرم و بابەتی گفتوگۆکان دیاری دەکەن. بوارێکی زۆر تەسکیش بۆ ئەو فاکتەرانە دەهێڵنەوە کە منداڵ پێی خۆشە باسیان بکرێت. لەکاتی گفتوگۆکانیشدا بەشی زۆری کاتەکان بۆ خۆیان دەبەن و لەخزمەتی سەپاندنی راکانی خۆیاندا تەرخانی دەکەن. کەم جار بووە کە گەورەکان تەنها گوێ بگرن و منداڵەکانیش قسە بکەن. لەم دانیشتنانەدا زۆرجار گەورەکان دەست بەقسەکردن دەکەن و هەندێ جاریش ئەو قسانە بەتووڕەیی دەکەن و دواتر گوێ لە منداڵەکان دەگیرێت. من پێم وایە پێچەوانەی ئەم شتە زۆر راستترە، واتە سەرەتا با منداڵەکان قسەی خۆیان بکەن دوایی ئەوجا گەورەکان دەست بەقسەکردن بکەن. ئەم مێتودە زیاتر لە باشەیەکی هەیەو لە روانگەی منداڵەوە زۆر گرینگە. لەلایەکەوە منداڵ وا هەست دەکات ڕێزێکی زیاتری لێ دەگیرێت و لەلایەکی تریشەوە ئەوان بەهێمنی دەتوانن قسەکانی خۆیان بکەن بەر لەوەی گەورەکان بتوانن ڕێگا



راستەکان پیشانی ئەوان بدەن و شیکردنەوەکانی خۆیان بخەنە بەردەست. بەشێوەیەکی گشتیش سەرتای هەموو دانشتنێک هێمنە بۆیە تەرخانکردنی ئەو سەرەتایە بۆ منداڵان کارێکی باشە بەشێوەیەکی دی گەورەکان نابێ لە ئاست یەک مێتودا بچەقێن.

هەرکات گەورەکان بڕیاری ئاخافتنیان لەگەڵ منداڵاندا دا دەبێ تێڕوانینەکانی ئەوانیش قبوڵ بکەن. بۆ ئەوەی بتوانین قەناعەتەکانی بەرامبەریش بگۆڕین دەبێ تەنها لەڕێگەی قسەو مێتودی پەروەردەیی– دەروونیەوە ئەو کارە بکەین. هەر مێتودێک کەزەبروزنەگی تێدابێت لەکۆتاییدا هەرەس دێنێت و دەمانگەڕێنێتەوە خاڵی سەرەتا یا چوارگۆشەی یەکەم. بۆیە هیچ پێم سەیر نییە کەماوەی نزیکەی نیوسەدەیە ئێمە لەم بوارەدا لە شوێنی خۆماندا راوەستاوین و هیچ هەنگاوێکمان نەناوە کەشایەنی باس بێت و هەموو دەمێ دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم.

شتێک کە لێرەدا بۆ هەموو لایەک دەبێتە یارمەتیدەر ئەوەیە کە چەند مامۆستایەک یا راوێژکارێک یا دەروونناسێکی زیاد لەهەر قوتابخانەیەکدا دابمەزرێنین. ئەم کادیرانە هەم ئەرکی سەرشانی مامۆستاکان سووک دەکەنەوە و هەم یارمەتی منداڵەکانیش دەدەن.

## دووەم

ناوەرۆکی خولەکان

بۆ گۆڕینی قەناعەتی مامۆستاکان دەبێ لە چوارچێوەی هەندێ خولی بەردەوامدا کاربکەین. لەم بوارەدا دەبێ وەزارەتی پەروەدەو وەزارەتی خوێندنی باڵا بەیەکەوە بەشداربن لە هێنانە ئاراوەی سیستەمێکی تۆکمەتر بۆ ئەو کۆلیج و خانانەی کە مامۆستایان پێدەگەیەنن. دواتریش وەزارەتی پەروەردە دەبێ یارمەتییەکی زۆری قوتابخانەکان بدات لەڕێگەی کردنەوەی خولی تایبەت و خستنەڕووی زانستی نوێ لەو بوارەدا . ئەو زانستانەی تاوەکو ئەمڕۆ لەم خولانەدا خراونەتە ڕوو زۆر کۆنن، بۆیە سەرجەمی وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە خوێنی تازە هەیە. وەک سەرەتا ئەگەر هەموو قوتابخانەیەک ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێت ساڵی سێ تا چوار دوکتۆر یا

دەروونناس یا پەروەردەناسی شارەزا داوەت بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ مامۆستاکاندا کۆببێتەوە، ئەوە کارێکی زۆر باش دەکات. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم وەزارەتی پەروەردە دەبێ پارە بۆ ئەو پسپۆرانە تەرخان بکات کە بانگیان دەکات، ئەگەر نا پرۆژەکە سەرکەوتوو نابێت.

قوتابخانەکان دەبێ لەڕێگەی ئەو خولە تایبەتانەوە ئەوە فێری منداڵە شەڕانییەکان بکات کە چۆن تووڕەبوونە نێگەتیڤەکانی خۆیان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ بەتاڵ بکەنەوە. بەگەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی لۆرێنس تەنانەت ئاژەڵەکانیش پێویستییان بەوە هەیە. زۆرینەی منداڵ تووڕەیی خۆیان لەڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بەتاڵ دەکەنەوە و فێری ئەوە نەبوون چۆن ئەو تووڕەییە مەهار بکەن یا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە بەتاڵ بکەنەوە. ئەوان بۆیە دێنە قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری جڵەوکردنی ئەو تووڕەییە ببن. لەم بوارەدا چەندین ڕێگاچارە هەن کە بەهۆیانەوە منداڵ دەتوانێ خۆی لەو تووڕەییە بەتاڵ بکاتەوە. بەشێک لەم ڕێگاچارانە بریتییە لە چارەسەری بەکۆمەڵ یا یاری بەکۆمەڵ کە چەندین منداڵ بەیەکەوە بەشداری تێدا دەکەن.

من تا تەمەنی زانکۆش هەر کاتێک تووڕەبوومایە شتێکی شووشەم دەشکاندو ئیتر ئیسراحەتم دەکرد. هۆکاری ئەمە چییە نازانم بەڵام ئەوەندە دەزانم تا ئێستاش لەکاتی نائارامیدا و تووڕەبوونێکی شێتانەدا، شکاندنی شووشە جۆرە ئارامییەکم پێ دەبەخشێ و لە شەڕی بەرامبەر دوورم دەخاتەوە. یەکێک لە خوێندکارەکانم (ر) لەکاتی تووڕەبوونێکی شێتانەدا شەق لە دارو دیوار دەدات و تا ئازارێکی پێ نەگات واز لەو بەزمە ناهێنێت. ئەو بەو جۆرە خۆی هێمن دەکاتەوە، بەڵام ئەرکی ئێمە ئەوەیە یارمەتییان بدەین بۆ ئەوەی باشترین شێوەی خۆبەتاڵکردنەوە هەڵبژێرن..

دەگێڕنەوە دەڵێن باوکێک منداڵێکی زۆر تووڕەی هەبوو، بۆیە داوای ئەوەی لێ کرد دوای هەر تووڕەبوونێکی شێتانە بزمارێک لە دیواری حەوشەکەیان دابکوتێ، بۆیە جاری واهەبوو ئەو دیوارە پڕ دەبوو لە بزمار. بەڵام دوای ئەوەی هێمن دەبووەوە دەبوو یەک بەیەکی ئەو بزمارانە دەربێنێتەوە. ئەو منداڵە زۆر بەسەختی دەیتوانی بزمارەکان بێنێتە دەرەوە و زۆر جاریش تەواو لەوە بێ تاقەت دەبوو کە چۆن ئەو بزمارانە دەربێنێتەوە. بەدرێژایی کات ئەو منداڵە لەداخی بزمار دەرهێنان وردە وردە کەمترو کەمتر تووڕە دەبوو تا بووە منداڵێکی ئاسایی.



دەکرێ ئێمە چەندین شێوازی عەمەلی بۆ چارەسەکردنی هەندێک لە گرفتی منداڵان بەکار بهێنین. بەگەڕانەوە بۆ پەروەردەی دینامیکیش دەتوانرێ چەندین جۆری یاری وەکو دەرمانێک بەکاربهێنرێن. قوتابخانەکان دەتوانن سوود لە تاقیکردنەوە و زانیاری پزیشکەکان و تێراپیستەکانیش ببینن.

## سێیەم

### فراوانکردنی ئاسۆکان

قوتابخانەکان تاوەکو ئێستاش خۆیان لەناو قەوارەیەکی تەسکدا بەستۆتەوە ئەویش چۆن زانستی رووت بەخوێندکارەکان بگەیەنن. ئەگەرچی تەواوی قوتابخانەکانی ئێمە تاوەکو ئێستاش تەنها زانست دەگوێزنەوە بۆ خوێندکاران (مامۆستا تەنها ئەوە دەڵێتەوە کە لە کتێبەکاندا نووسراوە) بەڵام لە دیداکتیکی نوێدا باوی ئەم شێوازە نەماوە بۆیە رۆڵی مامۆستا دەبێ ١٨٠ پلە بەئاراستەی بەرهەمهێنانەوەی زانست بگۆڕێت. لەم شێوە نوێیەدا دەبێ مامۆستاو قوتابخانەش پانتاییەکی گەورە بۆ گوێگرتن لە حەزو بیرکردنەوە و شتە تایبەتییەکانی خوێندکار تەرخان بکەن. یا بەزمانی هۆڤارد گاردنەر (Gardner,1992).

مامۆستا نابێ تەنها ئاستی زانستەکانی خوێندکار ببینێ، بەڵکو دەبێ سەرجەمی لایەن یا تاقیکردنەوەکانی ژیانی ناو قوتابخانەی خوێندکار بەیەکەوە ببینێ. تاریا ئۆگدن و ئاننا لیزا رایگفۆلد هەنگاوێک لەمەش زیاتر دەنێن و دەڵێن کۆمۆنیکاسیۆنی نێوان مامۆستاو خوێندکار دەبێ پانتاییەکی یەکسان بۆ خوێندن و بیرکردنەوە و هەستونەستەکانی خوێندکار دابین بکات (Nilzon,1999.P.101) هەر کاتێک مامۆستاکان لە دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندیدا لەگەڵ خوێندکارەکانیدا سەرکەوتوو بوون، ئەوە دەتوانن لە هێمنکردنەوە و کەمکردنەوەی توندوتیژی و بزێوی خوێندکارەکانیشیدا سەرکەوتوو بن. لەبەر رۆشنایی ئەزمونی تایبەتی خۆم تا لە تایبەتمەندێتی خوێندکاران نزیک بینەوە گرفتەکانمان کەمتر دەبنەوە. لەلایەکی تریشەوە سەرنجی ئەوەم داوە کە شێوازی وانەوتنەوەکان دەبنە هۆی بێزاری/ دڵخۆشی خوێندکارەکان و لەوێشەوە دەتوانرێ کۆنسێبتی بیرکردنەوەوە کارکردنی

خوێندکارەکان بگۆڕین کە دواتر ڕۆڵیان لە بیناکردنی کەسێتی ئەواندا دەبێ و لە کۆتاییشدا ڕۆڵێکی گەورەی لە بەربەستکردنی هەراسانکردندا دەبێ.

## چوارەم

### تێراپی

ئەو منداڵانەی شەڕانین و لەگەڵ کەسدا بەباش هەڵناکەن و ئەوانەش کە هۆکاری ئەم خەسڵەتەیان دەروونی و بایەلۆژییە پێویستییان بەدەروونناسی زۆر باش هەیە و دەبێ قوتابخانەکان لەگەڵ نەخۆشخانەکاندا یارمەتییەکی زۆری یەکتری بدەن. من دەزانم نەقوتابخانەکانی ئێمەو نەبواری دەروونناسیش لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەندە پێشکەوتووە بەڵام ئەگەر قوتابخانە کوردییەکان باوەڕیان بەتیۆری بایەلۆژیش (وەکو سەرچاوەیەک بۆ شەڕانیبوونی منداڵ) هەبێت ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو منداڵانە هیچ چارێکیان نییە و قوتابخانەکان لە هێنانەدی چارەسەری گونجاودا ناتوانن هیچ هەنگاوێک بەرجەستە بکەن. لەڕووی زانستی نوێوە تەنانەت ئەو حاڵەتە بایەلۆژیانەش کەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەجێنێتیکەوە هەیە دەکرێ مرۆڤ کاریگەری خۆی بەسەریانەوە هەبێ. بەشێک لەو کاریگەرییانە دەتوانرێت لەڕێگەی مێتودی دەروونناسی و دواتریش پەروەردەییەوە بەدی بێن. ئەوەی پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە هەبێت دەکرێ گرفتی بەشێک لەو خوێندکارە شەڕانی و زۆر نارەحەتانەش کە کۆی قوتابخانەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن لە ڕێگەی دیالۆگێکی هاوبەشی نێوان ماڵەوە و قوتابخانەدا چارەسەر بکرێن، بەڵام بەشە هەرە زۆرەکەی پێویستییان بەتێراپی هەیە کە بواری کارکردنی لە کوردستان زۆر کەمە. لەم جۆرە تێراپیانەدا منداڵان بەدرێژایی چەندین جار لەگەڵ تێراپیستێکدا دەکەونە گفتوگۆ تا وردە وردە ئەم منداڵانە دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان.

قوتابخانەکان دەبێ هەمیشە وەکو دەزگایەک خۆیان ببینن نەک وەکو شوێنێکی زانست فێربوون. ئەوەی من لەقوتابخانە هاوچەرخەکاندا سەرنجم دابێت ئەوەیە ڕۆڵی پەروەردە تا دێت پانتاییەکی گەورەتر داگیر دەکات، ئەمەیش زۆر جار لەسەر حیسابی ڕۆڵی زانست و فێربوون دەبێت. هەرکاتێک قەناعەتمان بەمە هەبوو دەبێ



کار بۆ ئەوەش بکەین پەروەردە بەزۆر بوارەوە (لەوانە دەروونناسی) گرێ بدەین. لێرەدا دەمەوێ ڕۆڵی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانیش بەرز بنرخێنم کە دەکرێ ڕۆڵێکی یەکجار گەورە بگێڕن. من تاوەکو ئێستا لە ناوەڕۆکی کارەکانیان ئاگادار نیم بۆیە ناتوانم قسەیان لەسەر بکەم، بەڵام دەکرێ توێژەرەکان لەنێوان خوێندکارەکان و تێراپیستەکاندا ببنە بەستەرێکی زۆرباش.

من پێم وایە تا ژمارەی تێراپیستە کوردەکان زۆر دەبن دەکرێ سوود لە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان ببینین. ئەم توێژەرانە پێویستییان بەوە هەیە بەبەردەوامی لەلایەن تێراپستەکان و دەروونناسەکانەوە خولیان بۆ بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ وەزارەتی پەروەردە هەر کۆمەڵە توێژەرێک بەدەروونناسێک، تێراپیستێک یا پزیشکێکی دەروونناسەوە گرێ بدات بۆ ئەوەی ئەوانە وەکو مەرجەعێکبن بۆ توێژەرەکان. سازدانی کۆبوونەوەیەکی مانگانەش لەنێوان هەر کۆمەڵە توێژەرێکدا کارێکە من زۆر بەرز دەینرخێنم چونکە گۆڕینەوەی گرفتەکان لە نێوان توێژەرو تێراپیستەکاندا یارمەتییەکی باشی ئەوان دەدات، لەلایەک بۆ شارەزابوون لەگرفتی نوێ و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە هەنووکەییانەی هەر یەک لەوان لەژێر دەستیاندایە. گۆڕینەوەی تاقیکردنەوە و شارەزاییەکان لەگەڵ یەکتردا ڕۆڵێکی بەنرخی لەم بوارەدا هەیە بەڵام زۆر کەس ئەو ڕۆڵە نابینێت. بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا دەبینرێت ئەوەیە زانستی توێژەرەکان پێویستییان بەتازەکردنەوە هەیە.

لە هەولێر یەکەیەکی دەروونناسی (کە نازانم ناوی چییە) دامەزراوە و تا ئەو ڕادەیەی بزانم قوتابخانەکان دەتوانن سوودی لێ ببینن. دەکرێ ئەمە ببێتە سەرەتایەک و سەرجەمی قوتابخانەکان بەشێوەیەکی ئەکتیڤ سوودی لێ ببینن. بەهەمان شێوە لە هاوینی ٢٠٠٥ دا چاوم بەبەڕێز سەلاح حەسەن کەوت کە وەکو تێراپیستێک لە خەستەخانەی کۆماری سلێمانی کاری دەکردو پێم وابوو لەو جۆرە کارانە یەکجار پێویستن و کارەکەیم یەکجار بەبەرز نرخاند بەبێ ئەوەی شارەزاییەکم لە ناوەڕۆکی کارەکانی هەبێ ئەوەی تێراپستەکان دەیزانن و لەکاتی دانیشتنەکاندا بەکاری دێنن زۆر ئەستەمە بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بیزانن یا

بەکاری بێنن. سەلاح حەسەنی تێراپیست باسی بەشێک لەو کارانەی بۆ کردم کە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکاندا پێشتر کردبووی:

«پرسیاری ئەوەم لە بەڕێوەبەرێک کرد کە کاتێ خوێندکارێک بۆ سزادان دێتە ژوورەکەت چۆن و بە چ شێوەیەک و لە کوێ قسەی لەگەڵدا دەکەیت. لە وەڵامدا پێی وتم کاتێ کە خوێندکارەکە هاتە ژوورەوە لە بەرامبەرم رادەوەستێ و منیش لێی دەپرسم و بزانم خەتای کێیەو... هتد.

منیش پێم وت هەموو خوێندکارێک کە بچێت بۆ لای بەڕێوەبەر لە بنەڕەتدا دەترسێت، ئایا وەکو بەڕێوەبەرێک قەت بیرت لەوە کردۆتەوە ئەو خوێندکارە لەسەر کورسییەک دابنێیت و خۆشت لە تەنیشتیەوە دابنیشیت و گوێی بۆ رادێریت و بەیەکەوە باسی گرفتەکە بکەن؟ یا ئەگەر پێویستی پێ بوو پەرداخێ ئاویشی بدەیتێ؟ لە وەڵامدا بەڕێوەبەرەکە زۆر بەڕاشکاوی پێی وتم نا... هتد».

مرۆڤ دەتوانێ یەک کتێب لەسەر گرینگی ئەو پەرداخە ئاوە و ئەو دانیشتنی هاوتەریبە بنووسێت کە چەند شتێکی گرینگن. منداڵ هەست بەوە دەکات کە تۆ چەند بۆ ئەو گرینگی و تۆ وەکو مامۆستاو بەڕێوەبەر بۆ ئەو کار دەکەیت. ئەم ئاوە منداڵ هێمنتر دەکاتەوە و ئەو ترسەی هەیەتی لەبەرامبەر تۆدا ون دەبێ. ئەم مەسەلەیە بۆ گەورەکانیش هەروایە؛ کاتێک بەڕێوەبەرەکەت لە پشت مێزێکەوە قسەت لەگەڵدا دەکات تۆ هەست بەجیاوازییەکی زۆر دەکەیت و ناتوانیت بەئاسانی ئەو سنوورە ببەزێنیت. بەڵام هەرکاتێک لە تەنیشتی تۆوە دانیشت ئەو سنوورە نامێنێت و تۆ ئاسانتر دەتوانیت قسە بکەیت. دەبێ ئێمە هەمیشە رادەی ترس و شەرمی ئەو منداڵانەشمان لەبەر چاو بێت کە بەرامبەر مامۆستاو بەڕێوەبەر هەیانە.

ئەگەر بێت و هەموو مامۆستا یا بەڕێوەبەرێک ساڵی چەند جارێک لە دیالۆگی تێراپستەکان بەرخوداربن، ئەوە لە روانگەی پەروەردەییەوە دەتوانن چەندین سوود بۆخۆیان و بۆ خوێندکارەکانیشیان دابین بکەن:

یەکەم: پرۆسەی پەروەردە بەرێگایەکی راستدا دەڕوات.

دووەم: پەیوەندی نێوان خوێندکارو گەورەکان بەهێزتر دەکات و خۆشەویستی ئەو



منداڵانە بۆ گەورەکان پتر دەکات.

سێیەم: خوێندکارەکان چیتر پێویستییان بەوە نییە هەموو دەمێک درۆ بکەن، لە بری ئەوە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەیان هەیە.

چوارەم: نزیکبوونەوەی گەورەکان لە خوێندکاران گرفتی ناو پۆلەکان و ناو قوتابخانەش کەمتر دەکاتەوە.

پێنجەم: لەناوبردنی ترس لە دەروونی منداڵاندا مانای دروستکردنی مرۆڤە بچکۆلەکانە.

شیکردنەوەی هەر یەک لەم فاکتەرانە بەرەو چەندین دلێمای تر راماندەکێشێت کە بەسوودی مامۆستاو قوتابخانە تەواو دەبێت.

## پێنجەم

### پێگەی خێزان لە قوتابخانەکاندا

دابینکردنی کەشێکی ئارام لەناو خێزانەکاندا خاڵی هەرە گرینگە بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن و پێگەیاندنی خودی منداڵەکان. هیچ شتێک بەئەندازەی خێزان بۆ منداڵ گرینگ نییە. لەبەر ئەوەی زۆربەی خێزانەکان لەبواری پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا کۆڵن، بۆیە وەزارەتی پەروەردەو قوتابخانەکان دەبێ بەپلەی یەکەم یارمەتییەکی گەورەی مامۆستاو سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرەکانی خۆی بدات و بەپلەی دووەمیش یارمەتی خێزانەکان بدات لەڕێگەی گرێدانی ماڵەوە بەهەندێ چالاکی قوتابخانەکان. وەکو نموونە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە قوتابخانەکان ساڵانە بەتەنیا چەندین چالاکی جۆراوجۆر دەگێڕن و ئەرکێکی زۆریش دەخەنە ئەستۆی خۆیان. لەم بوارەدا دەکرێ داوای یارمەتی لەدایبابەکان و گەورەکانی تری ناو خێزانی خوێندکاران بکەن. ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە دەبێ بەهەر نرخێک بووبێت خێزانەکان بەکاری قوتابخانەکانەوە تێوەگلێنین.

لە هاوینی ٢٠٠٥ دا ئەم بابەتەم لەگەڵ زۆر خێزاندا تاوتوێ کرد و ئەوەم بۆیان روون کردەوە کە چەند بۆ منداڵەکانیان گرینگە ئەوان لەئاهەنگ، نمایش، هەموو کۆبوونەوەکانی قوتابخانە، کارکردن لەسەر تێمای جۆراوجۆر..... هتد بەشداری

بکەن. سەرجەمیان رایەکی تاڕادەیەک پۆزەتیڤیان هەبوو بەڵام لەهەمان کاتیشدا گلەییان لە قوتابخانەکان دەکرد بەوەی خۆیان دوورەپەرێز راگرتووە. هەندێکیان گلەیی ئەوەیان دەکرد کەوا ئەوان تەنانەت لەئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی منداڵەکانیشیان ئاگادار ناکرێنەوە. ئەوان تەنها ئاگاداری کارتی نمرەکانن.

من کاتێک ئەم تێڕوانین و گلەییانەی خێزانی خوێندکارەکان دەخەمە روو دەمەوێ ئەوە بەقوتابخانەکان رابگەیەنم کە خودی خێزانەکانیش گلەییان لە کارەکانی ئێوە هەیە. بۆیە دەبێ ئێوەش فشار بخەنە سەر سیستەمی پەروەردەیی بۆ ئەوەی سوودێکی زیاتر لە خێزانەکان ببینن. بەم شێوەیە قوتابخانەکان دەتوانن زیاتر لە مەبەستێک بپێکن.

یەکەم: دەتوانن لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا هەندێک لە ئەرکەکان لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە و چەند هاوڕێیەک بۆ قوتابخانە پەیدا بکەن.

دووەم: خۆیان لەخێزانی خوێندکارەکان نزیک بکەنەوە کە ئەمەیان گرنگترین دەسکەوتە.

سێیەم: نزیکی خێزانەکان ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کات مامۆستاکان پێویستییان بەوان بوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتی منداڵەکانیان ئەوە ئەوان دەتوانن یارمەتی مامۆستاکان بدەن.

چوارەم: نزیکی خێزانەکان لە دەزگایەکی وەکو قوتابخانە مانای ئەوەیە ئێمە بەرەو پێکەوەنانی رێکخراوێکی هاوچەرخ هەنگاو دەنێین و خۆمان لە کۆمەڵگای مەدەنی نزیکتر دەکەینەوە.

دوورەپەرێزی دایبابەکان لە قوتابخانە گوزرێکی گەورەی لە بەربەستکردنی هەراسانکردن وەشاندووە. ئەوان نە ڕای خۆیان دەردەبڕن و نە سکاڵا دەکەن و نە دەچنە قوتابخانەو نە بەشداری کارەکانی ناو قوتابخانەش دەکەن. من پێم وایە ئەوان دەتوانن رۆڵێکی تاڕادەیەک باش ببینن، چونکە بەتایبەت لەدوای ٢٠٠٣ وە کۆمەڵێ گرفتی نوێ هاتوونەوتە ئاراوە و بەم سیستەمە پەروەردەییە شەقوشڕەوە مامۆستایان بەتەنیا دەرەقەتی هەموو شتەکان نایەن. لە مەسەلەی پەیوەندیگرتن لەگەڵ دایبابەکاندا دەبێ قوتابخانە دەسپێشخەری بکات و ئەم بەرنامەیەش بخاتە



نێو رۆژەڤی کارەکانی خۆیەوە. لە خوارەوەڕا هەندێک پێشنیار دەخەینە ڕوو کە دەکرێ بەهۆیانەوە دایبابەکان رۆڵێکی باشتر ببینن چ لە یارمەتیدانی مامۆستایانداو چ لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆشیاندا.

یەکەمین کار کە دەبێ بکرێ ئەوەیە قوتابخانە دەسبەجێ دەبێ بەرنامەیەک بۆ ئەو کارە دابڕێژێ و پلانێکی بۆ چۆنێتی بەشداریکردنی ئەوان لەکارەکانی قوتابخانە هەبێت. بەهەمان شێوەش دەبێ لەو پلانەدا سنووری بەشداریکردنی دایبابەکان لەناو قوتابخانەدا روون بێت. نموونەیەک کە دەکرێ ئاکامێکی باشی هەبێت ئەوەیە دایبابەکان بەشداری لەو بەشەدا بکەن کە پێی دەوترێ پەروەردە. بەڕاستی ئەرکی قوتابخانە لەم بوارەدا تا دێت سەختتر دەبێتەوە و کاری مامۆستاکان تادێ زۆرتر دەبێت و هیچ لایەنێکیش نییە یارمەتی ئەوان بدات بۆیە بانگهێشتکردنی ئەوان بۆ بەشداریکردن لەم بوارەدا کاریگەری باشی دەبێ.

بۆ نموونە کاتێک قوتابخانە خەریکی پرۆژەیەکی خۆیەتی لەبارەی بەربەستکردنی هەراسانکردن (یا هەر بابەتێکی دیکە) لەهەمان کاتدا دەتوانێت بانگهێشتی بەشێک لەدایبابەکان بکات بۆ بەشداریکردن لەتەواوی یا بەشێکی ئەو پرۆژەیەدا. دەشکرێ خوێندکار هاوکاری یەکێک لە نەخۆشخانەکان، یەکە دەروونناسییەکان یا یەکێک لە رێکخراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگا بکات و ئەوان بەو کارە هەستن.

لەو کاتەدا کە قوتابخانە باسی ئەوە دەکات چۆن خوێندکاران دەبێ رێز لەیەکتر بگرن و لەبەرامبەر یەکتردا توندوتیژی بەکار نەهێنن یا بەشێوەیەکی گشتی یەکتر هەراسان نەکەن، دەکرێ بەرنامە بۆ خێزانەکانیش دابڕێژرێت یا ئەوانیش کار لەهەمان بەرنامەی مامۆستایاندا بکەن. قوتابخانە وەک دەزگایەک دەتوانێت هەندێ خاڵ دەسنیشان بکات و (بۆ نموونە گرفتی منداڵەکان) داوا لەدایبابەکان بکات کە بەشێوەیەکی دیاریکراو لەماڵەوە کار لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن. ئەم کارە دەکرێ تەواوی قوتابخانەکە کاری تێدا بکەن و دەشکرێ چەند پۆلێک بەیەکەوە کاری تێدا بکەن.

خاڵێکی هاوکاری دیکە ئەوەیە کە هەردوولا دەبێ بەیەک جۆر منداڵەکانیان پەروەردە بکەن. ئەم پەروەردە یەک جۆرو رەنگە بەتایبەتی لەحاڵەتی هەندێ منداڵی

گرفتاردا پێویستییەکی زۆر گرینگە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم لایەنە نموونەیەک یاداشت دەکەم:

یەکێک لە خوێندکارەکانم لەبەر زرینگی خۆی و بەپێی ئەو بڕیارانەی ئیدارەی قوتابخانەکەمان کاری پێ دەکرد بڕیاردرا ئەو خوێندکارە پۆلێک تێپەڕێنێت. بەڵام ئەم زیرەکییە هاوتەریب لەگەڵ ژیانی تایبەتی ئەو خوێندکارەدا بەڕێوە نەچوو. پاش ساڵێک دایک و بابی لەیەک جودابوونەوە و لەو سەردەمەوە کێرڤی ئەو خوێندکارە بەرەو خوارەوە چوو. هەرکات ژن و مێردی رۆژهەڵاتی لەیەک جودابوونەوە ئیدی هەردوولا هەوڵی ئەوە دەدەن بەهەموو شێوەیەک زیان بەیەکتر بگەیەنن و ئەو زیانەش دەبێ بەمنداڵەکانیاندا تێپەڕ ببێت. بەدەر لەمەش ئەم منداڵە زرینگە لەبەردەم سێ شێوە پەروەردەکردنی لەیەک جودادا قەراری گرتبوو؛ پەروەردەی دایک، باوک و قوتابخانەش. هەرچەندێک هەوڵم دەدا قەناعەتیان پێ بکەم کە ئەم پەروەردە جیاوازانە زیان بەمنداڵەکەیان دەگەیەنێت و دەیرووخێنێت چونکە منداڵێکی سەرەتایی بەرگەی ئەم هەموو رق و کینەیە ناگرێت بەڵام سوودی نەبوو.

سەرئەنجام ئەو منداڵە تادەهات ئاستی خوێندنی دەهاتە خوارەوە و لەوەش خراپتر بووە یەکێک لەمنداڵە شەڕانییەکانی قوتابخانەکە. رۆژ نەبوو چەندین شەڕ نەکات و مامۆستاکانیش بێ تاقەت نەکات. هەر رۆژێک شەڕی نەکردایە دەمووت ئۆخەی ئەمرۆ رزگارم بوو. دواجار لەبەر نزمی ئاستی زانستی بڕیارمان دا لە پۆلەکەی خۆیدا دەرنەچێت یا دووبارەی بکاتەوە.

ئەگەر نەڵێین پەیوەندی نێوان دایبابەکان لەلایەک و ئەوان و منداڵەکانیان ئاڵۆزە ئەوە بەدڵنیاییەوە ئارامیش نییە. لێرەدا من باس لەو پەیوەندییە بایەلۆژییە ناکەم کە هەموو دایبابێک دەڵێ تا سەر ئێسقان منداڵەکەی خۆم خۆش دەوێ، بەڵکو لە چوارچێوەی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخدا باس لەو پەیوەندییە دەکەم. بەشێوەیەکی تر هەر باوکێک کە منداڵەکەی خۆش بوێت دەبێ کەشوهەوای پەروەدەکردنێکی هاوچەرخیشی بۆ دابین بکات. کەواتە ئەگەر بڕیار وابێت ئەو خۆشەویستییە هەبێت ئەوە دەبێ منداڵەکان لەسەر بنەمایەکی پەروەردەیی گەورە بکرێن. ئەگەر تۆزێک کۆنکرێتتر قسە بکەم دەبێ بڵێم نابێ هەراسانکردن لەو پەیوەندییەدا بوونی هەبێت.



خاڵێکی گرینگ لەم نێوەندەدا ئەوەیە منداڵان هەست بەخۆشەویستی دایبابەکانیان بکەن. هەرکاتێک ئەوان هەستیان بەوە کرد کە دایباب و مامۆستاکانیان بەتەنگی ئەوانەوە دێن ئەو کاتە دەزانین بارۆمێتری خۆشەویستی لە ئاستێکی باشدایە. من لەم بارەیەوە پێم خۆش بوو گوێبیستی رای منداڵەکان ببم.

خشتەی ژمارە ٢٥

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٤٥ | ٧,٥ | ٤٨ | ١٢,٠ | ٩٣ | ٩,٣ |
| هەندێ جار | ١٢٥ | ٢٠,٨ | ٥٦ | ١٤,٠ | ١٨١ | ١٨,١ |
| زۆرجار | ٤٣٠ | ٧١,٧ | ٢٩٦ | ٧٤,٠ | ٧٢٦ | ٧٢,٦ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

هەست دەکەیت دایک و باوکت لە ژیاندا بەتەنگتەوە دێن؟

بەتەنگەوەهاتنی دایبابەکان

شتێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو کە نزیکەی (٪٩٠) ی منداڵەکان وا هەست دەکەن دایبابەکانیان بەتەنگی ئەوانەوە دێن، بەڵام لە دانیشتنەکاندا دەیانوت کە دایبابەکانیان جیاوازی لەنێوان ئەوان و براکانیاندا دەکەن.

وەکو توێژەرێک دەبێ ئەو سەرئەنجامەم پێ خۆش بێت، بەڵام کاتێک بینیم ئەم وەڵامە لەگەڵ واقیعی پەیوەندی نێوان منداڵان و دایبابەکاندا جۆرە دژایەتییەک ساز دەکات، بۆیە دەبوو لەرێگەی مێتودێکی دیکەوە(Quality) لەو دژایەتییە تێبگەم و بزانم ئایا منداڵەکان لەم پرسیارەم تێگەیشتوون یا نا؟

بۆ ئەم مەبەستە لە چەندین شوێنی جیاجیاداو بەشێوەیەکی هەرەمەکیانە قسەم لەگەڵ ٢٢ خوێندکاردا کرد کە پێیان وابوو دایبابەکانیان بەتەنگیانەوە دێن. ناواخنی ئەو گفتوگۆیانە پەیوەندییان بەچەندین گرفتەوە هەبوو کە لەم کتێبەدا باس کراوە. سەرئەنجامی ئەم ئاخافتنانە ئەم راستییەیان بەدەستەوەدا:

١٩ دایباب لە منداڵەکانیان دەداو لێشیان تووڕە دەبوون و ١٢ شیان جنێویان پێ دەدان و لەبەردەم خەڵکی دیکەدا ئەوانیان دەشکاندنەوە. بەڵام هەموویان دەیانوت شتمان زۆر بۆ دەکڕن و لەگەڵ خۆیاندا دەمانبەنە دەرەوە... هتد

من پێم وایە لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مندا شت کڕین و بردنە دەرەوەکە کاریگەری خۆی هەبووە. ئەگەرنا هەرکات هەراسانکردن (لێدان، جنێودان، شکاندنەوە) لە ئارادا بوو ئەوە تەنها یەک جۆر بەتەنگەوەهاتن لە ئارادا دەبێ ئەویش بنەماکەی بایەلۆژییە.

بەڵام راو بۆچوونی منداڵەکان دەربارەی بەتەنگەوەهاتنی مامۆستاکانیان رێژەیەکی جیاوازی بەدەستەوە دا. نزیکەی (٪٧٤) ی خوێندکاران وابوو مامۆستاکانیان بەتەنگیانەوە دێن. بەڵام من لە کۆبوونەوەم لەگەڵ ئەو ٢٢ منداڵەدا تەنها تەرکیزم خستە سەر دایبابەکان و بەهیچ شێوەیەک باسم لە مامۆستاکان نەکرد.

جێگەی سەرنجە رێژەی ئەو کچانەی (٪١٦) وا دەزانن مامۆستاکانیان بەتەنگیانەوە نایەن دووبەرابەری رێژەی کوڕانە (٪٣٣). ئەمەش پێم وایە خۆی لە مامەڵەی ڕەقی مامۆستا ژنەکاندا دەبینێتەوە. بەڵام لەوانەش کە وایان دەزانی زۆر مامۆستاکان بەتەنگیانەوە دێن رێژەی کچان (٪٥٢) بوو بەرامبەر بە (٪٢٧) ی کوڕان. لەژیانی رۆژانەی خێزانی کوردیدا تەواوی هەموو ئەم فاکتەرانەی سەرەوە بەڕوونی دەبینین. پەیوەندی منداڵ و دایبابەکان بەنیگەرانی و ناخۆشی و دڵەڕاوکێ و تەنانەت پەرەسەندنێکی پارادۆکساڵدا تێپەڕ دەبن. دایبابەکان منداڵەکانیان بەوە تاوانبار دەکەن کە بێشەرمن، رێز لەوان ناگرن، قسە بەڕوویاندا دەکەن و چەقاوەسوون. منداڵانیش ئەوان بەوە تاوانبار دەکەن کە دواکەوتوون، رێز لە داواکارییەکانیان ناگرن، لەوان تێناگەن، دەیانەوێ منداڵ هەموو شتێ بەئارەزووی ئەوان بکات، لێیان دەدەن و دەیانشکێننەوە. گوڕینەوەی ئەم تومەتانە لەنێوان هەردوو لادا نیشانەی ئەو درزە گەورەیەی کە کەوتۆتە ئەو پەیوەندییەوە. بەشێکی زۆر کەمی دایبابەکان توانای چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەیان هەیە یا بەشێوەیەکی دیکە بەشی هەرە زۆریان لەم بوارەدا هەست بەبێتوانایی دەکەن و لەچەندین شوێنی



خشتەی ژمارە ٢٦

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٢٠٠ | ٣٣,٣ | ٦٤ | ١٦,٠ | ٢٦٤ | ٢٦,٤ |
| هەندێ جار | ٢٤٠ | ٤٠,٠ | ١٢٨ | ٣٢,٠ | ٣٦٨ | ٣٦,٨ |
| زۆرجار | ١٦٠ | ٢٦,٧ | ٢٠٨ | ٥٢,٠ | ٣٦٨ | ٣٦,٨ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

هەست دەکەیت مامۆستاکانت بەتەنگتەوە دێن؟

بەتەنگەوەهاتنی مامۆستایان

جیاجیادا ئەوان داوای یارمەتییان کردووە. ئەگەر قوتابخانە بەخۆی رانەگاو ئەندامەکانی خۆی لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە کارامانەتر نەکات ئەوە ئەرکەکانی قوتابخانە لە قۆناغی داهاتووتردا زۆر سەختتر دەبنەوە و مامۆستاش گەورەترین باج دەدات. لە بنەرەتیشدا ئەمە ئەرکی خودی حکوومەتە نەک قوتابخانەکان چونکە قوتابخانەکان پەیوەندییان تەنها بەبەشێکی زۆر بچووکی ئەم گرفتەوە هەیە.

لە قوتابخانەی (رێبوار) ی کوڕان لە هەولێر بە شەش خوێندکارەوە لە مامۆستایەک دەدەن (هاووڵاتی، ژ ٢٦٨). لە ئامادەیی هەڵگوردی کوڕان لە دەرەندیخان فەسڵکردنی سێ خوێندکار دەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوەیەکی زۆرو هاتنی پۆلیس و میلهێنانەوەی چەک لەو خوێندکارانە (خوێندنی لیبراڵ، ژ ٦٦). لە قوتابخانەی رێبین لە سەید سادق مامۆستایەک دەستی خوێندکارێک دەشکێنێ و باوکی داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمار دەکات. لە قوتابخانەی شاکیر فەتاح لە سلێمانی مامۆستا خوێن لە لووتی منداڵێک دەهێنێت (ئاوێنە، ژ ١٤). لەکاتی سەردانی قوتابخانەیەک لە هەولێر هەندێک خوێندکار باسی دڕندەیی مامۆستای وەرزشیان (س) بۆ دەکردم کە دەستیانی شکاندووە و سەریانی بریندار کردووە و... هتد کە خۆم هەندێک لە شوێن برینەکانم بینی. هەڕەشەکردن لە مامۆستاو دەستگیرکردنی خوێندکاران بەشێکی بچووکن لەو دەردەسەرییانەی کە من وای بۆ

دەچم لە داهاتوودا زۆرتر دەبن و لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیەکی زۆر ترسناکە بۆ سەر سیستمی پەروەردەیی ئێمە.

قوتابخانەکان و خێزانەکان دەبێ لەسەر ئەوە کۆک بن کە ڕۆڵ گۆڕینەوە لەگەڵ منداڵەکانیاندا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئاکارو رەوشتی منداڵەکانیانەوە هەیە. روونتر قسە بکەم با ئەرکی گەورەکان بسپێرنە خوێندکارو منداڵەکانیان. با مامۆستا وتنەوەی هەندێک لە بابەتەکان، چەند کۆبوونەوەیەکی ناو پۆل، چارەسەرکردنی هەندێ گرفت بسپێرنە خوێندکارەکانیان بۆ ئەوەی هەست بەو ئازارو رۆڵە بکەن کە مامۆستا هەیەتی. خێزانەکان دەتوانن هەمان شت بکەن. من دەزانم لەوانەیە مامۆستایەک بڵێ خوێندکارێکی سەرەتایی چۆن دەتوانێ ئەو رۆڵە بەڕێوە ببات. بەدڵنیاییەوە دەڵێم دەتوانێت بەڵام پێویستی بەیارمەتی ئێوە هەیە.

بەداخەوە زۆرێک لە خێزانەکان تەنها منداڵ دروست دەکەن و نانیان دەدەنێ و تەواوی ئەرکەکانی تر دەخەنە ئەستۆی «خوا» و قوتابخانە. یا ئەگەر بیانەوێ منداڵەکانیان ئەم یا ئەو کارە نەکەن تەنها ئەوەیان پێ دەڵێن کە نابێت ئەو کارە بکەن بەبێ ئەوەی خۆیان بخەنە جێگای ئەوانەوە. ئاخر منداڵیش هەست و نەستی هەیەو پێداویستی واقیعیانەی هەیەو دەبێ خێزانەکان و قوتابخانەکانیش هەستی پێ بکەن. منداڵ پێویستی بەوە هەیە گرفتەکان لە روانگەی خۆیەوە ببینێت و هەستی پێ بکات بۆ ئەوەی چارەسەرەکانی پێ قبوڵ بکرێت. ئێمەش وەکو دایباب، مامۆستا، براو خوشکی گەورەش پێویستمان بەوە هەیە لەڕوانگەی منداڵەکانیشەوە بڕوانینە گرفتەکان و هەر لەو گۆشەنیگایەشەوە سەیری رەهەندەکانی ئەو گرفتانەو چارەسەرەکانیش بکەین.

زۆربەی پەروەردەناسەکان لەگەڵ ئەوەدان کە کاری باشی منداڵان دەبێ پاداشت بکرێ. ئەم پاداشتە رۆڵێکی کاریگەری دەبێ لەلای ئەو منداڵانەی شەڕانین و توندوتیژی بەکار دێنن. لەلایەکی ترەوە Steven Peter & Jane Conoley پێیان وایە هەموو یاساو ڕێساکان دەبێ بەشێوەیەکی باش بۆ منداڵان روون بکرێنەوە ئەوجا سنووریان بۆ دابنرێت. ئەم سنووردانانە بەپێی بۆچوونەکانی پرۆفیسۆری نەرویجی Dan Olweus دەبێ دوور بێت لە بەکارهێنانی ئازاردان و هەراسانکردن (Ol-



weus,1986). ئەوانەی لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەن ئەوەیان بۆ ئاشکرا دەبێ کە زۆرێک لەو شتانەی گەورەکان وادەزانن منداڵان دەیزانن و روونە لەلایان، بەو جۆرە نییە کە ئەوان بۆی دەچن. بەشێوەیەکی دی منداڵاإن زۆر شتیان لەلا روون نییە و بەر لە هەر لێپرسینەوەیەک لەوان دەبێ ئێمە شتەکانیان بۆ روون و یەکالا بکەینەوە. Lazarus پێی وایە زۆر جار بەهۆی ئەو زانیاری و ئینفۆرماسیۆنە هەڵانەوە کە منداڵان لەبارەی شتێکی دیاریکراوەوە وەری دەگرن یا لەلایانە تووشی گرفتی گەورە دەبن (Nilzon,1999.P.83).

زۆرن ئەوانەی پێیان وایە کە گرفتی هەراسانکردن پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەماڵەوە هەیە. ئەم جۆرە بیروبۆچوونانەش سەدایەکی زۆری لە وڵاتانی دیکەشدا هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو وڵاتانە لە ئێمە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوان لەهەمان کاتدا داوای ئەوە دەکەن کە قوتابخانەو کۆمەڵێ دەزگای دیکە رۆڵیان لە چارەسەرەکاندا هەبێ. Epp & Watkinson پێیان وایە ریشەکێشکردنی ئەم گرفتە لەناو ماڵەکانەوە دێتە دەرێ و پەیوەندییان بەژیانی رۆژانەی خوێندکارانەوە هەیە، بەڵام قوتابخانەو دەزگاکانی دیکە لەسەریانە بەمێتودی پەروەردەیی چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن یا کەمیان بکەنەوە (Tamm2003.P.115).

هاوکاری قوتابخانەکان و دەزگاکانی دیکەی سەر بەوەزارەتی پەروەردە شتێکی حەیاتییە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە دەیەوێ گرفتی قوتابخانەکان کەم بکاتەوە ئەوە دەبێت زۆر رێکخراو و دامودەزگای دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی و نامەدەنی وەکو پۆلیس، دادگا، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، رێکخراوەکانی خوێندکاران، گەنجان، لاوان، پزیشکان، رۆژنامەنووسان، ماسمێدیا، نەخۆشخانەکان...هتد بەکاری قوتابخانەوە ببەستێتەوە.

## شەشەم

### پاڵپشتکردنی کۆنستەرکتیڤانە

لەکاتی سەردانی هەندێک لە قوتابخانەکاندا لە دوو شوێنی جیاوازی کەرکووک و هەولێردا دوو نموونەم بینی دەقاودەق لەیەکتر دەچوون:

کوڕێکی زۆر بزێوو نارەحەت لە قوتابخانەی وانی سەرەتایی لە هەولێر قسەی لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکرد. مرۆڤ وەکو میوانیش بووایە هێندە سەختی لەوەدا بەدی نەدەکرد بۆ ئەوەی بزانێت بەلایەنی کەمەوە ئەم منداڵە هێمن نییە. من دواتر لەلایەن رابەری پەروەردەییەوە ئەوەم زانی کە ئەو یەکێکە لە خوێندکارە هەر نارەحەتەکان. لە قوتابخانەی وان سەرپەرشتیارەکە کە ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندی بوو وتی فلانە کەس یەکێکە لە خوێندکارە ژیرو عاقڵەکان. ئەو منداڵە سەرێکی باداو پێی سەیر بوو ئەو عاقڵ بێت. بەدرێژایی ئەو یەک سەعاتەی من لەوێ بووم من بەهیچ شێوەیەک شتێکی نائاساییم لێ بەدی نەکرد.

ئەم نموونەیە رامدەکێشێتە ناو تیۆرییەکەوە کە باس لە هاندان و پاڵپشتکردنی کۆنسترەکتیڤانە دەکات. بەپێی ئەم تیۆرییە دەکرێ لەپێناوی چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ، ئێمە لە بری سزادان پەنا ببەینە بەر هاندان و پاڵپشتکردنی کۆنستەرکتیڤانە. ئەم تیۆرییە لەسەر ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەست هێناوە. لەهەمان کاتدا دەرگاش بۆ وڵاتە دواکەوتووەکان ئاوەڵایەو هەموو کەسێک چ دایباب بێت و چ مامۆستاو بەڕێوەبەر بێت دەتوانێت لەم تیۆرییە سوودبەخش بێت. مێتودەکان لەنێو گەورەکانیشدا بەئاسانی دەتوانرێ پیادە بکرێت و ئەنجامی باشی هەبێت.

سەرکەوتنی ئەم مێتودە بەندە بەڕادەی گرفتەکەو هاروهاجی و لاساری خاوەن گرفتەکەوە. بەهەمان شێوە پەیوەندی بەئاستی پیادەکردنەوە هەیە، تا چەند گەورەکان زرینگن لەو پیادەکردنەدا و تا چەند تەحەمولی کاردانەوەی ئەو منداڵە لاسارانە دەکەن و تا چەندیش سوورن لەسەر ئەوەی بەفیعلی سوود لەم تیۆرییە ببینن.



زۆرجار مرۆڤی ئێمە بۆ هێمنکردنەوە منداڵێکی لاسار هەموو جۆرەکانی سزادان تاقی دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بێنێت. لەم سەرو بەندەدا هاندان و پاڵپشتکردنی کۆنسترەکتیڤانە رێگایەکی پێچەوانە دەگرێتە بەرو لە بری بەکارهێنانی سزادان و سەرزەنشتکردن و شکاندنەوە و دەست دەکات بەهاندان و پاڵپشتکردن و مەدحکردنی ئەو منداڵە لاسارانە. بەپێی ئەم مێتودی کارە ئێمە دەبێ شتێکی بڵێین کە راست نییە و ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی ئاکارو ژیانی رۆژانەی ئەو منداڵە بکەین و بەبەرز هەڵیبسەنگێنین لەکاتێکدا کە هیچ بەرز نییە. بەشێوەیەکی دی دەبێ لەگەڵ خۆماندا درۆ بکەین و زیادەڕۆیی بکەین بۆ ئەوەی بزانین لە داهاتوودا چۆن بەڕاستی قسە بکەین. تاقیکردنەوەکان لەسەر بەکارهێنانی ئەو مێتودەو سەرئەنجامە زۆر باشەکانی لەدووتۆی هەزارەها کتێب و تاقیکردنەوەدا هەن. رەنگە نموونەیەکی زۆر سەیر لەژیانی رۆژانەی خوێندکارەکانمەوە بەشێک لە کارەکان روونتر بکاتەوە:

یەکێک لە خوێندکارەکانم کە ئەو دەم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو ئێستا لە پۆلی سێیەمی ناوەندیی دەخوێنێت. بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە ئەم منداڵە بێ سنوور هارو هاج و بێعار بوو. نەک من هەموو مامۆستاو بەڕێوەبەرو دەروونزان و راوێژکارە کۆمەڵایەتییەکانی خستبووە زەلالەتەوە. هەرچەندە نەمدەویست پەنا بەرمە بەر تووڕەبوون بەڵام زۆرجار ناچاری دەکردم کە تووڕە ببم چونکە بێ سنوور بێ تاقەتی دەکردم... هتد. هەموو ئەو شتانەی خۆم و هاوکارەکانم دەمانزانی لەگەڵ ئەودا تاقی کرانەوە بەبێ هیچ کاریگەرییەکی هەبێت.

نازانم بۆ زۆر درەنگ بیرم لەم جۆرە چارەسەر کردەوە. رۆژێکیان نامەیەکم بۆ دایکی نووسی و تێیدا هێندە درۆم کردبوو تا خوا بڵێت بەس. نموونەیەک لەو درۆیانە ئەمانە بوون: کورەکەت زۆر ژیر و ئاقڵە، زۆر بیر لە هاوڕێکانی دەکاتەوە و هیچ جۆرە نارەحەتییەک بۆ کەس دروست ناکات مەگەر ناچار بێت. زۆر بەتەنگی منەوە دێت و هەمیشە هەوڵیش دەدات یارمەتیم بدات. لەکاتی کارکردنی گرووپدا زۆر بەتەنگی هاوپۆلەکانیەوە دێت. من بەنیازم لە پای ئەم هەموو شتانە وا بکەم... هتد. لەبەر خاتری ئەویش بڕیارم داوە هەموو پۆلەکە ببەم بۆ سەیرانێکی درێژخایەن و دوور کە زۆر دەمێکە خوێندکارەکانم دەیانەوێت و من لەسەری رازی نەبووم.... هتد.

رۆژی دواتر ئەم خوێندکارەم باوەڕی نەدەکرد من شتی وام نووسیبێت. زۆرجار ئەوەی دووبارە دەکردەوە «مامۆستا بەڕاست یەعنی ئەو نامەیە بۆ من بوو؟ بەهەڵە نەتناردبوو بۆ دایکم؟ یەعنی من وام.... هتد».

خاڵێکی دیکە کە یارمەتی دام ئەوەبوو لە یەکێک لە قۆناغەکاندا هەستم بەیەکێک لە هۆکارەکانی ئەو لاسارییەش کرد کە دواتر یارمەتیدەرێک بوو بۆ من بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەرێک بکەمەوە: دایک و باوکی ئەم منداڵە لەیەک جیابببوونەوە و پەیوەندییان زۆر خراپ بوو. هیچ کەسێک نەبوو تۆزێک گرینگی بەو منداڵە بدات و کورد گوتەنی دەستێک بەسەریدا بێنێت. هەستی بەسەقامگیری نەدەکردو وای دەزانی کەس خۆشی ناوێت. ئەو لەم بیرکردنەوەیدا زۆر راست بیری دەکردەوە، بۆیە من بەپێچەوانەوە گرینگییەکی زیاد لە پێویستم پێ دەداو زیاد لە پێویستیش دەمویست هەست بەوە بکات کە یەکێک هەیە بەتەنگیەوە دێت. ئەم کارە رۆڵێکی زۆر گرینگی لەگۆڕینی ئەو منداڵەدا هەبوو. لە کۆتاییدا خۆشم بڕوام نەدەکرد چۆن ئەم منداڵە لەیەکێکی شەڕانی و لاسارەوە بووە خوێندکارێکی تاڕادەیەک ئاسایی.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بەیەکەوە پێیدا بچینەوە ئەوەیە کە هۆکارەکانی لاساربوونی منداڵان رۆڵێکی باش لە دۆزینەوەی چارەسەرەکاندا دەگێڕن. لەلایەکی دیکەوە پڕکردنەوەی ئەو لایەنانەوەی منداڵ تیایاندا هەست بەتەنیایی، بێ بەش بوون، هەتیوبوون دەکات؛ وا لەمنداڵ دەکات زیاتر سەقامگیر بێت. لێرەدا بەهەڤرا دەتوانین بیر لە جۆرەها ئامرازو مێتودی جیاواز بکەینەوە بۆ ئەوەی لایەنە باشەکانی منداڵە لاسارو گرفتدارەکان بخەینە بەرتیشک و تەنانەت زیادەڕۆییش لە هاندان و پاڵپشتکردنیاندا بکەین.

هەندێ شتی دیکەش هەن دەتوانن لەم بوارەدا یارمەتیمان بدەن؛ بۆ نموونە هەرکاتێک ویستمان وەکو دایباب سزای منداڵەکانمان بدەین دەکرێ لە بری سزادانی جەستەیی پەنا بۆ هەندێ رێگای دیکە ببەین، بۆ نموونە لە بری ئەو سزایە دەتوانین ئەو شتانە بۆ منداڵەکانمان نەکڕین کە زۆر حەزیان لێیەتی، یا نەیانبەین بۆ پارکی ئازادی و یاریگا یا بۆ سینەما یا بۆ هەر شوێنێکی دیکە کە حەزیان لێیەتی. بەکارهێنانی ئەم مێتودە زیاتر لە سوودێکی هەیە:



یەکەم: ئێمە لە بری لێدان پەنامان بردۆتە بەر رێگاچارەیەکی باشتر.

دووەم: هەوڵمان داوە واز لە لێدان بهێنین وەکو رێگاچارەیەک کە تا ئێستا بەکار هاتووە. لێدان دەبێتە هۆی ئازاری جەستەیی، نەخۆشی دەروونی، لە کارکەوتن یا خاوکردنەوەی کارکردنی زاکیرەی کاری مێشک.

سێیەم: منداڵ کاتێک لە شتێک بێبەش دەکرێ کە زۆر حەزری لێیەتی (خواردن، یاری، سینەما، پاسکیل...هتد) دەکەوێتە بیرکردنەوەیەکی تاڕادەیەک پرسیار بزوێنەر و بەدوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە بوونە هۆی ئەوەی ئەو شتانەی دەست نەکەوێت یا لە کیس بچێت، ئەمەش کارێکی باشە بۆ راستکردنەوەی هەنگاوە چەوتەکانی منداڵ.

نموونەیەکی دیکەش هێزکردنی پەیوەندییەکانی ماڵ و قوتابخانە، نووسینی نامە بۆ دایبابەکان، گوێگرتن لە ناوەوەی منداڵان، تیشک خستنە سەر وێنە، یا کارە باشەکانیان... هتد ئەمانە هەمووی یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەن.

## حەوتەم

### شەڕانیبوون

لە راستیدا قوتابخانەکان بەم پێکهاتەیەی ئێستایانەوە زۆر ئەستەمە بتوانن چارەسەری ئەم هۆکارە بکەن، چونکە ئەوان ناتوانن ئەم کارە بکەن و هیچ گلەییەکی ئەوتۆشیان نابێ بێتە سەر. هۆکاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەوان بۆ کارێکی لەم بابەتە ئامادە نەکراون و وەکو پراکتیکیش هیچ کارێکیان لەم بوارەدا نەکردووە. بۆ ئەوەی قوتابخانەکان بتوانن چارەسەری خوێندکارە شەڕانییەکان بکەن دەبێ بخرێنە خولی زۆر تایبەتەوە و خولەکانیش دەشێ ماوەیەکی زۆر بخایەنن و لە هەمووشی گرینگتر دەبێ مامۆستاکان لە بری ئەم خولانەدا قەرەبوویەکی مادی مەعقولانەش بکرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە دەکەوێتە سنووری دەروونزانییەوە بۆیە من وا هەست دەکەم تەواوی قوتابخانەکان پێویستیان بەیارمەتییەکی پرۆفیشناڵ هەیە. لەبەر ئەوەی سازکردنی تێراپی یا سایکۆ تێراپی

(چارەسەرکردن لە ڕێگەی دیالۆگەوە) بۆ خوێندکارە شەڕانییەکان لەدەرەوەی سنووری ئەرکەکانی قوتابخانەیە، بۆیە دەبێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان فشار بخەنە سەر دەروونزانەکان یا وەزارەتی تەندروستی و زۆر پێ لەسەر یارمەتیدانی ئەو پسپۆرانە دابگرن.

پسپۆڕەکانی ئەم بوارە جیاوازی لەنێوان دوو جۆر تووڕەبوون دەکەن. ئەوان زیاتر پێ لەسەر تووڕەبوونە نێگەتیڤەکانی ئەوان دادەگرن (نەک تووڕەبوونە پۆزەتیڤەکان) چونکە ئەم جۆرە تووڕەبوونانە بەڕای بۆلبی دەگۆڕێن بۆ (Dysfunction Anger) کە دواتر دەبنە رق و کینە لەلای ئەوان Nilzon,1999.P.97. ئەوەی قوتابخانەکان پێویستە کاری لەسەر بکەن تووڕەبوونە نێگەتیڤەکانە کە پێویستە خێزانەکانی لێ ئاگادار بکرێنەوە و بەهەر نرخێک بووبێ داوا لەوانیش بکەن کە هاوکاری قوتابخانەکان بکەن. بەشێوەیەکی دی قوتابخانە دەبێ قەناعەت بەدەزگاکانی دیکە بکات کە دەبێ ئەوان خول بۆ دایبابی ئەو خوێندکارانە بکەنەوە. ڕەنگە ئەم کارە هێندە ئاسان نەبێت بەڵام دەوڵەت دەتوانێ مۆڵەت بۆ ئەو دایبابانە وەربگرێ و لە بری ئەوەی کاری ئاسایی خۆیان بکەن با بچن بەشداری ئەو خولانە بکەن. بەنیسبەت ئەو دایبابانەشەوە کە بێکارن یا لە کەرتی تایبەت کار دەکەن دەوڵەت دەتوانێت لەو ماوەیەی بەشداری خولەکان دەکەن قەرەبووی کارەکانیان بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئێمە لەبەر هەندێک هۆکار نابێت بەبەشداریکردنی دایبابەکان ئەوەندەش گەشبین بین. ئەگەر ئەم کارە بەلای هەندێکیانەوە تازەبێت، ئەوە هەندێکی تریان لەوانەیە گاڵتەیان پێ بێت. هەندێکی تریان لەبەر هۆکاری دیکە هەرگیز لەگەڵ ئەو خولانەدا نین چونکە بەڕای Kernberg & Chazan هەندێک لە دایبابەکان خۆیان گرفتیان هەیەو بەبێ هێنانەدی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆیان ئامادەی ئەو جۆرە هاوکارییە نین لەگەڵ قوتابخانەکاندا. نیلزۆن Kjell Nilzon ئاماژەش بەتیۆری سایکۆ دینامیکیش دەکات کە خەریکی وردبوونەوەیە لە نەخۆشییەکانی سەردەمی منداڵی و پێی وایە مامۆستا دەبێ ببێتە ئەو کەسەی کە خوێندکار بەهۆیەوە بتوانێ پێناسەی خۆی بکات (Nilzon,1999.P.100).



# هەشتەم

## کولتووری توندوتیژی

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کولتوورە ناشرینە یا بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی و ئازاردانی خوێنکار دەبێ قوتابخانە ڕێگای زۆر جیدی بگرێتە بەر. لەم بوارەدا هەموو یەکێک دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ، بەڵام دەبێ قوتابخانە وەکو دامەزراوێکی مەعریفی ڕۆڵی سەرپەرشتیکەر ببینێ.

وەک چۆن توندوتیژی ڕۆڵێکی نێگەتیڤ لە ژیانی خێڵ و عەشیرت و دواتریش لەژیانی کۆمەڵگا دەبینێ، ئاواش بەسیما ڕۆژهەڵاتییەکەیەوە ڕۆڵێکی وێرانکەرانە لە جەستەو دەروونی منداڵاندا دەبینێ. ڕەنگە شتێکی زۆر سەیر نەبێ هەر لەسیماکانی خێڵ و عەشیرەتەوە بتوانین هەندێک بەها و ڕێسا ببینینەوە کە بتوانین بۆ بەربەستکردنی ئەم دیاردەیە بەکاریان بهێنین.

کارێکی هێندە سەخت نییە لە خودی لادێیەکان بپرسین چۆن و بە چ هۆیەک شەڕ لە ناوچەکانیاندا بەرپا نەبووە. هەندێ هۆزو خێڵی هاوسنوور هەن کە زۆر ناکۆکن لەگەڵ یەکتردا و لە پەنای یەکیشەوە دەژین بەبێ ئەوەی شەڕ لەنێوانیاندا دروست ببێ. بێگومان هەندێک لەم خێڵانە هەوڵی ئەوەیان داوە تا بۆیان بکرێت گرفتەکانی خۆیان بەئاشتییانە چارەسەر بکەن. دەکرێ ئێمەش لە بواری قوتابخانەدا هەندێک لەو بەربەستانە (پاش نوێکردنەوەیان) بەکار بهێنین بۆ ڕاگرتن یا کەمکردنەوەی توندوتیژی لەنێوان مامۆستا– خوێندکار، لەنێوان قوتابی – قوتابی و هەروەها لەنێوان دایباب – منداڵیشدا..

لە حاڵەتی دووەمدا هەندێ قوتابیان کە خۆیان لەناو تاقمێک یا گرووپێکدا دەبینێتەوە توانای ئازاردانی یەکتریان زیاد دەبێ و هەندێ جار لەو مەسەلەیەدا هونەری ئازاردانێکی بێ وێنە دەنوێنن.

## نۆیەم

### تێماکانی کارکردن

کار بۆ بەربەستکردنی توندوتیژی و ئازاردانی یەکتر لە قوتابخانەکاندا پرۆسەیەکی بەردەوامەو واچاوەڕوان ناکرێت بەساڵێک بەئەنجام بگات، بەلام دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین ساڵانە هەراسانکردن کەم بکەینەوە و بەدوای کارەکاندا بچین دەبێ هیچ نەبێ ساڵی جارێک هەر قوتابخانەیەک بەجیا لەوی دی کار لەسەر تێمایەک بکات. مەبەستم ئەوەیە دەبێ بابەتێک هەڵبژێرن و لەلایەنە مێژووییەکان، کۆمەلایەتییەکان، ئابوورییەکانی ئەو بابەتە بکۆڵنەوە و دەسنیشانی کاریگەرییەکانی ئەو بابەتە بکەن. نموونەی تێماکان زۆرن و لەبن نایەن، بەهەمان شێوەش ئاسۆی کاردانەوەی ئەو بابەت و تێمایانە لەسەر خوێندکاران و تەنانەت مامۆستایانیش زۆر بەرفراوانە.

نموونەیەک لەو بابەتانەی کە دەکرێ کاریان لەسەر بکەین توندوتیژی، راسیزم، مافی مندالان، کەمە نەتەوەکان، دیموکراسیەت، مافی هاوولاتیبوون، رێزگرتنی هاوتەریب، پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار... هتد. دەکرێ سەرجەمی قوتابخانەکان لەسەر یەک بابەت کار بکەن، بەلام من ئەو کارەم پێ باش نییە، بەڵکو واباشترە هەر یەکەو لەسەر بابەتێک کاربکەن. دەبێ کارمەندانی هەر قوتابخانەیەک سەربەست بن لە چۆنێتی داڕشتنی بەرنامەی کاری قوتابخانەکەیان. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە ئەرکی سەرەکی سەرشانی وەزارەت یا بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ئەوەیە یەکێک لە باشترین کارەکان ساڵانە خەلات بکات.

دەکرێ لێرەدا تێمای (راسیزم) وەک نموونە هەڵبژێرین و قسەی لەسەر بکەین، کە بابەتێکە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەگونجێ.

ئەگەر بڕیار وابێ کارێکی وا لە قوتابخەنەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا بکرێ ئەوە بێگومان کوشتن و قەلاچۆکردنی جووەکان دەبێتە خاڵی دەسپێک لەو کارەدا، بەلام بۆ قوتابخانەکانی ئاسیاو ئەفریقا دەکرێ ئەنفال و لەناوبردنی رواندییەکان و بۆسنەیییەکان بکرێتە خاڵی دەسپێک. ئەگەر من بۆم هەبێ ئەم تێمایە دەست پێ



بکەم یا بەهاوکاری مامۆستایەکی دیکە سەرپەرشتی بکەم ئەوە پێشنیاری هەندێ شت دەکەم:

سەرەتا دەکرێ بەشێک لە گوتارەکەی وەزیری دادی تورکی (بێشکچی، ١٩٩٩، ل١٧١) بەگەورەیی بنوسرێتەوە و دواتر گوێ بۆ بەرپەرچدانەوەی خوێندکاران هەڵبخەیت:

«ئێمە لەولاتێکدا دەژین کە پێی دەوترێ تورکیاو بەئازادترین ولاتی دونیا دەژمێردرێت. نوێنەرانی ئێوە (مەبەستی ئەندامانی پەرلەمانە) ناوەندێکی لەمە گونجاوتریان بۆ باسکردنی راستگۆیانەی بیروڕاکانی خۆیان دەست ناکەوێ. لەبەر ئەوە هەستەکانم ناشارمەوە. تورک تاکە ـ ئاغاـ و تاکە خاوەنی ئەم ولاتەیە. ئەوانەی لە رەگەزی تورکی ساغ نین، یەک تاکە مافیان هەیە: مافی خزمەتکاری و کۆیلەیی. با دۆست و دوژمن و چیاکانیش ئەم راستییە بزانن»

محەممەد ئەسعەد بۆزکورت

وەزیری دادی تورکی ١٩٣٠

ئەوەی دەبێ مامۆستا بیزانێ ئەوەیە ئەمە بەشێکە لە وتارێکی درێژتر کە وەزیری ناوبراو لەبەردەم پەرلەماندا گوتوویەتی. ئەم قسەیە لەکاتێکدا کراوە کە هێشتا شۆڕشی ئاگرێ لەئارادا بووە و ئەم قسانەش راستەوخۆ ئاراستەی کوردەکان کراوە. لەلایەکی ترەوە ئەم تورکە رەگەزپەرستە لەبەردەم کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنکەرەدا پەیکەرێکی جوانی بۆ دروست کراوە.

خاڵێکی یەکجار گرینگ ئەوەیە کە دەبێ هەموو ئەو وشانە بسڕێتەوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان هێما بۆ نەتەوەیەک یا دەوڵەتێکی دیاریکراو دەکەن. بەدیوێکی تردا دەبێ وشەکانی تورکی یا تورکیا لاببرێن. مەبەستی من لەم کارە ئەوەیە کە دەبێ خوێندکاران بەگیانی گەلدۆستی نەک رەگەزپەرستی پەروەردە بکەین. کە کاتێ ئێمە ئاماژە بۆ ناوی ولاتێک بکەین خوێندکارە منداڵەکان توانای ئەوەیان نییە جیاوازی لە نێوان دەسەلات و میللەتدا بکەن. بەلام دەکرێ ئەم کارە لە قۆناغە بەرزەکاندا یا لە زانکۆکاندا بەشێوەیەکی دی باس بکەین. ئێمە دەتوانین بەجۆرەها شێوە کار لەسەر تەوەرە جوداکانی راسیزم بکەین. دەبێ خوێندکاران

بەوەوە بگلێنین کە تا چەند راستە مرۆڤێک نۆکەرو یەکێکی دی خزمەتکار بێت. لێرەوە دەکرێ ماناکانی ئەم گوتارە شی بکرێتەوە و لەوێشەوە باز بدرێتە ناو بابەتەکانی ترەوە: ماناکانی راسیزم، شێوەکان، راسیزم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، رەهەندەکانی راسیزم، پێگەی راسیزم لە قوتابخانەکاندا، بۆ ئێمە کار لەسەر راسیزم دەکەین...هتد.

قەڵاچۆکردنی جووەکان بابەتێکی یەکجار دەوڵەمەندە بۆ باسکردن و کار لەسەرکردن، چونکە هیچ پرۆسەیەکی قەڵاچۆکردن لەم جیهانەدا بەئەندازەی ئەوان نووسراو و فیلم و دۆکیومێنت و شتی دیکەی لەسەر نییە. بۆیە سوود وەرگرتن لەو شتانەی ئەوان دەبێتە هۆی کارئاسانییەکی زۆر بۆ مامۆستاکان و بەرچاو روونییەکی زۆریش بۆ خوێندکاران. دەبێ خوێندکاران ئەوەیان لەلا روون بێتەوە بۆ جووەکان قەڵاچۆکران، کەی، چۆن، کێ بەرپرسیارە لەو تاوانەو... هتد. رەنگە لەناو قوتابخانەکاندا کەسانی وا زۆربن کە خۆیان سەردانی شوێنی قەڵاچۆکردنی جووەکانیان کردبێت و چاویان بەگێتۆکان، شوێنی سووتانەکان، ژوورە ژەهراوییەکان، ئەو ژوورانەی قژی ئافرەتەکانی تاوەکو ئێستاش تێدا ماوە... هتد (Grynberg,1997). ئەوانەی سەردانی ئاوشڤیدز و بیرکیناواو شوێنەکانی تریان کردووە دەتوانن خزمەتێکی زۆری ئەم پرۆژەیە بکەن. لەلایەکی ترەوە خوێندنەوەی هەندێ بەشی کتێبەکەی ئانا فرانک (کە کچێکی جوولەکەیە و لە کاتی نازییەکاندا لە ترسانا لەگەڵ ماڵەوەیاندا خۆی شاردبووە و رۆژانە رووداوەکانی تۆمار دەکرد) لە روانگەی منداڵانەوە دەبێتە شتێکی یەکجار بەنرخ (Frank, A.1997).

بەهەمان شێوە دەکرێ و پێویستیشە ئەنفال وەکو پرۆسەیەکی یەکجار گرینگ بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە: ئەنفال یانی چی، بۆ کورد ئەنفال کرا، کەی، ئەنفال چییەکان کێ بوون، بەرەو کوێ رەوانە کران، بە چ شێوەیەک ئەنفال کران،... هتد. لە کتێبەکەی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤدا (HRW, 1999)زۆر بە وردی باسی قۆناغەکانی ئەنفال کراوەو دیداریش لەگەڵ ٣٥٠ شایەتحاڵیشدا کراوە. ئەم کتێبە زۆر بەسە بۆ ئەوەی چەندین رۆژ کاری لەسەر بکرێت. هەروەها بانگهێشت کردنی یەکێک لەو کەسانەی لەئەنفال رزگاریان بووە هەیبەتێکی گەورە بەپرۆژەکە



دەبەخشێت. لە هەمان کاتدا بانگکردنی هەندێ نووسەری کورد کە چەندین بەرهەمیان لەسەر ئەنفال نووسیوە و دیداریان لەگەڵ چەندین شایەتحاڵدا سازکردووە دەکرێ ببنە بنەمایەکی باش بۆ کارێکی لەم بابەتە. شێوەیەکی تری کارکردن ئەوەیە مامۆستا لەگوندێک یا ناوچەیەکی بچووکەوە دەست پێ بکات و لەوێوە بچێتە ناو پرۆسەی ئەنفالەوە. بۆ نموونە کۆڕیمی (HRW,2002)، یا گوندەکانی گەرمیان (بۆ نموونە کتێبەکانی عارف قوربانی) کە لەبن نایەن. ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە شیاوترە بۆ سازدانی لەم جۆرە کارانە چونکە هاوکات پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال بەرێوە دەچێت.

بەهەمان شێوەی کوردستان لە روانداش سوود لە هێما ئاینییەکان بینرا بۆ ئەوەی توتسییەکان قەڵاچۆ بکرێن. لەم وڵاتەدا دوو گرووپی ئێتنیکەی بەناوی توتسی (١٠٪) و هوتو(٨٠٪) پێکەوە دەژیان. ئەم دوو گرووپە بەبەردەوامی لە ناکۆکی و کێشەی جۆراوجۆردا دەژیان. لە ساڵی ١٩٩٤ دا هوتوەکان دەستیان بەکوشتن و قەڵاچۆکۆدنی بێرەحمانەی توتسییەکان کرد. بەبەرچاوی دنیاوە نزیکەی یەک ملیۆن کەسیان قڕکرد بەبێ ئەوەی هیچ وڵاتێک بێتە زمان. بەشێوەیەکی وەحشییانەی ئەوتۆ دەست کرا بەکوشتنیان هەرگیز مرۆڤ بڕوا ناکات لەم سەدەیەدا شتی واهەبێت. بەهەزارەها منداڵ لەسەر لانکە سەربڕان بەبێ ئەوەی هیچیان کردبێت.

ئالێرەدا دەتوانرێ زیاتر لە شتێکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا ببینرێتەوە. چۆن بەعس سوودی لەئاین یا هێما و ئایەتە ئاینییەکان بینی بۆ لەناوبردنی کورد، ئاواش هوتوەکان سوودیان لە بڕگەیەکی ئینجیل بینی کە دەڵێ دوژمنەکانی تۆ لە باکورەوە دێن. هوتوەکان زۆر بەئاسانی باوەڕیان بەوە کرد کە گوایە لە ئینجیلدا خوا باس لە توتسییەکان دەکات، ئەوە نییە ئەوانیش لە باکورەوە (کۆنگۆ) هێرشیان هێنا.

لەلایەکی ترەوە چۆن ئەنفال بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە ئەنجامدراو هەموو دەوڵەتانی جیهانیش خۆیان لێ بێدەنگ کرد، لە روانداش بەهەمان شێوە هەموو دەوڵەتەکان بێدەنگ بوون و تەنانەت هەندێک لە حیزبەکانی بەلژیکی تا ئەم دواییانەش پاکانەیان بۆ ئەو پرۆسەیە دەکرد.

لەکۆتایی سەرجەمی ئەم تەوەرانەدا دەبێ خوێندکاران بگەیێنرێنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ دژی راسیزم بوەستنەوە و رێز بۆ بەهاکانی هەموو میللەتەکانی جیهان دابنرێت. رەنگە دروستکردنی ئەم قەناعەتە لەلای خوێندکارانی هەندێ وڵات قورس بێت، بەڵام لەبەر ئەوە میللەتی کورد خۆی قوربانیی ئەم پرۆسەیە بووە بۆیە کارێکی قورس نییە مامۆستاکان ئەم قەناعەتە لەلای خوێندکارەکان دروست بکەن.

نموونەیەکی دیکە کە زۆرجار لەنووسینە پەروەردەییەکاندا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە مامۆستا دەتوانێت لەناو پۆلدا لەپڕێکدا بڕیاری ئەوە بدات «هەموو چاو رەشەکان دەبێ بچنە دەرەوە و بۆیان نییە لە پۆلەکەدا بخوێنن چونکە خراپن. هەموو چاو قاوەییەکان مرۆڤی بەدخوون و دەبێ شاربەدەر بکرێن. هەموو پێست سپییەکان دەبێ بچنە دەرەوە چونکە....... هتد».

دواتر خوێندکاران دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئایا ئەم کارە راست بوو یا نا؟ بۆ؟ ئەم جۆرە نمایشە دوودڵی لەلای خوێندکار دروست دەکات و دەیخاتە دنیای بیرکردنەوە و خەیاڵەوە. بۆ دەبێ چاوڕەشەکان بەدخووبن، بۆ دەبێ چاو شینەکان خراپ بن... هتد. سەرئەنجام دەبێ ئەو قەناعەتە دروست ببێت کەهەموو مرۆڤەکان یەک بەهایان هەیە و دەشبێ رێز لەو بەهایانە بگیرێت.

کاتێک لە ۆرکشۆپێکدا باسی ئەم نموونانەم بۆ چەند مامۆستاو بەڕێوەبەرێک دەکرد، پرسیارێک هاتە ئاراوە: ئەم کارانە پەیوەندییان بەبەربەستکردنی هەراسانکردنەوە چییە؟ لەئاست ئەم پرسیارە بەجێیەدا دەمەوێ هەندێ خاڵ یاداشت بکەم.

خوێندکار لەکاتی کارکردندا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە لەناوبردنی کوردو ئەوانی دیکە پێوەندییان بەڕەگەزپەرستی، ناعەدالەتی، نادادپەروەرییەوە هەیە. پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە میللەتانێک هەن مافی ژیانیان لێ سەندراوەتەوە. کەسانێک هەن مافی خەڵکانی دیکەیان زەوت کردووە و دەیانەوێ بڕیار بەسەر ئەوانی دیکەدا بدەن. کەسانێک هەن هیچیان نەکردووە و ئازاری کەسیان نەداوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا غەدریان لێ دەکرێت... هتد. خوێندکار لەکاتی کارکردن لەو تێماو ۆرکشۆپانەدا راستییەکان و هەڵەکانیشی بۆ روون دەبێتەوە. لەو کارانەدا هەوڵ دەدات هەڵوێستی



دادپەروەرانەی خۆی پیشانی مامۆستاو هاوپۆلەکانی خۆی بدات. شتێکی بەڵگەنەویستیشە ئەو هەڵوێستەی ئەو گوزارش لەوە دەکات کە مرۆڤ بۆی نییە بڕیاری نابەجێ بەسەر ئەوانی دیکەدا بدات، بۆی نییە کەسانی دیکە بکوژێت، بۆی نییە خەڵکانێک لەخۆرا قڕبکات... هتد.

بەهەمان شێوەش ئەوە بەیان دەکات کە دەبێ رێز لە ئیرادەی خەڵک بگیرێت، دەبێ کەس ئازاری کەس نەدات، دەبێ هەموو بەئاسوودەیی بژێت، دەبێ مرۆڤ ئازاری دراوسێ و کەسە نزیکەکانی نەدات. هەرکات خوێندکار گەشتە ئەو قەناعەتە ئەوە فێری ئەوەش دەبێت کە رێز لە مامۆستاکەی، هاوڕێکەی، باوک و دایکی، میللەتانی دیکە... هتد بگرێ. فێری ئەوە دەبێت کە رێزگرتن پێوەرێکی دروستەو ئازارو شەڕکردن و هەراسانکردن پێوەرێکی ناتەندروستە. کاتێک مامۆستاکان دەتوانن کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی ئەم جۆرە کارانە بپێون کە کارەکانیان ئەنجام دابێت.

رەنگە لێرەو لەوێ هەندێ جار یا هەندێ قوتابخانە کارێک بکەن بەڵام دوای چەند ساڵێک نە قوتابخانە و نە قوتابیانیش هیچیان بیردێتەوە و نە پۆل و نە قوتابخانەکانی تریش دەتوانن بەو پرۆژانەدا بچنەوە و دواتریش سوودیان لێ ببینن. هۆکارێکی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لە مەسەلەی نووسینەوە و بەئەرشیفکردنی شتەکاندا یەکجار لاوازین. بەداخەوە ئەگەر بەزۆریش نەبێ قوتابخانەکان و دامودەزگاکان ئەو کارە ناکەن. بۆیە لە پێناوی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکدا دەبێ بەڕێوەبەر وەکو فرمان داوای ئەوە بکات شتەکان بنووسرێنەوە و بخرێنە ئەرشیفەوە. بەتایبەت ئێستا لەگەڵ زۆربوونی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا ئەم کارانە زۆر ئاسانتر دەنووسرێن و لە ماڵپەرەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

چ ئەم کارانەو چ چەندین کارو پێشنیاری دیکەش کە من لەم کتێبەدا باسم کردوون دەشێ رێگرێکی گەورە لەبەردەم پیادەکرنیاندا هەبێت ئەویش نەبوونی کاتە بۆ ئەم کارانە. تاوەکو ئێستا سەدەها مامۆستا ئەوەی پێ راگەیاندووم کە ئەوان کاتی ئەوەیان نییە. قوتابخانەکانی ئەوەیان خستۆتە روو کە وەزارەتی پەروەردە ئەوەی بۆیان دەسنیشان کردووە کە دەبێ ژمارەیەکی زۆری لاپەڕە لە ماوەی چەند مانگێکدا تەواو بکەن و ئەوانەیش بەحاڵ پێڕادەگەن.

من چارەسەری ئەم مەسەلەیە وادەبینم کە وەزارەتی پەروەردە دەبێ بەشێوەیەکی زۆر جیدی چاوێک بەو مەسەلەیەدا بخشێنێتەوە و ئەوەش بخاتە بەرچاوی خۆی کە تەواوکردنی مەنهەج نابێ ببێتە پێوەر بۆ دروستی سیستمی پەروەردەیی. ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە خوێندکار تا چەند سوود لەو زانستانە وەردەگرێ و چۆن دەتوانێت لە ژیانی رۆژانەی پراکتیزەی بکات. دەبێ بواری بۆ هەندێ کار بهێڵرێتەوە کە رۆڵی زۆر گرینگ لەژیانی قوتابخانەکاندا دەگێڕن. لەلایەکی دیکەوە من بەزۆر مامۆستام راگەیاندووە کە تا ئەو دەمەی وەزارەتی پەروەردە چاکسازییەک لە بەرنامەکانی خویدا دەکات زۆر پێویستە ئەوان هەندێک فێڵ لە وەزارەتی پەروەردە بکەن. با بەدرۆ بەوان بڵێن مەنهەجمان تەواو کردووە، یا هەندێ لە شتە ناگرینگەکانی ناو مەنهەجەکان بپەڕێنن، یا لە هەندێ بابەتدا پەلە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن چەند رۆژێک بهێڵنەوە بۆ ئەنجامدانی کاری جۆراوجۆر. ئەوەشم پێیان راگەیاندووە ئەگەر لەساڵێکدا چوار وانەی ماتماتیک، یا فیزیا نەخوێنن خۆ دونیا کاول نابێت.

## دەیەم

## هەڵوێستی قوربانیەکان

بەشێک لە چارەسەرەکان دەبێ لە خودی ئەو کەسانەوە دەست پێ بکات کە هەراسان کراون. هەر کەسێک کە ئازار درابێت یا شکێنرابێتەوە یا هەر نامیهرەبانییەکی تری لەگەڵدا کرابێت دەبێ ئەوە بە بەرامبەرەکەی (کەسی هەراسانکەر) رابگەیەنێت کە ئەو چیتر لە رەفتارەکانی ئەو رازی نییە. تاوەکو کەسی هەراسانکراو زۆر بەئاشکرا نارەزایی خۆی بۆ هەراسانکەر دەرنەبڕێت ئەوە ئەم پرۆسەیە لەخۆیەوە کۆتایی پێ نایەت. لەوانەیە ئەگەر کەسی هەراسانکەر (قوربانی) مامۆستا بێت یا کەسێکی گەورە بێت و لە ئەنجامی گەڕانەوە بۆ عەقڵ یا لە ئەنجامی بینینی چەند خولێکی تایبەت بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو کارانەی ئەو شتێکی خراپەو کارێکی نێگەتیڤانە دەکاتە سەر هەراسانکراو. بەڵام ئەگەر کەسی هەراسانکەر منداڵ بێت ئەوە بەو سادەییە ناگاتە ئەو قەناعەتە ئەگەر بێت و کەسێکی گەورە یارمەتی نەدات و نەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتە. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە



بەکاردانەوەی منداڵە هەراسانکراوەکان بکەم لە هەمبەر رزگاربوون لەو بارودۆخەی تیایدا دەژین.

بەشێک لە قوربانییەکان (بەتایبەتی لە سەرەتادا) نکوڵی لەوە دەکەن کە یەکێک هەیە هەراسانیان دەکات. لێرەدا چەندین هۆکاری جودا جودا هەن کەوا لەو منداڵانە بکات ئەو هەڵوێستە وەربگرن؛ لەوانە ئەگەری ئەوە هەیە کەسی هەراسانکەر یەکێکی گەورە یا بەهێز بێت، یا کۆمەڵێ منداڵی دیکەی لەگەڵدا بێت، یا کەسی هەراسانکراو وێنەیەکی ئەوتۆ بۆخۆی وێنا دەکات کە ئەو کەسێکی لاوازەو بەهیچ شێوەیەک توانای ئەوەی نییە رووبەڕووی هەراسانکەر ببێتەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە وێناکردنی ئەم جۆرە وێنانە شتێکی زۆر ئاساییە لەجیهانی منداڵانداو تەنها بەیارمەتی گەورەکان هەڵدەوەشێتەوە.

بەشێکی دیکەی منداڵان هەوڵ دەدەن خۆیان لە هەموو باسێکی هەراسانکردن بدزنەوە. بەشێوەیەکی دی خۆیان هەرگیز باسی ئەوە ناکەن کە هەراسان دەکرێن و ئەمەش ئاماژەیەکی وا دەداتە گەورەکانی دەوروپشت کە منداڵ لە بارودۆخێکی ئاساییدایە. بەڵام لە هەمووی خراپتر ئەوەیە هەندێ منداڵ بەرگری لەکەسی هەراسانکەریش دەکەن. هۆکارێکی سەرەکی کە دەکرێ لێرەدا پەیگیری بکەین ئەو ترسەیە کە لە دەروونی هەراسانکراودا هەیە. ئەم ترسە سیستمی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە هەر لە سەرەتاوە (تاوەکو ئێستاش) هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ببێتە نۆرمێکی کۆمەڵگای کوردی. منداڵ لەترسی ئەگەری هەڕەشەی بەرامبەر، هەوڵی ئەوە دەدات کەسی هەراسانکەر بەباشی ناوزەد بکات و هەرگیز بەخراپی باسی نەکات.

لێرەوە دەمەوێ گرینگی ئەوە دەربخەم کە زۆر گرینگە بۆ گەورەکان منداڵ فێیر ئەوە بکەن کە نارەزایی خۆی دەرببڕێ، باسی خۆی بکات، باسی قوتابخانەو مامۆستاکانی بکات، باسی هاوڕێکانی یا ناو گەڕەک بکات. زۆرجار شێوەی دەرخستنی ئەو نارەزاییە بەرامبەر بەکەسی هەراسانکەر زۆر روون نییە یا کەسی هەراسانکەر بەو رووننییە وەری ناگرێ.

لە ئەنجامی تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی خۆمەوە لەگەڵ خوێندکاراندا مامەڵەم

لەگەڵ جۆرەها کاری هەراسانکردندا کردووە. کاتێ منداڵێکی لاسار یەکێکی دیکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەراسان دەکات تا ڕێگرێک نەیەتە بەردەم ئەو منداڵە لاسارەو راینەچڵەکێنێ واز لەو کارە ناهێنێت. هەندێ جار تەنیا ئەوە بەس بووە کە هەراسانکراو بڵێ ئەگەر واز نەهێنیت بەمامۆستا دەڵێم. هەندێ جار پێویستی بەوە بووە بەدایک و باوکی بڵێی. جاری واش بووە تا کەسی هەراسانکەر بەهەمان شێوە لێنەدراوە وازی لەو کارە نەهێناوە. ئەو جارانەش کەم نین کە ئێمە لە ڕێگەی قوتابخانەوە چەندین دانیشتنمان لەگەڵدا کردوون جا بەئامادەبوونی دایک و باوکی هەراسانکەر یا هەر خۆی بەتەنیا یا بەیەکەوە یا بەئامادەبوونی کەسانی شارەزاتری وەک دەروونناس یا پەروەردەناسی پسپۆر.

وەک دەرئەنجام دەبێ منداڵەکانمان بەوە رابهێنین لەو حاڵەتانەدا هاوار بکەن و بڵێن " من رازی نیم بەوەی تۆ دەیکەیت، ئەگەر واز نەهێنیت لە لێدان یا شکاندنەوەی من ئەوە..... دەکەم". من پێم وایە دەبێ منداڵەکانمان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەوە رابهێنین لە بەرامبەر گەورەکانیشدا ناڕەزایی خۆیان لە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتانەی کە بەدڵیان نییە رابگەیەنن، چونکە هەندێ کەس هەست بەوە ناکات کە منداڵ (یا بەرامبەرەکەی) هەراسان دەکات بۆیە ئەم وریاکردنەوەیە زۆر گرینگە. منداڵێک لە قوتابخانەی «وان» ی سەرەتایی لە هەولێر ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە:

«دراوسێیەکمان چەندین جار سەری شکاندووم. جارێکیان برا گەورەکەم زۆر خراپ سەری ئەوی شکاند و بەچەندین تەقەڵ دووریویانەوە. ئیتر لەو رۆژەوە ئەویش وازی لە لێدانی من هێنا»

دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم ئەم وریاکردنەوەیە دەکرێ شێوەیەکی زۆر هێمنانەو ڕێزگرتووانە بەخۆی بگرێ بەڵام زۆرجار بەو شێوەیە قەرار ناگرێت. ئەم کارە دەکرێ گەورەکانیش بگرێتەوە کە لەو ژینگەیەدا کار دەکەن.

دوا ڕووداوی سەرنجڕاکێش کە زۆر پێ خۆشحاڵ بووم بەبینینی و بەئاواتەوەم هەموو یەکێک لەئێوە منداڵەکانتان بەو شێوە رابهێنن ئەمە بوو:

ڕۆژێکیان دوو برای زۆر بچکۆلەم بینی بەیەکەوە لەبەر دەرگا یارییان دەکردو لەسەر یارییەکانیان بەشەڕ هاتن. کافار (کە تەمەنی دوو ساڵ و نیو دەبوو) فرسەتی



هێناو دوو چەپۆکی بەسەر رۆڤاری (کە تەمەنی تەنها ساڵ و نیوێک بوو) برا بچووکیدا کێشا رۆڤار کە تازە فێری قسە ببوو نەیدەتوانی وشەکان بەپاکی بڵێت زۆر بەتووڕەییەوە وتی: «بەس، ستۆپ»، هاوکات غەزەبیش لەناوچاوانی دەباری. سەرئەنجام کاڤاری برا گەورە پەیامەکەی پێ گەیشت کە رۆڤار بەوە رازی نییە ئەو لێی بدات و زۆریش تووڕەیە. دەبێ ئەوەش بڵێم دوای وردبوونەوە ئەوەم زانی کە دایک و باوکی فێری ئەوەیان کردبوو وا بڵێت، لەوەش گرینگتر ئەوەبوو ئەوان فێری ئەوەیان نەکردبوو ئەو منداڵە بچکۆلەیە چارەی غەزەبی لێ ببارێت بەڵکو خۆی (لە تەمەنی یەک ساڵ و نیویدا) فێری ئەوە ببوو ئەو چارە گرژکردنەوەیە یەکجار گرنگە بۆ ئەوەی پەیامەکەی بەبەرامبەر بگەیەنیت.

## یازدەهەم

### ئاشکراکردنی گرفتەکان

من پێم وایە یەکێک لەو کارە گرینگانەی کە مامۆستا یا باوک پێویستە بیکەن ئەوەیە راستەوخۆ چارەسەری گرفتەکان بکەن. دواتر شاردنەوە یا باس نەکردنی گرفتەکان بەهیچ شێوەیەک لە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەدا نییە. دەبێ هەموومان ڕێز لەو والایی و کراوەییە بگرین و کاری پێ بکەین، چونکە کاتێ گەورەیەک قسەیەکی رەق و ناشرین بەمنداڵێک دەکات هەر ئەو کاتە خۆی بیری دەچێتەوە، بەڵام ئەو منداڵە وا بەو زووییە بیری ناچێتەوە و دووریش نییە چەندین کاریگەری دەروونی بۆ دروست نەکات. کەم نین ئەو منداڵانەی لەتاو قسەو لێدانی مامۆستاکانیان یا ماڵەوەیان بۆ یەکجارەکی قوتابخانەیان بەجێ هێشت.

دوای ئازادکردنی کەرکووک و دوای ١٦ ساڵ دووری لەو شارەی زۆربەی ساڵەکانی منداڵی و هەرزەکاریم تێدا بەسەر برد، توانیم جارێکی دی بگەڕێمەوە بۆ ناو کۆڵان و جادە وێرانکراوەکانی. یەکێک لە شتە هەرە گرینگەکان بۆ من ئەوە بوو سەردانی هەموو ئەو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییانە بکەم کە رۆژێ لە رۆژان تیایاندا گیرسابوومەوە. چووم و قوتابخانە سەرەتاییەکەی خۆمم بەڕووخاوی و پیسی بینییەوە. چوومە ناو ئەو پۆلانەی کە لە سالانی حەفتاکاندا تیایاندا چەندین

جار لێدانم خواردبوو و چەندین جاریش چەپڵەم بۆ لێدرابوو. هەندێک لە مامۆستاکانم لەوێ نەمابوون یا مردبوون، هەندێکی تر مابوون و پیر ببوون و هەندێکی تریش تازەبوون. هەر کە چوومە ناو پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە دیوارەکانی هێندە کۆن بوون دەتگوت لەوەتەی من بەجێم هێشتبوو ئیتر دەستی پێدا نەهێنرابوو. یەکسەر لەو کاتەدا ئەو دارانەم بیر هاتەوە کە لەناو ئەو پۆلەدا لێم درابوون. کاتێ هەندێک لە مامۆستاکانی خۆم بینییەوە ئەو قسە ناشرینانەیانم بیرکەوتەوە کە بەهۆیانەوە چەندین جار شکابوومەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا برێک لە قسە خۆشەکانیانم یاد کەوتەوە. لەبەر ئەوەی کاتی خۆی هیچ یەکێک لەو لێدان و تووڕەکردن و هەراسانکردنانە چارەسەر نەکرابوون بۆیە زوربەیانم لەبیر مابوون. تا ئێستاش قەناعەتم وایە کە ناتوانم لەو مامۆستایانەم خۆش ببم چونکە هەندێک لەوانە شتی ناخۆشیان لە ناخمدا ناشتووە و کارێکی نێگەتیڤانەیان لەسەر کەسایەتیم دروست کردووە کە لە هەموو ژیانمدا بەزەرەر بۆم گەڕاوەتەوە.

هەر کاتێک لە کوردستان دیاردەی هەراسانکردن بەڕاستی قەدەغە بکرێ ئەودەم ترسی ئەوە هەیە بەشێک لە گەورەکان بەشێوەیەکی نهێنی درێژە بەو دیاردەیە بدەن. بۆیە ئەو دەمە لە هەموو کاتێک زیاتر رووداوەکان دەشاردرێنەوە و ناخرێنەڕوو. من پێم وایە باشترین رێگا بۆ چارەسەری هەراسانکردن ئەوەیە کە ئێمە شتەکان ئاشکرا بکەین و بیانخەینە ڕوو. رەنگە کەسانێکی زۆر هەبن لە نێو مامۆستایاندا ئامادە نەبن ئەوڕۆ هەراسانکردن و لێدان و تووڕەکردنەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ناویان بزڕێت و لەوانەشە تووشی هەندێ لێپرسینەوە ببن کە هیچ کەس ئاواتی پێ ناخوازێت.

بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە دەکرێ ئێمە ماوەیەکی دیاریکراو دەسنیشان بکەین تیایدا دەستخۆشی لەو مامۆستایانە بکەین کە کارەکانی خۆیان ئاشکرا دەکەن بەمەرجێ ناوەکانیان ئاشکرا نەکرێت. یا دەتوانین شێوە کارێکی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە بتوانین قەناعەت بەو مامۆستایانە بکەین هەرچی شتێکیان بەرامبەر بەخوێنکاران کردووە بینووسنەوە و رای خۆیانی لەسەر بنووسن بەبێ ئەوەی ناوی خۆیان یا شار یا قوتابخانەکەیانی لەسەر بنووسن. ئەم نووسینانە دواتر دەبێ لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ساز بکرێ و چارەسەریشی بۆ دابنرێت.



لەلایەکی ترەوە زۆر وا روودەدات کە منداڵەکەی خۆت کەسانی دیکە هەراسان بکات یا مامۆستایەکی هاوڕێت خوێندکارێک هەراسان بکات، لەم بوارەدا دەبێ تۆ بۆ هەردوو لای روون بکەیتەوە کە تۆ رێگە بەهەراسانکردن نادەیت یا هەراسانکردن کارێکی شیاو نییە و دەکرێ ئەم زیانانەی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە.

## دوازدەهەم

### وانەیەکی نوێ

قەناعەتێکی تەواوم بەوە هەیە کە زۆر پێویستە لە تەواوی کۆلیژ و پەیمانگەکان و سەرجەمی ئەو شوێنانەی تردا کە مامۆستا ئامادە دەکەن دەست بەخوێندنی وانەیەکی تایبەت بکەن لەسەر هەراسانکردن. پێم باشە وانەیەک بێت ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێکیش نەبێ ئەوە بۆ ماوەی شەش مانگ بخوێندرێت. بەم شێوەیە دەتوانین وشیارییەک لەبارەی ئەم گرفتەوە لەلای مامۆستاکانی داهاتوومان بچەسپێنین. من پێم وایە کاریگەری ئەم وانەیە لەنێو مامۆستا گەنجەکاندا باش دەبێ و دواتریش دەتوانین بەری ئەم کاریگەرییە لە قوتابخانەکاندا بدوورینەوە. مەرجێک کە لێرەدا بەگرینگی دەبینم ئەوەیە دەبێ لەو مەنهەجەدا شێوازی نوێ و ئەڵتەرناتیڤی کارکردن بۆ مامۆستاکان دابین بکرێت.

ئەگەرچی لە رۆژئاوادا هیچ مامۆستایەک دەستی لەو گرفتەدا نییە چونکە بەپێی یاسا بۆی نییە خوێندکار بشکێنێتەوە یا تەریقی بکاتەوە یا... هتد. ئەگەر کارێکی لەو بابەتەش بکات ئەوە رەنگە شێوەیەکی بەردەوام وەرنەگرێت بۆیە ناچێتە ناو خانەی هەراسانکردنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر شوێنێکدا بووبم پێشنیاری ئەوەم کردووە کە دیاردەی هەراسانکردن دەبێ بچێتە ناو کۆلیژەکانی مامۆستایانەوە و وەکو وانەیەک بخوێندرێ. چونکە دیاردەی هەراسانکردن لەنێوان خودی خوێندکاراندا (نەک مامۆستا و خوێندکار) لە رۆژئاوا دیاردەیەکی بەربڵاو تەشەنەکردووە.

ئەگەر ئەم کارە جێبەجێ ببێ ئەوە شتێک لە پەیوەندی نێوان خوێندکارەکانی پەیمانگەو کۆلیجەکانی مامۆستا دێتە ئاراوە. ئێستا بۆ ئەوەی خوێندکاری ئەو

جێگانە بتوانن خۆیان فێری مامۆستایی بکەن دەبێ لەلای مامۆستا کۆنەکان پراکتیک بکەن و لەو مامۆستایانەوە فێری هونەری وانەوتنەوە ببن. بەڵام من پێم وایە لە قۆناغی داهاتوودا ئەم خوێندکارە تازانەی کە دەبنە مامۆستا پێویستە شتێکی نوێ و تازەیان پێ ببێ بۆ ئەوەی ئەوانیش مامۆستا کۆنەکان فێری رەوشتی مامەڵەکردنێکی مۆدێرن بکەن. چونکە شکی تێدا نییە مامۆستایەک کە ئەمڕۆ دەرچووبێت زانیارییەکی نوێترو بەکەڵکتری پێیە وەک لە مامۆستایەک بەر لە ٣٠ یا ٤٠ ساڵ زانکۆ یا کۆلیژی مامۆستایی تەواو کردبێ. ئەم پەیوەندییەی ئێستا دەبێ بگۆڕێ و دەشبێ تەوژمێکی تری هەبێ و بەرگێکی تر لەخۆ بگرێ.

## سێزدەهەم

### بۆچوونەکانی خودی منداڵ

ئەگەر رۆڵی مامۆستا و سەرجەمی گەورەکان لە قوتابخانەدا روون بێت، ئەوە ئەو رۆڵە بۆ منداڵەکان بەو شێوەیە روون نییە. من دڵنیام لەوەی سازدانی لێکۆڵینەوەیەک لەم بوارەدا ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی منداڵان تەواوی ئەرکەکانی مامۆستا و بەڕێوەبەر نەزانن چییە. بۆیە روونکردنەوەی ئەو ئەرکانە یارمەتییەکی باشە بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن سوود لە مامۆستاکانیان ببینن. هەروەها دەبێ ئەوەش بکرێ بە فرمان کە هەر گەورە ساڵێک کارێکی هەراسانکردنی لەناو قوتابخانەدا بینی ئەوە دەبێ دەسبەجێ بەڕێوەبەری لێ ئاگادار بکاتەوە جا ئەو کارە لەنێوان خوێندکار- خوێندکاردا بوو یا لەنێوان مامۆستا- خوێندکاردا بوو. بەشێک لە ئەرکەکان دەبێ لەناو یاسا تایبەتییەکانی قوتابخانەکاندا جێگیر بکرێن و بەشەکەی تریشیان دەبێ لەناو رێنماییەکانی هەر قوتابخانەیەکدا بنووسرێن. مەبەستم لەم خاڵەی دواییە ئەوەیە کە دەبێ هەندێک پەرە بە لامەرکەزییەتیش بدەین. بەشێوەیەکی دی من پێم باشە بەدەر لەو یاسایانەی پەرلەمان دەریان دەکات قوتابخانەکان دەبێ یاسایەکی مەرکەزی تایبەتی خۆیان هەبێت. جگە لەمەش دەبێ وەزارەتی پەروەردە پشتگیری تەواوی هەموو قوتابخانەکان بکات و کادیری زیادەیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی هەر یەکەو کۆمەڵێ بنەماو یاسای تایبەت بەخۆی هەبێ و تیایاندا هەموو شتێک بەڕوونی باسکرابێت.



ئێمە لە وڵاتی خۆماندا وا فێر کراوین بۆ هەموو شتێک چاومان لە دەستی سەرەوە بێت، واتە بەڕێوەبەری باڵا، وەزارەت، حیزب، یا بەغدا. ئەم شێوە کارەی لەسەرەوە ئاماژەم پێ دا جۆرە هەوڵدانێکە بۆ تێکشکاندنی ئەو ریتمە کۆنەی دەقمان پێوە گرتووە. بەڵام ئەم کارە، واتە دروستکردنی کولتوورێکی تایبەت بۆ هەر قوتابخانەیەک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان جێگەی کارەکانی پەرلەمان ناگرێتەوە، بەڵکو پەرە بەکارەکانی ناو قوتابخانەکان دەدات. بەشێوەیەکی دی ئەڵتەرناتیڤی کاری حکوومەت و پەرلەمان نییە.

لەلایەکی ترەوە شیکردنەوەی ئەو ئەرکانەی قوتابخانە یا مامۆستا هەیەتی یارمەتی ئەوە دەدات کە لەکاتی روودانی کارێکی هەراسانکردندا منداڵەکان ئەوە بزانن یەکێک لە ئەرکەکانی مامۆستا ئەوەیە ئەو کارانە (واتە هەراسانکردن) بەربەست بکات. ئەرکی مامۆستا یا باوک ئەوەیە سنووری گرفتەکان لێک جودا بکاتەوە و هەوڵ بدات چارەسەرێکی جودا بۆ هەر گرفتێک دابنێت. یەکێک لە هەڵەکانی مامۆستایان یا گەورەکان ئەوەیە کە وا دەزانن منداڵان زۆر بەڕوونی سنووری گرفتەکان و جۆری چارەسەرکردنەکان و چ کەسێک کام کارەی لەسەرە.... هتد زۆر بەچاکی دەزانن.، بەڵام لەراستیدا وانییە. بۆیە جێگەی سەرنجە بەر لەوەی لەمنداڵەکەت یا لە خوێندکارەکەت تووڕە بیت لێی بپرسە ئایا ئەوە دەزانێت کە کارێکی هەڵەی کردووە، یا بۆ ئەو کارەی کرد، یا دەزانێت سزای ئەو کارە چییە؟

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کاتێک گەورەکان سزای منداڵان دەدەن دەبێ بیر لەوەش بکەنەوە ئەو سزایە بەچ دەردێک دەخوات و ئەنجامەکەی بەکوێ دەگات. فایبرو مازلیش لە کتێبێکی هاوبەشدا لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا ئەوە روون دەکەنەوە کە سزادانی منداڵ جگە لەوەی چارەسەری گرفتەکان ناکات دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی گرفتەکان "تنبیه ایجاد اختلال میکند "، بەهەمان شێوەش سزادان لەپەیوەندیی نێوان منداڵ و دایبابەکاندا نابێ جێگای ببێتەوە "در روابت سمیمی هیچ جایی برای تنبیه وجود ندارد". دواجار سزادان لە بری ئەوەی منداڵ چاک بکاتەوە و هەستی پەشیمانی لە لا بوروژێنێ، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکاتەوە " در چنین مواقعی کودک در عوز احساس ندامت از کار

خودو سعی در جبران ان، دهن خود را مسغول خیالبافی برای انتقام می کند"
(فایبر & مازلی، ٢٠٠٤، ل ١١١).

دوا شت کە دەمەوێ لەم بوارەدا یاداشتی بکەم ئەوەیە کە ئاگادارکردنەوەی بەرێوەبەر لە هەر کارێکی هەراسانکردن کە دژ بەخوێندکاران یا مامۆستایان دەکرێ دەبێ ببێتە کارێکی ئیجباری و بەرێوەبەریش دەبێ بەئیجباری بەدوای کارەکاندا بچێت.

## چواردەهەم

دروستکردنی بوێری

بۆ بەربەستکردنی دیاردەی هەراسانکردن خوێندکاران پێویستیان بە دروستکردنی چەندین کۆمەڵەی جۆراوجۆر هەیە. ئەم کۆمەڵانە کە بەشداریکردنی دایبابەکان تیایاندا زۆر گرینگە، دەبێ بەبەردەوامی پەیوەندییان لەگەڵ قوتابخانەکاندا هەبێ. بێگومان منداڵان لە قۆناغی سەرەتاییدا ناتوانن کۆمەڵە دابمەزرێنن چونکە شارەزاییان لە کار رێکخراوەییدا نییە، بۆیە دەبێ مامۆستایان، دایبابەکان، رێکخراوی لاوان... هتد یارمەتییەکی زۆریان بدەن. لێرەدا زۆر گرینگە کە مامۆستایان ئەم کارە وا نەبینن کە دژ بەوان دروست دەکرێت، بەڵکو کارێکە لە پێناوی پرۆسەیەکی پەروەردەیی تەندروست دێتە کایەوە. کۆمەڵەیەکە بۆ دروستکردنی کەشوهەوایەکی پوخت کاردەکات و هەوڵی ئەوە دەدات پەیوەندی نێوان پۆلەکان لەلایەک و پۆلەکان و مامۆستایانیش لەلایەکی ترەوە خۆش بکات. ئەم کەشوهەوایەش لە رێگەی دیالۆگ و جموجۆڵی وەرزشی و کولتووری و...هتد دێتە ئاراوە و پەیوەندی ئاسۆیی نێوان رێکخراوە جۆربەجۆرەکان بەهێزتر دەکاتەوە. خاڵێکی گرینگ لێرەدا ئەوەیە دەبێ سەرجەمی قوتابخانەو رێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان خۆیان لە تاوانبارکردنی یەکتری بپارێزن.

من چاوەڕوانی کارێکی پرۆفیشیناڵ لەو رێکخراوە بچکۆلانە ناکەم کە ئەو منداڵانە بەرێوەی دەبەن، بەڵکو دەمەوێ لە رێگەی هەندێ چالاکی سادەو ئاسانەوە ئەوە بۆ کارمەندانی ناو قوتابخانەکان و دایبابەکان روون بکەمەوە کە ئەم جۆرە



چالاکییانەش هەن و دەتوانرێ بەهۆیانەوە کۆمەڵێ منداڵ ئۆرگانیزە بکرێ بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەک بەمەبەستی ئەوەی وەکو هەنگاوی یەکەم سەرنجی مامۆستاکان بەلای منداڵەکاندا رابکێشم. وەکو هەنگاوی دووەم لەنێوان خۆیاندا فێری دیالۆگ ببن بۆ ئەوەی بتوانن لە هەنگاوی سێیەمدا ئەو دیالۆگە بگوێزنەوە بۆ حەوشەی مامۆستاکانیان. ئەم شێوە کارە یەکێکە لە بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەم سەردەمە. لە قوتابخانەکانی جیهانی پێشکەوتوودا دایبابەکان بەشدارییەکی دیاریان لە دامەزراندنی جۆرەها رێکخراودا هەیە، بەڵام خودی قوتابخانەکان لە راکێشانی خێزانی خوێندکارەکان بۆ ناو ئەم جۆرە کۆمەڵەو چالاکییانە رۆڵێکی بالا دەبینن.

گەر لە رۆژئاوا سەرنجی ئەم کارە بدەین دەبینین پرۆسەکە بەپێچەوانە دەڕوا، واتە بنەماکانی ئەو جۆرە رێکخراوانە لەناو پۆلەکانەوە دەست پێ دەکات و مامۆستاکان خۆیان بەشدارن لە دامەزراندنیداو هەر خۆشیان هانی خوێندکارەکان دەدەن. هۆکاری ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەیە ستروکتوری کۆمەڵگا و ستروکتوری قوتابخانەکانی ئێمە زۆر لەیەک جودان. من ئەم پرۆسە پێچەوانەیە لە هەندێ بواری دیکەشدا پێشنیار دەکەم.

لە هاوینی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥ دا لە هەندێک لە کازیوەکان (شوێنێکە بۆ حەسانەوە، یاریکردن، وەرزش، وێنەکێشان، فێربوونی کۆمپیوتەر..هتد منداڵان) بووم و چاوم بەمنداڵانێکی زۆر کەوت کە لەگەڵ گەورەکاندا خەریکی باڵەو تۆپی پێ و سەیرکردنی فیلم و وێنەکێشان بوون. من لە پەیوەندی نێوان گەورەکان و منداڵەکان ورد نەبوومەوە بەڵام سەرنجی بەشێک لەپەیوەندییەکانی نێوانیانم دا کە هێمای رازیبوون و دڵخۆشی هەردوولا یا بەلایەنی کەمەوە منداڵەکانی بۆ بەرجەستە کردم. لێرەدا کازیوەکان دەکرێ نموونەیەکی باش بن بۆ گەلێ شت، بەلایەنی کەمەوە بۆ کەمکردنەوەی هەراسانکردن. من بەشبەحاڵی خۆم هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوتووە لەسەر کاریگەری کازیوەکان لەسەر پەیوەندی نێوان گەورەکان و منداڵەکان، بەڵام لەبەر رۆشنایی هەندێ وردە سەرنجی خۆم من وای بۆ دەچم ئەو پەیوەندییەی لەنێوان منداڵانی کازیوەکان و گەورەکاندا هەیە زۆر خۆشترو باشتر

بێت لە پەیوەندی نێوان هەمان ئەو منداڵانە لەگەڵ مامۆستاکان یا دایبابەکانی خۆیاندا . بەڵام تا لێکۆڵینەوەیەک لەو بارەیەوە ساز نەدرێ ئەم قسانە تەنها وەکو گریمانە دەمێننەوە. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش یاداشت بکەم کە زۆر گرینگە لێپرسراوێتی هەندێ کاری ڕێکخراوەیی ئەم کازیوانە بدرێتە دەستی خودی منداڵان. بەشێوەیەکی دی دەمەوێ بڵێم هەرکات قوتابخانەکان بەشێکی کاری کازیوەکانی لە ئەستۆ گرت، یا شێوازی کارکردنی خۆی لە کازیوەکان نزیک کردەوە ئەو کاتە توندوتیژی نێوان خودی خوێندکاران لەلایەک و نێوان خوێندکاران و مامۆستاکانیش کەمتر دەبێتەوە. بەهەمان شێوە ئاوێتەکردنی منداڵان لە کاری گەورەکاندا دەبێتە هۆی دروستکردنی بوێری لە لای منداڵان.

خاڵی گرینگ لێرەدا بەشداری خودی خوێندکارانە لە پرۆسەکەدا کە دەبێت لە ڕێگەی هاوکاری گەورەکان یا مامۆستاکانەوە زۆر پشتیوانی لێ بکرێت. هەرکات منداڵ هەستی بەوە کرد کە مامۆستاکەی وەکو کەسێکی بەتەنگەوە هاتوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ئەویش دڵی خۆی بۆ دەکاتەوە چونکە لە بنەڕەتدا خوێندکار مامۆستا بەیەکێکی یارمەتیدەرو نزیک و خۆشەویستی خۆی دەزانێ. زۆر جار ئەوەم دیوە و بیستووە خوێندکار باسی وردودرشتی پەیوەندییەکانی خۆیان و هەندێ جار شەڕو دەمەقاڵێی باوک و دایکیشیان بۆ مامۆستا دەکەن. تا ئەو کاتەی مامۆستا گوێیان لێ بگرێت و نائومێدیان نەکات ئەوان ئەو کارە دەکەن، بەڵام هەر کە هەستیان کرد مامۆستا بەحەزەوە گوێیان لێ ناگرێت واز لەو خووە دێنن.

خاڵی هەرە سەرەکی لێرەدا ئەوەیە خوێندکار جورئەتی ئەوەی لەلا دروست ببێ باسی شەڕو ئاژاوە و توندوتیژییەکانی نێوان خۆیان یا خۆیان و گەورەکان بکەن. ئاشکراکردنی ئەو گرفتانە ڕێگای چارەسەرەکانمان بۆ خۆش دەکات. تا خوێندکار ئەو جورئەتەی لەلا دروست نەبێت ئێمە ناتوانین هەنگاو بۆ چارەسەرەکان بنێین. دەبێ ئەوەش بزانین کە منداڵ لەخۆیەوە جورئەت پەیدا ناکات بەتایبەتی ئەگەر گەورەکان هەراسانکردن پیادە بکەن. تەنها گەورەکانن وا لە منداڵ دەکەن ئەو جورئەتە پەیدا بکەن. پێم باشە ئەوەش یاداشت بکەم کە گەورەکانی ناو قوتابخانەکان کارێکی زۆر پەروەردەیی باشیان لەدەست دێت کە بیکەن بەڵام



بەداخەوە تاوەکو ئێستا زوربەیان لەبەر هۆکاری جودا جودا نایانەوێ ئەو کارە باشە ئەنجام بدەن یا نازانن چۆن ئەنجامی بدەن.

هەرکات قوتابخانە لەوەدا سەرکەوتوو بوو تەزوویەک لە بوێری لەناو خوێندکاراندا دروست بکات قۆناغێکی گرینگترو پڕبەهاتر ئەنجام دەگرێ. ئەم قۆناغە کە بریتییە لەوەی خوێندکار بتوانێ و بۆی هەبێت ڕەخنە بگرێ. ڕەخنەگرتن بەردی بناغەی دروستکردنی سیستمێکی پەروەردەیی تەندروستە. ئەڵبەتە نەگەشتن بەو قۆناغە هەر لەسەرەتاوە لەناو خێزان و کۆمەڵگای کوردییەوە سەرچاوە دەگرێ. گەورەکان هیچ کاتێک بواریان نەدراوە فێری ڕەخنەگرتن بن بۆیە ئەوانیش نایانەوێ منداڵەکانیان فێری ئەو هونەرە ببن. لارسۆن پێی وایە گوێگرتن لە ڕەخنەو نارەزایی خوێندکارەکانمان دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی ئێمە بەوانەوە ڕەهەندێکی مرۆڤانەتر وەربگرێت. چونکە لە کەشوهەوایەکی پڕ لە بێ ئومێدی تاکەکان ناچار دەبن بەشێوەیەک ژیان بکەن کە دژ بەخواستی زگماکانەی مرۆڤبن (Lar-son,2000.P.42)

بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا لە قوتابخانەو زانکۆکانیشماندا ڕوودەدەن خۆی لە چەپاندنی ڕەخنەگرتندا دەبینێتەوە؛ چونکە مامۆستاکان هەمیشە پێیان وایە ڕاستییەکان تەنها لەلای ئەوانەو بەهیچ شێوەیەک ناکرێ خوێندکارەکانیان هەڵگری ئەو ڕاستییەبن. من لەوە دڵنیام کە ئێمەی مامۆستا ڕێگایەکی زۆر هەڵەمان گرتۆتە بەرو تا ڕەخنەگرتنی خوێندکارەکانمان ئازاد نەکەین ناتوانین بەشێوەیەک لە شێوەکان ئازادبین.

ڕێگەدان بەئاراستەکردنی ڕەخنە لەلایەن خوێندکارەکانەوە ئەگەر بەدیوێکدا دروستکردنی بوێری و خۆبەتاڵکردنەوەیەک بێت بۆ ئەوان ئەوە بەدیوەکەی تردا مانای ئەوەی ئێمەی مامۆستا هەوڵ دەدەین ئەو بەهایەی لە خوێندکارەکانمان زەوت کردووە جارێکی دی بۆیان بگێڕینەوە. کۆی ئەم شتانە بەرەو ئەوەمان دەبات قوتابخانە بکەینە دەزگایەکی مەدەنی بۆ پەروەردەکردنی منداڵان. من پێم وایە تاوەکو ئێستاش قوتابخانەکانمان نەک شوێنێک نین بۆ پەروەردەکردن، بەڵکو شوێنێکن بۆ تێکشکانی بەهاکانی منداڵ.

## پازدەهەم

### نارەزایی دایبابەکان

یەکێک لەو هۆکارانەی وا دەکات مەسەلەی هەراسانکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی دژی منداڵەکان بەردەوام بێت کەسایەتی و هەڵوێستی لاوازی دایبابەکانە. شتێکی بەڵگەنەویستە کە هیچ باوک و دایکێک ناخوازن منداڵەکانیان هەراسان بکرێن، بەڵام ئەوەی لە واقیعدا دەبینرێت ئەوەیە هەڵوێستی ئەوان (دایبابەکان) بۆتە هۆکارێک بۆ بەردەوامبوونی هەراسانکردن و خۆکوژی هەندێک لە منداڵەکان.

خاڵێک کە لێرەدا جێگەی باس و لەسەر وەستانە بەرهەڵستی ئەو دایبابانەیە لە بەرامبەر رەوشتی زۆر خراپی هەندێک لە قوتابخانەکاندا. قوتابخانەکان لە منداڵەکانیان دەدەن، دەستەکانیان دەشکێنن، گوێکانیان سڕ دەکەن، دەیانشکێننەوە و هەندێک جاریش دەبنە هۆکارێک بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندنی هەندێک لە منداڵەکانیان بەڵام ئەمان هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان لە بەرامبەر ئەم کارەدا وەرنەگرتووە. کاتێک منداڵێ بەدەست شکاوییەوە دێتە ماڵەوە و دایبابەکان ئەگەر دەستخۆشی لەو مامۆستایە نەکەن ئەوە لە باشترین حاڵەتدا بێدەنگ دەبن. ئەم بێدەنگییە دەبێتە هۆکارێک دەستخۆشی کردن لەو مامۆستایەی ئەو کارەی ئەنجام داوە. یا ئەگەر واش نەبێت پەیامێک رەوانەی ئەو مامۆستایە دەکات کە ناوەرۆکەکەی ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر دەستی منداڵەکەشم بشکێنیت و رۆژانە تەریقیشی بکەیتەوە ئەوە من قسە ناکەم و بەرهەڵستی ئەو کارەی تۆ ناکەم. ئەمە بۆ خۆی ئەگەر زیاتر پاڵ بەمامۆستاکانەوە نەنێت بۆ پیادەکردنێکی فراوانتری هەراسانکردن ئەوە نابێتە هۆکارێکیش بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن .

من پێم وایە تاوەکو ئێستا دایبابەکان هەڵوێستێکی زۆر خراپیان لە بەرامبەر قوتابخانەکاندا نواندووە و دەبێ هەرچی زووتر راستی بکەنەوە. دەبێ ئەوان لەو جۆرە کارانە بێدەنگ نەبن و لەسەر منداڵەکانیان بێنە دەنگ. من خوازیاری ئەوە نیم پەیوەندییەکانی نێوان ماڵ و قوتابخانە گرژی تێ بکەوێت، بەپێچەوانەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە تا بکرێت گرفتەکان بەشێوەیەکی هێمنانە چارەسەر بکرێن، بەڵام



لە هەمان کاتدا نامەوێ لەناو قوتابخانەکاندا غەدر لە کەس بکرێت. دەبێ دایبابەکان زوو زوو بچنە قوتابخانەو بزانن مامۆستاکان بۆ غەدر لە منداڵەکانیان دەکەن، بۆ لێیان دەدەن، یا بۆ ئەوەی بزانن ئاستی زانستی منداڵەکانیان لەچیدایە... هتد.

ئەم پەیوەندییە بەردەوامە بۆ هەر شتێک بێت ئەوە دواجار ئاستی پەیوەندییەکانی قوتابخانەو خێزانەکان بەرز دەکاتەوە و لە بەرژەوەندی منداڵەکاندا کۆتاییان پێ دێت.

خشتەی ژمارە ٢٧

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٣٣٥ | ٥٥،٨ | ٢٥٦ | ٦٤،٠ | ٥٩١ | ٥٩،١ |
| هەندێ جار | ٢١٥ | ٣٥،٨ | ٩٦ | ٢٤،٠ | ٣١١ | ٣١،١ |
| زۆرجار | ٥٠ | ٨،٣ | ٤٨ | ١٢،٠ | ٩٨ | ٩،٨ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

هەرکات لە قوتابخانە لێبدرێت، ماڵەوەتان بۆ لێپرسینەوە و سکاڵاکردن دەچنە قوتابخانە؟

سکاڵاکردنی دایبابەکان لە روانگەی منداڵانەوە

بەردەوامبوون لەسەر بێدەنگی بەزیانی هەموومان تەواو دەبێت. ئێڤا لارسۆن (Larsson,2000. P.43) پێی وایە «هەر پرۆتێستێک دژ بەچەوسانەوە و غەدرکردن هەنگاوێکە بەرەو ئازادی هەموومان». گرینگی ئەم پرۆتێستانە لەوەدایە ئێمە هەم ئەو کارانە پرۆتێستۆ دەکەین و هەم هەراسانکراوەکانیش فێری ئەوە دەکەین کە بوێر بن و هەموو جۆرە هەراسانکردنێک رەت بکەنەوە.

بێدەنگی لەیێ است شکاندنەوە و غەدرکردن لە منداڵەکان مانای ئەوەیە دایبابەکان بەتەنگی منداڵەکانیانەوە نایەن، ئیدی لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا بشڵێن ئێمە بەتەنگیانەوە دێین یا نا ئەوە هیچ لەم راستییە ناگۆڕێت.

بەپێی خشتەی ژمارە (٢٥)، تەنها نزیکەی (٩٪) ی خوێندکاران پێیان وایە

دایبابەکانیان هەرگیز بەتەنگیانەوە نایەن، بەڵام (٧٣٪) یان دەڵێن زۆرجار بەتەنگیانەوە دێن. بەڵام ئەو منداڵانە چۆن لەم پرسیارە تێگەیشتوون ئەوە دەبوو من زیاتر لەگەڵیان قسەم بکردایە بەڵام بواری ئەوەم بۆ نەڕەخساو لە بری ئەوە ویستم بەپرسیارێکی لەو مەسەلەیە بکۆڵمەوە.

بەڵام بەپێی ئەو ئامارەی سەرەوە (خشتەی ٢٧) نزیکەی (٥٩٪) خوێندکاران پێیان وایە دایبابەکانیان لەسەر ئەوان ناچنە قوتابخانە و بەدەنگ نایەن. هەربۆیەشە قوتابخانەکان بەردەوامن لەئازاردانی منداڵان چونکە بەڕێژەیەکی زۆر ئەو دایبابانە بەهەوڵی ئەوەوە نین کە چی بەرامبەر منداڵەکانیان دەکەن. بەڵام کە ئەم پرسیارەم لە مامۆستاکان (خشتەی ژمارە ٢٨) کرد ئەوان رایەکی دیکەیان هەبوو.

خشتەی ژمارە ٢٨

| وەڵامەکان (مامۆستا) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەرگیز (نا) | ٢٧ | ١٠,٨ |
| هەندێ جار | ١٥٨ | ٦٣,٢ |
| زۆرجار | ٦٥ | ٢٦ |
| کۆ | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئایا دایبابەکان دێن بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی لەسەر منداڵەکانیان بکەنەوە یا سکاڵا لەدەست مامۆستاکان بکەن؟

سکاڵاکردنی دایبابەکان لە روانگەی مامۆستایانەوە

بەپێی رای ئەوان تەنها ١١٪ دایبابەکان ئەو کارە ناکەن (بەرامبەر بە ٥٩٪ ی خوێندکاران)، یا بەشێوەیەکی دیکە نزیکەی ٨٩٪ ئەوان کەم تا زۆر لە قوتابخانەن. لەسەر ئاستی رەگەزیش وا دەردەکەوێت کە دایبابی کچان بەڕێژەیەکی زیاتر لە بارودۆخی کچەکانیان ناپرسنەوە.

هەڵوێستی دایبابەکان لە کاتی شەڕە گەڕەکیشدا بەهەمان شێوە خراپە بەڵام کەمێک لە ئاستی هەراسانکردنی نێو قوتابخانەکاندا باشترە. (٤٨٪) ی ئەوان لەکاتی ئەو شەڕانە هەرگیز لە منداڵەکانیان ناپرسنەوە. بەڵام دایبابەکان زیاتر



لەسەر کچەکانیان دەکەنەوە تا کوڕەکانیان. رەنگە هۆکارێک لێرەدا ئەوە بێت کە کوڕان زیاتر شەڕ دەکەن یا شەڕکردنەکانیان کەمتر مەترسی تێدایە.

لێرەدا جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوە لەجۆری ئەو شەڕانەش بکرێ. ئایا دایبابەکان بۆیە لەسەریان ناکەنەوە چونکە شەڕەکان جیدی نین، یا ئەوان بێزار بوون، یا نایانەوێ لەسەر منداڵ لەگەڵ دراوسێکاندا تووشی دەنگە دەنگ بێن. لەلایەکی دیکەشەوە لەوانەیە بەشێک لە منداڵەکان زۆر دڵناسک بن و بیانەوێت دایبابەکانیان لە هەموو شتێکدا بەدەنگ بێن. ئەم بوارە قسە زۆر هەڵدەگرێت بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە نابێت دایبابەکان بەهیچ شێوەیەک منداڵەکانیان فەرامۆش بکەن و لە بەرامبەر دەستدرێژیی قوتابخانەکاندا بێدەنگ بن.

خشتەی ژمارە ٢٩

| وەڵامەکان | کوڕان | | کچان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| هەرگیز | ٣٤٠ | ٥٦,٧ | ١٤٤ | ٣٦,٠ | ٤٨٤ | ٤٨,٤ |
| هەندێ جار | ١٥٠ | ٢٥,٠ | ٩٦ | ٢٤,٠ | ٢٤٦ | ٢٤,٦ |
| زۆرجار | ١١٠ | ١٨,٣ | ١٦٠ | ٤٠,٠ | ٢٧٠ | ٢٧,٠ |
| کۆ | ٦٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ |

هەرکات لە گەڕەک لێدرابیت، قەت دایک و باوکت لەسەریان کردوویتەوە؟

پشتگیریکردنی منداڵان لە گەڕەک

## شازدەهەم

### نکۆڵی یا دانپێدانان

«هەرکات هەراسانکرای ئەوە بزانە خەتای خۆتە»

زۆرجار گەورەکان ئەم رستەیە دووبارە دەکەنەوە. هەندێ جار کە منداڵێک جار دوای جار هەراسان دەکرێت رووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کە هەموو خەتاکان لە ئەستۆی ئەودایە. چەندین جار ئەوەی رووی داوە کە بەمنداڵێک بڵێن «ئەوە جارێک خەتای ئەم بوو، جارێکی تر خەتای ئەو بوو ئەی ئەمجارەیان خەتای کێیە» یا دەوترێ «ئەگەر خەتای تۆ نەبێ ئەوە یەکێک خراپ دوو خراپ خۆ هەموو خەڵک خراپ نییە».

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو منداڵە هەراسان کراوە کەچی زۆرجار تەواوی گوناهەکان وەئەستۆی ئەو دەخرێن. چەندین جاریش لەنێو گرووپی گەورەکاندا ئەوە دەوترێ کە کەسی هەراسانکراو خۆی بەڵا بۆ خۆی دروست دەکات. رەنگە هەموومان چ وەکو باوک و دایک و چ وەکو مامۆستاش ئەمەمان گوتبێت، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە لێرە بەدواوە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو کارە بەو جۆرە نییە و ئێمە بەم بیروبۆچوونە ئازاری کەسی هەراسانکراو دەدەین و هەرگیز گرفتەکانی چارەسەر ناکەین.

بەپێی زۆرینەی ئەو لێکۆڵینەوانەی چاوم پێ کەوتوون و تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی خۆم و دەوروپشتەکەمەوە زۆر جار وا هەڵکەتووە کە منداڵێک تووشی دەیان گرفت ببێ و لە هەمووشیاندا هەر ئەو زەرەرمەند بێت، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوە نییە کە خەتای ئەوە یا خۆی بەڵاو گرفت بۆخۆی دروست دەکات، بەڵکو بەئاقارێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین هەراسانکراو لەوانەیە خاوەنی هەندێ خەسڵەتی تایبەت بێت کە رێگە بۆ هەراسانکەر خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئاسانتر هێرش بکاتە سەری. دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو خەسڵەتانە مەرج نییە لاوازی هەراسانکراو بگەیەنن، بەڵکو لەوانەیە خەسڵەتی زۆر پۆزەتیڤیش بن.

یەکێک لە خوێندکارەکانم بەناوی (م) زۆر هێمن و زیرەک و هێدی بوو. هەرگیز لەگەڵ کەسدا بەشەڕ نەدەهات و لەکاتی هەر گرفتێکدا لە بری هەر شتێکی دی



زمانی گفتوگۆی بەکار دەهێناو قەت نەمدیبوو لە یەکێک بدات. بەڵام هاوکات کە شەڕیشی دەکرد دەستی ئەوەندە نەدەوەشاند بەڵکو زوو دەستی بەگریان دەکرد. ئەم خەسڵەتەی ئەم وای کردبوو لەگەڵ هەر دەمەقاڵێیەکدا دەستی لێ بوەشێنن و لێی بدەن.

بەدەر لەمەش چەندین خەسڵەتی دیکەی هەراسانکردن هەن کە بەهەڵە لەلایەن منداڵانی دیکەوە لێک دەدرێنەوە و بەشێوەیەکی ناجۆر کۆدەکانی شی دەکرێنەوە. دەبێ ئەوەش بزانین هێمنی بەمانای ئەوە نایەتەوە کە هەراسانکراو بەڵا بۆ خۆی دروست دەکات، بەڵکو دەبێ ئێمەی گەورە رۆڵێک لەو نێوەندەدا ببینین.

لەلایەکی ترەوە بەشێک لەو منداڵانەی هەراسان دەکرێن لەلای هیچ کەسێک باس لەو ئازارە ناکەن کە دەیچێژن. دایباب و مامۆستاش دەبێ ئەوە بزانن کە کارێکی ئاسان نییە بۆ منداڵ دان بەوەدا بنێت کە لێدراوە یا بەشێوەیەکی گشتی هەراسان کراوە. تۆ وەکو گەورەیەک هەر کات لێبدرێیت و کەرامەتت بشکێندرێت ئایا دوای ئەوە ئامادەی وردەکارییەکانی ئەو کەرامەت شکاندنە بۆ هاوسەرەکەت یا باوکت یا بۆ هاوڕێ و دۆستەکانت بیگێڕیتەوە؟ هەرگیز نا، ئەدی چۆن منداڵ ئەو کارە بکات. داننانی منداڵ بەو کارە زۆر جار مانای تەسیلم بوون دەگەیەنێت. یا کە منداڵێک پەنا بۆ مامۆستاکەی دەبات منداڵەکانی دی بەترسنۆک و جاسوس و فیتنەو بێدەسەڵاتی ناو دەبەن. ئەم دوو ئەنجامە هۆکاری دەروونی گەورە لەلای منداڵان دروست دەکەن.

لایەنێکی تری ئەم دان پێدانەنانە ئەوەیە منداڵان بەشێوەیەکی گشتی لە تەشەنەکردنی گرفتەکان زۆر دەترسن. زۆرجار بۆ ئەوەی شتەکان لەکورتی ببڕێنەوە و شەڕی تری بەدوادا نەیەن، کەسی هەراسانکراو نکوڵیکردنی پێباشترە وەک لەوەی دان بەگرفتەکاندا بنێت. لەم بوارەدا نکوڵیکردنی کچان پانتاییەکی گەورەتر داگیر دەکات. ئەم پرسە لەوانەیە لەلای هەندێک لە کچە گەورەکانیش هەر وا بێت بەتایبەت کاتێک کە غەدریان لێ دەکرێت یا لەلایەن کوڕێکەوە شەڕیان پێ دەفرۆشرێت هەمیشە ئەوەیان پێ باشە لەلای باوک و براکانیان ئەو غەدرە نەدرکێنن بۆ ئەوەی گرفتەکان گەورەتر نەبنەوە.

پرسیارێک کە لێرەدا خۆی دێنێتە پێشەوە ئەوەیە: لە کاتێکدا کە منداڵەکان خۆیان دان بەوەدا نەنێن کە هەراسان کراون ئەی چۆن ئێمە بتوانین یارمەتی ئەو مندالانە بدەین؟

هەرکاتێک کە هەستت بەهەراسانکردنی منداڵێک کرد هیچ چارەسەرێکت نییە جگە لەوەی بەوردی سەرنجی قسەکانی، دەست جوولانەوەکانی، چاو و برۆکانی، سەرنجەکانی، رەوشت و ئاکارەکانی، خەوی... هتد بدەیت. هەر کات ئەو هەستەت لە لا دروست بوو دەبێ سۆراخی ئەوە بکەیت ئایا سەرچاوەی ئەو بارودۆخەی ئەو منداڵەی تێدا دەژی کێیە؟

ئێڤا لارسۆن پێی وایە ئەو تێڕوانینانەی هەندێک لە ئێمە بەرامبەر بەکەسایەتی قوربانییەکان هەمانە تێڕوانینێکی زۆر هەڵەیە. قوربانییەکان مرۆڤی سەیرو سەمەرە نین بەڵکو وەکو هەریەکێکی دیکە وان. لە بری ئەوەی بپرسین بۆچی فلانەکەس هەراسان کراوە دەبێ ئەوە لە خۆمان بپرسین کێ فلانە کەسی هەراساندووە (Lars-so,2000).

زۆرجار قوتابخانەکان بۆ ئەوەی گرفتی نێوان دوو خوێندکار چارەسەر بکەن هەڵدەستن بەگوێزانەوەی هەراسانکراو بۆ قوتابخانەیەکی دیکە. ئێڤا لارسۆن لەو کتێبەی سەرەوەدا کە شایەنی خوێندنەوەیە تیشکێکی زۆری خستۆتە سەر گواستنەوەی خوێندکاری هەراسانکراو لە کاتی روودانی هەراسانکردندا. لارسۆن وەک زوربەی نووسەرەکانی بواری هەراسانکردن پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بۆ دەبێ لەکاتی هەراسانکردندا قوربانییەکان (نەک هەراسانکەران) بەرەو قوتابخانەیەکی تر بگوازنەوە. بەداخەوە لەزۆرێک لە قوتابخانەکانی ئەوروپادا ئەم رێگاچارەیە بەربلاوە. نەک هەر لە قوتابخانەکان بەڵکو لەکاتی ئازاردانی فەرمانبەرو کرێکارەکانیشدا ئەو کەسە ناگوێزنەوە کە ئازار دەدات و هەراسانکردن پیادە دەکات بەڵکو قوربانییەکە دەگوێزنەوە.



## حەفدەهەم

### پەروەردەی دینامیکی

ئالان گوگنبوێل یەکێکە لەو دەروونناس و نووسەرە ناودارانەی سویسرا کە خۆی بەچارەسەکردنی گرفتی توندوتیژی نێو خوێندکارانەوە خەریک کردووە. ئەو بۆخۆی خاوەنی هەندێ مێتودی تایبەتەو سالانە چەندین خولی جیاواز بۆ مامۆستاکانی ئەوروپا دەکاتەوە. گوگنبوێل زۆر جار پەنا دەباتە بەر شانۆنامەو نواندن بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە بتوانێ کۆمەڵێ گرفت لەنێوان خوێندکاراندا چارەسەر بکات. گوگنبوێل لە زۆر شوێنیشدا ئاماژە بۆ پەروەردەی دینامیکی دەکات وەکو چارەسەرێک بۆ گرفتەکان. ئێمە لە کتێبی تێکشکانی بەهاکانی خوێندکاردا باسمان لە هەندێ لایەنی ئەم پەروەردەیە کردووە کە پەنا دەباتە بەر یاری و یاری بەکۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەیی و تایبەتییەکانی مندالان (سەعید، ٢٠٠٤, ل. ٨٩). لەلایەکی دیکەوە زۆرن ئەو پەروەردەناسانەی یاریکردن وەک بەشێکی گرینگی پرۆسەی فێرکردن پێناسە دەکەن، بەلایەنی کەمەوە لەلای پیاژە، ڤیگۆچیسکی، مۆنتیسۆری و برانەر. بەلام گوگنبوێل پەنا دەباتە بەر نەخشەکێشان و دراماتیزەکردنی رووداوەکان وەکو مێتودێکی جیاواز بۆ چارەسەکردنی گرفتەکان. ئەم نووسەرە زۆر جار ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبێ هەمووومان بەشێوەیەکی ئەکتیڤ بۆ ئەم مەبەستە کار بکەین ئەگەرنا هیچ مامۆستایەک بەتەنیا ناتوانێ گرفتەکان چارەسەر بکات. بۆیە هەر لەم بوارەدا کارێکی گرینگە کە هەموو مامۆستاکان بەیەکەوە یا هەر چەند مامۆستایەک بەیەکەوە هەفتانە یا مانگانە بەیەکەوە دابنیشن و تەنها باسی گرفتی خوێندکارو پۆل و قوتابخانە بکەن. زۆربەی جارەکان مرۆڤ بەتەنیا ناتوانێ گرفتەکان چارەسەر بکات بۆیە پەنا بۆ دۆست و هاورێ دەبات بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان.

بەشێکی دیکە لەو خالانەی ئاماژەی بۆ دەکات بریتین لە یاریکردن. ئەو پێی وایە لەو رێگەیەوە دەتوانرێ کەشێکی ئارام بۆ خوێندکاران دابین بکرێ. بەهەمان شێوە پشت شێلان یا مەساجی لەش وەکو مێتودێکی دیکە بۆ خاوکردنەوەی هەستی

نائومێدی لای خاوەن گرفتەکان بەکار دێنێ. لەپاڵ ئەمانەشەوە گوگنبوێل ئاماژە بۆ زۆر مێتودی دیکەش دەکات کە شتێکی تایبەت نین تەنها بەخۆیەوە، کە ئێمە لە جێگای جیاواز جیاوازدا ئاماژەمان پێ کردووە.

ئانبریت ئۆێککگیست و بیرگیتا گارسیا کە دوو مامۆستای تایبەتی پەروەردەن، پاش دیتنی خولێکی گوگنبوێل دەنووسن:

" ئێمە لەبڕی ئەوەی تەنها تەماشای بەربەست و ئاستەنگەکان بکەین فێری ئەوە بووین چۆن تەماشای ئەو دەرفەت و ئیمکاناتانە بکەین کە لەبەر دەستماندا هەن" Guggenbuhl,2000.P.177.

کاتێک من لە دێرەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا بووم گوگنبوێل بۆ سازدانی وۆرکشۆپێک لە سویسراوە بۆ ستۆکهۆڵم بانگێشت کرابوو. ئەوەی من لەو وۆرکشۆپەدا سەرنجم دا ئەوە بوو کە ئەو پەنای بۆ هەموو شتێک دەبرد کە لەبەردەستدا بوو بۆ ئەوەی لە خزمەتی گرفتەکەدا بەکاری بێنێت. هەندێ جار بیری لە شتی وا دەکردەوە هەرگیز بڕوام نەدەکرد خزمەتی گرفتەکان بکات.

## هەژدەیەم

### هاوڕێی نهێنی هەفتە

هاوڕێی نهێنی هەفتە شێوازێکی تری کارکردنە بە مەبەستی بەربەستکردن یا کەمکردنەوەی ئەو نادۆستی و نامیهرەبانی شەڕو ئاژاوانەی لە نێوان خوێندکاراندا دێنە ئاراوە. ئەم شێوە کارکردنە دەکرێ بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت:

هەموو خوێندکارێک ناوی خۆی لەسەر پارچە کاغەزێکی بچووک دەنووسی و لوولی دەدا بۆ ئەوەی هەر یەکێک تەماشای بکات نەزانی ناوی کێی تێدا نووسراوە. مامۆستا دەبێ هەموو ئەو کاغەزانە کۆبکاتەوە و بیخاتە ناو قوتوویەک یا سەبەتەیەکی بچوک یا هەر شتێکی دیکەوە. ئەگەر ٣٠ قوتابی لە پۆلەکەدا هەبن ئەوە دەبێ ٣٠ ناو، واتە ٣٠ کاغەزی لوولکراو لەناو سەبەتەکەدا هەبێ. دواتر مامۆستا سەبەتەکە دەگێڕێ و هەر خوێندکارێک یەک کاغەز دەردەکاو دەیکاتەوە (بەبێ ئەوەی کەسی تر تەماشای بکات) بۆ ئەوەی بزانێ ناوی کێی لێ نووسراوە. ئیدی ئەو



خوێندکارە بەدرێژایی هەفتە دەبێ بەهاوڕێی نهێنی ئەو ناوە. بۆ نموونە گریمان نەریمان کاغەزێک دەرکاو لەو کاغەزەدا ناوی شالاو نووسراوە ئیدی دەبێ نەریمان ببێ بەهاوڕێی شالاو و لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا هەرچی شتێ باشە دەبێ بەرامبەر بەشالاو بیکات بەبێ ئەوەی شالاو بزانێت هاوڕێکەی کێیە. بەم شێوەیە هەموو یەکێک لە پۆلەکەدا هاوڕێیەکی نهێنی هەیە بەڵام کەس نازانێت ئەو هاوڕێیە کێیە. بۆیە هەموو یەکێک هەوڵی ئەوە دەدات بەدرێژایی هەفتەکە لەگەڵ ئەو هاوڕێ نهێنییەدا میهرەبان بێت و ڕێزی بگرێت. دەشکرێ لەو هەفتەیەدا ئەو دوو کەسە بەشەڕ بێن بەڵام بیرکردنەوەی منداڵ سنووردارەو هەوڵی ئەوە دەدات بەرێساکانی ئەو ڕێکەوتنەوە پابەند بێت.

باشتر وایە ئەم کارە لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا ئەنجام بدرێ چونکە لە دوا ڕۆژی هەفتەدا دەبێ هەر کەسێک بزانێ کێ هاوڕێی بوو. ئەم ئاشکراکردنە دەکرێ بەچەندین شێوە ئەنجام بدرێ. مامۆستا ئازادییەکی تەواوی لە هەڵبژاردنی ئەو شێوەیەدا هەیە بەمەرجێ ئەو شێوەیە هەندێ مەبەست بپێکێ. ئەم مەبەستانەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازییان هەیە. هەندێ مامۆستا هەن کە مەبەستێکی تایبەتییان هەیەو دەیانەوێ لەڕێگای ئاشکراکردنی ناوەکانەوە بگەنە ئەو مەبەستە بۆیە ئاشکراکردنی ناوەکان بەو مەبەستەوە گرێ دەدەن. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەم کارە بەشێوەیەکی زۆر ساکارو ئاسایی ئەنجام بدەین ئەوە مامۆستا دەتوانێ لە هەر یەکێک بپرسێ: بەڕای تۆ هاوڕێی ئەم هەفتەیەی تۆ کێ بوو؟

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نەریمان و شالاو ئەوە ڕوونە کە نەریمان دەبێ هاوڕێی شالاو بێت. بۆیە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا بەگوێرەی بنەماکانی ئەم یارییە دەبێ نەریمان ڕێزێکی زۆر لە شالاو بگرێت و هەوڵ بدات بەرامبەر بەو ڕووخۆش و بەئەمەگ و میهرەبان و... هتد بێت. مەبەستی من لەم کارە ئەوەیە کە خوێندکارەکانمان بەشێوەیەک لە شێوەکان ناچار بکەین کە بەرامبەر بەیەکتر میهرەبانتر بن و ئێمەش بتوانین ڕادەی ئەو گرژی و شەڕانەی نێوانیان کەم بکەینەوە. ئەم شێوە کارە باشتر وایە لەلایەن ئەو مامۆستایەوە ساز بدرێ کە سەرپەرشتی پۆلەکە دەکات.

من پێم وایە ئەم ڕاهێنانە یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ هێنانەدی کەشێکی ئارام لەناو قوتابخانەو تەنانەت لە دوای قوتابخانەش. بۆ بەدواچوونی ئەمە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە کەشێکی ئارام بۆ خوێندکاران پەیوەندییەکی نەرمترو ئاژاوەیەکی کەمتر دێنێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی ئەوەی مامۆستاو قوتابخانەش کەمتر بێ تاقەت بن و بواری کاری زۆرتریان هەبێت.

## نۆزدەیەم

### راوێژی هەفتە

ئێمە لەناو قەوارەی سیستەمێکی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری ئەوتۆدا ژیان دەکەین کە هەموومانی هەراسان کردووە. ئەم سیستەمەی ئێمە تا بتوانێ ژیانێکی سەختمان لێ بار دەکات و لەناو ئەو ژیانەشدا کۆمەڵێ گرفتی سەختمان بۆ دەورووژێنێ. ئێمە و هەموو ئەندامەکانی تریش تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە ئەگەر تۆزێکیش بێت چوارچێوەیەک بۆ ئەو سیستەمە دابنێین. لەناو ئەم سیستەمەدا هەموو ئەرک و مافەکان تێکەڵ بەیەک بوونە و زوربەی شتەکان کەم جار بەکەناڵەکانی خۆیاندا دەڕۆن. بەشێوەیەکی دی لە بنیادنانی دەزگاو ڕێکخراوەی تایبەتدا تاوەکو ئێستا سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناوە. بەدیوێکی تردا لە بەدەزگاییکردنی کۆمەڵگادا هێشتا هەنگاومان نەناوە بۆیە لە کاتی دەرکەوتنی هەر گرفتێکدا ناتوانین ئەو گرفتە بخەینە سەر سکەی خۆی و ناشزانین کێن ئەو کەسانەی لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتە بەرپرسن. نەبوونی دەزگای تایبەت و لە بنەڕەتیشدا نەبوونی یاسایەکی بنەڕەتی کارا لەولاتی ئێمەدا هەموو لایەنەکانی شێواندووە و سنووری نێوان ئەو لایەنانەش بەهیچ شێوەیەک روون نییە.

قوتابخانە وەک دەزگایەک لەم گرفتە بەدەر نییە. سەرجەمی ئەکتوێرەکانی ناو ئەو دەزگایە هەر لە مامۆستاوە تا خوێندکارو ئەوانی دیکەش ئەوەندە شتیان لێ بارکراوە تا هەراسان بوون، بۆیە هەر کات یەکێک لە ئێمە دەگاتە رۆژئاواو کەمێک پشوو دەدات و لەناو سیستمێکی بەدەزگاییکراودا دەژی، ئەو کاتە هەست بەو شێوە نادادپەروەرییە دەکات کە تیادا ژیاوە. ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە چونکە تا



ماندوو نەبیت نازانی تامی پشوودان چییە. ئەگەر مرۆڤێک ١٠ کاتژمێر لەبەر هەتاودا ڕێگا ببڕێ یا کاربکات ئەوەندە هەست بە ماندوو بوون ناکات، بەڵام هەر کە لە بن سێبەرێکدا پشووی دا ئیتر بۆی دەردەکەوێ کە چەند ماندووە. نیتشە دەڵێ ئاشتی ڕاستەقینە تەنها لەدوای جەنگەوە دێتە دی، ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێ شەڕ بەرپا بکەین بۆ ئەوەی ئاشتی سەقامگیر بکەین، بەڵکو مرۆڤ تا سەختیی شەڕ نەکێشێ نازانێ ئاشتی ڕاستەقینە چییە. ئەوەندە ئێمە هەست بە ژانی شەڕ دەکەین و لەزەت لە ئاشتی دەبینین هەرگیز سوویدیەک هەستی پێ ناکات چونکە نزیکەی ١٥٠ ساڵە شەڕی نەدیوە.

ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بەیەکەوە گفتوگۆ بکەین بۆ ئەوەی لە گرفتەکانی یەکتر بگەین و بتوانین یارمەتی یەکتر بدەین. زۆر جار لەکاتی گفتوگۆدا بیروڕاکانی خۆمان دەگۆڕینەوە یا چارەسەر بۆ گرفتی ئەوانی دیکە دەدۆزینەوە... هتد.

ئەگەر بچینە سەر خاڵی مەبەست واتە ناو پۆلەکان ئەوە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هەموومان چ مامۆستاو چ خوێندکاریش ماندووین و پێویستمان بەپشوودان هەیە. هەموو رۆژێکی قوتابخانە بۆ هەردوولا وەکو یەک وایە: وانە لەدوای وانە دەخوێنین و دواتر دەچینە ماڵەوە بۆ ئەوەی رۆژی دواتر بەهەمان شێوە دەست پێ بکەینەوە.

بۆیە من لێرەدا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وانەیەک لە هەفتەیەکدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خوێندکاراندا تەرخان بکەین. زۆر گرینگە لەم وانەیەدا منداڵەکان دەردی دڵی خۆیان بۆ مامۆستاو بۆ هاوپۆلەکانیان باس بکەن. ئێمەی گەورە زۆرجار ئەگەر باسی خەمەکانی خۆمان بۆ دۆستێکی دڵسۆز نەکەین زۆر بێ تاقەت دەبین. بڕوانە لەم بوارەدا منداڵ لەسەر ئاستی خێزان و گەڕەکیش زۆرجار ئەو کەسە دڵسۆزە شک نابات، بۆیە ئەرکی قوتابخانەیە ئەو کارە جێبەجێ بکات.

دەکرێ لەم وانەیەدا باس لە هەموو ئەو گرفتانە بکەین کە ڕووبەڕووی خوێندکارو مامۆستاش دەبنەوە. چونکە من واهەست دەکەم بەشێکی گەورەی قوتابخانەکان چارەسەری گرفتە جەوهەرییەکان ناکەن بەڵکو تەنها بەردیان دەخەنە سەر بۆ ئەوەی ژیان بگوزەرێت. ئەم مۆدێلە (با بگوزەرێ) یەکێکە لە مۆدێلە هەرە کۆنەکانی رابەر کە بەهیچ شێوەیەک بایەخ بەڕەخنەو سەرنجی ئەوانی دیکە نادات و تەنها لەکاتی

پرسیار لێکردندا وەڵام و سەرنجەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. لە هیچ دەزگاو قوتابخانەیەکی هاوچەرخدا کار بەو شێوەیە بەڕێوە ناچێت. مامۆستاکان دەبێ مۆدێلێکی دیکەی کار هەڵبژێرن.

لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بۆ لیپیت و لێڤین بکەین وەکو دوو کەس کە زۆر زوو لێکۆڵینەوەیان لەسەر جۆرو کارەکانی رابەر کردووە. ئەوان بەدەر لەو نموونەیەی سەرەوە دوو نموونەی دیکەی «رابەر» دەخەنە ڕوو کە بریتین لە رابەری زۆردار کە بەهیچ شێوەیەک گوێ بۆ گرووپەکەی راناخات و بایەخ بەقسەی ئەوان نادات و بەئارەزووی خۆی کارەکان بەڕێوە دەبات و هەر کاتیش رەخنە بگرێت ئەوە رەخنە لە کەسەکان دەگرێت نەک لە کاری کەسەکان. مۆدێلی سێیەم رابەری دیموکراتە کە بەپێچەوانەی مۆدێلی دووەمەوە کار دەکات، واتە بایەخ بە سەرنجی گرووپەکەی دەدات و لەکاتی کارکردندا بەهاوبەشی کار دەکات و بەشێوەیەکی راستەوخۆ گفتوگۆکان گەرم دەکات و ئەندامەکانی گرووپەکەی هان دەدات و رەخنە لە کارەکان دەگرێت نەک لە خودی کەسەکان(Maltén,1998.P.118).

ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی ئەوڕۆ مۆدێلی سێیەمە نەک یەکەم و دووەم کە بەداخەوە تاوەکو ئێستا مۆدێلی باون لە قوتابخانەکانی ئێمەدا . ئێمە پێویستییەکی جیدیمان بەوە هەیە خوێندکارانی هەر پۆلێک لەو وانەیەدا بەهەڤڕا باس لە گرفتەکان بکەن و بەیەکیشەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە یا هیچ نەبێ تەنها باسی بکەن. من پێم باشە لەم وانەیەدا کە ناوی" راوێژی هەفتە" ی بۆ پێشنیار دەکەم، باس لە هەموو گرفتەکان و مەسەلەکانی دیکەی هاوپەیوەند بەپۆلەکەوە بکرێت. هەروەها وام پێ باشە خودی خوێندکاران ئەم گفتوگۆیانە ببەن بەڕێوە و مامۆستا تەنها لەو شوێنانەدا کە پێویست بکات بچنە ژوورەوە.

لەلایەکی ترەوە دەتوانین لەم وانەیەدا باس لە سازدانی سەیران و گەشت بکەین، چونکە سەیران و گەشت و وەرزش کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤانەیان بەسەر مەسەلەی هەراسانکردنەوە هەیە. هەروەها دەکرێ لەو وانەیەدا ئەو یاسایانە بنووسینەوە کە دەبێ هەموو خوێندکارەکان پیادەی بکەن و دەشتوانین زۆر شتی دیکە بکەین. بەمەش دوو نیشان دەپێکین: یەکەمیان بەباسکردنی گرفتەکان هەردوولا



بەتایبەت خوێندکار خەمی دڵمان دەڕێژین و چارەسەریش بۆ هەندێ لە گرفتەکان دەدۆزینەوە، دووەمیشیان خوێندکاران فێری ئەوە دەکەین چۆن بەشێوەیەکی دیموکراتی گفتوگۆ بکەن و پۆل بەڕێوە ببەن. لەم راوێژەدا خوێندکار زیاتر هەست بەمامۆستا دەکات زیاتریش رێزی دەگرێ.

لەوانەیە خوێندکارەکان هەندێ جار پێویستییان بەکاتێکی یەکجار زۆر بێت بۆ ئەوەی مەسەلەیەکی بچووک یا ئاسان تاوتوێ بکەن. لەوانەشە لە کۆتاییدا نەگەنە سەرئەنجام و داوا لە مامۆستا بکەن خۆی لە بری ئەوان بڕیار بدات. ئەمەشیان شتێکی زۆر ئاساییەو دەبێ چاوەڕوانی بکرێت، بەڵێ رێگای دیالۆگ و دیموکراسی سەختە و گرفتی زۆرە بەڵام چاریشمان نییە دەبێ پێیدا بڕۆین چونکە تاقە رێگەیەکە کە بەدروستی دەمانگەیەنێتە چارەسەرێکی گونجاو. هەرکات توانیمان هەفتانە نیو سەعات بۆ راوێژی هەفتە تەرخان بکەین ئەوە دەتوانین کۆمەڵێ گرفت چارەسەر بکەین و خۆمان لە کۆمەڵێکی تریش بپارێزین.

## بیستەم

### بژێوی مامۆستا و گەورەیی پۆلەکان

من پێم وایە هەموو مامۆستاو بەڕێوەبەرەکان هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە زانکۆکانیش بەدەست شکستی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، بێکاری، کەم دەرامەتی،... هتد دەناڵێنن و کاریگەرییەکانی ئەمانەش لە شێوەی چەندەها دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییدا دەردەکەون. بەشێک لە مامۆستاکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەوان لە بارێکی ئابووری زۆر خراپدا دەژین، خانویان نییە، لەدوای دەوامەوە دەبێ یەکسەر بچنە ماڵەوە چونکە دەوامێکی دیکە دەست پێدەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مامۆستا لە ماڵەوە وانەکانی ئامادە بکات، مووچەکەیان بەشی بژێوی ژیانیان ناکات بۆیە لە دوای دەوام دەبێ کارێکی تریش بکەن کە دەبێتە هۆی ماندووبوونیان، وەزارەتی پەروەردە تەنها داوای پیادەکردنی بەرنامەکانی خۆی دەکات بەڵام کەرەستەکانی پێویست بۆ ئەو پیادەکردنە دابین ناکات... هتد.

شتێکی بەڵگەنەویستە ئەم فاکتەرانە رۆڵێکی گەورە دەبینن لە هێنانە کایەوەی

هەندێ دیاردەی وەکو هەراسانکردن. کاتێک مامۆستا لە حاڵەتی ماندوبوونێکی بەردەوامدا بوو، وەکو جەستەو وەکو مێشکیش نەیتوانی درێژە بەکارەکانی بدات، وەکو ژیانیش نەیتوانی کەرەسەکانی ژیان بۆ خۆی و منداڵەکانی دابین بکات؛ ئەمەو سەرباری گرفتەکانی دیکەی نێو خێزانیش هەموو بەیەکەوە دەبنە هۆی ئەوەی مامۆستا لەناو قوتابخانەدا مرۆڤێکی کەم بەلانس بێت و نەتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە پرۆسەی پەروەردە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە و مامۆستا پێویستی بەمێتودی تازە هەیە بۆ کارکردن بەڵام وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە ئەو بابەتە تازانە بۆ مامۆستاکان دابین بکات، بۆیە هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی کار دەکات. ئەم کارە بۆتە هۆی دروستبوونی فەوزایەک لە هەموو بوارەکانی کارکردن لەکوردستاندا بەتایبەت لەدوای ٢٠٠٣ وە. ئەم بارودۆخە وای لە مامۆستاش کردووە لە بەرامبەر بچووکترین کاردانەوە و رەوشتی خوێندکاراندا هەڵبچێت و تووشی هەمان فەوزا ببێت.

لەلایەکی دیکەوە گەورەیی پۆلەکان لە زۆربەی قوتابخانەکاندا بۆتە گرفتی گرفتەکان. کاتێ ئێمە چل تا پەنجا خوێندکار دەئاخنینە ناو پۆلێکی بچووکەوە بمانەوێ یا نا دەنگەدەنگ و نارەحەتی و بزێوی منداڵەکان زیاتر دەبێت و دەرفەتی مامۆستاش بۆ وتنەوەی بابەتەکان کەمتر دەبێتەوە. سەرباری ئەمانەش مامۆستاکان هەمیشە گلەیی ئەوەیان کردووە کە لەسەرەوەڕا بۆیان دیاری کراوە کە لە ماوەی ئەوەندە مانگدا دەبێ ئەوەندە لاپەڕە بوترێتەوە. باشە ئەم هەموو شتە هاودژە چۆن چارەسەر دەکرێن؟ دەبێ ئەو راستییەش یاداشت بکەین کە وەزارەتی پەروەردە لەم بوارەدا کارئاسانییەکی باشی بۆ مامۆستاکان نەکردووە و ئەوان تەنها ئەمر بەسەر مامۆستاکاندا دەکەن.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە حکوومەت ناتوانێت لە ماوەی ساڵێکدا چەند هەزار قوتابخانەیەکی نوێ دروست بکات، بەڵام من وەکو چارەسەرێکی کاتی پێم باشە لەناو هەر قوتابخانەیەکدا چەند پۆلێکی تازە لە دار (کابینە) دروست بکەن. یا کۆمەڵێ قوتابخانەی نوێ لە دار دروست بکەن. باشی ئەم کارە لەوەدایە کە پارەیەکی



کەمیان تێ دەچێت و بەماوەیەکی کورت تەواو دەبن. من لەوە دڵنیام زۆربوونی ئەم پۆلانە بۆ خوێندکاران و مامۆستایانیش زیاتر لە سوودێکی هەیە.

پێشنیارێکی دیکەم ئەوەیە حکوومەت هانی دەوڵەمەندە کوردەکان بدات کە بەشداری لە دروستکردنی قوتابخانەو کابینەکاندا بکەن و بەرامبەر ئەمەش حکوومەت یا ئەوەتا باج لەو دەوڵەمەندانە وەرنەگرێت یا ئەوەتا با قوتابخانەکان بەناوی خودی ئەو دەوڵەمەندانەوە ناو بنرێن. چی تێدایە ئەگەر بۆ نموونە فاروقی مەلا مستەفا قوتابخانەیەک بەناوی خۆیەوە دروست بکات و حکوومەت لە بەرامبەر ئەمەدا هەندێ باجی لێ وەرنەگرێت. سەرچاوەی ئەم پێشنیارەم لەوێوە هاتووە کە ئێستا لە هەولێر ئەوەی مزگەوتێک دروست بکات باجی لێ وەرناگیرێت.

## بیست و یەکەم

### راهێنانی بەردەوام

بەدەر لە تێماکانی کارکردن قوتابخانەکان دەتوانن بەبەردەوامی جۆرەها راهێنان بەخوێندکارەکانی بکەن. مەبەستی ئەم راهێنانە ئەوەیە خوێندکاران بەو شتانە رابهێنن کە قوتابخانە مەبەستیەتی. بۆ نموونە ئەگەر گرفتی مۆبایل هەبوو، یا گرفتی رێزگرتن لەدایبابەکان، گرفتی قاچاخ، گرفتی کڕینی شتی پیس لە کۆڵانەکاندا، یا چەندەها گرفتی دیکەی تازەی ناو کۆمەڵگا... هتد ئەوە قوتابخانە دەتوانێت بەم راهێنانە کار لەسەر ئەو گرفتانە بکات. من لەم بەشەدا تەنها پێنج راهێنانم نووسیوە کە پەیوەندییان بەدیاردەی هەراسانکردنەوە هەیە. راهێنانی پێنجەمیان لەپرۆژەی چارلییەوە ئیحای گرتووە. هەر لێرەشدا پێم خۆشە شتێک لەسەر پرۆژەی چارلی یا شارلی (Charlie, 1996) بنووسم.

بیرۆکەی پرۆژەی Charlie کە کورتکراوەی (Chemical Abuse Resolution Lies in Education) لەبنەڕەتدا پرۆژەیەکی ئەمریکییەو لە ساڵی ١٩٧٦ وە دەستی پێ کردووە. لەو ساڵەدا لە گەڕەکی Edina گرفتی بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان پەیدابوو. Sue Bonoff کە دەمێک بوو بەشێوەیەکی چالاکانە یارمەتی ئەو شارەوانییەی دەدا بڕیاری ئەوەی دا لیژنەیەک لە پۆلیس، کڵێسا، پیاوانی کارو

بازرگانان، قوتابخانەکان و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دامەزرێنێت. لە ساڵی ١٩٧٧ دا پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەو چەندین گرفتی هاوپەیوەند پێشنیارکرا. لەمانگی ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا چەندین لایەنی دیکەی پێوە لکێنرا بۆ ئەوەی پرۆگرامێک بۆ قوتابخانەکان ئامادە بکرێت. بەهەر حاڵ پاش تێوەگلانی چەندین پسپۆری پەروەردەیی و دەروونناس و شارەزایان لەکێشەی منداڵان و خێزان پرۆژەیەکی نووسراو هاتە بەرهەم کە لە کۆتایی حەفتاکانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کاری پێ دەکرێت.

لە ساڵی ١٩٩١ دا سوید بانگهێشتی Marion London & M Ed کرد بۆ راهێنانی مامۆستا سویدییەکان بەمەبەستی پیادەکردن و بەکارهێنانی پرۆژەی چارلی لە قوتابخانەکانی سویدا. ئەم پرۆژەیە لە سوید وەکو دوو بەشی جیاواز لەچاپدرا؛ بەشێکی بۆ پۆلی یەکەم تا سێیەمی سەرەتایی و بەشێک بۆ پۆلی چوارەم تا شەشەمی سەرەتایی. من کە خۆم کارم بەم پرۆژەیە کردووە دەتوانم ئەوە بڵێم ئەگەر چی پرۆژەکە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان ئامادە کراوە بەڵام زۆر بەشیشی تێدایە کە بۆ قۆناغەکانی دیکەی خوێندنیش دەشێت. بەهەمان شێوە هەندێ بەشی دیکەشی بۆ گەورەکانیش دەشێت چونکە راهێنانەکانی ناوی بەندە بە دیالۆگ و گفتوگۆوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر چی پرۆژەکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئامادە کرابوو بەڵام پڕە لەجۆرەها شێوەی راهێنان کە چارەسەری زۆر گرفتی دەروونی و ئاکار دەکات. بەکورتی زوربەی راهێنانەکانی پەیوەندییان بەو گرفتانەوە هەیە کە لە قوتابخانەکانی ئێمەشدا هەن.

نموونەیەک لەو بابەتانەی باسی دەکات ئەمانەن: رەخنە، کەسایەتی مرۆڤ، بەهێزکردنی مرۆڤ، کۆمۆنیکاسیۆن، قبوڵکردنی رای جیاوازی بەرامبەر، رەتکردنەوەی شتی هەڵە، هەستەکانی مرۆڤ، مەهارکردنی خەم و پەژارەو ترس، مەهارکردنی توندوتیژی، مەهارکردنی خۆشی، رق و کینە، شپرزەیی و ئاکامە دەروونییەکانی، مەهارکردنی کارەسات و ئابروچوون، خێزان، سەقامگیری کۆمەڵ، راست و هەڵە، هەروەها چەندین شتی یەکجار بەنرخ ئەمە جگە لەخواردنەوە و تلیاک و جگەرەکێشان و... هتد. من پێم وایە وەرگێڕانی ئەم پرۆژەیە بەهەر نرخێک بووبێت



دەبێ سەر بگرێت. چونکە سوودێکی زۆری بۆ قوتابخانەکان و کۆمەڵگا هەیە. هەروەها دەبێتە رێنیشاندەرێک بۆ مامۆستاکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە جۆراوجۆرەکانی خوێندکاران. باشی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە مامۆستا دەتوانێت بەئارەزووی خۆی کاری تێدا بکات، رۆژێک، دوو رۆژ، یەک کاتژمێر یا یەک وانە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە بۆ کار کردن بەو پرۆژەیە دەبێ سەرجەمی مامۆستاکان خولی تایبەت ببینن.

## راهێنانی یەکەم

## تووڕەبوونی خوێندکاران

با خوێندکارە بەشداربووەکان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- بۆچی رقت لەوانی تر دەبێتەوە یا شەڕیان لەگەڵ دەکەیت یا تووڕە دەبیت؟

٢- ئەگەر داوات لێ بکەم ئەو تووڕەییە رەنگ بکەیت چ رەنگێکی بۆ هەڵدەبژێریت؟

٣- کاتێ کە زۆر تووڕە دەبیت چی دەکەیت؟ وەسفی خۆت بکە.

٤- دوای ئەوە هەست بە چی دەکەیت؟ پەشیمان دەبیتەوە یا نا؟ بۆ ئا، بۆ نا؟

٥- چۆن تووڕەیی خۆت بەتاڵ دەکەیتەوە و هێمن دەبیتەوە؟

٦- چ جیاوازییەک لەنێوان رق و تووڕەییدا هەیە؟

٧- ئایا هەموو تووڕەبوونێک خراپە ؟

لایەنە پۆزەتیڤەکانی تووڕەبوون: بڕیاردان، ئاگەدارکردنەوەی بەرامبەر لەوەی کە تۆ بەمامەڵەیەکی نێگەتیڤانەی ئەو کە دژ بەتۆ دەیکات رازی نیت، رەتکردنەوەی هەندێ شت. هەندێ جار دەبێتە هۆی گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا.

لایەنە نێگەتیڤەکانی تووڕەبوون: تێکدانی پەیوەندییەکان، گرژی، ماندووکردن و بێتاقەتکردنی بەرامبەر، هەروەها مانەوە و کەڵەکەبوونی رق و تووڕەیی لە ناخی هەرکەسێکدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی بۆ نموونە قورحەی مەعیدە، سەرئێشە.

تێبینی

دواتر مامۆستا دەتوانێت گوێ لە وەڵامی هەریەکێک بگرێ و لێکدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی بۆ بکات. بۆنموونە کاتێ یەکێک دەڵێ تووڕەییەکەی من رەنگی سوری هەیە، دەبێ مامۆستا پرسیاری ئەوە بکات بۆ؟

لەلایەکی ترەوە لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا پاش ئەوەی خوێندکار وەسفی خۆی کرد واباشترە مامۆستا داوا لە یەکێکی تر بکات کە وەسفی هەمان کەس بکات بۆ ئەوەی بەراوردێک لەنێوان هەردوو وەسفەکەدا بکات. دەکرێ ئەم راهێنانە بەکەمێ گۆڕانکارییەوە بۆ ئەو گەورانەش بەکار بهێنرێت کە لە منداڵان دەدەن یا لێیان تووڕە دەبن.

ئامانج

زۆرجار کە یەکێک باسی تووڕەیی یا هەڵەکانی خۆی دەکات بەخۆییدا دەچێتەوە. لێکدانەوەی مامۆستا یا ئەو کەسەی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بەڕێوە دەبات رۆڵێکی باشی لە کەمکردنەوەی شەڕ و توندوتیژیدا هەیە.

راهێنانی دووەم

تورەبوونی خوێندکاران

ئەم راهێنانە بەشێوەی گرووپ ئەنجام دەدرێ. دەتوانرێ هەندێک لەو کەس یا خوێندکارانە بەشداری بکەن کە بەکێشەی هەراسانکردنەوە گلاون. هەر یەکەو زارێک بدەرە دەستیان و با بەنۆرە هەڵیبدەن. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک زارێکی فڕێداو شەشی بۆ دەرچوو ئەوە دەبێ وەڵامی پرسیاری شەشەم بداتەوە، یا ئەگەر دووی بۆ دەرچوو ئەوە دەبێ وەڵامی پرسیاری دووەم بداتەوە... هتد.

من پێم چاکە ئەندامانی گرووپەکە بتوانن قسە لەسەر وەڵامەکانی یەکتر بکەن.

١- چ شتێک دواجار تووڕەی کردی؟

٢- چ شتێک جاران تووڕەی دەکردی؟



٣- چ شتێک وات لێ دەکات بێتاقەت نەبیت؟

٤- هەرکات کە تووڕەو بێتاقەت بیت، ئەوانەی دەوروپشتت چی دەکەن؟

٥- تۆ چی دەکەیت کاتێ یەکێک لە دەوروپشتەکەت تووڕەو بێتاقەت بێت؟

٦- هەرکات یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەت تووڕەو بێتاقەت بێت تۆ چی دەکەیت؟

ئامانج

گۆڕینەوەی هەستی تووڕەبوون و بێتاقەتی، باسکردنی جۆرەها شێوەی بەتاڵکردنەوەی تووڕەبوون، باسکردنی هەڵوێستی تاکەکەس لە کاتی بێتاقەتی ئەوانەی لە دەوروپشتماندا هەن، کاریگەری لەسەر خۆبەتاڵکردنەوە و هێمن بوونەوە هەیە. هەروەها خوێندکار فێری ئەوە دەبێت چۆن بەباشترین شێوە لەکاتی بێتاقەتی و تووڕەبوونی هاوڕێکانیدا یارمەتییان بدات.

راهێنانی سێیەم

هەراسانکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی

ئەم راهێنانە بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەورەگان/ مامۆستاکانە

١- ئەو هۆکارانە چین کە وات لێ دەکات لە خوێندکارەکانت تووڕە ببیت یا لێیان بدەیت؟

٢- دوای ئەوەی تووڕە دەبیت یا لێیان دەدەیت هەست بە چی دەکەیت؟

٣- بە ڕای تۆ خوێندکاران چ شتێک بکەن بۆ ئەوەی مامۆستا/ گەورەکان تووڕە نەبن؟

٤- لەکاتێکدا کە یەکێکی تر منداڵەکەت ئازار دەدات لەبەر ئەوەی لە پۆلدا پێدەکەنێت یا لەگەڵ منداڵێکی تردا بەشەڕ دێت، تۆ وەکو باوک هەست بە چی دەکەیت؟

٥- پێت خۆشە یەکێکی تر لە منداڵەکەت بدات کاتێک کە منداڵەکەت خەتایەک دەکات؟

٦- چۆن بەراوردی ئازاردانی منداڵەکەی خۆت لەگەڵ منداڵەکانی تردا یا

خوێندکارەکانی خۆتدا دەکەیت؟

٧– چۆن بتوانین دیاردەی توندوتیژی کەم بکەینەوە یا نەیهێڵین؟

ئامانج

گۆڕینەوەی بیروڕای لەنێوان مامۆستاکان/ گەورەکان بۆ ئەوەی دیاردەی هەراسانکردن کەم بکرێتەوە.

### ڕاهێنانی چوارەم

چیرۆکێک بنووسە لەسەر گرژی پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکاران و دواتر هەندێ پرسیار ئاراستەی بەشداربووەکان بکە، کامە ڕاست یا هەڵە بوو، فڵان کەس چی بکردایە باش بوو، ئایا تۆ بویتایە چیت دەکرد؟.... هتد.

ئەم ڕاهێنانە تایبەتە بەمامۆستاکان. جۆری پرسیارەکان و چیرۆکەکانیش دەکرێ گۆڕانکارییان تێدا بکرێت. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو چیرۆک و ڕووداوانەی دەکرێ بخرێنە بەرباس.

مامۆستا جەمال هەر لە بەیانییەوە بەهۆی گرفتێک لەگەڵ خێزانەکەیدا بێتاقەت بوو. دەبوو بەر لەوەی بچێت بۆ قوتابخانە بەنزین بکرێت و غازیش بۆ ماڵەوە دابین بکات. مامۆستا جەمال تەنانەت شەڕی لەگەڵ سێبەرەکەی خۆشیدا دەکرد. لەناو پۆلدا پشتیوان وەکو جاران بەری دەکردە دواوە و قسەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکرد. مامۆستا جەمال هاواری بەسەردا کرد و وتی بێدەنگ بە حەیوان. خەبات لەولاوە وتی: مامۆستا بەخالید بڵێ کتێبی کوردییەکەی بردووم و نایداتەوە. خالید لەبەر خۆیەوە ووتی:

سەیر لەلای کێ سکاڵا دەکات، لەو کەچەڵە زیاتر کەست نەبینییەوە.

مامۆستا جەمال گوێی لەو ورتەورتەی خالید بوو بەڵام نەیزانی دەقاودەق چی وت. مامۆستا یەک زللەی دایە بن ملی خالیدا و وتی: بۆ کتێبەکەیت بردووە، ئەوە چیت وت قۆندەرە؟



پرسیارەکان:

١) ئایا مامۆستا جەمال لە ماڵەوە دابنیشتایە باشتر نەبوو؟ چونکە لە بنەڕەتەوە بێتاقەت بوو.

٢) تاچەند مامۆستا دەتوانێ گرفتەکانی خۆی لە ماڵەوە بەجێ بێڵێ؟

٣) ئایا مامۆستا جەمال لەسەر هەق بوو ئەو قسەیەی بە پشتیوان کرد؟ بۆ؟

٤) ئایا لەسەر هەق بوو ئەو زللەیەی لە خالید د ا ؟ ئەگەر تۆ لەجێگەی ئەو بوویتایە چیت دەکرد؟

٥) ئایا خالید لەسەر هەق بوو ئەو قسەیەی کرد؟

ئامانج:

ئامانج لەم جۆرە ڕاهێنانە ئەوەیە زانیارییەکانمان لەگەڵ یەکتردا بگۆڕینەوە و هەموو یەکێک لەئێمە لەڕێگەی هاوڕێکانمانەوە بتوانین بگەینە ڕێگایەکی دروستتر بۆ کارکردن.

### ڕاهێنانی پێنجەم

### چەسپاندنی سیفتە باشەکان

سەرەتا چەندین سیفەتی خراپ و باش و زۆر باش بەتێکەڵی دەنووسین، دوایی ئەم پرسیارانە دەکەین:

بێ مانا، ژیر، هێمن، ڕووخۆش، ڕووگرژ، بەد، دز، دەستپاک، دڵسۆز، عاشق، تووڕە، سنگفراوان، نەساز،دەمشڕ، نهێنی هەڵگر، درۆزن، ڕاستگۆ، شەڕانی، زۆرخراپ، ڕێزدار، شەرمن، بێڕێز،، کەمدوو، هەڵەوەڕ، بێ ئابڕوو، بێ دەنگ، میهرەبان، چاوچوان، باڵابەرز، هار، جورئەت، ئازا، بێ هەست، زۆرباش، ئاژاوەچی، جاسوس، حەساس، دەستبڵاو، قسەخۆش، سەربەرز، پاکوتەمیز، شاتەشاتکەر، بەرەحم ... هتد. دەتوانین چەندین سیفەتی تریشی بخەینە سەر.

مێتودی ڕاهێنان

ئەم ڕاهێنانە دەکرێ خوێندکاران لەشێوەی گروپی بچووک بچووکدا ئەنجامی

بدەن و پرسیارەکان ئاراستەی یەکتر بکەن.

١– ئەو سیفەتە خراپانە چین کە تۆ هەتەو دەتەوێ رزگارت بێت لێیان؟

٢– ئەو سیفەتە باشانە چین کە تۆ هەتە؟

٣– ئایا تۆ هەندێ سیفەتی زۆر دەگمەنت هەیە کە پێت وابێت کەم کەس هەیەتی؟

٤– ئەو سیفە باشانە چین کە هاوڕێ نزیکەکانت نیانە و حەز دەکەیت هەیانبێت؟

٥– ئەو سیفەتە خراپانە چین کە هاوڕێکانت هەیانە و هیواداریت ئەوان وازی لێ بێنن؟

٦– سیفەتە خراپەکانی دایک و باوکت چین کە تۆ پێت خۆش نییە؟

٧– سیفەتە باشەکانی دایک و باوکت چین؟

٨– ئەو سیفەتە باشانە چین کە مامۆستاکانت هەیانە؟

٩– ئەو سیفەتە خراپانە چین کە مامۆستاکانت هەیانە و تۆ بەدڵت نییە؟

ئامانج

هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سیفەتە خراپەکان و چەسپاندنی هەندێ سیفەتی باش.

## بیست و دووەم

### چارەسەرەکانی تۆ

ئەم خاڵە بریتی دەبێت لە هەموو ئەو چارەسەر و هەوڵانەی تۆی مامۆستا، دایباب، گەورە، یا وەزارەتی پەروەردە کاری پێ دەکەن.

## پاشكۆی یەكەم

ئاماری تایبەت بە مامۆستایان




رەگەزی مامۆستا بەشداربووەکان




لە کوێ کار دەکەیت؟






ئایا قەناعەتت بەلێدان هەیە وەکو ئامرازێک بۆ
چارەسەرکردنی گرفتی خوێندکاران؟




ئەگەر لە خوێندکار نەدرێت گرفتەکانی مامۆستا زیاد دەکات؟




ئایا مامۆستا لە خوێندکار دەدات؟




ئەگەر سزای ئەو مامۆستایانە بدرێ کە لێدان بەکار دەهێنن (بۆ نموونە پارەی لێ دابشکێنن)، پێت وایە دوای ئەوەش مامۆستاکان هەر لە خوێندکار بدەن؟






ئایا مامۆستا قسەی رەق و ناشیرین بەخوێندکار دەکات؟




ئایا مامۆستا خوێندکار پەراوێز دەکات؟




ئایا بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان ڕۆڵی لە
کەمکردنەوەی لێداندا هەبووە؟




ئایا دایبابەکان بۆ سکاڵاکردن لە دەست مامۆستاکان دێن بۆ قوتابخانە؟






ئایا خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا شەڕ دەکەن؟




ئیدارەی قوتابخانەکەتان هیچ جۆرە پلانێکیان بۆ
ڕاوێژکردن لەگەڵ منداڵە شەڕانیەکاندا هەیە؟




ئایا ئیدارەی قوتابخانەکەتان هیچ جۆرە پلانێکتان بۆ راوێژکردن لەگەڵ خێزانی منداڵە شەڕانییەکاندا هەیە؟




ئایا خوێندکاران ئێوەیان هەراسان کردووە؟






ئایا وەزارەتی پەروەردە ئەو مێتودە هاوچەرخانەی خستۆتە بەردەستان کە چارەسەری گرفتی توندوتیژی و لێدان دەکات؟




ئەگەر ئەو مێتۆدانەتان بۆ برەخسێنرێت، پێت وایە دوای ئەوەش لە خوێندکار بدرێت؟




تەشەنەکردنی گرفتی لێدان بەخەتای کێ دەزانیت؟




ئایا خوێندکارەکانت بێ حورمەتی و سووکایەتیان
بەرامبەرت کردووە؟






بە چ شتێک لە خوێندکارەکانت دەدەیت؟
(٥٩٪ی مامۆستاکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە، بۆیە
لێرەدا نەخراوەتە ناو ئەم دیاگرامەوە؟)




بەڕای تۆ بۆ لە خوێندکار دەدرێت؟
(بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)






دوای هەراسانکردنی خوێندکار وەکو مامۆستایەک
هەست بەچی دەکەیت؟ (٢ , ٢٥٪ی مامۆستاکان ئازاری
کەسیان نەداوە بۆیە من لەم دیاگرامە لامبردووە)

# پاشکۆی دووەم

## ئاماری تایبەت بە خوێندکاران




خوێندکاره بەشداربووەکان بەپێی ڕەگەز




لە ماوەی ئەمساڵدا چەند جار لێدراویت؟






ئایا بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی لێدان هەبووە؟




ئایا مامۆستاکان ئەمساڵ قسەی ڕەق و ناشیرینیان پێ کردووی؟




ئایا مامۆستاکان ئەمساڵ لێت تووڕە بوون؟




ئایا ئەمساڵ بەهۆی شەڕ و نارەحەتییەوە لە پۆل دەرکراویتە دەرەوە؟






هەست دەکەیت مامۆستاکانت بەتەنگتەوە دێن؟




هەر کات لە قوتابخانە لێ درابێت ماڵەوەتان چوون بۆ ئەوێ بۆ سکاڵاکردن؟




ئایا لە ماڵەوە قسەی رەق و ناشیرینت پێ دەکەن؟




ئایا لە ماڵەوە لێت تورە دەبن؟






ئایا لە ماڵەوە لێت دەدەن؟




هەست دەکەیت دایک و باوکت لە ژیاندا بەتەنگتەوە دێن؟




هەرکات لە گەڕەک لێتدرابیت قەت لە ماڵەوەتان لەسەریان کردوویەتەوە






هەست بەچی دەکەیت کاتێ مامۆستاکەت لێت دەدات؟
(بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)




بۆچی مامۆستاکەت لێت دەدات یان توورە دەبێت؟
(بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)






مامۆستا بەچی لێت دەدات؟
(بۆت هەیە زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێریت)




له ماڵەوه کێ زیاتر لێت دەدات؟ (تەنها یەک ئەڵتەرناتیڤ هەڵبژێره)




ئایا لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەدا شەڕ دەکەیت؟






بۆ لەگەڵ مناڵەکانی دیکەدا شەڕ دەکەیت؟
(٢٦٪ شەڕیان نەکردووه بەڵام ئەم دیاگرامه تەنها گوزارش لەوانه دەکات کە شەڕیان کردووه)




له کوێ زیاتر شەڕ دەکەیت؟
(٢٦٪ شەڕیان نەکردووه بەڵام ئەم دیاگرامه تەنها گوزارش لەوانه دەکات کە شەڕیان کردووه)

# پاشکۆی سێیەم

## بەشێک لە نامەی مامۆستایان

ئەم نامانەی لێرەدا دەیانبینن بەشێکن لەو نامانەی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان بۆیان نووسیوم. من بەبێ چاککردنی هەڵەکانی ئەو نامانە وەکو خۆیان هەندێکییان سکان کردووە و هەندێکی تریشیانم نووسیوەتەوە چونکە نەدەکرا سکان بکرێن.













بەرامبەر منی وەکو مامۆستایەک
یاخود باوکێک داوا دەکەم
لە هەموو قوتابخانەیەک مامۆستایەک
تەرخان بکەن وەکو مامۆستای
کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەر کردنی
گیروگرفتی منال و قوتابخانە ئەویش
وەکو پزیشکێک خودی خۆی ببینێ
وەکو
ئەوەی مامۆستایەکی ئەو مامۆستایە
کاری بەس ئەوە بێت ئەڵێ وانە
وتنەوە تاکو چارەی هەموو
گرفتەکانی خوێندکار چارەسەر بکرێت
وە هەروەها
مامۆستاش
چارەسەر گرفتی



هەندێ خوێندکار لە ماڵەوە فێر
بوونە لەبەرئەوەی گوێرایەڵ
ناتێنا و سەرپێچی دەکات
جا ئەبێ لەبەرئەوەی ناگوێزەو
هەڵوێستێکی زانستیانەی دەوێت

باشترین چارە بۆ هەڵگرتنی
لێدانی چاودێری ماڵەوە
خۆی پێشی گەیشتنی قوتابی بە
چیرۆکان لە ماڵەوە هیچ چوونکە فێرکراین
هەروا هەڵسوکەوتی ئا
دەبینێ لە قوتابخانەدا

بەبۆچوونی من لە هەرە هۆیە سەرەکییەکانی
لێدان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:
١. نزمی و پلەوارزی پەروەردەکردنی منداڵ
لەلایەن خێزانەوە.

٢. نزمی ژمارەی مووچەی یاخود خوێندکاران
لە مووچەی [illegible] لە [illegible]
[illegible]
[illegible] مامۆستا [illegible]

٣. سیستەمی پێگەیاندنی مامۆستایان لە
پەیمانگاکانی مامۆستایان کە [illegible]
کە مامۆستا ناگاتە ئەو ئاستەی دەربچێت
لە لێدانە.



لە ئەزموونی خۆمدا لە گەڵ قوتابیان
دەبینین قوتابیان خۆیان دەبنە هۆی
سەرەکی ئەوەی بوونی مامۆستا
یاخود لێدانی قوتابیان لە
لایەن مامۆستاکەیەوە لە گەڵ
ڕێنماییدا.

بە ڕای من لێدان هەندێ جار
کاری باشی هەیە چونکە
خوێندکار ئەگەر نەترسێ تا حەدێک
باش سەعی ناکات لە دوای ئازارە
دەگەڕێت بەڵام لێدان هەبێ
نەک لێدانی وەکو هەندێ مامۆستا بۆ
کوشتن وەدەردەن لە خوێندکاران لە تووڕەییدا







«بەڕای من نە توندوتیژی و نە لێدان چارەسەری ڕەوشتی خراپی خوێندکار دەکات. بەڵام چارەسەری تری وەک ماندووبوونی ئەو خوێندکارە بکەیت، وەک وەستان بەپێوە لەبەر چاوی هەموو پۆلەکە یاخود پێی بڵێی دووجار بەدەوری گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا بسووڕێتەوە»

مامۆستایەک

«ئەگەر وەکو تۆ دەڵێیت خەڵاتی ئەو مامۆستایانەی بکرێت کە لێدان بەکار ناهێنن، ئەوە پاش یەک ساڵ دەبینیت هەموو خوێندکارەکانی ئەو مامۆستایانە دەرنەچوون».

مامۆستایەکی بەتەمەن

«خۆزگە شێوازی لێدان لە تێکڕای قوتابخانەکان قەدەغە ئەکرا، بۆ خوێندن و نارەحەتی و پیس و پۆخڵیش شێوازێکی تر ئەگیرایە بەر، چونکە خوێندکار بەلێدان لە قوتابخانە بێزار ئەبێ و ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی واز لە قوتابخانە بێنێت».

مامۆستایەک

"٢١ ساڵ خزمەت"

«من پێم وایە لێدان دەبێ لە ماڵەوە قەدەغە بکرێ، بەڵام ئێمەی مامۆستا بۆمان هەیە لە تەڵەبەکانمان بدەین چونکە ئێوە وەکو باوکی ئەوان واین و بۆ مەسڵەحەتی ئەوان وا دەکەین».

سەرۆکی یەکێتی مامۆستا لە ... ... ...

«لێدان دەبێ کەم بکرێتەوە بەڵام لە سنوورێکی تەسکدا بۆ حاڵەتی زەروری دەبێ بمێنێتەوە. هەروەها منداڵ دەبێ بەنهێنی لێی بدرێت نەک لەبەر چاوی ئەوانی تر».

مامۆستایەکی سەرەتایی گەنج

# پاشکۆی چوارەم

## نامە و وێنەی خوێندکاران

ئەم پاشکۆیە کۆمەڵێک نامەی منداڵی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی کە لەبارەی هەراسانکردنەوە دەدوێن. هەندێک منداڵی دیکە بەوێنەکێشان گوزارشیان لەو گرفتە کردووە. هەندێک لە خەتەکان جوان دیار نەبوون بۆیە خۆم جارێکی دیکە بەبێ دەستکاریکردن وەکو خۆی نووسیومەتەوە. هەندێک لەناوی مامۆستا و قوتابخانە و کەسەکانی دیکە خۆم سڕیومەتەوە.



پۆلی چوارەمی سەرەتایی
ماموستا جارێکیان لەمنی
داوە بە ٤ و سەقفی لێ داوم
لە پۆلی یەکەمی سەرەتای
جارێکیان لێیمی داو بەڵام زۆر
هێشا



لە پۆلی چوارەم
ماموستایەک گوێی دەستی لەسەر
سۆ بەدا بێ نەمنیش گریام چونکە
واجیبم نەکردبوو نەمنیش زۆر
گریام دەستم دانەنا



من لە پۆلی پێنجەم بووم جارێکی لە
یرکارعا نەمزانی ماموستایی
[redacted] گوتم پۆلی شەشەم



جارێکیان ماموستا [redacted] لێمی دا
جوێنی پێدام جارێکیان ماموستا
[redacted] جوێنی پێدام
جارێکیان ماموستا [redacted] لێمی دا
جارێکیان ماموستا [redacted] لێمی دا
جوێنی پێدام جارێکیان
ماموستا [redacted] لێمی دا
جارێکیان ماموستا [redacted]
لێمی دا



پۆلی چوار: ناو: [redacted]

جارێک مامۆستا گوێی راکێشام

جارێک مامۆستا [redacted] لە پشتی سەرمادام

جارێک دوو داری لێدام





پۆلی چوارەمی

مۆستا [redacted] بە هێز ئازاری

وتی من بە قەلەم دا

هێنا

مەملمن زۆر بە پەلە من دابە

مامۆستا [redacted] لە مەمەصدا

بە بە یەعصوو دواخلەوەم

[redacted] مامۆستا باش باپە

بە سەرنانسی دەبێتە دەرسەوە

ش باش دەبێ یعنی لاسەوە

بشکێنم

پۆلی چوارەم

من پۆلی یەکەم بووم مامۆستا [redacted]

منی هەندەڵ تاخیر بووم گوتی دەستان

بەرزکە نامەوە بەرەوە گوتی دەبێ

ئەوەندەر سەعی بخوێنیەوە

پۆلی چوار

ڕۆژێک لە [redacted] مامۆستا زۆر لە هەموومان

لێدا یەکەم عەس دەستی بە فێن دا حەفت دوو

عەس کیدان!



پۆلی شەشەم

بەڵێ مامۆستاکانمان لێمان دەدان

بە ڕاستەقی کاسێ لێمان دەدەن و

فەرمان دەکەن دەرەوە دەبێژنە

دووا یەکی باوکمان.

کە پۆلی شەشەم بووم مامۆستا

[redacted] جارێکیان لێیدا سێ ئەوانەی تر

نامانلە هەڕێم ئەبوو من فیشەکییەبوو

بەرێوە لێی دا گوتم مامۆستا

من ئەم پرسیارەکانم ئیشەل ئەکردووە

بەس تۆ ناخۆشی نایەتە مزانی حەڵاکەم چوار تر

نۆ لە گیشتبووم.



بۆلی چوارەم
ماموستا [redacted] ئەم ساڵ دووبارە لێیداوەوە منی گریاندی
ماموستا [redacted] خناقی ڕا لێداوەوە منی گریاندوە
ماموستا [redacted] بە پێ لاقەکانی بە سەرکەوتووە منی گریاند
ماموستا [redacted] شەقەی لێدایە
ماموستا [redacted] بە تەزبیحە لێی داوە
ماموستا [redacted] لێی داوە بە چەق



من کە پۆلی دوو بووم ماموستایەکمان
هەبوو ناو: [redacted] بوو زۆر بە توندی
ئازاری دام منیش زۆر لە بەردڵی
بووم کەچی من قوتابیەکان شکامەوە



[redacted]
ناو [redacted] چوارەم | ناوی ماموستا
ماموستا لێیدام ● چەرمی ڕاکێشام
دەرێ کردم ● دایکم هێنام پاڕێ
[illegible] ماموستا [illegible]
[illegible] تا ئێستا [illegible]
[illegible] چەند خۆشبوو

مامۆستا جارەکی تر گوتنی بۆچی

کتێبا بزنی نەهێنا و تلیبی دام

مامۆستا بۆکێ لێی دام

جارێکیان مامۆستاکەم

لە بۆکێ پێنجەمەکەسە

رووتاکە بە راستەیە کێ

شاسێ کێ داوم



پۆلی چوارەم

مامۆستا ماهۆستا [redacted] شەوقێکی دا و دووبارە سەم

بە گەریان کرد زۆر مامۆستا [redacted] بۆ مامۆستەیە لەمن

لەگوێیم داوە گەریا بووم زۆر ترسا بووم



بێزاری چارەمن بە ڕزگاری
ماڵۆ بینینا [redacted] دەستەمنی نوێیە
شوتاڵی مەردو
داناوە

[illegible]
[illegible] [redacted] [illegible]
[illegible]
[illegible]



من لە پۆلی چوار لەوانەی [redacted]
مامۆستا [redacted] لە سەر وانەدا
لە سەر خۆرا دەیوە من تاوەکو ئێستا لە دڵم
ماوە.
ئێستا سوپاس ئەکەم
کاتەی بە ئێمەت بەخشی



پۆلی چوارەم بە ... ساڵ ١٩/٢/٢٠٠٦
ڕۆژێک لە ڕۆژان من قوتابی بیبووم لە پۆلی ... بووم
مامۆستاکانم لە پۆلی چوارەم لێرا ... بەخێرایی ...

پۆلی چوارەم
مامۆستا [redacted] دا ڕێک لێ دابووم زۆر
هێشتا شەقێکی ترێ دام زۆر دام



پۆلی چوارەم

ماموستا ـ [redacted] ـ [redacted] ـ لێیدا

ڕۆژێك دا دەستی بەرپرسیارێتی کەوتووەتە [illegible]

پۆلی چوارەمی سەرەتایی [redacted]

[illegible] ماموستا [illegible]

[redacted] بیرمە ڕاکێشام ماموستا [redacted] [illegible]

[illegible]



من کە لە پۆلی دوو بووم ماموستایەکمان ھەبوو

زۆر لێی دەترساین ھەموو ڕۆژێك لێی دەداین

منیش لەم پۆلە نەڕۆشتم چووم بۆ پۆلێکی تر

لە پۆلەکەی تر زۆر باش بووم ماموستاکەش

زۆر باش بوو پێی بە ھەر دەرجەیەك باشم دەدا

ماموستاکەمان قەدری ئێمەی دەزانی وەکو

ھەر زیرەکەکانی تر بووینا



من لە پۆلی پێنجەم بووم جارێك لە

بیرکاری نەمزانی ماموستایەك

[redacted] لێیدام پۆلی شەشەم



پۆلی چوارەمی

مامۆستا [redacted] بە مێزی لێ دا

وتی من بە قسەی نا

هێنا

مەسلەن زۆر بەیانە من دا بە

مامۆستا [redacted] لە مەمەڵا

دە بەتەحوون ڕقا خۆلەم

[redacted] باش بوو مامۆستا

لە سەرتاسی دەیبێنا دەرسەکە

ش باش نەبی نەیخولاسەی

بیشکێنێم





پۆلی شەشەم

بەڵێ مامۆستاکانمان لێمان دەدان

بە ڕاستەی گاسن لێمان دەدەن و

فەرمان دەکەن دەرەوە دەبێ بێنە

دەوەدا یەکو باوکمان،



[redacted]

ناو [redacted] چوارەم | ناوی مامۆستا

مامۆستا لێیدام چەرچی ڕاکێشام

دەرسی کردم داکم هێنام باڵ خۆ

ئێوە مامۆستا بانگێیوە لە قاتەوە

تاوەکو تا پێستا توانیم نۆ مانگەکە

دەرسی وا بکەیە چونکە خۆشبو









«من کە لە پۆلی دوو مامۆستایەکمان هەبوو زۆر لێ دەترساین هەموو ڕۆژێک لێ دەدان، منیش لەم پۆلە ڕۆژتم بۆ پۆلێ کی تر. لە پۆلەکەی تر زۆر باشبووم و مامۆستاش زۆر باش بوو بۆیە هەر دەرەجەی باشم دەهێنا. مامۆستاکەمان قەد لە ئێمەی نەدەدا تاوەکو هەر زیرەک تر دەبووین».

خوێندکارێکی پێنجەمی سەرەتایی




پۆلی چوارەم

[redacted]









وانەی
«دبیر کاری»
٢٠٠٥/١٢/٢٧
٢+٢=٤




تۆ قسە دەکەیت...
ئاو نیزان أحمد
شەشەمی سەرەتای
١١ساڵ.


دلگەش رەزا ئەنوەر
شەشەمی سەرەتایی




بەیداخ جەوهەر
تەمەن/ ١٢
پۆلی شەشەم


ناواته نیا ڤیصل
عمر/١٢
پۆلی/شەشەم




ساوێن دلاوەر رۆوف معروف
١٩٩٤


زریان محمد رسول












شەنگە ئەحمەد
شەشەمی سەرەتایی


دونیا فارس
تەمەن: ١١ ساڵ
پۆلی شەشەمی
سەرەتایی




ئەشمیل عەسکەر مەولود
تەمەن ١١
پۆلی شەشەم

# پرۆژە یاسای بەربەستکردنی هەراسانکردن

## قۆناغی یەکەم (ماوەکەی دوو ساڵە)

تەرخانکردنی ماوەی دوو ساڵ بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە و کارکردن لەسەر کاریگەرییەکانی هەموو لایەنەکانی دیاردەی هەراسانکردن. ئەم قۆناغە بەپێی ئەرکەکان کراوە بە دوو بەشەوە. ئەرکەکانی حکومەت کە پەیوندییان بەبینای قوتابخانەکان و بودجەوە هەیە وا پێویست دەکات لە قۆناغەکانی دواتریشدا درێژەیان هەبێت چونکە پێویستیان بەبەردەوامی هەیە. لەم ماوەیەدا دەکرێ ئەم کارانە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و حکومەتەوە ئەنجام بدرێن:

### بەشی یەکەم

ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە

١- دەبێ لە سەرەتادا لە رێگەی پڕکردنەوەی فۆرمەوە ئەوە روون بکرێتەوە کە رێژەی لێدان لە قوتابخانەکاندا چەندە.

٢- دانانی بەلایەنی کەمەوە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بۆ ئەوەی بەدرێژایی ئەو دوو ساڵە ئەم گرفتەی تێدا تاوتوێ بکرێت.

٣- دەبێ لایەنە پەیوەندارەکان هەر لە سەرەتاوە چەندین کەسی شارەزا لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان دیاری بکەن بۆ ئەوەی چەندین لێکۆڵینەوەی جودا جودا ساز بدەن و لە لایەن جیاوازەکانی ئەم دیاردەیە بکۆڵنەوە.

٤- ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە لەم ماوەیەدا ئەوەیە بەهەموو شێوەیەک کتێبی نوێ لەسەر ئەم دیاردەیە چاپ بکات. بەهەمان شێوە کتێب لە زمانەکانی دیکەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. دەبێ پاداشتی ئەم جۆرە کتێبانە لە گەڵ پاداشتی کتێبەکانی تردا جیاوازییەکی زۆری هەبێت. واتە نووسەر یا وەرگێڕ پارەیەکی زۆرتری پێ بدرێت.



٥- وەرگێڕانی کتێبی پرۆژەی چارلی و کردنەوەی ۆرکشۆپێک بۆ مامۆستاکان بۆ شارەزابوون لە چۆنێتی کارکردن بەم پرۆژەیە.

٦- ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کە رۆژنامەیەک یا هەفتەنامەیەکی نوێ سەبارەت بەم دیاردەیە دەربکات. بەهەمان شێوە هانی نووسەر و مامۆستا و خوێندکاران و پسپۆران بدات کە لە هەموو بڵاوکراوەکاندا بەشداری بکەن. هەروەها دەکرێ داوا لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەش بکرێت کە لاپەڕەیەک بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکەن.

٧- ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە لەم دوو ساڵەدا ۆرکشۆپی بەردەوام بۆ هەموو مامۆستا و قوتابخانەکان ساز بکات کە بەلایەنی کەمەوە هەموو مامۆستایەک 2 تا 3 ۆرکشۆپ ببینێت.

٨- دابینکردنی چەند مامۆستایەکی یاریدەدەر بۆ هەر قوتابخانەیەک بۆ یارمەتیدانی مامۆستاکان.

٩- دابینکردنی راوێژکارێکی کۆمەڵایەتی و راوێژکارێکی دەروونناس بۆ هەر قوتابخانەیەک.

١٠- ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کە کتێبێکی تایبەت بەمامۆستایان سەبارەت بەهەراسانکردن بنووسێتەوە کە تیایدا ئەڵتەرناتیڤی تازەی کارکردن بخرێتە بەردەست مامۆستایان. ئەم کتێبە دەبێ وەکو مەنهەج هەموو ئەو کەسانە بیخوێنن کە دەبنە مامۆستا.

١١- ناردنی هەندێ مامۆستا و پسپۆر بۆ دەوامکردن لە قوتابخانەی ئەو وڵاتە رۆژئاواییانەدا کە لە بواری هەراسانکردندا قۆناغێکی گەورەیان بڕیوە دەبێتە کارێکی پێویست. پەیداکردنی ئەو شارەزاییە زۆر لە کارەکان ئاسانتر دەکەونەوە.

١٢- زۆر گرینگە لەم ماوەیەدا هیچ مامۆستایەک لەسەر ڕادەربڕین و ئاشکراکردنی بیروبۆچوون و هەراسانکردنەکانیان سزا نەدرێن و سەرزەنشت نەکرێن تەنها لە یەک حاڵەتدا نەبێت ئەویش ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی ئازاری خوێندکارەکانیان بدەن.

## بەشی دووەم

ئەرکەکانی حکومەت

١- دەبێ حکومەت لە سەرەتای ئەم پرۆژەیەوە نەخشە بۆ دروستکردنی چەندین بینای تازە بۆ قوتابخانەکان دابنێت چونکە نیوەی گرفتەکان بەندن بەکەمی بیناوە. رەنگە دروستکردنی ئەو هەموو بینایە لە ماوەی دوو ساڵدا کارێکی سەخت بێت، بەڵام من وەکو چارەسەرێکی کاتی وای بەباش دەزانم لە هەموو قوتابخانەیەکدا چەندین پۆلی تازە لە دار (کەرەڤان) دروست بکرێن. بەهەمان شێوەش چەندین قوتابخانەی نوێ لە دار دروست بکەن. ئەم چارەسەرە هەم پارەیەکی زۆر کەمی تێدەچێت و هەم بەماوەیەکی کەم تەواو دەبێت.

٢- حکومەت دەتوانێت داوا لە سەرمایەدارە کوردەکان بکات بەشداری لە دروستکردنی بینای قوتابخانەکاندا بکەن. بەرامبەر بەمەش حکومەت دەتوانێت بەڵێن بەوان بدات کە لە هەندێ بواردا یارمەتیان بدات، بۆ نموونە وەرگرتنی باج، پێدانی مقاوەلات، رەخساندنی کەرەسەکانی کارکردن بەرخێکی هەرزانتر، ... هتد. من پێم وایە حکومەت لەم بوارەدا دەتوانێت بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر دەوڵەمەندەکان رابکێشێتە ناو ئەم پرۆژەیەوە.

٣- حکومەت دەبێ لە گەڵ وڵاتان و رێکخراوە بیانییەکان بەتایبەت نەتەوە یەگکرتووەکاندا هەوڵی ئەوە بدات کە دروستکردنی قوتابخانە بەشێک بێت لە یارمەتی ئەو وڵات و رێکخراوانە. برگەیەکی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان باس لە وەبەرهێنان دەکات لە بواری پەروەردەدا، ئەم برگەیە دەتوانێت بەشێک لە گرفتەکانمان کەم بکاتەوە.

٤- زۆر گرینگە حکومەت مووچەی مامۆستا و کادیرە پەروەردەییەکان بەرێژەیەکی باش زیاد بکات و لە مەسەلەی وەرگرتنی زەوی و ئاسانترکردنی گوزەرانیان یارمەتیان بدات.

٥- حکومەت دەبێ لە ماوەی پێنج ساڵدا بودجەی وەزارەتی پەروەردە و ئەو وەزارەتانەی پەیوەندییان بەدروستکردنی بیناوە هەیە زیاد بکات.



### قۆناغی دووەم (ماوەکەی دوو ساڵە)

١- دوای ئەو دوو ساڵەی سەرەوە دەبێ لیژنەیەک بەسەرجەمی ئەو حاڵەتانەدا بچێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت چەندیان جێبەجێ کراون.

٢- دوای ئەمە دەبێ وەزارەتی پەروەردە خۆی یا لە رێگەی/ بەیارمەتی دەزگاکانی دیکەوە (وەکو پەرلەمان) بڕیارێک بۆ بەربەستکردن و نەهێشتنی ئازاری جەستەیی دەربکات. لەو بڕیارەدا وا باشترە سزای خەتاکاران ئاشکرا بکرێت و پاداشتی مامۆستا باشەکانیش بکرێت. پێم باشە بیرێک لە سزای کۆنسترەکتیڤانەش بکرێتەوە. لەو بڕیارەدا دەبێ وەزارەتی پەروەردە هەوڵ بدات میکانیزمی ئەم کارە دەسنیشان بکات. واتە چۆن ئەو بڕیارە پیادە بکرێت، ئەلتەرناتیڤە تازەکانی کارکردن چی بێت و ئەگەر مامۆستایەک یاساشکێنی کرد سزاکەی چی دەبێت.

٣- هاوکات لەگەڵ دەرچوونی بڕیارێکی لەم بابەتە وەزارەتی پەروەردە دەبێ بەسەرجەمی قوتابخانەکان ئەوە ڕابگەیەنێت کە بەڕێوەبەر دەبێ دەستبەجێ لێژنەیەک بۆ پیادەکردنی ئەم یاسایە دروست بکات.

٤- دوای یەکەم ساڵ و دووەم ساڵ لە پیادەکردنی ئەم یاسایە وەزارەتی پەروەردە دەبێ بەبەردەوامی لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکات و بۆ ئەوەی رێژەی کەمبوونەوەی لێدان دەسنیشان بکات.

### قۆناغی سێیەم

١- ئەم قۆناغە دوای چوار ساڵ لە دەستپێکردنی پرۆژەکە و (دوو ساڵ لە پیادەکردنی بڕیاری بەربەستکردنی هەراسانکردن) دەست پێ دەکات. لەم قۆناغەدا دەبێ وەزارەتی پەروەردە بڕیارێکی دیکە دەربکات کە تیایدا سەرجەمی لایەنەکانی دیکەی هەراسانکردن (شکاندنەوە، تەریقکردنەوە، ئازاری دەروونی... هتد) قەدەغە بکات.

٢- دوای دەرکردنی بڕیاری دووەم بەدوو ساڵ دەبێ سەرجەمی پرۆسەکە پێداچوونەوەی لەسەر ساز بکرێت.

٣- لەبەر ڕۆشنایی زۆر تاقیکردنەوە و بواری دیکەدا ئەوە دەرکەوتووە کە تواناکانی ناوەوەی وڵات بەتەنیا ناتوانن ئەم پرۆژە گەورەیە ئەنجام بدەن چونکە سەرجەمی ئەو کادیرانەی ئەم پرۆسەیە پێویستی پێی هەیە شارەزاییان لە فیکری پەروەردەیی ڕۆژئاوا و ئەو شێوە مۆدێرنەی کارکردنی ئەوان لەم بوارەدا نییە، بۆیە زۆر گرینگە لە سەرجەمی ئەم پرۆسەیەدا پشت بەتوانای پسپۆرانی کوردی و بیانی دەرەوەی کوردستانیش ببەسترێت.



# سەرچاوەکان


1. Bijttebier & Vertommen: Birith Journal of Education Psychology, 68 (3). 1998.
2. Charlie: Project Charlie & Justa kompisar. Stockholm, 1996.
3. Eriksson, Flygare & Daneback: Skola- en arena för mobbning. Skolverket. Kalmar, 2002.
4. Fahram M: Barn i kris. Lund, 1993.
5. Frank, A: Anne Franks dagbok. Stockholm, 1997.
6. Fromm, E: Flykten från friheten. NK. Stockholm, 1993.
7. Gardner, H: Så tänker barn och så borde skolan undervisa. jönköping,1992.
8. Grynberg, A: Förintelsen. Utrotningen av Europas judar,Stockholm. 1997.
9. Guggenbuhl, A: Våldets kusliga fascination. Stockholm, 2000.
10. Heinemann, P-P: Mobbing; Grupp våld bland barn och vuxna Stockholm, 1993.
11. Imsen, G: Elevens värld. Lund, 2000.
12. Jerlang, E. mfl: Utvecklingspsykologiska teorier.Stockholm, 2006.
13. Larsson, E: Mobbad: det vi hat inte märk. Stockholm, 2000.
14. Levi, P: Är detta en människa? Bonniers? 1990.
15. Lindahl, M: Lärande småbarn. Lund. 1998.
16. Lindqvist, G (red): Vygptiskij och skolan. Lund,1999.
17. Lorentzo, L: Vredens pedagogik: om arbete med barn och föräldrar i utsatta familjer? 1999.
18. Maltén, A: Kommunikation och konflikthantering. Lund, 1998.
19. Maslow, A: Motivation and Personality. New York, 1970.
20. Nilzon, K.R: Barn med känslomässi ga problem. Lund, 1999.
21. Olweus, D: Aggression in the Schools: Bullies and Wipping Boys. Washington, 1978.
22. Olweus, D: Mobbing. Vad vi vet & vad vi kan göra. Stockholm, 1986.
23. Olweus, D: Mobbing i skolan. Stockholm, 1992.

24. Olweus, D:  Mobbing bland barn och ungdomar. Stockholm, 1999.
25. Pikas, A: Så bekämpar vi mobbning i skolan. Uppsala, 1989.
26. Tamm, M: Barn och radsla. Lund, 2003.

٢٧– بێشکچی، ا: سی و سێ گولله. سلێمانی. ١٩٩٩ .

٢٨– منظمة العفو الدولية: نقض العهود وإهدار حقوق الإنسان في كردستان. لندن ١٩٩٥ .

٢٩– ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW): جینۆسـاید له عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد. سلێمانی، ١٩٩٩ .

٣٠– ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (HRW): حملة الأنفال في كردستان العراق تدمير قرية كوريمي، هەولێر، ٢٠٠٢ .

٣١– سەعید، ف: حەوت ڕۆژ لەگەڵ قەرەداخیدا. سلێمانی ٢٠٠٢ .

٣٢– سەعید، ف: تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار. سلێمانی  ٢٠٠٤ .

٣٣– فایبر، ا & مازلیش، ا: چگونه با فرزند خود گفتوگۆ کنیم. تهران، ٢٠٠٤ .

٣٤– هەفتەنامەی ئاوێنه. ژماره ١٤،٢٠٠٦ .

٣٥– هەفتەنامەی خوێندنی لیبراڵ. ژماره ٦٦، ٢٠٠٦ .

٣٦– هەفتەنامەی میدیا. ژماره ٢٢٩، ٢٠٠٦ .

٣٧– هەفتەنامەی هاووڵاتی. ژماره ٧٠، ٧٢، ١٦٤، ٢٦٨.



# پێڕست

پێشەکی. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ........ 5
پەیڤی نووسەر ........ 7
**دەروازەی یەکەم** ........ 15
بەشی یەکەم – دیاردەی هەراسانکردن ........ 17
بەشی دووەم – پێناسەی هەراسانکردن ........ 23
بەشی سێیەم – شێوازەکانی هەراسانکردن ........ 24
شێوازی یەکەم – هەراسانکردنی جەستەیی ........ 26
شێوازی دووەم – هەڕەشەکردن و تووڕەبوون ........ 32
شێوازی سێیەم – ترساندن ........ 35
شێوازی چوارەم – شکاندنەوە ........ 37
شێوازی پێنجەم – پەراوێزکردن و ئازاردانی دەروونی ........ 43
شێوازی شەشەم – هەراسانکردنی سێکسی ........ 51
بەشی چوارەم – سیماکانی هەراسانکردن ........ 55
بەشی پێنجەم – جۆرەکانی ئازاردان ........ 59
**دەروازەی دووەم** – کارەکتەرەکان ........ 63
بەشی یەکەم – قوربانی (هەراسانکراو) ........ 65
بەشی دووەم – هەراسانکەر ........ 70
بەشی سێیەم – بۆ کارەکتەرەکان یەکتر هەراسان دەکەن ........ 75
بەشی چوارەم – کاریگەرییەکانی هەراسانکردن ........ 78
بەشی پێنجەم – هەراسانکردنی مامۆستا ........ 86
**دەروازەی سێیەم** – وردبوونەوە له هۆکارەکانی هەراسانکردن ........ 93
**دەروازەی چوارەم** – دەروازە تیۆرییەکان ........ 149
بەشی یەکەم – هەرەمی پێداویستەکانی ماسلۆ ........ 152
بەشی دووەم – مۆدێلی پیکاس –هەراسانکردنی خوێندکار – خوێندکار ........ 159
بەشی سێیەم – مۆدێلی ئۆلڤیۆس بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن ........ 161
بەشی چوارەم – هەراسانکردنی مامۆستا – خوێندکار ........ 165

**دەروازەی پێنجەم** – گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا ........ 171
یەکەم – ئاخاوتنی دوو لایەنە ........ 177
دووەم – ناوەرۆکی خولەکان ........ 178
سێیەم – فراوانکردنی ئاسۆکان ........ 180
چوارەم – تێراپی ........ 181
پێنجەم – پێگەی خێزان لە قوتابخانەکاندا ........ 184
شەشەم – پاڵپشتکردنی کۆنستەرکتیڤانە ........ 193
حەوتەم – شەڕانیبوون ........ 196
هەشتەم – کولتووری توندوتیژی ........ 198
نۆیەم – تێماکانی کارکردن ........ 199
دەیەم – هەڵوێستی قوربانیەکان ........ 205
یازدەهەم – ئاشکراکردنی گرفتەکان ........ 208
دوازدەهەم – وانەیەکی نوێ ........ 210
سێزدەهەم – بۆچوونەکانی خودی منداڵ ........ 211
چواردەهەم – دروستکردنی بوێری ........ 213
پازدەهەم – نارەزایی دایبابەکان ........ 217
شازدەهەم – نکۆڵی یا دانپێدانان «هەرکات هەراسانکرای ئەوە بزانە خەتای خۆتە» ........ 221
حەفدەهەم – پەروەردەی دینامیکی ........ 224
هەژدەیەم – هاوڕێی نهێنی هەفتە ........ 225
نۆزدەیەم – راوێژی هەفتە ........ 227
بیستەم – بژێوی مامۆستا و گەورەیی پۆلەکان ........ 230
بیست و یەکەم – راهێنانی بەردەوام ........ 232
بیست و دووەم– چارەسەرەکانی تۆ ........ 240
پاشکۆی یەکەم – ئاماری تایبەت بە مامۆستایان ........ 241
پاشکۆی دووەم – ئاماری تایبەت بە خوێندکاران ........ 255
پاشکۆی سێیەم – بەشێک لە نامەی مامۆستایان ........ 269
پاشکۆی چوارەم – نامە و وێنەی خوێندکاران ........ 283